# دیالۆگ

ژمارە (٦) (گەلاڕێزان-٢٧٢٢) (پاییزی - ٢٠٢٢)

گۆڤارێکی ئەدەبی هزری ڕۆشنبیریی وەرزییە،
ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری دیالۆگ دەریدەکات

سەرنووسەر:

زاهیر شکور
٠٧٧٠١٥٨١٤٤٠

بەڕێوەبەری نووسین:

موعتەسەم موحەمەد
govaridialog@gmail.com
٠٧٧٠١٣١٤٧٢٢

**دیزاین:** ئومێد محەمەد
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار
**چاپ:** چاپخانەی تاران

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
- گوزارشت لە بۆچوونی نوسەرەکانیان دەکەن.
- مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیەو دەتوانێت بەکاریانبهێنێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


دیاردەی تێترنجاندنی مێتۆدی ڕۆژئاوایی لە کایەی ئەپیستیمیماندا........نزار محەمەد سابیر..........٧

توندوتیژی کەی و لەکوێوە دەست پێدەکات ، کەی کۆتایی دێت؟.........و: موعتەسەم موحەمەد....١٩

جاش و قۆناغەکانی ئەنفال...................................لەتیف فاتیح فەرەج......٢٧

دیموکراسی تەوافوقی.......................................چێنەر شەرعی............٣٨

ئیزۆپ نووسەری چیرۆکە ئەفسانەییەکان بۆ منداڵان..............ڕەزا شوان...............٦٠

دۆستۆڤسکی..................................................ئا: زاهیر شکور...........٧٣

چیخۆف و کورتە چیرۆک.......................................موعتەسەم ساڵەیی........٩٠

فەلسەفە وەک تەرزێک بۆ ژیان................................و: زانا موحەمەد.........١٠٨

بڵاوکراوەی نوێ...............................................................١١٨

IRAQCOPY.........................................دیالۆگ................١٢٧

شاعیر عەباس داودی، نموونەیەک لە ئەدەبی فرە کلتووری شاری کەرکوک...... و: فەیسەڵ هەمەوەندی.......١٣٣

ئاوایی ناسر و میسر لە بیرەوەری باوکمدا.......................ئا: سیروان بەرزنجی...١٣٧

ستراتیژی کات لای دۆستۆڤسکی................................ئا: ڕەشید کەرکوکی......١٥٠

ئەم هونەرمەندە کەرکوکیە بناسە...................................................١٥٦

شەپۆلی رومانووسی..........................................سمکۆ محەمەد..........١٦٠

ئەدەب و دەسەڵات لە پۆشکینەوە بۆ شێرکۆ بێکەس...................عاسی حسین............١٧٣

فەلسەفە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانەوە.........................و: ئەمیر محەمەد.........١٧٧

نیشتیمان و ئەفسانە، گەمەی هاودژەکان........................ عەلی شێخ عومەر.......١٨٧

هوالنامه‌ی کتیب

# سەروتار

**پەروەردە و قەیرانی خوێندنەوە**

قەیرانی خوێنەر و خوێندنەوە بەواتای قەیرانی مەعریفەیە، هەر وڵات و نەتەوەیەک تووشی ئەو جۆرە لە قەیران بێت ئایندەی مەعریفی دەکەوێتە مەترسییەوە، کەم بوونەوەی خوێندنەوە و خوێنەر زەنگی مەترسییە لە گلۆر بوونەوەی ئایندەی مەعریفی بەرەو هەڵدێر، گلۆر بوونەوەی ئایندەی مەعریفیش واتای لەناو چوونی ڕووحی داهێنان و گەشەی هەموو جوانیەکانی کۆمەڵگەیە.

ئێمە بینیمان لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیست و دەیەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ناوچەی عەرەبستان لە چ داڕوخانێکی مەعریفی و کورت هێنانێکی ڕۆشنبیریدا بوو، کەچی لەم دەیەی دواییدا هەستانەوەیەک بەدی دەکرێت لە ڕێژەی بەرهەم هێنانی مەعریفیدا، بەتایبەتی لە پەیدابوونی نوسەری گەورە گەورەی عەرەبی لە عێراق و وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا و زۆر بوونی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئێستا ئەگەر سەرنجێک لە کتێبی عەرەبی بدەین دەبینین لە چاو نەوەدەکاندا چەندین قات زیادی کردووە، بەتایبەتی بوارەکانی فکر و فەلسەفە و وەرگێڕان، هەڵبەتە بوونی ئەو هەموو دەزگایەی پەخش و بڵاوکردنەوە نیشانەی بەرەو پێشچوونە لە بەرهەم هێنانی مەعریفەدا ئەگەر بەڕێژەیەکی کەمیش بێت. بەڵام بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەدا ئەو بەرەو پێشچوونە بەدیناکرێت، یان ئەگەر هەبێتیش بەڕێژەیەکی زۆر کەمە و هەستی پێناکرێت.


ئایا ئەو گرفتە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ بێگومان لە پێشدا ئەرکی حکومەتە ئەو گرفتە چارەسەر بکات، لەناو حکومەتیشدا ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە هەوڵ بدات لەناو نەوەکانی داهاتوودا خوێندەواری و خولیای خوێندنەوە بچێنێت و بیکاتە خولیایەکی بنەڕەتی لەلای خوێندکاران. پرۆسەی خوێندن لەم وڵاتەدا بەداخەوە بۆتە پرۆسەی لەکۆڵ کردنەوە، خوێندکاران قوتابخانە تەواو دەکەن دەبن بە نەخوێندەوارێکی مۆدێرن، چونکە بڕوانامەیان هەیە و دەزانن بنوسن و بخوێننەوە و بژمێرن، بەڵام نازانن مەعریفە بەرهەم بهێنن، ئەگەر ئامارێکی ئەوانە بکەین کە سەردانی کتێبخانەکان دەکەن و کتێب دەخوێننەوە بەمەبەستی گەشە پێدانی ئەقڵ و فراون کردنی بیرکردنەوە، ڕێژەکەی زۆر کەمە و بگرە دەگمەنیشە.

بۆیە پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە لە پەروەردەی نوێدا کار بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران بکرێت بۆ ئەوەی خوێندنەوەیان لەلا بکرێت بەخولیا، ئەو پرۆسەیەش دەبێت لە پۆلی یەکی بنەڕەتییەوە دەست پێ بکات و لانی کەم لە هەفتەدا دوو وانە تەرخان بکرێت بۆ چیرۆک خوێندنەوە بۆ منداڵانی پۆلەکانی (١-٤) و بۆ خوێندنەوەی کتێب بۆ پۆلەکانی سەروتر، لە قۆناغی ئامادەییشدا دەبێت خوێندنەوە بۆ کتێبەکان بکرێت لەلایەن خوێندکارانەوە، بەو شێوەیە دەتوانین ڕووحی خوێندنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان بگێڕینەوە و هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی نەوەکانی ئایندەمان هەنگاوێک بنێن بۆ بەرهەم هێنانی مەعریفە.

هەڵبەتە ڕێژەیەکی زۆری ئەو ئەرکە لە ئەستۆی حکومەتە، بەڵام ڕێژەیەکیشی دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیران و پێویستە دروست کردنی فشار لەسەر حکومەت بەئەرکی خۆیان بزانن و هەوڵ بدەن بەردەوام لەسەر ئەو تەوەرە قسە و باسیان هەبێت و لەسەری بنوسن بۆ ئەوەی حکومەت کاری جدی لەو بوارەدا بکات.

**بەڕێوەبەری نووسین**

هەواڵنامەی کتێب



# دیاردەی تێترنجاندنی مێتۆدی ڕۆژئاوایی لە کایەی ئەپیستیمیماندا

نزار محەمەد سابیر

یەک لەو دیاردە ناڕەوا و نابەجێ و قێزەونانەی پتر لە سی ساڵە بۆ کایەی مەعریفیمان دزەی کردووە، تێترنجاندنی مێتۆدگەلێک کە لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارودۆخێکدا هەڵتۆقیون و چەکەرەیان کردووە، لەسەر هێڵی کایەی مەعریفیی باو لایاننەداوە و پەیوەستەگیشیان بە کەلەپووری مەعریفییانەوە نەپساندووە. نووسەرانی عەرەب لە سەرەتای سەدەی بیستەهەمدا بە چڕی کەوتبوونە ژێر هەژموونی ئەم دیاردەیەوە و بە هەڵاوساندنی کەسایەتییە مەعریفییە مێژووییەکانیان کتێبگەلی زۆریان بە تێترنجاندنی مێتۆدی ڕۆژئاوایی نووسییەوە، هەر بۆ نموونە کتێبی (أبو نؤاس)ی عەباس مەحموود عەقاد و زۆریی دیکە، بەڵام لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەهەم خۆیان لەو ڕەوتە بێ مانایەی کایەی ئەپیستیمییانی تەنیبوو، قوتارکرد.


ئەوەی لە ناوەندیی ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕوودەدات و بە زەقی دیار و بەرجەستەیە، پێموانییە لە هیچ ناوەندێکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەک لە نەتەوەکاندا ڕوویدابێت و ڕووبدات، هەڵاوساندنی کەسایەتییە مێژووییەکانمان و کەسایەتییە مەعریفییەکانمان و فوو تێکردنیان بەشێوەیەکی بێ تام و بێ لەزەت، بە تێترنجاندنی مێتۆدی ڕۆژئاوایی، ئەوپەڕی سادە گۆییانە و نەزانانە و کاڵ و کرچانە، بۆتە مۆرکیی سەرەکیی کایەی مەعریفی و ئەپیستیمیمان و لە عەقڵ و لۆژیک بەدەربووە.

جزیری



جزیریناسیی، نالیناسیی، مەولەویناسیی، مەحویناسیی، ئەمانە بەوتە و تاریفیی ئەحمەدی مەلا تەنها شاعیریی حوجرە بوون، شیعرەکانیان و بەرهەمە هزرییەکانیشیان لە بازنەی تەسکیی بەناو زانستی کەلامی ئەشعەریی پاش هەڵبەستنە مەزنەکان و دەستکارییەکانی غەزالی و فەخری ڕازیی، دەرناچنە دەرەوە. وەک

## مەولەوی



جزیریناسیی، نالیناسیی، مەولەویناسیی، مەحویناسیی، ئەمانە بەوتە و تاریفیی ئەحمەدی مەلا تەنها شاعیریی حوجرە بوون، شیعرەکانیان و بەرهەمە هزرییەکانیشیان لە بازنەی تەسکیی بەناو زانستی کەلامی ئەشعەریی پاش هەڵبەستنە مەزنەکان و دەستکارییەکانی غەزالی و فەخری ڕازیی، دەرناچنە دەرەوە.

عیرفانیزم و سۆفیگەراییش، لەوەی لەلایەن ئیبن عەرەبی و ئەحمەدی سرهندییەوە بۆیان ساز و ئامادەکراوە، بریتییە لە یەکێتی بوون و یەکێتی بینین، زیاتر نین. پێش جەنگی یەکەمی جیهانی مەعریفە خوازانمان، هەر لە عەلی تەڕەماخی و عەلی حەریری و مەلای جزیری و فەقێ تەیرانەوە هەتا دەگاتە نالی و سالم و کوردی و شێخ حوسێنی قازی و ئەوجا بە مەولەوی و وەفایی و مەحوی و ئەدەب و حەریق و...هتد تەواو دەبێت، ڕەگوڕیشەیان لەگەڵ (مێژوو) و مێژووی مەعریفە بچڕاوە و خۆیان خاوەنی وتە و پرۆسەی هزرینی خۆیان نین و تووتی ئاسا چی فێرکراون، بە ئارایشت کراوی و حەشووی بەلاغی و جادووی ڕەوانبێژییەوە، دەریانبڕیوە.

بەڵام ئەگەر مەعریفە خوازانی غەیرە کورد بەسەر بکەینەوە دەبینین بەو شێوەیەی مەعریفە خوازانی کورد نین، هەر بۆ نموونە ئیبن عەرەبی و ئیبن تەیمییە و غەزالی و ئیبن ڕوشد...هتد زانیویانە سەر بە چ زەمەنێکی مەعریفین و ئاگایان لە ڕەگ و ڕیشەی مەعریفی پێش خۆیان بووە. ئەگەر بەرهەمە هزرییەکانی هەریەک لە مەلا سەدرا (الحکمة المتعالیة) و ئیبن تەیمییە (الرد علی المنطقیین) و غەزالی (تهافت الفلاسفة) و ئیبن ڕوشد (تهافت التهافت) و ئیبن عەرەبی (الفتوحات المکیة) و ....هتد بخوێنینەوە و بەسەر بکەینەوە، دەبینین بە کلاسبەندییەکی ئەپیستیمییانە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەستیان پێکردووە و بە کۆی زەمەنە مەعریفییەکاندا چوون، بە پرۆسەی هزرین ڕای خۆیان خستووەتە ڕوو، دیسپلینیانە بەسەر بابەتە مەعریفییەکانەوە سەکناون و خوێندنەوەیان بۆ کردوون. لە سەدەی بیستەمدا و بە ئێستاشەوە مەعریفە خوازانی عەرەب



وەک، محەمەد ئەرەگۆن و هاشم ساڵح و عەبدوڵلا عەڕوی و محەمەد عابد جابری و بیرمەند و نووسەرانی دیکەیان، مێتۆدیان تەوزیف کردووە یان مێتۆد تەوزیف دەکەن، ئایا مێژووگەراییانە یاخود مێژوویێتییانە یاخو بونیادگەراییانە، لە ڕیزبەندیی مەعریفیی دەرناچن و ئەو پۆلێنکردنە فەرامۆش ناکەن. ((داوا لە خوێنەری ئازیز دەکەین پێی سەیر نەبێت کە بە زۆری لەم بابەتەماندا کایەی مەعریفیی عەرەب بە نموونە دێنینەوە، چونکە بە زۆری نووسەرانی کوردیی باشوور و ڕۆژئاوا و هەتا ڕادەیەکیش نووسەرانی کوردیی ڕۆژهەڵات و باکوور خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی عەرەبین و کەم تا زۆر مامەڵە و سەروبەندیان لەگەڵ ڕەوتی ڕۆشنبیری عەرەبیدا هەیە)). بەداخەوە ڕۆشنبیری کورد لە مێتۆد خستنە ڕوو پتر نازانێت و هەمدیس نازانێت تەوزیف کردنی مێتۆد و تیۆریزە کردن یانی چی، یان نەستەکییانە سەر بە مێتۆدێکە و تەنانەت ناوی مێتۆدەکەش نازانێت. لەم ساڵانەی دواییدا بە چاولێکردن بە یوسف زێدان و فیراس ئەلسەواح و کۆمەڵێک لە هزرمەندان و نووسەرانی تریی عەرەب، بە تەوزیفکردنی مێتۆدی فیلۆلۆژیی ((مێتۆدی فیلۆلۆژیا (الفقه المقارن) ئەو مێتۆدەیە کە ڕۆژهەڵات ناسان پێوەی پابەند بوون، دەتوانین ناوی مێتۆدی دەق ئاوێزانیشی لێبنێین، ئاسانترین تاریف بۆ ئەم مێتۆدە ئەوەیە، هەر بیرۆکەیەکی ئەمڕۆ کە لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەییدا خۆی گونجاندووە، لە بیرۆکەیەکی دوێنێوە سەرچاوە دەگرێت، بەراوردکردنی بیر و بۆچوونی ئەمڕۆیە لەگەل بیر و بۆچوونی دوێنێ. هەر بۆ نموونە، قورئان لە ژێر کاریگەریی پەیمانی نوێدا نووسراوەتەوە و پەیمانی نوێش لە ژێر کاریگەریی پەیمانی کۆندا نووسراوەتەوە و پەیمانی کۆنیش لە ژێر کاریگەریی ئاڤێستا و کۆی مێتۆلۆژیای فرعەونییەکان و کەنعانییەکان و مێتۆلۆژیای میزۆپۆتامیادا نووسراوەتەوە، ئەگەر زیاتر بە قووڵایی مێژوودا بچین ئەوا ڕەگ و ڕیشەی ئەمانە بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. مێتۆدی فیلۆلۆژیا بەراوردی نێوان زمانەکانیش دەگرێتەوە، بە هۆکاری ئەم مێتۆدەوە بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا توانرا، کلاسبەندیی زمانەکان بکرێت و زمانەکانی سەر بە گرووپی زمانیی ئاری و سامی و ئەلتایلک لە یەکدی جیا بکرێنەوە)) ڕۆژهەڵات ناسی بەسەر چووی سەدەی هەژدەهەم چەند کتێبێک بە زمانی کوردی نووسراونەتەوە و چاپکراون، بۆ ئەمە هەتا ڕادەیەک کێشە نییە، کێشە و نەهامەتییەکە لەوەدایە کە ئەو نووسینانە بە گوتاری ئەپیستیمیی ئاراستە نەکراون، بەڵکو گوتاری ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزم لە پشتەوەی ئەو جۆرە نووسینانەیە کە پتر لە سەد ساڵە ئەویش پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی گوتاری ئایدیۆلۆژیی چ ناسیۆنالیزم، (بە هەردوو ڕەهەندە زەردەشتی و میترایییەکەیەوە)، چ کۆمۆنیزم (بە ڕەهەندە ئەرسەدۆکسەکەیەوە) و چ ئیسلامیزم (بە هەردوو

ڕەهەندە سەلەفی و ئیخوانییەکەیەوە) بێ دەربەستانە دزەیان کردۆتە کایەی مەعریفیی کوردییەوە و ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردییان لە ئەپیستیمیلۆژیا و مەعریفە پەککخستووە و کردوویانە بە بارەگای پرۆپاگەندەی حیزبی و ئایدیۆلۆژی و سەریان لە خوێنەری کورد بەگشتی و خوێنەری گەنجی کورد بە تایبەتی شێواندووە. تەنانەت بەوپەڕی متمانە بەخۆ بوونەوە دەڵێم گەر هاتوو بە نووسەری ئەو جۆرە نووسینانە بڵێین، لە پرۆسەی نووسینی ئەو کتێبە هزرییەت بە چ مێتۆدێک پشت ئەستوور بوویت؟ لە وەڵامدا بۆمان دەردەکەوێت، کاکی نووسەر و خۆ بە بیرمەند زان هەر نازانێت مێتۆد و مێتۆد تەوزیف کردن و خۆ پەیوەستکردن بە کەلەپووری مەعریفییەوە یانی چی، بەڵکو هەر نازانێت چیشی پێدەڵێین و پرسیارەکەمان چییە. ڕۆشنبیریی کورد بە هۆکاری ئاسانکارییەکانی سۆشیال میدیا و سایتەکانی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووەوە، وایلێهاتووە بە دانانی پەنجە بەسەر دوگمەیەکدا کۆمەڵێک زانیاریی لە هەر بوارێک کە بیەوێت و ئارەزووی لێبێت بە ئاسانی و ئامادە کراوی بەسەریدا دادەبارێن و کەڵەکە دەبن، بۆیە لەو پەڕی برەودانە بە گوتارە ئایدیۆلۆژییەکەی، چ جای ئەوەی بزانێت یان نەزانێت چ ئایدیۆلۆژیایەک لێیدەخورێت، چونکە ڕۆشنبیری کورد بە ئێستاشەوە نازانێت جیاوازیی لە نێوان ئایدیۆلۆژیا و ئەپیستیمی (گوتاری ئایدیۆلۆژی و گوتاری ئەپیستیمی) بکات.



أبو نؤاس


**تاریفێکی سەرپێیی گوتاری ئایدیۆلۆژی و گوتاری ئەپیستیمی:**

گوتاری ئایدیۆلۆژی، ئەو گوتارەیە پشت ئەستوور نییە بە مێتۆد و تەوزیف کردنی مێتۆد، تەنها ئەوەیە ئیش لەسەر هێنانەوەی نموونۆچکە (عەیینات) دەکات، بێ گوێدانە زەمەنە مەعریفییەکان و دیاریکردنی سنوور لە نێوانیاندا بە ئارەزووی خۆی بە ناویاندا دزە دەکات



و فرکە دەکات، بە پێوەری ئەم سەردەمە حوکمی خۆی بەسەر مێژوودا دەدات و دوێنێ لای ئایدیۆلۆژیست لەگەڵ ئەمڕۆدا جیاوازیی نییە، هەرچی نموونۆچکەی باش هەن و لە بەرژەوەندی گوتارەکەین هەڵیاندەبژێرێت و فوویان پیادەکات و زلیان دەکاتەوە، بە هەر شێوەیەک و پرۆسەیەکیش بێت عەیب و نەنگییەکانی خۆی دەشارێتەوە، گەر بۆشی نەکرا و ئەستەم بوو بۆی بیانشارێتەوە و خەفەیان بکات پاساویان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆ دوژمنی بەرامبەریشی هەرچی نەنگیی هەیە فوویان پێدا دەکات و زلیان دەکاتەوە و بە ڕوویدا دەیانتەقێنێتەوە، ئەگەر لە بەڵگەکانی بەردەستیشیدا هیچی وای نەدۆزییەوە و بەرچاو نەکەوت نەنگی بەرامبەر وەدەرخات، ئەوا بەزۆر عەیب و نەنگی بۆ دەئافرێنێت و لە سەحنەی عەدەمەوە بۆی دەهێنێتە سەر سەحنەی وجوود. گوتاری ئایدیۆلۆژیی بێ تەوزیف کردنی هیچ مێتۆدێک بەردەوام لە خۆئارایشت کردن و ناشیرین کردنی بەرامبەرەکەیەتی، ئەمانە خەسڵەت و ئەدگارە هەرە زەقەکانی گوتاری ئایدیۆلۆژین، جا ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییە ئاینیزم یان کۆمۆنیزم یاخود ناسیۆنالیزم بێت، لەو ئەدگار و خەسڵەتانەی ئاماژەمان پێدان جیاوازییان نییە و بەشدارن و خاڵی هاوبەشیی زۆر لە میانەیاندا هەن.

بە پێچەوانەوە، گوتاری ئەپیستیمیی (مەعریفیی)، بە بێ مێتۆد و بێ تەوزیف کردنی مێتۆد و ئەوجا بێ تیۆریزە کردن، بوونی نییە و نابێت. گوتاری مەعریفیی بەرمەبنای پرۆسەی کلاسبەندی و پۆلێن کردن و ڕیزبەندی دەنووسرێتەوە و ئیشی لەسەر دەکرێت، گوتاری ئەپیستیمیی خۆی ناکاتە وەلیی خاوەن کەرامات و بەڕاست و بە چەپ، بەملا و بەولادا بە ئارەزووی خۆی و بێ دیسپلین و پرنسیپ بە زەمەنەکان و سەردەمە جیاجیاکاندا فڕکە بکات، بەڵکو گرنگیی بێ وێنە بە قۆناغ بەندی و



هایدەگەر

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەڵمانیا نووسەری کتێبی نەبەردی من، هیتلەر، دەیزانی گوتاری کتێبەکەی ئایدیۆلۆژییە و چی نووسیوە و تەنانەت سەر بە چ ئایدیۆلۆژیایەکە، هاوچەرخی خودی هیتلەریش گەورە فەیلەسووفی ئەڵمانی هایدەگەر، دەیزانی گوتاری کتێبە بەناوبانگەکەی کەینوونەت و زەمان ئەپیستیمییە و لە ڕووی مێتۆدیشەوە مێژووگەرایانەیە .


پلە بەندی و هەنگاوی یەک لە دوای یەک دەدات، لە هەر زەمەنێک و سەردەمێکدا لەسەر هەر بابەتێکی مێژوویی و مەعریفی و ڕۆشنبیری بوەستێت و بسەکنێت و ئیست بکات، ئەوپەڕی توانایی و باکگراوندیی خۆی دەخاتە گەڕ، تاوەکو لەسەر ئاستێکی باش بچێتە ناو ڕۆحی ئەو سەردەمەی کە دەیەوێت و بەنیازە، خوێندنەوەی بۆ بکات.

ئەوجا با درێژە بە بابەتەکەمان بدەین:

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەڵمانیا نووسەری کتێبی نەبەردی من، هیتلەر، دەیزانی گوتاری کتێبەکەی ئایدیۆلۆژییە و چی نووسیوە و تەنانەت سەر بە چ ئایدیۆلۆژیایەکە، هاوچەرخی خودی هیتلەریش گەورە فەیلەسووفی ئەڵمانی هایدەگەر، دەیزانی گوتاری کتێبە بەناوبانگەکەی کەینوونەت و زەمان ئەپیستیمییە و لە ڕووی میتۆدیشەوە مێژووگەراییانەیە. بەڵام نووسەری کورد وەک ئاماژەمان پێدا ئەو بابەتەی لە توێی کتێبێک یان وتارێک کە دەینووسێتەوە نازانێت سەر بەچ گوتارێک و چ میتۆدێکی تیا تەوزیف کردووە، کە ئەم نەزانییە ڕەگوڕیشەکەی لە مەنزووری ((مەنزوورییەت میتۆدی کۆمەڵناس و فەیلەسووفی ئەڵمان مانهایمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەش بە حاڵیی خۆمان هەتا ئێستا هیچ زاراوەیەکمان بە کوردی بۆ دانەتاشیوە، مانهایم ئەم میتۆدەی بۆ بەرەنگار بوونەوەی میتۆدی مێژوویێتی هێردەریی فەیلەسووفیی ئەڵمانیی سەدەی هەژدەهەم دانا بەوەی کە بە پێی ئەوەی میتۆدی مێژوویێتی پێداگری لەسەر دەکات، بەو زانیاری و بەڵگانەی ئێستا لەبەردەستماندان چوونە ناو ڕۆحی سەردەمانی ڕابردوو، خوێندنەوەیان وەک خۆیان کە ڕوویانداوە کارێکی ئەستەمە، بۆیە ئەوەی ئێمە دەیکەین بۆ گەیشتن لەبارەی سەردەمانی پێشو و چوونە ناو ڕۆحی سەردەمەکانی ڕابردوو لە دید و مەنزووی هەنووکەیی خۆمانەوەیە، ئەویش بێگومان بەرمەبنای ئەو دەستنووس و شوێنەوار و بەڵگە مێژووییانەی لەبەر دەستماندان)) خۆمانەوە بنەماکەی و ڕەگوڕیشەکەی بۆ حاجی قادری کۆیی دەگەڕێتەوە. لە لایەکەوە پابەند نەبوون بە تیۆری عەقڵی و نەبوونی کتێبی مەعریفی کوردی بە پەخشان ((ئەوەشی لەلایەن دەستە بژێرانی کوردەوە نووسرا بوون بە زمانی کوردی نەبوون، بەڵکو بە زمانی غەیرەی وەکو تورکی و عەرەبی و فارسی نووسرا بوونەوە و ئەو نووسینە کەمە ناچیزانەشی بە زمانی بەکوردی بە پەخشان بۆ خەڵکی ڕەشۆکی (عەوام) نووسرا بوونەوە یان بۆ منداڵان بوون، هێشتا بێجگە لە زمانی دایک فێری زمانگەلی عەرەبی و تورکی و فارسیی نەبوو بوون کە زمانی تایبەت بە دەستە بژێری (خەواص)ی کورد بوون، ئەو نووسراوە کوردییانە بە پەخشان هەتا جەنگی یەکەمی جیهانیی تێکڕا پێنج سەد لاپەڕە ڕەتنادەن و بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە نووسراوەکانی دراوسێدا (تورک، فارس، عەرەب، سوریانی، ئەرمەنی) بە ئەندازەی دڵۆپێکە لە دەریایەک)). لەلایەکی دیکەشەوە زاڵبوونی ژانری شیعر و



نەزم بەسەر کایەی مەعریفی کوردی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، پێکرا کۆی ئەم هۆکارانە وەک دەرەنجامێک وایکرد نەزانانە و سادە لەوحانە شیعر هەڵبەست (نەزم) ە دروشم ئامێزەکانی حاجی قادری کۆیی ببنە تەنها مەرجەع و سەرچاوەی پیرۆزی کایەی مەعریفی کوردی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، بە ئێستاشەوە زۆر لە نووسەرانی کورد حاجی قادری کۆیی بە فەیلەسووف و پێشەنگ و باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی و باوکی ڕێنیسانسی کوردیی دادەنێن کە وەک دێوەزمەیەکی هەوڵناک باڵی بەسەر ناوەندی ڕۆشنبیریمان و کایەی مەعریفیماندا کێشاوە، لە وتەی هەلەق و مەلەق و سادەگۆیی و مێشک بەتاڵیی زیاتر چیی تریان لێوەبەر نەهاتووە. بۆیە جورئەت بە خۆمان دەدەین و دەڵێین ئەستەمە لە کایەی مەعریفی کوردیدا یەکێکی وەک، ئیبن ڕوشد، محەمەد ئەرەگۆن، محەمەد عابد جابری، عەبدولکەریم سرووش، بێرتراند ڕەسل، فۆکۆ، نیچە و ....هتد. هەڵکەوێت، هەڵکەوتنی لەم جۆرە مەعریفە خوازانە بە هەوانتە و تەنها بە هەڵڕشتنی زانیاریی سایتەکان و بێسەروبەرانە بە گواستنەوەی سەرچاوەگەل نابێت، چ جای ئەوەی نەزانیت مێتۆد و مێتۆد تەوزیف کردن و تیۆریزە کردن یانی چی و ئاگات لە ڕەگ و ڕیشەی مەعریفی خۆت نەبێت و پەیوەندیت لەگەڵ کەلەپووری مەعریفیت پسابێت و ئاگات لە ڕیزبەندیی و پۆلێنبەندیی ئەپیستیمیی نەبێت و هاوکات نەزانیت کە زەمەنی مەعریفی یانی چیی. بێ ئەم ڕێسایانەی باسمان کردن و ئاماژەمان پێدان نە ئەرستۆ دەبوو بەو ئەرستۆیەی ئێستا دەیناسین و نە ئیبن ڕوشد و دیکارت و لایبنتز و هیگڵ و هایدەگەر و فۆکۆ و ...هتد، دەبوون بەو فەیلەسووفە مەزنانەی کە ئێستا دەیانناسین و سەروبەندمان لەگەڵیاندا هەیە. هەتا چەند کتێبگەلە هزرییەکان بخوێنینەوە و بەسەریان بکەینەوە و لەسەریان بسەکنین، بۆمان ڕووندەبێتەوە و دیارییدەدات کە لە کلاسبەندیی مەعریفی و زەمەنی مەعریفی و مێتۆد تەوزیف کردن بە شێوەیەکی دیسپلین و خۆ پەیوەست کردن بە کەلەپووری مەعریفی و ئەپیستیمی و وابەستەبوون بە ڕەگ و ڕیشەی مێژووی مەعریفە و ئاگابوون لێی دەرنەچوونەتە دەرەوە و لەو فەزایە نامۆ نەبوون، هەر بۆ نموونە: کۆماری ئەفلاتوون، مێتافیزیکی ئەرستۆ، پەیمانی کۆن، پەیمانی نوێ، قورئان، (تهافت الفلاسفة)ی غەزالی، (رد على المنطقيين)ی ئیبن تەیمییە، (تهافت التهافت)ی ئیبن ڕوشد، (الفتوحات المكية)ی ئیبن عەرەبی، (الحكمة المتعالية)ی مەلا سەدرا (سەدرەدینی شیرازی)، مۆنادۆلۆژیای لایبنیتز، ئاکاری سپینۆزا، تێرامانی مێتافیزیکی لە فەلسەفەی یەکەمیی دیکارت، ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ڕەهای کانت، فینۆمینۆلۆژیای هیگڵ و....هتد، لە ڕووی مەعریفە و زەمەنی ئەپیستیمییەوە قاڵب ڕێژکراون و بە ڕێکی ڕیزبەند کراون. ((زۆر ئاساییە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ و قورئانمان وەک نموونە لە ڕیزی ئەو شاکارە فەلسەفییانە داناوە، هەرچەند




ئەو جۆرە نووسینانە بۆ ڕەشۆکەکانن (عەوام)، بەڵام کلاسبەندیی مەعریفییان تیا فەرامۆش نەکراوە و هیگڵیش ئاینیی لە ئاستێکی نزم لە ڕیزی فەلسەفەدا داناوە)).

کاتێک کتێبێکی بابەتی هزریی کوردیی، بۆ نموونە کتێبە هزرییەکانی گرووپی ڕەهەند، یان فاروق ڕەفیق، یاخود ڕێبوار سیوەیلی، دەخوێنینەوە، بە شێوەیەکی گشتیی تێکڕایان و سەرلەبەریان بریتین لە دانەئەرزی موستەڵەحیی قەبەقەبەی فەلسەفی و لە خستنەڕوویەکی بێسەروبەرانەی مێتۆد لە دوای مێتۆد، ئەویش بێ هیچ کلاسبەندییەک و پەیوەستەگییەک بە کەلەپووری مەعریفیی کوردییەوە، زیاتر چیی دی نین. نووسەران و بیرمەندانی کورد بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، نیچە و هایدیگەر و سارتەر و میشێل فۆکۆ و دۆلۆزن، تەنها جیاوازییەکەیان ئەوەندەیە بە کوردی دەدوێن و بە کوردی دەنووسن، ئەوەش بێگومان بێسەروبەرانە و بێ پرۆسەی پۆلێنکردن و بە حەشووی بەلاغی و جادووی ڕەوانبێژیی پڕ لە فەنتازیای خۆهەڵاوساویی بێ مانا، لە سەرووی هەمووشیانەوە بەختیار عەلی کە کتێببە هزرییەکانی دەچنە خانەی شەعبەدەبازی مەعریفییەوە ((مەبەستم لە ڕۆمانەکانی نییە، لە ڕووی ڕۆمان نووسییەوە زۆر بە توانایە و لەلایەن پسپۆڕانی بواری ڕۆماننووسی و ڕەخنەگرانی ئەدەبەوە دانپیاهێنراوە)). بە داخەوە ئەم جۆرە نووسینانە کاریگەری نەگەتیڤانە و پاسیڤانەیان بەسەر گەنجانی خوێنەرمانەوە دروستکردووە.

گەنجێکی کورد پاش خوێندنەوەی چەند کتێبێکی فاروق ڕەفیق، بەختیار عەلی، ڕێبوار سیوەیلی و... هتد دەست دەکات بەکڵێشە لەبەر کردن و نەستەکییانە فوو بەخۆیدا دەکات و وادەزانێت گەیشتووەتە ئەوپەڕی دونیای مەعریفە، بێ ئەوەی هێشتا هیچ شتێک بزانێت و فێربووبێت. کاتێک دێتە ناوەندیی ڕۆشنبیری و دەست بەقسە و وتوێژی هزری دەکات، بە ڕاست و بەچەپ بێ



ئەوەی ئاگای لەوە بێت و سنوورێک بۆ خۆی دانێت و بزانێت لە فەزایەکدایە کە فەزای مەعریفییە بێ دیسپلین وەک وەلییەکی خاوەن کەرامات تەیی و فەتحیی زەمەنە مەعریفییەکان دەکات و بێ ئاراستەیەکی ئەپیستیمیی و بێ پۆلێنبەندییەکی مەعریفیی وتەی مەعریفە خوازان و هزرمەندان و فەیلەسووفان وەک چێشتی مجێور لێدەکات و بە ئارەزووی خۆی زۆر نەزانانە بەموبەویی دەفرۆشێتەوە، بەبێ ئاگابوون لەوەی هەر سەردەمێکی مەعریفیی یاسا و ڕێسا و پێوەریی خۆی هەیە. بەبێ کلاسبەندی و ڕیزبەندیی ئەپستیمیی بۆمان نییە بۆ نموونە، وتەیەکی دیکارت یان ئەرستۆ یاخود تۆما ئەکوینی بەسەر ئەم زەمەنە مەعریفییەی ئێستاماندا بسەپێنین، گەر بەلایەنی کەمەوە ئاگامان لە مێتۆدی مێژووگەرایيانە نەبێت ((مێتۆدی مێژووگەرایی لە داهێنانی هێگڵە، مێژووگەرایی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە تێگەیشتنی هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ، پێویستە سەرەتا بۆ مێژووەکەی، ڕەگوڕیشەکەی، ئەوجا لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی گەشە کردنەکەی بەپێی ڕەوتی زەمەن و کامڵ بوونی بکرێت، واتا هەر دیاردەیەک، هەر شتێک دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکەین، کە چۆن لەسەرەتادا پەیدابووە و دروست بووە ئەوجا بە تێپەڕینی کات تاوەکو ئێستا چیی لێبەسەرهاتووە)). هاوکات ئەوانەی ناومانبردن و ناومان هێنان، باسکردنیان بێ چوونە ناو ڕۆحی سەردەمەکەیان واتا بێ مێتۆدی مێژوویێتی وەک ئاماژەمان پێدا، چوونە ناو ڕۆحی سەردەمە)) بۆ خوێندنەوەیەکیی سەردەمییانەی مەعریفیی هیچ سوودیان نابێت، بێگومان لەم دۆخەدا مێتۆدەکەشمان هەر مەنزوورییانە دەبێت و لە هەمان کاتدا بە سوود وەرگرتن لە مێتۆدی بونیادگەرایی کە کار بەرمەبنای دەلالەتەکان دەکات (دال و مەدلوول)، بۆمان هەیە لە پرۆسەکەماندا بەردەوام بین، گەر زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین ئەوا سوود لە مێتۆدی پاش بونیادگەراییش دەبینین کە لە دەرەنجامی خوێندنەوەی چڕی دەقەکاندا کار لەسەر پەراوێزخراوەکان دەکات.

بەداخەوە کە بەم شێوە و ستایلە دەنووسینەوە و قسە و باسی خۆمان لەمەڕ بابەتەکان دەکەین، خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد لێمان حاڵیی نابن، ڕۆشنبیریی کورد ئەبجەدییاتی مەعریفە نازانێت، خوێنەرێکی ئەعرابیی خێڵەکیی عەرەب، کاتێک فێریی ئەلفوبێی مەعریفی و ڕۆشنبیریی دەبێت بێ ئەوەی لە سەرەتادا بەخۆی بزانێت و هەستی پێبکات، دەستی دەگیرێت و وردە وردە و پلە بە پلە بەرەو بونیادی هەندەسی کایەی مەعریفی عەرەبی هەنگاوەکانی دەنێت، سەر بەهەر بوار و کایەیەک یان بابەتێکی پسپۆڕی بێت لە ڕووی مەعریفییەوە جێگەی خۆی دەگرێت و پێگەی دیاریی دەکرێت، لەناو بینا هەندەسییەکەدا دەزانێت ئیبن ڕوشد پێگە و مەقامی لە کامە ژوور و کامە نهۆمە و لە چ زەمەنێکی مەعریفییدا جێی خۆی گرتۆتەوە. دەزانێت ئیبن عەرەبی لە کوێوە قسە دەکات، هەتا ئەگەر هاتوو بە پێچەوانەی هزر یان

بیرورا یاخود ئایدیۆلۆژیاکەشی بێت. ڕۆشنبیرێکی عەرەب گەر ئایدیۆلۆژیست بێت بە ڕوونی درکی بەخۆی کردووە و پێداگریی لەسەر گوتاری خۆی دەکات و بەخۆشی دەزانێت، بۆچی ئایدیۆلۆژیستە و لەلایەکی دیکەشەوە گوتاری ئەپیستیمیی کە بێگومان دەزانێت چییە، بە هیچ شێوەیەک پێ قبوڵ نییە.

ئەم ڕێساگەل و پێوەرگەلەی کە بەنموونە هێنامانەوە و خستمانە ڕوو بە شێوەیەکی گشتی بەسەر هەموو خوێنەران و ڕۆشنبیران و نووسەرانی تێکڕا نەتەوەکاندا پەیڕەو و پیادە دەکرێن، لە فارس و تورک و عەرەب و ئینگلیز و ئەڵمان و....هتد، بەپێی زانیاریمان تەنها خوێنەر و ڕۆشنبیر و نووسەر و هزرمەندی کوردە کە ئایدیۆلۆژیستە و درک بە خۆی ناکات و فەرق و جیاوازی لە نێوان ئایدیۆلۆژیا و مەعریفە، گوتاری ئایدیۆلۆژی و گوتاری ئەپیستیمیی ناکات. بیرمەندی کورد لە مێتۆد عەرزکردن و پەخشان نووسین بە ستایلێکی واڵا زیاتر هیچی دیکە نازانێت، بەبێ ئەم یاسا و ڕێسا و پێوەر و پرینسیپانەی کە باسمان لێوەکردن و ئاماژەمان پێدان نووسەری کورد بۆ نموونە کە باسی مەحوی دەکات و خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی دەکات، بەمێتۆد تێترنجاندن بە ئاسمانی خەیاڵاتدا فڕکەی پێدەکات و لێمانی دەکات بە وەلی خاوەن کەرامات و بە ئارەزووی ئەو ئایدیۆلۆژییایەی کە لێیدەخوڕێت بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت و درکی پێبکات بە ناوی جیهانبینیی مەحوی و مەحوی ناسییەوە تەیی و فەتحیی زەمەنەکانی پێدەکات، دواجار لێمانی دەکات بەبتێکی پیرۆز و



هێگڵ

((مێتۆدی مێژووگەرایی لە داهێنانی هێگڵە، مێژووگەرایی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە تێگەیشتنی هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ، پێویستە سەرەتا بۆ مێژووەکەی، ڕەگوڕیشەکەی، ئەوجا لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی گەشە کردنەکەی بەپێی ڕەوتی زەمەن و کامڵ بوونی بکرێت



ئیمامێکی مەعسووم کە کەس حەددی ئەوەی نەبێت تەنها ڕەخنەیەکیشی لێبگرێت.

ئایدیۆلۆژیستێکی ئیسلامیستیی کورد، چ وەهابیست و چ ئیخوانیست ئاگای لەخۆی نییە، کە نەستەکییانە لایەنێکی دەرەکی دەیئاژوێت و لێیدەخوڕێت و نازانێت بۆ ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتێکی دەرەکی دراوسێ کە عەقڵە کاراکەی سوودی لە ئاینیی ئیسلام بینیوە، عەقڵی بەرکاری کورد بۆ مەرامە گڵاوەکانی دەکاتە ئەوزار و داردەستی خۆی. ئایدیۆلۆژیستێکی کۆمۆنیستیی کورد کە ئەوپەڕی ئەرتۆدۆکسانە دژایەتیی سەرمایەداری و لیبرالیزمی نوێ دەکات، نازانێت کە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم زادەی جوولەکەیەکی گەردوونگەرای وەک مارکسە و ئاگای لەوە نییە کە گرووپە سلاڤێکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕوسیا، هاوکات لاتینزمانەکانی کیشوەری ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست وەک ئەوزارێکی مەعریفی و فەلسەفی دژ بە لیبرالیزمی ئەنگلۆساکسۆنەکان وەک چەکێکی ئایدیۆلۆژیی بەکاریان هێنا و بە ئێستاشەوە بەکاری دەهێنن. ناسیۆنالیزمی کوردیش لە بەرتەکدانەوە و بەرپەرچدانەوەیەکی کاڵوکرچ زیاتر چی دی نییە و هەتا ئێستا نەیتوانیوە وەک نەتەوەکانی دیکە گوتاری ناسیۆنالیستیی بەرهەم بهێنێت و تووتی ئاسا هەڵبەستە دروشم ئامێزەکانی حاجی قادری کۆیی دەڵێتەوە، گوتاری ناسیۆنالیزم کارێکی قورسە و پێویستی بەپرۆسەی هزرین و شیکارییەکی وردی کەلەپوور و مێژوو هەیە، ئەویش بۆ هەڵبژاردنی ئەو نموونۆچکانەی کە پێدەچێت و گومانی ئەوەیان لێدەکرێت لە بەرژەوەندی بارودۆخی هەنووکەیی نەتەوەی کوردبن، نەک بەوەی سەد ساڵە وەک قەوان شیعر و نەزمە بێ تامەکانی حاجی قادر و جگەر خوێن و قەدری جان و ئەسیری و قانع و...هتد، بەگوێمان و بەگوێی گەنجی کوردی بەستەزمان دەچرپێنن کە بێجگە لە هەڵاوسانێکی کاتی وەک بینیمان هیچیان لێوەبەر نەهات. ئەمانەی کە ناومان هێنان بەڕەفیق حیلمی و مەسعوود محەمەد و جەمال نەبەز و هەژار و هێمن موکریانی و شێرکۆ بێکەسیشەوە نەیانتوانی، بەڵکو نەیانزانی، وەبەرهێنانی گوتاری ناسیۆنالیزم یانی چی و چۆن دەبێت.

خوێنەری جیددی و مکوڕ لە دوای خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە با بەراوردێکی تەواوی کۆی ئەو کتێبە هزرییانەی کە دانەرەکانیان کوردن و بەزمانی کوردی نووسیویانەتەوە، لەگەڵ ئەو کتێبە هزرییانەی کە دانەرەکانیان کورد نین، بکات و چیش لە مەسەلە ناگۆڕێت گەر ئەو نووسینە بیانییانە بۆ سەر زمانی کوردیش وەرگێڕدرابن، ئەو کاتە ڕاستی و دروستی وتەکانمانی بۆ دەردەکەوێت، گەر ئینسافانە و هەقپەروەرانە داوەری بدات و حوکمی خۆی بەسەر بۆچوونەکانمان بکات.

# توندوتیژی

## کەی و لەکوێوە دەست پێدەکات،
## کەی کۆتایی دێت؟





ڕەوزە عەبدولخالق
وەرگێڕانی / موعتەسەم موحەممەد

دوای ئـەوەی مرۆڤ لە دۆخی دڕندەیی و جەنگەڵ نشینی دەرهـات بـەرەو دۆخـی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان، ئایا بەردەوامی توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانی و شێوازەکانی و پلەکانیەوە بەنەنگیەک دانانرێت لە مێژووی گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا، پاشەکشەیەک نییە بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی سەرەتایی کە لەو قۆناغەدا توندوتیژی پێویستیەکی پێویست بوو بۆ پارێزگاری و مانەوە، لەو کاتەدا توندوتیژی بەخششی سروشت بوو بۆ بوونەوەرەکانی بەهەموو ئەو میکانیزمە خۆڕسک و غەریزەییانەوە کە پارێزگارییان لە بەردەوامی بوونیان کـردووە بەو شێوەیەی لەگەڵ سروشتی ئەو ژیانەدا بگونجێت، لەو قۆناغی گەشە کردنەی سەردەم بەسەریدا تێپەڕیوە و کەوتۆتە قوڵایی مێژووەوە؟

ئایا گونجاوە دیمەنی توندوتیژی لەگەڵ ئەو هەموو سەرەتایی و دڕندەییەیدا ڕووخساری زاڵـی زۆربـەی قۆناغە گەشە کردووەکانی مرۆڤایەتی بێت لە ڕووی هزر و ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی و شارستانیەوە، ئەو مرۆڤەی توانای دروست کردنی ژیان و جوانی هەیە، هەمان ئەو مرۆڤە بێت کە توانای دروست کردنی لەناوچوون و ناشرینی هەیە لە هەمان کاتدا؟

ئایا سروشت پاڵپشتی کردووین لەو بابەتەدا یان لە دژمان وەستاوە؟ ئایا فێرمان دەکات چۆن سەرکەوتن بەدەست بهێنین بـەوەی لە قۆناغەکانی دواتـردا پێی بەخشین لە توانای خۆشەویستی و سۆزداری و بەزەیی، بۆ ئـەوەی لەو تەنگەژە مێژووییە دەربـاز بین... کە ئەویش توندوتیژییە؟

لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا باوەڕێک باڵی بەسەر ناوەندە زانستی و میللیەکاندا وەک یەک کێشا بوو، گوایە ژیان جگە لە گۆڕەپانێک بۆ ڕکابەری و زاڵبوون و ململانێی بەردەوام بۆ بوون و مانەوە شتێکی دیکە نییە و جگە لە بەهێزەکان کەسی دیکەش ئەو ململانێیە ناباتەوە، بەهێزیش بەزمانی ژیان ئەوەیە کە توندوتیژترین و خوێنڕێژترین و بەزەبروزەنگترین بێت، بەو بۆچوونەی کە «سروشت کەڵبە و چڕنووکی سورە»(١)، مرۆڤیش لەوە ناترازێت کە بەشێکە لەو سروشتە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاساکانیەوە، فەرمانی پێویستیەکانی پارێزگاری کردنی مانەوەی تیایدا جێبەجێ دەکات. ئەو توێژینەوە و تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوانەی بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ و پەرەسەندنی زانستی لەسەر ئاستی بایۆلۆژی و توێکاری مێشکی مرۆڤ، بۆ تێگەیشتنی ورد لە پەیوەستییەکانی نێوان ڕەفتارەکانی مرۆڤ و کردەوە و هەستەکانی، گەیشتن بەوەی کە شوێنی دیاریکراو لە مێشک و لە ناوەندە دەمارییە دیاری کراوەکاندا هەن بەرپرسن لەو بابەتە، هۆکاری ڕەفتارەکانیشی بەهەر لایەکدا بشکێتەوە هەر بۆ ئەو شوێنانە دەگەڕێتەوە، ئەوەیش پاساوێکی بەهێزی بۆ

هەولاتامەی کتێب

ئەوە هێنایەوە کە ڕەفتاری توندوتیژانە لە دەرەوەی ئەقڵ و ویستەوەیە (ئیرادە)، پەیوەستە بەڕەگ و ڕیشە پەرە سەندووەکەیەوە و لە قوڵاییەکانی بنەچەی پێکهاتە بایۆلۆژییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەتا ئێستاش و لە شانشینە ئاژەڵیەکەیەوە بەردەوام بەتایبەتمەندییە مرۆییەکەیەوە لکاوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەغەریزە خۆڕسکەکانیەوەیە کە پارێزگاری لە مانەوەی کردووە، هەتا ئێستاش پاڵی پێوە دەنێت بۆ بەکار هێنانی هەمان ئەو میکانیزمانەی بەرگری «لێیدە و هەڵێ» کە لە سەردەمی ژیانیدا وەک بوونەوەرێکی جەنگەڵ سودی بۆی هەبووە، لەگەڵ دڕندەکانی جەنگەڵەکەدا هەمان ژیان و هەمان مەترسی و هەمان میکانیزمی پارێزگاری مانەوەیان لە نێوانیاندا دابەش دەکرد.

ئاڵووەکانی مێشک «Amygdala» یان ئەوەی هەندێک حەزدەکەن پێی بڵێن مێشکی کۆن، پاشماوەی پەرەسەندنە کە بەشێکی سەرەکی بووە لەو مێشکەی پەیوەندی بەبۆنەوە هەبووە و لە سەرەتادا هاوبەش بووە لەگەڵ ئاژەڵەکانی دیکەدا، پاشتر لەم ئاڵوانەوە توێژاڵی نوێی مێشک گەشەی کرد؛ واتا ئەقڵ لەلای مرۆڤ(٢)، هەتا ئەمڕۆش ئەو توێژاڵە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە کاردانەوەکانی مرۆڤدا و وەڵامدانەوەی کاردانەوەکان لە کاتێکدا کە وروژێنەرە هەستیەکان لە دەوروبەرەوە وەریان دەگرێت، لە ڕێگای بینینەوە و بەڕێگای لقێکی بچوکەوە کە وەک کورتە ڕێگایە وایە لە نێوانیاندا پێش ئەوەی بینێرێت بۆ توێژاڵی مێشک بەچەند بەشێکی چرکەیەک، بەوەیش بوار دەدرێت بە«Amygdala» ڕاڤە



ئایا گونجاوە دیمەنی توندوتیژی لەگەڵ ئەو هەموو سەرەتایی و دڕندەییەیدا ڕووخساری زاڵی زۆربەی قۆناغە گەشە کردووەکانی مرۆڤایەتی بێت لە ڕووی هزر و ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی و شارستانیەوە، ئەو مرۆڤەی توانای دروست کردنی ژیان و جوانی هەیە، هەمان ئەو مرۆڤە بێت کە توانای دروست کردنی لەناوچوون و ناشرینی هەیە

بۆ ئەو وروژێنەرانە بکات بەپێی ئەو شارەزاییەی لە یادەوەریدا عەمبار کراوە، ئەگەر ئەوە مەترسی بۆ سەر مرۆڤ هەبێت یان نەبێت، لە دوایشدا ئەو دەست پێشخەری وەڵامدانەوە دەبێت «لێیدە یان هەڵێ» پێش ئەوەی کاتی پێویست بۆ ئەقڵی نوێی بیرکەرەوە بڕەخسێت، بۆ درک کردن بەو زانیارانە و تاوتویان بکات و بڕیاری دروستیان لەبارەوە بدات لە ڕوانگەی ئەقڵەوە. لێرەوە دەردەکەوێت ئەو ماوەیەی نێوان ئەو دوو گۆڕانە لە مێشکی مرۆڤدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی دەبێت لەو شێوازەی کە دۆخەکەی لەسەر دەگیرسێتەوە، لە نێوان وەڵامدانەوەیەک کە بگەڕێتەوە بۆ بنەچە جەنگەڵی و ئاژەڵیەکەی، یان وەڵام دانەوەیەکی ئەقڵانیانەی وشیارانە لە توێژاڵە مێشکیە نوێیەکەوە هاتبێت کە ناوەندە دەمارییەکان لە خۆ دەگرێت و بەرپرسن لە زیرەکی و یادەوەری و بیرکردنەوەی لۆژیکیانە و هەموو کردارە ئەقڵیە باڵاکان، سەرەڕای «خانە دەمارییە ئاوێنەییەکان» (Mirror Neurons) کە لە توێژاڵی ناوچەواندایە، دەرکەوت بەرپرسە لە هەستی سۆزداری و بەزەیی و هاوکاری کە لە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ بەپێی سروشتەکەی خۆی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بەسەر بوونەوەرەکانی دیکەدا نەک تەنها بەئەقڵ، بەڵکو بەسۆز و توانای خۆشەویستی و ویژدانیش. ئەوەی بوار بۆ ئەو وەڵامدانەوە هوشیارانە هاوسۆزە دەڕەخسێنێت جیاوازییەکی جەوهەری دروست بکات نەک تەنها لە ساتە وەختی کاردانەوەدا و لەسەر ئاستی تاک، بەڵکو لە هەموو ئەو شتانەدا کە بەدوای ئەوانەدا دێت لە وەڵامدانەوە و شارەزایی کەڵەکە بوو کە دەچێتە ناو سیستەمی فکری مەعریفی مرۆڤەوە و هەر دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو جیاوازییە گرنگە لە هۆشی مرۆڤایەتیدا دروست بکات.

بەهۆی هەست کردنمان بەهەموو ئەوانە پێویست نییە وەک بوونەوەرێکی ئاقڵ لەگەڵ خۆماندا دادگەر بین بـــەوەی سروشت پێی بەخشیوین لــە توانای خۆشەویستی و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبـــەردا و سۆز بەخشین بەبەرامبەر، پێویستە ئەو لایەنە مەزنە لە خۆماندا بەهێز بکەین بەمەشق و وشیاری و تێگەیشتنی زۆر، ئەو ماوەیەی لە نێوان وەڵامدانەوەی ئەقڵی کۆن و وەڵامدانەوەی ئەقڵی نوێدایە بکەین بەپردێکی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی بمانگوێزێتەوە لە سەردەمی توندوتیژی و وەحشیگەرییەوە بۆ سەردەمی ناتوندوتیژی و بەزەیی.

شایانی باسە لەگەڵ گواستنەوەی مرۆڤ لە قۆناغێکی گەشەکردنەوە بۆ قۆنایێکی دیکە، غەریزەی بەرگری کردن لە ژیان و بوون وەک تاکە بزوێنەری ئەو سیستەمی بەرگرییە (لێدە و هەڵێ) نەماوەتەوە کە (ئەمیجدالا ـ Amygdala) لە کاتی بوونی مەترسیدا فەرمانی پێدەکرد، ئەو مەترسیەش کە هەڕەشەی لە بوون و مانەوەی دەکرد تەنها وەک مەترسی دەرەکی

نەماوەتەوە، لە شێوازێکی توندوتیژیدا کورت بێتەوە کە ئەویش توندوتیژی جەستەییە و بەنەمانی مەترسیەکە توندوتیژییەکەش کۆتایی پێ بێت و بەنەمانی هۆکارەکانی ئەویش نامێنێت. بەتەنیشت ئەم بوونەوە و هاوتەریب لەگەڵیدا مرۆڤ پەرەی بەبوونێکی مەعنەویدا کە لە ڕووی جەوهەرییەوە پەیوەست بوو بەناسنامەی دەروونــی کۆمەڵایەتیەوە و بەکلتوری کۆمەڵگەوە پێکهاتبوو لە ڕێگای پەروەردە و ئامادەسازی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی فێرکردنیشەوە، ئەوە سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گەورەیەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەیگێڕن لە پێکهێنان و دروست کردنی ئەقڵ و خەڵکدا، بەو شێوەیەش ئەو بوونە دەبێتە بەرهەم هێنەری هزرێکی پوخت بەهەموو ئەو ئایدیۆلۆژیا و هزر و باوەڕە ئاینیانەوە کە لە خۆی دەگرێت، لەگەڵ بەهاگەلێک کە بەهەموو شێوە و جۆرە ئینتیماکانیەوە دروست بوون، بەهەموو تەنگەبەری و فراوانیەکیەوە، مرۆڤەکانی لە یەکتر جیاکردەوە بەپێی سیستەمە فکرییەکان کە بوون بەسەرچاوە و پێوەرێک بۆ دەرخستنی ئاستی نزیک بوونەوە یان دوور کەوتنەوە لە یەکتر، بۆ دەرخستنی ئاستی گونجان یان لە یەکتر دوور کەوتنەوە لە نیوانیاندا چ وەک تاک بێت یان گروپ، پۆلێن کردنیشیان بەدوو ڕێگا: «من ـ کەرەستە» بەواتای هەست کردن بە بەرامبەر وەک کەرەستەیەک کە مرۆڤایەتی لێ داماڵرابێت، «من ـ تۆ» بەواتای هەست کردنی مرۆیانە بە بەرامبەر وەک مرۆڤ، وەک چۆن فەیلەسوف مارتن بوبەر (Martin Buber) گوزارشتی لێکردووە کاتێک باسی شێوازی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات(٣). لێرە بەدواوە بەپێی ئەو دابەش کردنە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت حوکم لەسەر بەهاکان دەدرێت کە تیایدا بەهای بەرامبەر دادەبەزیندرێت و مرۆڤایەتییان لێ دەسێندرێتەوە، ئەوەیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی شەرعیەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی بدرێت لە بەرامبەریاندا ئەگەر پێویست بکات، هەموو ئەو شتانەی پاساویان پێ دەهێنرێتەوە بۆ ململانێ و ڕکابەری و زاڵبوون و حەزی کۆنترۆڵ کردن و سەرکەوتن بەسەر بەرامبەری جیاواز لە ڕووی فکرییەوە (کەرەستەکە) بەهەر نرخێک بێت.


لە تێگەیشتنی قوڵمانەوە لە بونیادی دەرونــی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ کە لە ئەنجامی پرۆسەی کارلێک کردن و تەواوکاری لایەنەکانی دروست بوونی بەپێی قوناغە یەک لە دوای یەکەکانی پەرەسەندن پێک هاتووە، لە تواناداا نەما بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامی بدرێت بەوەی هەموو بەرپرسیارێتی ئەو توندوتیژییەی جیهان بەخۆیەوەی دەبینێت بخرێتە ئەستۆی لایەنی بایۆلۆژی، سادەترین شێوەی ئەو توندوتیژییە کە دەکرێت هەموو ڕۆژێـک لە پەیوەندییەکانماندا ببینین و خۆی لە توندوتیژی مەعنەوی و ڕەمزی و دەستەواژەیی شاراوە

لە زماندا دەبینێتەوە، لە هەموو کردەکانی پەیوەندیدا بەهەموو شێوە و شێواز و ئامرازەکانیەوە کە کاریگەری زۆر توندی لەسەر مرۆڤ و ئاسایشی دەرونی هەبووە، زیاتر لە هەر هەڕەشەیەکی دیکە کە ڕەنگە بەر سەلامەتی جەستەیی بکەوێت هەر چەندە سادە و ساکاریش بێت، هەتا دەگاتە توندترین شێوەکانی کە خۆی لە توندترین و دڕندانەترین جەنگەکان و واتاکانیدا دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی درک بەوە بکەن کە توندوتیژی بەم سیمایەی ئێستایەوە، لەوە دەرچووە کە بەرهەمی پاشماوەی پەرەسەندنی بایۆلۆجی بێت لەو ساتەوە مرۆڤ لە جەنگەڵ دەرهات و یەکەم جار لە دایکە سروشتی خۆیان جیابوونەوە، لە پاشانیشدا لەیەک پێکهاتە مرۆییەکەشیان جیابوونەوە، بۆ ئەوەی توندوتیژی ببێتە بەرهەمی هزری مرۆیی و کولتوری پەراوێزخەر کە «من ـ ئیگۆ»ی تاک و کۆمەڵایەتی گەورە کردەوە، بناغەی بۆ هەموو شێوەکانی ئەو جیابوونەوەیە دانا، لە پاشاندا سەرچاوەکانی هەڕەشەکە و مەترسیەکەی گواستەوە لە جیهانی دەرەکییەوە بۆ جیهانی ناوەکی، لە»جەنگەڵ»ەوە لە ساتەوەختی ڕوودانی توندوتیژی بۆ ئەقڵی مرۆیی کە ببوو بەگۆڕەپانی توندوتیژی لە هەموو ساتێکدا، ئەو بیرۆکەیەی کە هەڵگری مەبەستی توندوتیژییە بەهەموو هەستی توڕەیی و ترس و ڕقەوە لە بەرامبەر «دووژمنەکان» کە ئەو ڕەفتارە هەموو ئەو وەزە وێرانکەرەی یەکەم جار بەخوود بەخشی، لە دواییشدا هەمان ئەو وێرانکارییەی بەخشی بەهەموو بەرامبەر و بوون، ئەو شەرعیەتدانە بوو بەهاندەری یەکەمی توندوتیژی و پاساوەکانی بۆ دۆزییەوە و ئامرازەکانی بۆ دروست کرد و بەدرێژایی سەردەمەکان گەشەی پێدا.

توندوتیژی کاتێک ڕیشاڵەکانی ژیان دەپسێنێت و زیان بەپێکهاتەکانی دەگەیەنێت، هەستێکی گەورە و بەئازار دەخولقێنێت، نەک تەنها بۆ ئەوانەی کە توندوتیژییەکەیان بەردەکەوێت، بەڵکو ئەو ئازارە بەهەموو ئەوانەش دەگات کە گەواهیدەری ئەو توندوتیژییە بوونە، هەستێکی تێکەڵ بەتوڕەیی و ڕق و سۆز و بەزەیی لە هەمان کاتدا، پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی هەڵوێستێک وەربگرێت و لە ڕێگای ئەو هەڵوێستەوە بەهەر ئامرازێک بێت سنورێک بۆ ئەو ئازارە دابنێت. بەڵام لە ژیانی واقعیدا نغرۆ بوونمان لە وردەکارییەکانی توندوتیژیدا و لەوەدا کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەموو کات و ساتێک پەخشی دەکەن لەبارەی ڕووداوەکانی توندوتیژی لە جیهاندا، هەروەها لە زمان و وتاری توندوتیژانەی ڕاشکاوانە یان شاراوەی ئاراستە کراو بەڕووماندا و لە هەموو ئەو لایەنانەوە کە هزر و کولتورمان پێک دەهێنن، وەها دەکەن دیمەنەکە تەمومژاوی بێت و نیشانەکانی دیار نەبن، ئەوەیش وەها دەکات بکەوینە بۆسەیەکی لایەنگیرییەوە لەگەڵ لایەنێک لە دژی لایەنەکەی

دیکە، باوەڕیشمان وابێت کە بەو کارەمان هەڵوێستێکی مرۆیی وەردەگرین بۆ دروست کردنی گروپگەلێک دژ بەتوندوتیژی بەردەوام، درک بەوەیش ناکەین کە ئەوەی کردوومانە و بەباوەڕی خۆمان لە لوتکەی هەڵوێستی مرۆیی و بەزەییدا بووە، بەهەمان شێوە بەرهەمی هزری توندوتیژ بووە، لەوەیش تێناپەڕێت کە پەرچە کردارێکی کاردانەوەییە بەدیهێنەرەکەی هەمان سروشتی توندوتیژە بەهەمان هێز و دڕندەییەوە، هەموو ئەوەیشی کردوومانە ئەوەیە کە ئاراستەکەیمان گۆڕیوە بەئاراستەیەکی پێچەوانە، ئەوەیش وەها دەکات زنجیرەی توندوتیژی بەردەوام بێت و نەپچڕێت، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی دەدرێت بۆ کۆتایی پێ هێنانی و هەموو ئەو دەنگانەی لە دژی بڵند دەکرێتەوە. ئەوەی لە ڕاستیدا پێویستمانە بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە دەربخەین، ئەوەیە هەنگاوێک بگەڕێینە دواوە، بۆ ئەوەی دیمەنەکە لە گۆشەنیگایەکی فراوانتر و گشتگیرترەوە ببینین، لە دواییشدا ڕوونتر بیبینین لە میانەی ژیانێکی تەواو و بێ کەموکوریدا کە هیچ جیابوونەوەیەکی تێدا نەبێت، درک بەبچوکترین شوێنەواری (شوێنەواری پەپولە - أثر الفراشة) هەر کردارێک دەکەین کە هەرکام لە پێکهێنەرەکانی ژیان دروستی کردبێت، مەودای کاریگەری قوڵی لەسەر ژیان بەگشتی و ئاراستەی ئەو ژیانە و لە دواییشدا چاو کراوەتر بین نەک تەنها لە بەرامبەر خودی هەڵوێستەکەدا، بەڵکو لە بەرامبەر ئەو شێوازەدا کە درک بەو هەڵوێستە دەکەین، بۆ هەموو ئەو بیرۆکە و هەستانەش کە هەڵوێست و ئاراستەکانمان پێکدەهێنن؛ ئاراستەی ڕەفتارەکانمان دەکەن بۆ ئەم ئاراستەیە یان ئەو ئاراستەیەی دیکە. ئەگەر پەی بەمیکانیزمەکانی خودی پەیبردن و ناوەڕۆکەکەی ببەین، دەمانگوێزێتەوە لە ڕەت کردنەوەی توندوتیژی بەشێوەیەکی بەش بەش

توندوتیژی کاتێك ڕیشاڵەکانی ژیان دەپسێنێت و زیان بەپێکهاتەکانی دەگەیەنێت، هەستێکی گەورە و بەئازار دەخولقێنێت، نەك تەنها بۆ ئەوانەی کە توندوتیژییەکەیان بەردەکەوێت، بەڵکو ئەو ئازارە بەهەموو ئەوانەش دەگات کە گەواهیدەری ئەو توندوتیژییە بوونە



کراوەوە، بۆ ڕەت کردنەوەی توندوتیژی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەبێ ئەوەی چاوپۆشی لەوە بکەین کە لە کوێوە دەست پێدەکات و چۆن و بەرەو کوێ دەچێت. ئەوەی پێویستمانە وشیارییەکی دەستە جەمعییە لەسەر بنەمای ڕەخنەکردن و ڕەت کردنەوەی هەموو ئەوانە بونیاد دەنرێت کە ئەقڵمانی لەسەر پرۆگرامسازی کراوە، لەو هزرانەی تۆوی لەناوچوون و فەناکردن هەڵدەگرن، چاوەکانمان نابینا دەکات لە ئاست شوێنی ئەو هێزە ڕاستەقینەیەی لە خۆماندایە کە ئەویش خۆی لە تواناماندا دەبینێتەوە بۆ خۆشەویستی، هەموو پێکهاتەکانی ژیانیش قبوڵ دەکات بەهەموو ڕەنگەکانیان و جیاوازییەکانیانەوە، ئەو هێزە ڕێنماییکەر و ئاراستەکەری ناوەکیمانە کە ئاراستەمان دەکات بەرەو ئینتیما ڕاستەقینەکانمان لەم گەردوونەدا و لایەنگیریمان بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی ئاراستە دەکات، ئەوەیش مافی هەمووومان لەمانەوە و خۆش گوزەرانی بەهەموو شێوەکانیەوە زامن دەکات. ئەوەی پێویستمانە وەک مرۆڤ بۆ وەستانەوە بەڕووی توندوتیژیدا متمانەمانە بەوەی کە توانامان هەیە دووبارە و سەرلەنوێ فێر ببینەوە، ئیرادەیەکی ئازاد و هوشیارمان هەبێت بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی بکەین بەتاکە ڕێبازی ژیان، هەتا دەبێت بەبەشێکی بنەڕەتی کولتوری ڕۆژانەمان و زمانمان، هەتا دەبێت بەیاری دەستی منداڵەکانمان و زمانی گفتوگۆیان، ناتوندوتیژی تاکە بابەت بێت کە ڕاگەیاندنەکانمان بۆمانی پەخش بکەن، تاکە بابەتیش بێت کە پرۆگرامە پەروەردەییەکان لە ئەقڵی منداڵەکانمان و نەوجەوانەکانماندا دەیچێنن، وەک هزرێک کە ناسنامە و ئینتیمایان و پاشەڕۆژی ژیانیان دروست دەکات. ئەوەی پێویستە لەسەرمان وەک مرۆڤ باوەڕی پێ بکەین ئەوەیە «توندوتیژی لە ئەقڵی مرۆڤەوە دەست پێدەکات»(٤)، کۆتاییشی نایەت ئەگەر لە ئەقڵی مرۆڤدا کۆتایی نەیەت، وەک تۆلستۆی مەزن دەڵێت: «ئەوە بەسە کە ڕای گشتی گرژی بنوێنن بەڕووی توندوتیژیدا، هەتا هەموو هێزی خۆی لە دەست دەدات».

**پەراوێزەکان:**

١ـ مايكل ن.ناغلر، البحث عن مستقبل لا عنفي، بدون دار نشر، ص٦٣.

٢ـ دانييل جولمان، الذكاء العاطفي، ترجمة ليلى الجبالي، سلسلة عالم المعرفة، كويت، العدد٢٦٢.

٣ـ نحن في مواجهة الاخر، كيف يمكن للفلسفة العصبية أن تفسر سياسات التفرقة بين البشر، مجلة أنا أصدق العلم، ديسمبر (كانون الثاني) ٢٠١٦. https://ibeliveinsci.com

٥ـ مايكل ن.ناغلر، البحث عن مستقبل لا عنفي، ص٥٠.

هەواڵنامەی کتێب



# جاش و قۆناغەکانی ئەنفال



لەتیف فاتیح فەرەج

## سەرەتا :

جاشی کورد لە مێژودا لە جاش و خۆفرۆشی هیچ نەتەوەو گەلێکی دیکەی سەر ئەم گۆی زەویە ناچێت، مرۆڤ کە لاپەڕەی رۆژنامەکانی سەردەمی بەعس بەتایبەت کوردیەکان هەڵدەداتەوە و دەبینێ چۆن جاشەکان شانازی بە کورد کوشتنەوە دەکەن و خۆیان پێ پاڵەوان و ئازایە، توشی شۆک دەبێت ئەوە چ ئاوەزێکە شانازی کردن بەخیانەتەوە، من دەمێکە پڕۆژەی کتێبێکی تایبەتم لەسەر جاشی کورد دەست پێکردووە و لەوێدا زۆر پرسیار وەڵام دەدرێتەوە بۆیە ئێستا و لەم بابەتەدا بەلای ئەو خاڵانەدا ناچم بەئومێدی ئەوەی برەخسێ و ئەو کتێبە تەواو بێت و ڕوناکی ببینێت، جاش و خۆفرۆشی هیچ نەتەوەیەک نابینینیتەوە بڵێت «جاشایەتی و پاشایەتی» جاشی کورد، جاشایەتی و خۆفرۆشی بە پاشایەتی دەچوێنێت، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی حکومەتە دژەکانی کورد باری دەرونی و کەسێتی کوردیان هەڵسەنگاندوە و دەزانن چەند فشەی بەخۆی دێت کاتێ بەکلاشی پەڕۆین و قاتی کوردیەوە خۆی بادەدات و کورد وتەنی شا بەسەیان نازانێت.

پرۆسەی ئەنفال کردنی کوردستان لەسەرەتا هەتا کۆتایی ١٩٨٨ جاش لە هەموو قۆناغەکاندا پێش قەرەوڵی دوژمن بوو، لەهەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفالدا جاشەکان بەشانازیەوە باسی رۆڵی خۆیان دەکەن و تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە بەوێران کردنی کوردستان خەنین خۆیان وەک پاڵەوان وێنا دەکەن، لەهەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفالدا زۆرترین فەوجە جاشەکان، مەفرەزە خاسەکان بەشداریان کردووە و بەشی زۆری ئەو فەوجانەش لە ڕۆژنامەکانی بەعسدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، بەگەڕانێکی سەرپێیی ناوی دەیان فەوجت دەست دەکەوێت کە موستەشارەکانیان شانازی بەکارەکانیانەوە دەکەن.

## بەشێک لە فەوجە بەشدارەکانی ئەنفال:


ئێمە لێرەدا تەنها ژمارەی فەوجەکان دەنووسین و ناوی موستەشارەکان و ژمارەی چەکدارەکان نانووسین، هەڵبەت ئەوەش پێویستی بەکنەکردنە، بەشی زۆری ئەو فەوجانەی لێرە ژمارەکانیان دەنووسم ناوی موستەشارەکانیان لامە، پێشتریش بەشی زۆری لێرە و لەوێ بڵاو کراوەتەوە و دادگای باڵای تاوانەکانیش ناوی زیاتر لەچوار سەد بەرپرسیار، موستەشار، ئامر مەفرەزە و بکەری ئەنفالی نارد بۆ حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بگیرێن، بەڵام حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ئەم داوایەیان پشتگوێ خست.

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە نزیکەی ٥٠٠ فەوجی جاش و ٤٨٠ هەزار جاش هەبووە، ئەمەی خوارەوە ژمارەی بەشێک لەو فەوجانەیە کە بەشداری پرۆسەی ئەنفالیان کردووە، هەموو ژمارەکانم لە رۆژنامەی هاوکاری دەرهێناوە «فەوجەکانی ٣٥، ١٥٧، ٩٦، ٥٩، ١٧٤، ٥٥، ٢٠، ٦٨، ١٧٢، ٢٠٥، ٣٦، ٨١، ١٠٢، ٩٤، ١١٩، ٢٢٦، ٣٠٧، ٢٨، ١٣٧، ٩٠، ٤٢، ٥٤، ٥٢، ١٤٣، ١٩٦، ٢٤٠، ١١٢، ٢٢٤، ١٠٠، ٥٠، ٣٥،

٢٦، ٢٢٥، ١٣٨، ٢٤، ١٦، ٧٩، ١٠٩، و هتد، ئەمانە بەشێكی زۆر كەمن لە فەوجە بەشدارەكانی پرۆسەی ئەنفال».

تەنها لە ئەنفالی یەكدا دە فەوج بەشداری پرۆسەكەی كردوە و بەشانازیەوە باسی ڕوخاندن و وێران كردنی شەدەڵە و سەرگەڵو و بەرگەڵو، ئەو ناوچە دڵگیرەی كوردستان دەكەن و تێیاندایە گلەیی ئەوە دەكات یەكەم فەوج بووە چووەتە ناو سەرگەڵوەوە، كەچی وەک پێویست نیشانەی ئازایەتی نەدراوەتێ ئەو فەوجانەی بەشداری پرۆسەی یەكەمی ئەنفالیان كردووە بریتین لە «فەوجەكانی ٢٠، ٥، ٢، ٢٣، ٣٧، ١٠٩، ٨١، ٩٦، ٥١، ٣٦» بەرپرسی هەندێک لەو فەوجانە كە ژمارەی هەندێكیان لە هەزار چەكدار زیاتر بووە بریتین لە «محێدین شێخ مەعروف ، ئیبراهیم حاجی ملۆ ، ئەسعەد هەركی و هی دیكەش» جگە لەوانەش موستەشار تەحسین محەمەد رەشید موستەشاری فەوجی ١٧٩ لە دیدارێكدا دەڵێت خاوەنی ١٠٠٠ چەكدارین و بەشداری قۆناغەكانی «١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦»ی ئەنفالم كردووە، تەحسین نمونەیەكە لە دەیان نمونەی ئەو موستەشارانەی بەجل و بەرگی كوردی و كڵاو و جامانەوە دەكەوتنە پێش بارق و عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم و ئەیاد خەلیل زەكی و ئەوانی ترەوە بۆ ڕاوكردنی كورد، دۆستێک بۆی گێڕامەوە لە گوندەكانی





قەرەحەسەن ئەوانیان بەزۆر لە ڕێگە و بانی کەرکوکەوە بردووە هەتا بەشۆفەڵ دێیەکانیان پێتەخت بکەن، وتی لە یەکێک لە گوندەکان بەرپرسێکی سەربازی باڵا یەکێک لە موستەشارە بەناوبانگەکانی نارد بۆ تەماشا کردنی چەمێکی بەردەمیان، کاتێک کابرای موستەشار بەهەڵەداوان دەچێتە خوارەوە ئەفسەرەکە بەوانی دەوروبەری دەڵێت «سەیری کەن چۆن ئەسپێکە» نە تەحسین محەمەد ڕەشید و نەیەک موستەشاری جاش بۆ یەک جاریش داوای لێبوردنیان لە میلەتەکەیان نەکرد، نەک هەر ئەوە هەندێکیان بوونە پاڵەوان و شەهیدی فەرماندەی شەڕی ناوخۆ.

## بێبەشداری جاش چی دەکرا :

هەموو ئەوانەی کە وەک گەواهیدەر و شاهید باسی ئەو ڕۆژگارە دەکەن و ئێمەش کەم و زۆر خۆمان ئاگادار بووین، ئەگەر پێش لەشکری جاش و ڕێ نیشاندەری ئەوان نەبوایە ڕەنگە زەرەر و زیانەکان زۆر کەمتر بان، خەڵکی جەلەمۆرد دەڵێن هۆکارێکی سەرەکی زۆری ئەنفالی گوندەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جاشەکان سوپایان بردوەتە سەر بابە ڕووشە و ئەو ناوچانەی کە خەڵک خۆی لێ حەشار دابوو، عوسمانی حاجی مەحمود لە بیرەوەریەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە خەڵک بۆ خۆشاردنەوە و شمەک شاردنەوە شوێنی خۆیان هەبووە و حکومەت و سوپا بەئاسانی پەی پێ نەبردوون، بەڵام جاشەکان بەشی زۆریان خەڵکی ناوچەکان بوونە و ئاگاداری کون و کەلەبەری ناوچەکە بوونە.

چەکدارێکی قاسم ئاغای کۆیە بۆی گێڕامەوە کە چۆن ئەوان پێش لەشکری حکومەت داویانە بەسەر دۆڵی بالیساندا و خەڵکێکی زۆریان گرتووە و کردویاننەتە دەست و دیاری خۆیان بۆ حکومەتی عیراقی، هەر ئەو کەسە باسی کاریگەری چەکی کیمیایی ئەو ناوچەیەشی بەسەر خەڵکەکەوە بۆ باسکردم، چەکدارێکی خزمی خۆم کە لەبەر فیراری پەنای بردبووە بەر ڕەبایەیەکی جاشەکان بۆی گێڕامەوە کە لەسەر سێ چوار بزن جاشەکان لەناو یەکدا خەریک بووە یەکتر خەلاس بکەن، ئەم ڕووداوە لە گوندەکانی قەڵاسێوکە بووە.

جاشەکان ڕۆڵێکی زۆریان لە سەرخستنی قۆناغەکانی ئەنفالدا بینی و ئەوان لە سوپا و لەشکری بەعس خراپتر پەلاماری گوندەکان و ناوچەکانیان دەدا و یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانیشان تالان کردن و دەسکەوتی زۆر بوو، سەرۆک جاشێک لە دیدارێکی هاوکاریدا سەبارەت ئەنفالی یەکەم دەڵێت «ئێمە یەکەم کەس بووین گەیشتینە ناو بارەگای خیانەتکاران و سەریانمان پانکردەوە» ناوەڕۆکی قسەکە بەم جۆرەیە، ئەمە ئەگەر عەرەبێکی بەعسی بیڵێت ڕەنگە ئاسایی بێت، بەڵام کە کوردێک دەیڵێت ئیدی مرۆڤ لە بەردەمیدا سەرسام دەبێت، ئەم گیانی خیانەت و گەلی خۆ کوژیە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم رقە چیە، هەندێک لە جاشەکان وەک ئەوەی ڕقێک پاڵنەریان بێت، پێش هەر بڕیارێکی حکومەت بۆ تاڵان و کوشتنی خەڵکی سڤیل و هەروەها پێشمەرگە بەرۆژ و بەشەو کەوتونەتە ناو ئەو گوندانەی کە شاڵاوەکانی ئەنفال لێیانەوە نزیک بووە

هەواڵنامەی کتێب

و هەرچیان لە دەست هاتوە لە کاری نەشیاو کردوویانە.

ئەگەر وا دابنێین جاش بەشداری ئەو پەلامار و کوشت و بڕەی نەکردایە ئەنفال ناکرا، ئەوە وانیە چونکە بڕیارەکە ساڵێک پێشتر عەلی حەسەن مەجید بڕیاری لێدابوو، بەڵام بەشداری جاشەکان پرۆسەکەی پڕ زیانتر و کارەساتبار تر کرد، هیچ هۆیەک نیە بۆ ئەوەی بەشداری دەستی جاشەکان لە ئەنفال بکێشینەوە و بڵێین با باسی جاشەکان نەکرێت، بیانوشمان ئەوە بێت کە ئەمە لە پرسی جینۆسایدەکە کەم دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەوە هیچ ڕاستیەکی تێدانیە.

کەسێک بەناوی سەلام مەحمود عەلی لە یەکێ لە ژمارەکانی هاوکاریدا دەنووسێت «ڕۆژی شەممەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨، کارە پاڵەوانەکانی ئەنفال پشتی خۆ فرۆشانی شکاند» ئێستا ئەو ڕستەیە دەبینم و قسەی ئەو جاشانە دەخوێنمەوە کە باسی ئەنفال دەکەن، جگە لەوەی دەپرسم چۆنیە ئێمە ئەو سەردەمە ئەم ناونانە سەرنجی ڕانەکێشاوین ،دواتر ئەوە چ ئاوەز و لۆژیکێکە تۆ لەناو دانی میلەتەکەی خۆت بەکارێکی پاڵەوانانە بزانیت، ئایە هیچ نەتەوە و گەلێک هەیە لەسەر ئەم گۆی زەویە هێندەی کورد ڕاوی نەتەوەکەی خۆی کردبێت بۆ دووژمن؟

## عەلی حەسەن مەجید و جاشەکان بەر لە پرۆسەی ئەنفال:

بەر لە پرۆسەی ئەنفال عەلی حەسەن مەجید لای بەعس وەک بەرپرسی دەفتەری شیمال دەست نیشان کرا، بارەگای ئەو دەزگایەش هێنرایە کەرکوک، عەلی حەسەن مەجید وەک بەرپرسی ڕێکخستنی باکور لەبیستی حوزەیرانی ١٩٨٧ بڕیاری ٤٠٠٨ی دەرکرد، بڕیارەکە بریتیە لە حەوت خاڵ و ئێمە لە نووسینی تردا بڵاومان کردۆتەوە، هەروەها لە زۆر شوێنی تریش بڵاو کراوەتەوە، بڕیارەکە خاڵی یەکەم هەموو گوندەکانی کوردستان بەشوێنی قەدەغە کراو ناو



ئەنفال

تەنها لە ئەنفالی یەکدا دە فەوج بەشداری پرۆسەکەی کردوە و بەشانازیەوە باسی ڕوخاندن و وێران کردنی شەدەڵە و سەرگەڵو و بەرگەڵو، ئەو ناوچە دڵگیرەی کوردستان دەکەن و تێیاندایە گلەیی ئەوە دەکات یەکەم فەوج بووە چووەتە ناو سەرگەڵووەوە، کەچی وەك پێویست نیشانەی ئازایەتی نەدراوەتێ



دەبات، خاڵی دووەم دەڵێت ئیتر قەدەغەیە مرۆڤ و ئاژەڵ لەو ناوچانە ببینرێن، هەروەها فەرمانی تەقەکردن دەدات بە سەربازەکان بێ گەڕانەوە بۆ سەروی خۆیان، خاڵی سێیەم دەڵێت هاموشۆ و تۆوکردن و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەو ناوچانە بە تەواوەتی قەدەغەن، لە خاڵی چوارەمدا دەستی سوپا و فەیلەق و یەکە سەربازیەکان ئاوەڵا دەکات بۆ کوشتنی خەڵک، لە پێنجەم خاڵدا دەڵێت هەر کەس گیرا لە تەمەنی پازدە ساڵان هەتا حەفتا ساڵ پاش وەرگرتنی زانیاری لێی پێویستە لە دار بدرێت و بکوژرێت، خاڵی شەش و حەوت باسی لێکۆڵینەوەی خێرا لە گیراوەکان و هەروەها تاڵانی کەلوپەل و مەڕ و ماڵات و پارە و هەموو شت دەکات و دەڵێت سوپا و یەکە سەربازیەکان هەرچییان دەسکەوت بۆ خۆیانە.

ئەم بڕیارە مەترسیدارە کە ئیدی بڕیاری جینۆسایدە و ئەو ڕۆژگارە بێکاردانەوەی نێو دەوڵەتی تێپەڕ دەبێت، لە حەوت پارێزگادا جێبەجێ دەکرێت کە هەموو پارێزگاکان یان بەتەواوەتی کورد، یان کوردیان تێدایە، پارێزگاکانیش بریتین لە «سلێمانی، کەرکوک، هەولێ، دهۆک، موسڵ، تکریت، دیالە» پێش ئەم بڕیارە عەلی حەسەن مەجید چەندین جار لەگەڵ بەرپرسانی ئەم ناوچانە و موستەشارە کوردەکان کۆبوونەوە دەکات و هەڕەشەی توند لە هەموو کورد دەکات، تەنانەت لە کۆبونەوەی لەگەڵ موستەشارە

کوردەکاندا بەزمانێکی زۆر پیس و نەشیاو هێرش دەکاتە سەر کورد و موستەشارەکانیش، بێ ئەوەی کەس بوێرێت قسەیەک بکات، ئەو دەڵێت هەموو یان وەک بزن سەر دەبڕم و واو وایان لێ دەکەم، موستەشارە کوردەکانیش سەرکز و بێدەنگ لە بەردەمیدا دانیشتوون.

عەلی حەسەن مەجید پیاوێکی دواکەوتوی خوێنڕێژ و لادێیی «قەرەوی» بووە، زمانی ئاکار و هەڵسوکەوتی سەربازیشی نەزانیووە، مرۆڤێکی کەلە شەق و دڵ ڕەق بووە، جارێکیان سەدام حوسێن بەموکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت، ئەوەتا من دەمەوێ لەگەڵ کوردەکان ڕێک بکەوم، بەڵام ئەوان ئامادە نین، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١، موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت ئاخر تۆ عەلی حەسەن مەجیدت ناردووە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵیان، قسەکە بەو مانایەیە کە عەلی پیاوی ڕێککەوتن و ئاشتی نیە.


هەر لەو ماوانە و دواتریشدا عەلی حەسەن مەجید بۆ سەرکوت و تۆقاندنی زیاتری موستەشارەکان چەند موستەشارێکی سزادا بەگرتن و تەنانەت لە ناودانیش ، لەگەڵ ئەوەشدا جاش و موستەشارەکان زیاتر دڵسۆزی خۆیان نیشانی بەعس و عەلی حەسەن مەجید دەدا.

لە دوای بڕیارە حەوت خاڵیەکەی عەلی حەسەن مەجید چەندین ڕووداوی خوێناوی و ناخۆش ڕوویاندا کە مرۆڤ تووشی شۆک و سەرسامی دەکات، یەکێک لەو ڕوداوانەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە ڕوداوی کوشتنی خزمێکی خۆم بوو، عەزەدین بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە دەگەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆیان سەیدانی سەروو، کۆپتەرەکانی بارق عەبدوڵا دەگەنە سەری لە ئۆتۆمبیلەکە دایدەگرن، هەموو دەرگاکانی ئۆتۆمبیلەکەی پێدەکەنەوە، تەنانەت پشتوێن و مرادخانیەکەشی پێدادەکەنن، عەزەدین بوکێکی مناڵانەی بۆ مناڵەکەی کڕیووە، هەتا ئەو ئێوارەیە دڵی خۆشبکات، بەڵام کۆپتەرەکان پاش دورخستنەوەی عەزەدین لە ئۆتۆمبیلە لاندکرۆزەکەی، سەرەتا سەیارەکەی بە بوک و کەل و پەلەکانی ناویەوە گڕ تێبەردەدەن، دواتریش هەر لەوێ عەزەدین دەکوژن، ئەمە نمونەیەکە لە هەزاران نمونەی لەو جۆرە.

جاشەکان لە دوای بڕیارەکەی عەلی حەسەن مەجیدەوە دەستیان ئاوەڵاتر بوو بۆ کوشتنی خەڵک و وەرگرتنی دیاری و خەڵات لە بەعس، هەر بۆیە لەو ماوانەدا کارەساتی زۆر ناخۆش ڕوویاندا، بۆ نمونە سەربڕینی خەڵک و بردنەوەی سەرە بڕاوەکە بۆ بەعس بەناوی ئەوەی ئەوە پێشمەرگە بووە، یان وەک خۆیان دەیانگوت خۆفرۆشی سەر بەئێران بووە، لەو بارەیەوە چیرۆکی سەربڕینی شوان و خەڵکی سڤیلیشیان دەگێڕایەوە.

ئەوماوەیەی پێش دەست پێکردنی پرۆسەکە سەدان ڕوداوی نەخوازراوی دور لەهەر ئاکارێکی مرۆڤایەتی ڕوویاندا و تەنانەت گەیشتە ئەوەی پێشمەرگە بۆ پاک بوونەوەی خۆی و بۆ نیشاندانی دڵسۆزی بە بەعس دەستی بچێتە هاوسەنگەری خۆی و شەهیدی بکات، لەو بارەیەوە چەندین چیرۆکی ئازار بەخش هەن.

عەلی حەسەن مەجید پێش دەست پێکردنی پرۆسەکە هەموو ئامادەکاریەکی کردبوو، فەوجە سوکەکانی جاشی



ئامادە کردبوو فەوجە خەفیفەکان لای بەعس ناویان «ئەفواج دیفاع وەتەنی» بوو، فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی، جگە لەو فەوجانە سوپایەکی گەورەی لە فەیلەق و لیواو مغاویر و هێزی تایبەت و گاردی کۆماری و هتد ساز و ئامادە کردبوو، لەوانە، فەیلەقەکانی یەک دوو پێنج، لیواکانی پاسەوانی کۆماری، فەوجە جیاجیاکانی مغاویر، یەکەی کیمیای و هێزی ئاسمانی و باشترین فیرقەو لیوا پیادەکان، هەموو ئەم هێزانە و دەیان فیرقە و لیواو یەکەی جیاجیا بەهەموو چەک و چۆڵێکی پێویستەوە بەردرانە دەشت و دەری کوردستان و هەزاران گوند وێرانکران و هەزاران خەڵکی سڤیل بەرەو چاڵەکانی مردن بران، سەبارەت بەژمارەی ئەوانەی لەناو دران، عەلی حەسەن مەجید خۆی دان دەنێت بەکوشتنی سەدهەزار کەسدا، لە کاتێکا کورد باس لە نزیکەی دوو هێندە دەکەن، بەڵام ڕاستیەکەی بەگوێرەی تاوانەکە و ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵک لە بیست شار و شارۆچکە و زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار گوند، هەروەها کۆکردنەوەی خەڵک لە ئۆردوگا جیاجیاکاندا، ژمارەکە زۆر لە ١٨٢هەزار زیاترە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئۆردوگاکانیش هەر بەنیازی مردن ئامادە کراون، شێوازی دروست کردنی ئۆردوگاکان زۆر سەربازیە و بەجۆرێکە کە سوپا و دەسەڵات زۆر بەخێرایی بتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

## جاشەکان و لێبوردنی بەرەی کوردستانی:

دوای کەمتر لە سێ ساڵ لە ئەنفالی کوردستان، ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بەڕووی بەعسدا هەموو ناوچەیەکی گرتەوە، سەرەتا ڕانیە و حاجی ئاوا و دواتر سلێمانی و سنورەکانی دیکە، سنوری پارێزگای سلێمانی کە لە ئەنفالدا زۆرترین زیانی بەرکەوت یەکەم شوێن بوو بۆ ڕاپەڕین، دواتر هەولێرو دوای ئەویش دهۆک دەستیان پێکرد، هەموو ئەو جاش و موستەشارانەی کورد بەبڕیارێکی سیاسی



جاشەکان لە دوای بڕیارەکەی عەلی حەسەن مەجیدەوە دەستیان ئاوەڵاتر بوو بۆ کوشتنی خەڵك و وەرگرتنی دیاری و خەڵات لە بەعس، هەر بۆیە لەو ماوانەدا کارەساتی زۆر ناخۆش ڕوویاندا، بۆ نمونە سەربڕینی خەڵك و بردنەوەی سەرە بڕاوەکە بۆ بەعس بەناوی ئەوەی ئەوە پێشمەرگە بووە



هەواڵنامەی کتێب


بەرەی کوردستانی و بۆ بەرژەوەندی حزبە گەورەکان بەر لێخۆشبوون کەوتن، ئەوەی سەیرە دوای لێخۆشبوون و پەیوەندی کردن بە پارتی و یەکێتیەوە دانەساکان و بەڵگە نامەیەکم لایە چەندین موستەشار و جاش داوای پەیوەندیان لە بەعس کردۆتەوە و بەعسیش داوا و هەڵسوکەوتەکانیانی هەڵسەنگاندووە و بۆ هەندێک بەباشی زانیوە و بۆ هەندێکی دیکەیان بەخراپ، ئەم نووسینە جێی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگە نامەیە نیە، بەڵام گرنگە بزانرێت کە جاش و موستەشارەکان لە ڕووی قانونیەوە لێخۆشبوونیان بۆ دەرنەکراوە و تەنانەت لەکاتی دادگای کردنی تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە چەندین کەسیان ناوی هاتووە و لەسەر ئەو بنەمایە دادگای باڵا وەک تاوانبار ناساندوونی.

ئەو جاشانەی بەرەی کوردستانی لێخۆش بوونی بۆ دەرکردوون لەهەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفالدا بەشداریان کردووە و دەستیان بەخوێنی گەلەکەی خۆیان سوورە و پێویستە جگە لە دادگای کردن ئەوانەی ماون داوای لێبوردن بکەن و داوای لێخۆشبوون لە کەس و کاری قوربانیەکان بکەن، هەندێک لەوان خزم و کەس و کاری خۆیان داوەتە دەستەوە، ئەو ماوەیەی کە پرۆسەی ئەنفال بەڕێوە دەچوو تەواوی ئەو شارو شارۆچکانەی قوربانیەکانیان بۆ دەهات زۆر لە سەربازگە دەچوون، من شاهیدی زیندوی سنوری چەمچەماڵ و شۆڕش و بەشێکی زۆری کەرکوک و شوان وسەنگاو و قەڵاسێوکەو جەباری و قەرەحەسەن و قادرکەرەم و ئەو ناوچانەم، خۆم ئەو کاتە تەلەبەی دواناوەندی شەوانی چەمچەماڵ بووم، ماڵیشمان لە خزم و کەس و کار جمەی دەهات، هەر منیش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا بێناز ترین خۆپیشاندان و بەگژا چوونەوەی بەعسمان لە سنوری چەمچەماڵ بەرپاکرد.

هەڵبەت دەبێت ئەو ڕاستیە بڵێن کە لە ناو جاشەکانیشدا خەڵکانێک هەبوون بەناچاری یان لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بوون بە جاش، واتە خەڵکی ئەوتۆشیان تێدا بوو کە ئەو بارودۆخەی پێناخۆش بوو، بەڵام ناچار بوو، وەک چۆن بەناچاریش هەموو بڕیارەکانی بەعسی جێبەجێ دەکرد. من ئەوە ناشارمەوە وەک چۆن خراپەی جاشم بینیوە، چاکەی جاشیشم بینیوە، بەڵام ئەمە دەبێت قانون یەکلایی بکاتەوە، کێ باش بووە و کێ خراپ، چونکە هەندێک لە جاشەکان زۆر ڕاشکاوانە دەڵێن ئێمە بەبڕیاری پارتی یان یەکێتی بووینەتە جاش.

## ئەنجام:

ناوی هەموو ئەو موستەشار و بەرپرسە جاشانەی لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشداریان کردووە، ماون و لەبەر دەستن، تەنانەت ناوی ئەوانەش کە جاش و موستەشار نەبوونە و مەڕو ماڵات یان شتومەکی ئەنفالکراوانیان تاڵانکردووە، بەشێک لەو ناوانە لە دادگای باڵای تاوانەکان ناویان هاتووە، بەشی زۆریان لە ڕۆژنامەی هاوکاری و شوێنی دیکەدا دیدار و چاوپێکەوتنیان هەیە، زۆربەیان بەبۆنەی تایبەت و جیاجیا پیرۆزباییان لە سەدام کردووە و هەموو




بروسکە و پیرۆزباییەکانیان ماوە، من سەدان پیرۆزبای ئەوانم لە بەردەستە، تێیاندایە ئێستا لە هەرێمی کوردستان شەهیدی فەرماندە و شەهیدی قارەمانە، هەموو ئەوان پێویستە ڕووبەڕووی دادگای تایبەت بکرێنەوە، دادگایەک بۆ ڕاست کردنەوەی دادوەری و ڕوون نیشاندانەوەی مێژوو، ئەمەی ئێمە لەسەر بەشداری ئەوان دەینووسین نەتۆمەتە و نەبوهتان، ئەوە دانپێدانانی خۆیانە بۆ ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە کە خۆیان وەک پاڵەوان نیشانداوە و هەندێکیان شانازیان بەو نۆتی شوجاعە و نیشانەی ئازایەتیەوە کردوە کە بەعس پێی بەخشیون، بۆ ئەمەش هەموو وێنەکان ماون، بۆیە کەس ناتوانێ نکوڵی بکات، باسترین هەنگاویش بۆ لە قاودانی جاشێتی و دوو بارە نەبوونەوەی ئەو ناشرینیە داوای لێ خۆشبوونە لە قوربانیەکان.

بیرمان نەچێت مناڵ و خوشک و باوک و برا و دایک و هاوسەری جاش نەک هیچ گوناهێکی لە ئەستۆ نیە و بەرپرسیارەتی جاشی ناکەوێتە سەر، بگرە زۆربەیان هەر

پێیان ناخۆش بووه کوڕەکەیان ببێته جاش، تەنانەت ئەمە بۆ ناو هۆز و عەشرەتەکانیش وایە، ڕاستە بەشێکی زۆر لە سەرۆک عەشرەتەکان فەوجیان بۆ کراوەتەوە، بەڵام ڕاستیەکە ناشاردرێتەوە. هەر خودی وشەکەش لەناو خەڵکا وەک جۆرێک لە بێزاندن بەکار دەهات و کەس و کاری جاشەکانیش بەهەمان ناو ناویان دەبردن.

پێویستی لێپێچینەوە و لێپرسینەوە ئەرکێکە بۆ گێڕانەوەی دادوەری و سارێژ کردنی برینەکان هیچ کاتێک بۆ ئەوە درەنگ نیە، وەک چۆن جولەکەکان هیچ کاتێکیان بەدرەنگ نەزانیووە بۆ دادگایی کردنی هەر نازییەک کە شوێنیان دۆزیبێتەوە، نەڤێتنامیەکان و نەکەس لەو جاش و خائینانە خۆش نەبوونە کە هاوکاری دوژمنیان کرددوە، لیخۆش بوون هەمیشە وادەکات جاشێتی و جاش بوون و خیانەت ئاسای بێت و هەر کێ ویستی بیکات، وەک چۆن هەتا ئێستا لەناو کوردا برەوی هەیە و هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە خەڵک ببنە پیاوی دوژمن و پشت لە گەلەکەی خۆیان بکەن.

دەبێت کارێک بکرێت کە جاشێتی وەک شانازی نەبینرێت، کارێک کە جاشایەتی نەبێتە پاشایەتی و ببێتە ڕسوایی، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە بکەوێتە پشتمانەوە و هەرگیز دووبارە نەبێتەوە.

## بە کورتی لە ئەنفالدا:

٥٠٠ فەوجی جاش و مەفرەزەی تایبەت هەبوون کە ژمارەی چەکدارەکانیان لە ٤٥٠ هەزار کەس زیاتر بوو، زیاتر لە ٩٥٪ی گوندەکانی کوردستان وێران کران، پیتەر گالبرێس کە بەناو گوندە عەرەبیەکاندا بۆ کوردستان هاتوە دەڵێت هەموو گوندە عەرەبیەکان ماون و هەموو گوندە کورد نشینەکان ڕوخێنراون، بیست قەزا و ناحیە وێرانکران، ئەنفال نزیکەی تەواوی باشوری کوردستانی گرتەوە لە خانەقین و کفریەوە هەتا زاخۆ.

## قۆناغەکانی ئەنفالیش بەم جۆرە بوو:

**ئەنفالی یەکەم** : لە ٩ی شوبات هەتا ١٩ی ئازار، پەلامارە سەرەکیەکە لە ٢١ی شوبات بوو.

**ئەنفالی دوەم**: ٢٣ی ئازار هەتا یەکی نیسانی ١٩٨٨.


**ئەنفالی سێیەم**: لە حەوتی نیسان هەتا کۆتایی ئەو مانگە.

**ئەنفالی چوارەم**: لە دووی ئایار هەتا هەشتی ئایار.

ئەنفالی ٥و ٦و ٧ کە هەرسێکیان پێکەوە دێن و بەشی زۆری حەوزی پشدەرو بتوێن و قەڵادزێ و شەقڵاوە سنوری هەولێری گرتەوە لە ١٥ی ئایار هەتا کۆتای ئایاری خایاند. مانگەکانی تەموز و ئاب بەردەوام کێوماڵ و پەلامار هەبوو.


دواقۆناغی ئەنفال کە قۆناغی هەشتەمە و بەعس ناویان ناوە «خاتمە» لە مانگی ئاب دەستی پێکرد بۆ سەر بادینان، هەتا ٥ی ئەیلول بەردەوام بوو، ڕۆژی شەشی ئەیلول بەعس بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرکرد، بڕیارەکە جەلال تاڵەبانی «مام جەلال»ی نەگرتەوە.

# دیموکراسی تەوافوقی



چێنەر شەرعی

هەواڵنامەی کتێب



# بەشی یەکەم

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی چەمکی دیموکراسی و جۆرەکانی

### چەردەیەکی مێژووی دیموکراسی/

پێش ئەوەی کە ڕاستەوخۆ باس لە دیموکراسی تەوافوقی بکەین پێویستە سەرەتا پیناسەی دیموکراسی بکەین و پاشان گوزەرێکی خێرا بەنێو مێژووەکەیدا بکەین بۆئەوەی لەڕەگ و ڕیشەکانی دیموکراسی تێبگەین, چونکە مرۆڤایەتی لەسەردەمێکدا دەژی کە چەمکی دیموکراسی زۆرترین مشتومڕی لەسەرە لەلایەن لایەنگران و دژەکانیشیەوە لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بڵێن کە سەدەی ڕابردوو سەدەی دیموکراسی بووە, چونکە زۆر لەحکومەت و سیسیتەمە سیاسیەکانی جیهان بەرەو ئاراستەی دیموکراسی هەنگاویان ناوە, ئەمەش وامان لێ دەکات کە ناچاربین پێشینەی ئەم چەمکە بزانین ئەگەر بەئاماژەیەکی کورت و خێراش بێت.

**باسی یەکەم /پێناسەی دیموکراسی:**

دیموکراسی لەڕووی زمانەوانیەوە زاراوەیەکی زۆر دێرینە و پێشینەیەکی هەزار ساڵەی هەیە, «لەگەڵ ئەوەشدا ووشەی دیموکراسیەت لەسەدەی شانزەدا هاتۆتە نێو زمانی ئینگلیزیەوە کە لەوشەی دیموکراتی (democratie) فەرەنسییەوە وەرگیراوە, بەڵام ڕەگەکەی یۆنانییە و لەدیموکراتیا (demokratia)وە وەرگیراوە کە پێک دێت لەهەردوو ووشەی دیموس(demos) و کراتۆس(kratos) ئەمانەش بەمانای گەل و حوکم دێت واتە (حوکمی گەل). دیموکراسی واتای شێوازێکی حوکم کردنە تیایدا دەسەڵات بۆ گەل دەگەڕێتەوە لەجیاتی پادشا و چینە ئەرستۆکراتیەکان(١)».

«پێناسەی هەمەلایەن و تەواوی دیموکراسی کە گەیەنەری تەواوی خەسڵەتە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان بێت, دژوار دێتە بەرچاو, چونکە پەیڕەوانی دیموکراسی بەپێی ئەو بیروڕا سیاسی و ئینتیما ئاینی وفەلسەفییانەی کە هەیانە دەکرێت ڕوانگەکانیان جیاوازبێت, هەروەک چۆن کۆمەڵە گرووپێک, دیموکراسی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەجیاواز دادەنێن لەدیموکراسی ئابووری(٢)». بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە بیرمەندانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستەوەستان بن لەئاست پێناسەکردنی چەمکی دیموکراسیدا.

هەندێک پێیان وایە «سیستەمی دیموکراسی شێوەی ژیانی سیاسییە کە زۆرترین ژمارەی گەل دەوڵەمەند دەکات بەزۆرترین بەشی ئازادی و شێوەیەکە فراوانترین جیاوازی لەخۆدەگرێت و دەکرێت بەم هۆیەشەوە بناسرێتەوە»(٣).

هەروەها پێناسەی باوی دیموکراسی ئەوەیە کە «دیموکراسی حوکمی گەلە و لەپێناوی گەلدایە و لەڕێگەی گەلیشەوەیە (حكم الشعب من أجل الشعب بواسطة الشعب(٤))».

بەواتایەکی دیکە دیموکراسی بریتیە لەو سیستەمە سیاسیەی کە ڕێگا بەگەل دەدات بەشداری لەبڕیارە سیاسیەکاندا بکەن و ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت هەلبژێرن(٥)».

«دیموكراسی سیستەمێكی سیاسییە كە تێیدا سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ هەموو هاوڵاتیان, نەک تەنها کەسێک یان چینێک, لەسەر سێ بنەما دەوەستێت: ئازادی و یەكسانی و دادپەروەری, ئەم سێ بنەمایەش تەواوکەر و تێهەڵکێشی یەكترین, دیموكراسیەت لەحەقیقەتدا سیستمێكی نموونەییە كە بانگەشەی جێبەجێكردنێكی تەواو دەكات, ئەمەش دیموكراسیەتی سیاسیە, بەڵام دیموكراسیەتی كۆمەڵایەتی شێوازێكی ژیانە كە لەسەر یەكسانی و ئازادی ڕاوبۆچوون و فیكر دەوەستێت و داوای دادپەروەری كۆمەڵایەتی دەكات(٦)» كەواتە دیموكراسی (مانای حكومەتی زۆرینە دەگەیەنێت مانای حكومەتی زۆرینەش تایبەتمەندیكی وردتری وەرگرتووە نەک تەنها دەوڵەت پشت ئەستوورە بەنوێنەرایەتی ڕای گشتی لەپیاوان و ژنان قەتعیەتی بەفەرمی ناسینی كۆی مافە سیاسیەكانی كەمینەكان و قبوڵكردنی مافەكانی یەكسانی ژنان و پیاوان و مافی تەواوی كەمینە و ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئێتنیەكان و ئەوانی دیكەیە, بەڵكو پەیدابوونی دەوڵەتیەک كە لایەنی كەم واتە بچووک بوونەوەی سنووری چالاكی دەوڵەت و چاودێری كۆمەڵگای مەدەنی بەسەریەوەیە, پەرەسەندنی دەزگا سەربەخۆكانی ئەم كۆمەڵگایە گەشەسەندنی دادگا یان بواری گشتی كە سەربەخۆ بوون لەدەوڵەت, وەک پەیدابوونی دەزگاكانی ڕاگەیاندن و هەواڵنێرە سەربەخۆكان لەدەوڵەت و دەزگاكانی پەروەردە و دەزگا كلتوریە سەربەخۆكان, ڕوونبوونەوە و تەنكبوونی سەرچاوەكانی داهاتی بەشی دەوڵەتی و بەرپرسیارێتی تەواوی ئەم بەشە و سەربەخۆیی تەواوی هێزی دادوەری... هەموو ئەمانە بەشێكن لەوێنای دەوڵەتی دیموكراتی(٧)».

هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن كە سیستەمی دیموكراسی بۆ پیادەكردنی دەسەڵات باشترین

## دیموكراسی



دیموكراسی لەڕووی زمانەوانیەوە زاراوەیەكی زۆر دێرینە و پێشینەیەكی هەزار ساڵەی هەیە, «لەگەڵ ئەوەشدا ووشەی دیموكراسیەت لەسەدەی شانزەدا هاتۆتە نێو زمانی ئینگلیزیەوە كە لەوشەی دیموكراتی (democratie) فەرەنسییەوە وەرگیراوە, بەڵام ڕەگەكەی یۆنانییە و لەدیموكراتیا (demokratia)وە وەرگیراوە

شێواز و جۆری حوکمرانیە کە بیری مرۆڤایەتی پەیی پێ بردبێت و زۆرترین ماف و ئازادی بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەستەبەر دەکات, بەڵام چۆنێتی مامەڵەکردن و تێگەیشتن لەم چەمکە خاڵی جەوهەری و گرنگە بۆ باشترین شێوازی پیادەکردنی ئەم سیستمە(٨).

ئەمە هەر ئەو گرفتەیە کە وەکو گریمانەیەک پێدەچێت لەتێگەیشتنی چەمکی دیموکراسی لەڕووی پیادە کردنەوە لەعێراقی نوێدا دروست ببێت دواجار ئایندەی عێراق بەرەو حوکمێکی نادیار ببات, لەبەشەکانی دواتردا بەدرێژی باس لەوە دەکەین.

**باسی دووەم /مێژووی سەرهەڵدانی دیموکراسی:-**

وەک لەپێناسەکاندا ئاماژەمان پێدا کە دیموکراسی مێژوویەکی دێرینی هەیە کە ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ شارستانێتی کۆنی یۆنان بەتایبەتی دەوڵەتە شاری ئەسینا, «دیموکراسی بەدوو سەردەمدا تێپەڕیوە, یەکەمیان سەردەمی یۆنانی کۆن (چەند سەدەیەکی پیشوو) بەتایبەتی لەئەسینادا, دووەمیشیان سەردەمی نوێ(٩)». سەردەمی نوێش نزیکەی دوای دوو هەزار ساڵ لەسەردەمی یۆنانی لەدوای سەردەمی کۆن سەری هەڵداوە کە لە»سەدەی (١٧) دا فەلسەفەی لیبراڵیزم و بایەخدان بەپاکیزەیی تاک هاتە ئاراوە و دیموکراسی بەچەمک و مانای بەشداری خەڵک لەحکومەتدا دووبارە بوو بەجێی بایەخی فەیلەسوفان(١٠)».

لێرەدا هەوڵ دەدەین کە بەکورتی لەهەریەک لەو دووسەردەمە بدوێین:

**یەکەم: سەردەمی یۆنانی کۆن**

«دیموکراسی یۆنان (ئەسینا) بەیەکەم سیستمی دیموکراسی باوەڕپێکراو و خاوەن بەڵگە دادەنرێت, هەتا ئەوەی وشەی دیموکراسی لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین لەیۆنانی کۆندا جێگیرە, بەڵام بەڵگەنامەکانی پەیوەست بەماوەکانی پێشتر پچڕپچڕ بوون(١١)». ئەوەی بەشێوەیەکی دیار کە زۆربەی سەرچاوەکان باسی لێوە دەکەن ئەوەیە کە دیموکراسی لەیۆنانی کۆندا «نزیکەی (٢٥٠٠) ساڵ بەر لەئێستا, لەئەسینای ناوەندی وڵاتی یۆنان لەسەر دانیشتوانێکی نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەسیدا پیادەکراوە لەکاتێکدا لەو سەردەمەدا لەناوچەکانی دیکەی جیهانی ئەو ڕۆژەدا جۆرەها حکومەت لەجۆری ئۆلیگارشی (OLIGARCHY) و تیرانی (TYRANNY) و ئەرستۆکراسی (ARISTOCRACY) لەئارادا بووە... لێرەدا پێویستە ئاگاداربین لەوەی کاتێک لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی سەردەمە کۆنەکان دەکەین, نابێت دەزگا و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی یاخود ئیتیکییەکانی ئەو سەردەمە, بەپێوەرە باوەکانی ئێستا هەڵبسەنگێنین, بەڵکو پێویستە بەپێی توانا هەوڵبدەین سەرەتا هەلومەرج و دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی شاری ئەسینا وێنا بکەین, پاشان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەردەمەی حکومەتی دیموکراسی دەوڵەتی ئەسینای ئەو ڕۆژە بخەینە ژێر ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە.



لەیۆنانی کۆندا بەتایبەتی لەشاری ئەسینادا, دانیشتوان بەسەر سێ گروپ یاخود سێ چینی کۆمەڵایەتیدا دابەش بوون کە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ یەکتردا جودا و دیاریکراو بوون, هەر گروپێک مافی تایبەتی چینەکەی خۆی هەبوو, ئەم مافانە لەهەندێ بواردا هاوبەش و لەزۆریشیاندا لەگەڵ یەکتردا جیاواز و دژبەیەک بوون, بۆ نموونە یەکسانی ئابووری نەبوو, یەکسانی هاوڵاتییەتی هەبوو(١٢).

چینی کۆیلەکان: لەژێر دەسەڵاتی ئەرباب و خاوەن موڵکدا بوون و ماف و ڕێزێکی کۆمەڵایەتی کەمتریان هەبوو. هەرشتێ ئەرباب و خاوەن موڵک فەرمانی بدایە, پێویست بوو بێ چەندوچۆن ئەنجامی بدایە و مافی ڕادەربڕینیشی نەبوو.

چینی بیگانەکان: بەسەرنجدان لەهەلومەرج و پێگەی ئەو ڕۆژەی شاری ئەسینا کە ناوەندی کڕین و فرۆشتنی بازرگانی بووە و ژمارەشیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی, زۆر و بەرچاو بوون. ئەم چینە ئازادیی کۆمەڵایەتی تەواویان هەبوو, بەلام لەڕووی مافە سیاسیەکانەوە یەکسان نەبوون لەگەڵ دانیشتوانی ئەسینادا بەلام ئەم چینە مافی ئابوری و کۆمەلایەتی هەبووە بەلام مافی سیاسی نەبووە.

دانیشتوانی ئەسینا یاخود هاوڵاتییە بنەڕەتیەکان: ئەم گروپە بەئەندامانی بنەڕەتی شار دەژمێردران و مۆڵەتیان هەبوو لەتەواوی چالاکییە سیاسی, کۆمەڵایەتی, ئابورییەکانی شارەکەدا بەشدارییەکی کارایان هەبێت. بۆ نموونە بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان, کۆنگرەی گەورەی شار, بەرپرسیاریەتی لەکاروبارە دەوڵەتییەکان و سوودمەند بوون لەتەواوی ماف و دەستکەوتەکانی ئەو سەردەمەی شاری ئەسینا. بێگومان کەسانی کەمتر لەتەمەنی (٢٠) ساڵ و ژنانی چینی بنەڕەتی شارەکە, مافی دەنگدان و داواکردنی کاروباری دەوڵەتیان نەبوو. هەروەک چۆن کە ئافرەتان لەزۆرینەی وڵاتانی جیهاندا, لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا(١٣).

«کولتوری سیاسی ئەسینایی بریتی بوو لەکولتورێکی تایبەت بەباڵغی نێرینە. تەنها ئەو پیاوانەی تەمەنیان لەبیست ساڵ زیاتر بوو مافی هاووڵاتی بونیان هەبوو. دیموکراسی کۆن بریتی بوو لەدیموکراسی باوکسالاری (PATRIARCHY). ژنان مافی سیاسیان نەبوو سنوور دادەنرا بۆ مافە مەدەنییەکانیان(١٤)». لەگەڵ ئەوەی دیموکراسی یۆنانی بەکۆنترین دیموکراسی مێژووی هزری مرۆڤایەتی دادەنرێت, بەلام ڕوویەکی گەشی مێژووی بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی یۆنانی دێرین دەردەخات, دەتوانین بڵێین لەسەردەمی ئێستاشدا زۆر وڵات هەیە کە نەیان توانیوە بەو شێوەی ئەو سەردەمەی یۆنان دیموکراسی پراکتیزە بکەن(١٥).

**دووەم: دیموکراسی سەردەمی نوێ/**

لەپاش دەوڵەتە شاری یۆنان سەردەمی هیلینیزم دەست پێ دەکات, «ئەم چاخە بەقۆناغێکی تێپەڕبوون لەیۆنانی کۆنەوە بەرەو جیهانی مەسیحیەت ناسراوە(١٦)».

لەسەردەمی دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی (ڕۆما)دا چەمکێکی دیموکراتی هەبوو, بەڵام ئەمە بەتەنها بەناو بوو. تەنانەت لەسەردەمی کۆماریی ئەو دەوڵەتەشدا (٥٠٩ پ.ز هەتا کۆتایی سەدەیی یەکەمی پ.ز) کە خەڵکی زیاتر بەشداری حوکمیان دەکرد لەچاو سەردەمی دواتردا, واتە سەردەمی ئیمپراتۆری. فەیلەسووفە (ڕەواقی STOIC) یە ڕۆمانیەکانیش ڕێزیان لەیەکسانی دەگرت, بەڵام ئەمە لەڕووی ئەخلاقیەوە بوو نەک سیاسی. ئەو بەشەی ئەورووپاش چیتر حوکمی دیموکراتی بەخۆیەوە نەبینیەوە, پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحیش (سەدەی چوارەمی زایینی بەدواوە) باسی یەکسانی لەلایەن سیاسەتمەدارە مەسیحیەکانەوە دەکرا, بەڵام ئەم یەکسانیە ڕۆحی بووە نەک سیاسی, لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا چەند بیروباوەڕێکی کرداری دیکە هاتنەکایەوە بەهۆی هەندێک هۆوە وەک پەیوەندی نێوان دەرەبەگەکان و شوێنکەوتوانیان, هەروەها ململانە لەسەر دەسەڵات لەنێوان کەنیسە و دەوڵەت و بیروباوەڕەکانی هەندێک لەپیاوانی کەنیسە. لەو چەرخەشدا بیرۆکەی نوێنەرایەتی (التمثیل) تۆوی گەشەسەندنی هەڵگرتبوو چونکە بەپێی ئەم فیکرەیە ئەوکەسانەی کە بێ بەش بوون لەحوکم کردن مافی شکات کردنیان دەست کەوت, پاش گەشە کردنی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکانیش ئەم شکات کردنە بووە ناڕەزایی دژی ئیستبداد, تۆوەکانی دیموکراسی نوێش لەم شتەدا هەن. لەگەڵ پەیدابوونی





مەزهەبی پرۆتستانتی, هەروەها ئابووری سەرمایەداری, گرنگییەکی گەورەدرا بەمرۆڤی تاک و تاکرەوی ئەم تەئکید کردنەش لەسەر فەردییەت, بووە هۆی ئەوەی دیموکراسی و لیبراڵیەت پێکەوە گرێ بدرێن(١٧). بەم شێوەیە «دوای دوو هەزار ساڵ گوێبیستی ناوی دیموکراسی بووینەوە. لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم وسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا, دیموکراسی و حکومەتە مرۆڤ دۆستەکان لەوڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا جێی بایەخی فەیلەسوفە سۆسیۆلۆژییەکان بوو(١٨).

گەشەسەندنی دیموکراتیەتی نوێ بەدوو ڕێگادا ڕۆیشتووە: یەکەمیان, ئەوەیە کە دیموکراسیەت بڵاوبوەتەوە (لەلایەک) لەگەڵ فراوان بوونی مافی دەنگدان و گرتنەخۆی توێژی تازە لەپیاوان و دواتر توێژی ئافرەتانیش, دیاری کردنی تەمەنی یاسایی بۆ هەڵبژاردن, لەلایەکی ترەوە دیموکراتی ئابوری هاتە پاڵ دواتر شێوەی دیموکراتی زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەنگ ڕێژ کرد(١٩٧٣)(١٩).

«پرۆسەکانی گواستنەوە بۆ دیموکراسی لیبراڵی لەسەدەی بیستەمدا هاتن لەدرێژەی شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی دیموکراسی, دەرکەوتنی دیموکراسی (لەسەدەی بیستەمدا) بەهۆی جەنگ و شۆڕش و داگیرکاری و بارودۆخی ئابوورییەوە بوو. جەنگی جیهانی یەکەم و رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و نەمسایی هەنگاری بووە هۆی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ لەئەوروپا هەرچەندە جووڵانەوە و دامەزراوە فاشیەکان لەئەڵمانیای نازی و مۆسۆلۆنی لەئیتالیا و سیستەمی فرانشیسکۆ فرانکۆ لەئیسپانیا و سیتەمی ئۆلیڤێرا سالازار لەپورتوگال, سنورێکیان بۆ بواری دیموکراسی دانا بەتایبەت لەسیەکانی سەدەی بیستەمدا. بەڵام جەنگی جیهانی دووەم ئەم ئاراستەیەی گۆڕی لەئەوروپای ڕۆژئاوادا بەرەو حاڵەتیکی تر(٢٠)». لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٤–١٩٩٤)دا شەست دەوڵەت لەسیستەمی دیکتاتۆریەوە گواستویانەتەوە بۆ سیستەمی دیموکراسی. زانایانی سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا, بەم دیاردەیە دەڵێن شەپۆلی سێیەم لەدوو سەدەی ڕابوردوودا, دوو شەپۆلی تریش هەڵیان کردووە. یەکەمیان دوابەدوای هەردوو شۆڕشی ئەمریکی و فەرەنسی, لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە هەتا پێش جەنگی جیهانی یەکەم. ئەم شەپۆلە بیست دەوڵەتێکی گرتۆتەوە کە زۆربەیان لەئەوروپا و هەردوو ئەمەریکادان.

شەپۆلی دووەم لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆ ماوەیەک هەڵی کردووە و چل ساڵی خایاندووە, ١٩٢٠–١٩٦٠. ئەمەیان نزیکەی سی دەوڵەتی گرتۆتەوە.

شایانی باسە چەند دەوڵەتێک لەدەوڵەتەکانی ئەم دوو شەپۆلە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەدیموکراسی پاشگەز بوونەوە (وەک ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و پورتوگال) بەلام دواتر گەڕانەوە بۆ پیادەکردنی دیموکراسی. هەر چۆنێک بێت بەهەر سێ شەپۆلەکەی دیموکراسی, نزیکەی

سەد دەوڵەتیان گرتۆتەوە لەسەرجەمی سەدو هەشتا دەوڵەتی سەربەخۆی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا(٢١).

«پرنسیپی دیموکراتیزە کردنی عێراق ئەگەر سەربگرێت, سەرەتای گۆڕانێکی نوێ لەکۆمەڵی کوردستاندا دروست دەکات. لەهەمان کاتدا دەتوانێت دەرەتانی نوێ بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردستان وعێراق برەخسێنێت. هەڵبەت ئەم پرۆسێسە مەرج نییە پرسی گەلی کوردستان بەتەواویی چارەسەر بکات, یان مافی خۆ بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئەم گەلە بەشێوەی سەربەخۆ بوون دەستە بەربکات, بەڵام مەرجیش نییە گریمانەی بەدەست هێنانی ئەم مافە نەهێڵێت. عێراقی دیموکرات ڕەنگە بتوانێت شێوەی پەیوەندیەی نێوان خۆی و کوردستان, لەپەیوەندییەکی داگیرکەرانەوە بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی نیمچە یەکسانانەی ئەوتۆ کە سیستەمی زۆرایەتی عەرەب بەرامبەر بەکورد زۆر کەم بێتەوە(٢٢).

**بناغە و بنەماکانی دیموکراسی**

**دیموکراتیەت تەرکیز دەکاتە سەر سێ بنەما کە پیک دین لە:**

* سەربەخۆیی گەل.
* کەرامەتی مرۆڤایەتی.
* یەکسان بون و دادپەروەری سەربەخۆیی.

دیموکراتی چەند مفهووماتیکی سەرەکی هەیە کە ناتوانرێت بەبێ ئەو دیموکراتی بەدی بهێنرێت، گرنگترینەکانی ئەمانەن:

١. بڕوای سیادەی یاسایی و استغلال کردنی دەسەڵاتی قەزائی، بەمەش پێکهێنانی دەوڵەت دێتەکایەوە.

٢. دان پێدانانی ئازادی بونی گشتی و مافەکانی مرۆڤ وەک چۆن ئازادی پێک هێنانی حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ئازادی ڕادەربڕین و هی تریش.

٣. پێکهێنانی بڕوای سیادەی یاسا و پێکهاتەکانی دەوڵەت و استغلال کردنی دەسەڵاتی قەزائی.

٤. دان پێدانان بەزۆرینەی سیاسیەکان و حزبیەکان بەهەموو ئەوانەی کە ئەنجامەکانی هەرچیەک بێت.

چەند گرنگیەکی دیکە هەیە کە دیموکراتیەت دەرئەخات لەسەر ڕژێمی وێنەکێشراو بەپێی ئەمانەی لای خوارەوە:

* پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و لەسەر ئەمە، کەواتە دەسەڵاتی حکومەت و شەرعیەتەکانی هەڵقوڵاوی گەلن.
* ئەبێت دەسەڵات بەدەست زۆرینەوە بێت بەمەرجێک چاودێری کردنی مافەکانی کەمینە لەدەست نەدات و لەشەرعیەتی دەستوری دیموکراتیدا بەشداربن.
* هاوڵاتیبون سەرچاوەی مافەکانە و ئاستی یەکسانبون لەبەردەم یاسادا دیاری کراو بێت.

**ئەو مەرج و بنەمایانەی کە پیویستە بنەمای دەستوری دیموکراتی لێ پیک بیت:**

١ـ بنەمایی بەرزی دەستور.

٢– بنەمایی سەربەخۆیی گەل.



٣- بنەمایی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان.

٤- بنەمایی حکومەتی لەبریدانان.

٥- بنەمایی مافی تاکەکەس و ئازادیە گشتیەکان(٢٣).

**یەکەم/ بەرزی دەستور**

سەروەری یاسا و بەرزترین دەسەلاتی دەستور دەگریتەوە لەدەسەلاتەکانی دیکە, ئەم بیرورا گشتیە حکومەتی دیموکراتییە لەحکومەتە داگیرکار و ڕژێمە زۆردارەکان جیادەکاتەوە, هەروەها ٣ دەلالەتی هەیە لەم بارەیەوە:

• هەر یەکیک لەدەسەلاتەکان ئەتوانن بڕیاری تاک لایەنە دەربکەن بەمەرجیک لە نیوان بڕیاریکی گشتیدا نەبیت.

• بۆ هەموو بڕیاریکی گشتی پیویستە جیگەی ڕیزی ئەو دەسەڵاتە بێت لێوەی دەردەچیت.

• ئەو کۆت و بەندانەی کە دەولەت دەیسەپینیت بەسەر ئازادی تاکەکاندا و کارەکانیاندا ناتوانریت دابنریت تەنها بەهۆی ئەو یاسایانەوە نەبیت کە نوینەرەکانی گەل واتە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدەن(٢٤).

**دووەم /سەربەخۆیی گەل:**

ئەم بیرورایە گەڕانەوەی سەپاندنی ئەوەی کە بەسەربەخۆیی گەل ناودەبریت. باشتر لەوانی دیکە یان وردتر لەوانەی پێشوو لەڕاستیدا دیموکراتی دەستوری ئەمرۆ دەسەڵاتەکانی کە دەیسەپێنێت و کاری پێدەکات سەربەخۆیی مافێکی نەبەستراوەیە کە خاوەنەکەی دەسەڵاتی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ دەرکردنی بڕیارەکانی، هەموو دەستورێکی دیموکراتی کۆت و بەندێکە بەمافەکانی و ئازادییە گشتیەکان، کەواتە نابێت کەمایەتیە دینیەکان ڕەچاو بکرێت و چاودێری بکرێت، لێرەوە کەواتە بیرورای نا بۆ سەربەخۆیی تاک و کەمینەکانی گەل.

**سێهەم /جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:**

دیموکراتیەت پێویستە دەسەڵاتەکان لەچنگی تاکەکان و پێک هاتە تەنیاکان دەربهێنێت و پێویستە لەسەر دەستوری دیموکراتی زامنی ئەوەبێت کە دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی لەیەکتر جیابکاتەوە، پێویستە ئەوە بەدەست بهێنێت بۆئەوەی تواناکانی خۆی و تایبەتمەندییەکانی هەموو دامودەزگاکان دیاری بکات دەست بەکاربونی دەسەڵاتی دەوڵەت یەکێک لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت کە سێ پێک هاتەیە دیاری بکات و تایبەتمەندیەکانی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرایەتی و پێک هاتەکانی قەزا.

**چوارەم/ بنەمای حکومەتی نوێنەرایەتی**

مافەکانی تاکەکەسی و ئازادیە گشتیەکانی (گرنتی مافەکان و ئازادیە گشتیەکان) کە دەوری سەرەکی ترە بۆ

دەستوری دیموکراتی گرنتی مومارەسە کردنی مافەکانی ئازادیە گشتیەکان و ئەم دوربینیە سیفاتە تەواوەکانی دەستوری دیموکراتی و ڕووە گەشەکانی بەدەردەخات لەپاڵ ڕێکوپێک کردنی دەسەلات و جیبەجێ کردنی یاسا و ڕێکخستنی لەلایەن گەلەوە ئەوانەیە کە لەسێ خالەکەی پێشوودا باسمان لێوە کرد.

دەستووری دیموکراتی ئەم دوریە بەدیار دەخات کە دەستووری دیموکراتی ناوەڕۆکەکانی بەدیاربخات، ئەم دەستورە تیایدا مافەکان و ئازادیە گشتیەکان بۆ تاک و کۆمەل دابین بکات و دیاری کردنی تایبەتمەندیەکانی دەسەلات و ڕێکخستنیان لەلایەن بەرپرسەکانەوە.

**پینجەم / مافی تاکە کەس و ئازادیە گشتیەکان**

بیروڕای تەداول، دەسەلاتە ئالوگۆڕەکان (حکومەتە لەبری دانراوەکان) لەنیوان لایەنە سیاسیە ڕێکخراوەکان بریتیە لەبیروڕای دەستوورە دیموکراتیەکان و ئالوگۆڕ کردنی دەسەڵاتەکان لەنیوان ئەم لایەنانەدا, پیویستە لەسەر هەریەکیکیان بەپێی ئەنجامە دیاری کراوەکانە کە گشتیە و هەلبژاردنەکانی بەدیار بکەویت، لەسەر دەسەلاتە یاسایەکانەوە دەستوورە دیموکراتیەکانەوە کە دەبیت ئەو ڕێگایانە دروست بکات و بیدۆزیتەوە کە بۆ ئالوگۆڕ کردنی دەسەڵات بەکاردەهینریت.

بیروڕای ئالوگۆڕ کردنی دەسەلات لەدەولەتی دیموکراتیدا هەلقولێت لەسروشتی دەوڵەتی دیموکراتی خۆیەوە، واتە دەوڵەتی دیموکراتی بنیادنراوە هەر ئەو دەوڵەتە خۆی دەتوانیت پیکهاتەکانی خۆی بنیاد بنیت، ئیعتباری خۆی لەسەر ئەو کەسانە کە سەربەخۆیی بونیان دیاری بکات(٢٥).

دیموکراسی



دەستووری دیموکراتی ئەم دوریە بەدیار دەخات کە دەستووری دیموکراتی ناوەڕۆکەکانی بەدیاربخات، ئەم دەستورە تیایدا مافەکان و ئازادیە گشتیەکان بۆ تاک و کۆمەل دابین بکات و دیاری کردنی تایبەتمەندیەکانی دەسەلات و ڕێکخستنیان لەلایەن بەرپرسەکانەوە.



**جۆرەکانی دیموکراتی**

**یەکەم / دیموکراتی ڕاستەوخۆ:**

دیموکراتی ڕاستەوخۆ مانای ئەوەیە کە گەل خۆی ڕاستەوخۆ دەسەڵات بەڕێوەدەبات، ئەو گەلەی کە تەنها خۆی خاوەنی دەسەڵاتیکی سەربەخۆیە لەدەوڵەتدا و بەکردار بەرجەستەی دەکات بەبێ هیچ یارمەتیدەرێک یان نوێنەریک کە نوینەرایەتی بکات و دوای ئەم ڕژیمە دیموکراتیە نابیت کە پەرەلمان یان هەڵبژاردنی لەبریدانان جێگەی بگرێتەوە، چونکە گەل خۆی خاوەن دەسەلاتە و خۆی کارەکانی بەڕێوە دەبات لەهەموو بوارەکانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائیدا، لەدوایدا هیچ شتیک نیە کە پیویستی بەوە بیت نوینەر یان وەکیلی هەبیت(٢٦).

یەکیک لەهەرە کەسە گرنگەکان کە زۆر موهتەم بوو بەم ڕژێمە نوسەری فەرەنسی (جان جاک ڕۆسۆ) بوو، یەکیک بوو وای دەبینی کە دەبێت سەربەخۆیی گەل بەدەست بێت لەهەموو وێنەکانیدا, لەهەموو بوارەکانیدا باسی لێوە دەکرد, وای دەبینی ئەو گەلەی پرۆسەکانی بەڕێوەبردن بەدیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ نەبیت ئەوا دیموکراتی نیە, واتە دیموکراتیەت نابیت ئیدارەی گشتی کۆمەل و ئیدارەی گەل بەهیچ شیوەیەک بەش کردن یان نواندن یان نوێنەردانان قبوڵبێت و لەبەرئەوە جان جاک ڕۆسۆ هیرشی کردە سەر ڕژێمە دیموکراتیە لەبری دانانەکە کە لەئینگلتەرا دانرابوو، وتی هەموو یاسایەک ئەگەر گەل پێی ڕازی نەبێت کەواتە پوچەڵە و بەهیچ شێوەیەک ناوی نانریت یاسا.

گەلی ئینگلتەرا وادەزانن ئازادن بەلام گرنگتر ئەوەیە کە ئەوان ئازادنین و تەنیا لەکاتی هەلبژاردن بۆ ئەندامانی پەرلەمان نەبیت ئەگەر هاتوو هەلبژاردن کرا کەواتە گەل دەبیتە ژێر دەستە و هەموو ئازادی و کیانیکی خۆی لەدەست دەدات، ڕژێمی دیموکراتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پیشکەوتنی دەوڵەتدا کارەکانی دیار نامینێت کەواتە زۆر ئەستەمە گەل بەرجەستەی دەورەی دەسەلاتەکانی تەنفیزی و تەشریعی و قەزائی ببینیت، لەبەرئەوە ئەم ڕژێمە لەپێناویدا بەسەرچووە لەهەندێ لەدەوڵەتە کەمەکانی وەک ولایەتی سویسری کە ژمارەی دانیشتوانی کەمن هەموو ساڵێک تیایدا مافی هەڵبژاردن بۆ ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەتاکەکانی گەل بەشێوەیەکی کۆمەڵی لەشیوەی کۆمەڵێکی نیشتمانی کۆدەبیتەوە، تیایدا ئەم جەمعیە کارەکانی دەسەڵاتە تەشریعیەکان بەکاردەهێنێت، دوای ئەوە بەشێکی دیکەیان هەڵدەستن بەکارەکانی دەسەڵاتی تەنفیزی و قەزایی(٢٧).

– ڕۆسۆ وتویەتی: زیادەروی لەخۆشەویستی وڵات و چالاکی بەرژەوەندی تایبەت و گەورەبونی وڵاتان و داگیرکاری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەمانە هەموویان وایان کردوە کە ئایندەی دروستبونی نوێنەرانی گەل دروست ببێت, هەروەها دەڵێت (نوێنەرانی گەل نوێنەری ئەوانە نین و هەروەها ناتوانن ببن بەنوێنەریان و ئەوان وەکیلی گەل نین, ناتوانن بەشیوەیەکی کۆتایی بڕیار بدەن و هەر یاسایەک کە لەلایەن گەلەوە دەنگی لەسەر ئەدرێت

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاسایەکی باتڵ دەبێت و نابێتە یاسا) ص٥٥.

– دیموکراتی ڕاستەوخۆ بەکۆنترین شێوەکانی دیموکراتی دادەنریت کە لەشارە ئەغریقیەکاندا پیرەو دەکرا کاتێک تاکەکانی گەل هەمویان کۆدەبونەوە لەهەندیک کاتی دیاری کراودا لەیەکیک لەگۆرەپانەکانی شاردا, بۆ گوێگرتن لەوتاربیژەکانیان و قسەکردن لەسەر کاروباری گشتی بەڵام لەکاتی ئیستادا بەکەمترین سیستەمەکانی دیموکراتی دادەنریت لەڕووی بەربلاویەوە و هەروەها بوونی نەماوە جگە لەچەند ناوچەیەکی سویسرا ئەم جۆرە سیستەمە جیبەجیکردنی لەدەولەتە گەورەکاندا, و لەسویسرا لەهەریمەکانی (appenzilt, unterwald, glaris) هەتا ئیستاش ئەنجومەنی گەل ساڵی جاریک کۆبوونەوە ساز دەکات لەڕۆژی یەکشەمەی مانگی نیسان یان ئایار لە گورەپانی گشتی و دەنگ لەسەر یاساکان و بودجە و هەموارکردنی دەستور دەدەن.

ئەم دامەزراوانە لەدیموکراتی ڕاستەوخۆدا بەشتیکی سەیر دادەنریت بەڵام ئەم سیستەمە تەنها لەو سێ هەریمەدا پەیرەو دەکریت کە کەمترین ژمارەی دانیشتوانیان هەیە لەیەکیتی سویسرادا وەشیوازی کارکردن لەو ئەنجومەنانەدا بەشێوەیەکی زۆر ورد ئامادە دەکریت لەلایەن ئەنجومەنی هەڵبژێردراوە و تەنها کاری ئەو ئەنجومەنە پەسەند کردنی یان ڕەتکردنەوەی پیشنیارەکانە(٢٨)..

**دووەم/ دیموکراتیەتی «ناراستەوخۆ» نوێنەرایەتی**

ئەبینین کە گەل ڕاستەوخۆ خۆی دەسەڵاتی خۆی بەڕێوەنابات بەڵکو لەڕێگەی دیاریکردنی نوینەرەوە گەل بەڕێوەدەبریت وەک چۆن لەدیموکراتی ڕاستەوخۆدا گەل خۆی خۆی بەڕێوە دەبات.

کاری سیاسی هاولاتی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ خۆیان بۆئەوەی ڕاستەوخۆ نوینەرەکان دەسەڵات بەڕێوە بەرن, لەڕژێمی دیموکراتی لەبریدانان پەرلەمان بەوەکالەت هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکان لەبری گەل لەبەڕێوەبردنی گەلدا.

هەموو نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لەیاسا و بڕیارەکاندا کار بۆ ئەوە دەکەن کە لەکارەکانیاندا هەموو ئاوات و هیواکانی گەل بەدی بهێنن و گەل هەست بەوە بکات کە بڕیارەکان لەلایەن ئەوانەوە دەرچوە, دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی لەئینگلترا یەکەم جار سەری هەڵداوە, ماوەیەکی زۆری ویست هەتا ئەو جۆرە دیموکراتیە سەقامگیر بێت و بنەما و شێوازەکانی تۆکمە ببێت, بیرۆکەی دیموکراتی نیابی لەژێر پەستانی زروفی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری ناوچەکەوە هاتە پێشەوە سەری هەڵدا, سەرهەڵدانەکە ئەنجامی بیروڕای فەلسەفەیی و مەزهەبی مەنتقی بوو.

لەئەنجامی ئەو دەسەڵاتە توندوتیژەی ئەوکاتەدا کە ئینگلتەرا داپۆشی بوو جیا لەوڵاتەکانی تر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا, پێشکەوتنی سیاسی دەستی پێکرد و هەوڵدانی



گەل و تێکۆشانی شۆرشە یەک لەدوای یەکەکانیدا دیموکراتیەتی لەبری دانان لەکۆتاییدا جێگیر بوو(٢٩).

**بنەماکانی نوێنەرایەتی**

١. بوونی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە کە دەسەڵاتەکانی خۆی بەشێوەیەکی کاریگەر بەڕێوەدەبات لەحوکمدا و ئەم پەرلەمانە هەڵدەستێت بەچەند کارێکی گرنگ، گرنگترینیان:-

ا- کاری تەشریعی واتا دەرکردنی یاساکانی دەوڵەت.

ب - کاری دارایی، ئەمەش یەکێکە لەکارە گرنگەکانی پەرلەمانە واتە ئەو هۆیەیە بۆ دروست بوونی پەرلەمانەکانە لەهەموو جیهاندا.

جـ - کاری چاودێری، واتە پەرلەمان هەڵدەستێت بەتاوتوێکردنی کارەکانی حکومەت و سیاسەتە گشتیەکانی و کارەکانی بەڕێگە جیاجیاکان بەڕێوە دەبات، دەستور بڕیاری لەسەر دەدات کە پرسیار کردن و وەڵامدانەوە، بەگشتی پەرلەمان بەزۆرینە هەڵدەبژێردرێت وە پێک دێت لەئەنجومەنێک یان دوو ئەنجومەن بەپێی ئەو یاسایە کە دەستور بڕیاریی لەسەر دەدات.

**٢. ماوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان**

مەرجێکی دیکەی سیستەمی پەرلەمانی ئەوەیە کە پیویستە ماوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان دیاریکراو بیت بەحوکمی ئەوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراو لەجیاتی گەل حوکم دەکات و نوێنەرایەتی دەکات لەبەڕێوەبردنی گشتی گەلدا, مافی دەنگدەرانە سەرلەنوێ پەرلەمانیکی دیکە هەڵبژێرنەوە و گەلیش دەسەڵاتی چاودێری نوینەرانی خۆیان بکەن و بەڕاستی بەنوینەری خۆیانی بزانن و بەم شێوەیەش بەردەوام نوینەرانی خۆیان نوێ بکەنەوە بۆئەوەی چەق بەستوی دروست نەبیت(٣٠).

سیستەمی نوینەرایەتی دوو شیوازی هەیە: یەکەمیان یەک ئەنجومەن لەخۆدەگریت و دووەمیان دوو ئەنجومەن, ئەگەر وەزارەت لەبەردەمیدا پابەند بیت, ئەو شیوازە (نوینەرایەتی پەرلەمان )ی پێ دەوتریت وەک لەئینگلتەرا, ئەوەی وەزارەت پابەند بیت لەبەردەم سەرۆکی باڵا (نوینەرایەتی سەرۆکایەتی) پێ دەوترێت وەک لەئەمەریکا.

**سێهەم/ دیموکراتی نیمچە ڕاستەوخۆ**

ئەم جۆرە دیموکراتیە لەو پەرلەمانانەدا دەردەکەوێت کە خەڵک هەندێکجار بەشدار دەبن لەهەندێک کردارەکانی یاسادانان و شێوازی دەسەلات, باس لەوە دەکرێت کە دەستەی هەلبژێردراو لەم جۆرە دەوڵەتانەی ئەم جۆرە دەسەڵاتەی تێدایە دەسەڵاتی چوارەم پێک دەهێنن و لەدەسەڵات و نفوزی پەرلەمان کەم دەکەنەوە, ئەم شێوەیەی دیموکراتی لەزۆر وڵات باوە لەبەر هۆکاری بڵاوبوونەوی دیموکراتی و لایەنی زانستی لەلایەکی ترەوە, ئەم جۆرە بۆ چاککردنی خراپیەکانی دیموکراتی نوێنەرایەتی(٣١).

هەواڵنامەی کتێب

مۆدێلەکانی دیموکراتی

*دیموکراتی لیبراڵی

ئەو گرێیانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لەدەرکەوتنی ئایدیای لیبرالی و دیموکراتی لیبرالی مۆدێرن زۆر تەمومژاوی بوون, ئەو ململانیانەی کە لەنێوان پادشا و شازادەکاندا لەلایەک و جوتیارەکان و بەربەرەکانی جوتیاران دژی قورسی باجی زۆر و پابەند نەبوونی کۆمەڵایەتی و بڵاوەکردنی پەیوەندی بازرگانی گۆڕانکاری تەکنەلۆژی، بەتایبەتی تەکنەلۆژی سەربازی چەندەها سیستەمی حوکمی پاشایەتی نەتەوەیی دەرکەوت لە(ئینگلتەرا، فەرەنسا و ئیسپانیا) گۆڕانکاری لەڕۆشنبیری گەشەسەندن و ململانێی دینی ڕەتوتی کاسۆلیکی و ململانێی نێوان کەنیسە و دەوڵەت، ئەمانە هەموویان ڕۆڵیان بینی لەسەرهەڵدانی ئەم ئایدیایەی دیموکراتیدا(٣٣).

دیموکرات لیبراڵی جۆرێکە لەدیموکراتیەتی نوێنەرایەتی کەتیایدا دەسەڵات و سەروەری بۆ یاسا دەبێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەوە و ئیرادەی زۆرینە توانای گرتنە دەستی دەسەڵاتی هەیە و لەدەرکردنی بڕیارەکاندا کاریگەری تەواویان دەبێت, زۆرجـار دەستور دەبێتە یەکلاکەرەوە لەکاتی دروستبونی کێشەکاندا, هەروەها دەستور جەخت لەسەر پاراستنی ئازادیەکان و ئازادی تاکەکان و کەمینەکان دەکات, ئەم مۆدێلەی دیموکراتیەت لەم ماوەیەی دواییدا بەرەو زیادبون چوو هەتا وای لێهات کە نیوەی سەر زەوی ئەکرێت بلێین بەپێی ئەم شێوازە حوکمڕانی دەکەن.

ئەکرێت ئـامـاژە بـەزۆریـک لـەو گرنتیانە بکەین کە پێویستە ڕەگـەزی دیموکراتی لیبرالیدا ببینریت, ئەمانەش ڕەگەزی کلاسیکی کلتوری لیبرالین وەک: دەست بەسەرکردن بەفەرمانی دادوەر, پارێزراوی ماڵەکان, نهێنی پاراستن نامەکان, مافی بوونی بەرگری لەدادگایی کردنی دادپەروەریدا بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان, ئازادی شوێن گۆڕین, ئازادی ڕادەربڕین , ڕەتدانەوە, لەم جۆرانە لەسەر ئاستی تـاک, بـەڵام لەسەر ئاستی کۆمەل ئەم مافانە چەندەها شێواز لەخۆدەگریت لەوانە: نەهێشتنی سزا لەسەر ڕادەربڕینی کۆمەلی لەسەر سیاسەتی حکومەت, ئازادی پەیوەندی کردن بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆ سەرجەم هاوڵاتیان بۆ هەر حزبێکی سیاسی و هاوڵاتیان توانای پێکهێنانی هەر کۆمەڵەیەکیان هەبێت.

لەوەلامی ئەو پرسیارەی بۆچی کۆمەڵگای دیموکراتی لەئەمەریکا لیبراڵە ئالیکسی دوتۆکفیل وەڵامـی ئەم پرسیارە دەداتەوە لەکتێبی (النظام القدیم والسورة) بۆچی فەرەنسا زۆر هیلاک بوو کاتێک لەگەشەکردندا بوو بەرەو دیموکراتیەت لەپاراستنی سیستەمی سیاسی کە ئازادیەکان بپارێزێت: لەسەرەتادا پیویستە مانایەکی دیار بۆ ئایدیای کۆمەڵگای دیموکراتی دیاری بکەین کە لەزۆر کارەکانی دوتۆکفیلدا ئەتوانیین بیبینین, دیموکراتی لای تۆکفیل واتای یەکسانی لەمەرجەکاندایە و کۆمەلگەی دیموکراتی ئەوەیە کە هیچ جۆریک لەجۆرەکانی جیاکاری و جیاوازی لەڕووی یاسا و ڕیسا و چینایەتیەوە تیدا نەبیت, تێیدا تاکەکان کە کۆمەلگە پیکەوە پیک دەهێنن یەکسان بن لەڕووی



کۆمەڵایەتیەوە ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئەوان یەکسان بن لەڕووی ئایدیا و ئابورییەوە, یەکسانی کۆمەڵایەتی لەلای تۆکفیل نەبونی جیاوازییە لەمەرجەکانی بەمەبدەئی بووندا هەمیشە پیشە و کارەکان و پلە و پایەکان فەراهەم بن بۆ هەموان, واتە هەموان بتوانن ئەو کارانە بکەن(٣٤).

لیبرالیەت ئەگریتەوە بۆ سەردەمی پیشکەوتن (RENASSANCE) و ڕیفۆرمی دینی و دووپاتی دەکاتەوە لەسەر گرنگی دانی تاک ڕەوی INDIVIDULISM گرنگیدان بەپانتایی فکر و گیانی ئەم دۆزینەوەیە جوگرافیانە دەوریکی بالای هەبووە لەزۆربوونی هیزی سەربازی و ئابوری لەئەوروپادا, لەسەدەی شانزەهەمدا دەوریکی دیاری کراوی هەبووە لەدروست بوونی کەشێکی لەبار بۆ سەرهەلدان و گەشە کردنی بیروڕای شورشیکی نوێ, تیگەشتنی لیبرالی لەسایەی بەرەو پیشچونی زانستی و فەلسەفیدا لەسەدەی هەڤدەهەمدا پەرەی سەند و دۆزەرەوە فیزیاییەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لەسەرهەڵدانی لیبرالیەتدا, نیوتن لە ١٦٤٢–١٧٢٧ دیکارت ١٥٩٦–١٦٦٥.

یەکەم ڕەخنەی لیبراڵی سیاسی لەهۆلەندا سەری هەڵدا لەکۆتایی سەدەی شازدەهەمدا, لەئینگلتەرا لەسەدەی حەڤدەهەمدا گەیشتە لووتکە وەک دیاردەیەکی بەرز لەنیوەی کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا, سەدەی هەژدەهەم بەسەردەمی ئالتونی ناودەبریت لەڕووی بیردۆزی سیاسی نوێدا سەبارەت بەو هەموو سەرکەوتننانەی کە لیبراڵیەت بەدەستی هیناوە لەڕووی زانستیەوە, لەسەدەی نۆزدەهەمدا کاتێک بەشێوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدەوڵەتە ئەوروپیەکاندا دروست بوە, کۆمەڵەی لیبراڵیەت پێکدێت لەتیگەشتن و ڕەوشی چاک و لیبراڵیەت بەناوبانگە بەدەوڵەمەندی و ئالۆزی بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گرێدراوە بەشێوەی چڕوپڕ بەدیموکراتیەتی سیاسی نوێوە کەواتە ئادەمیزاد بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن کیشەکانی خۆیان دیاری بکەن و چارەسەری بۆ بکەن لەبەرئەوە ئەوان دەتوانن هەموو کات هەوڵبدەن بۆ باشتر کردنی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەشیوەیەکی ڕیکوپێک بەواتایەکی تر پاریزگاری کردنە CONSERVATISON کە بەستراوە بەژیانی ئەمڕۆوە(٣٥).



هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم
## *دیموکراتی تەوافوقی

**پێناسە و ڕەگەزەکانی دیموکراسی تەوافوقی**

**یەکەم / پێناسەی دیموکراتی تەوافوقی**

دیموکراتی تەوافوقی شێوەیەکی ستراتیجیانەیە بۆبەڕیوەبردنی ناکۆکیەکان لەڕێگەی هاوکاری و هەرەوەزی و کۆکبوون لەنێوان نوخبە جیاوازەکاندا, نەک شێوازی ململانێ و دەرکردنی بڕیارەکان بەشێوەی زۆرینە, زۆرێک لەولاتان کە تازە سەربەخۆبوون لەسەرجەم کیشوەرەکاندا پێویستی زۆریان بەم شێوازە لەشێوازەکانی دیموکراتی, ڕەوتی تەوافوق لەدیموکراتیدا گرنگییەکی دیار و بەرچاوی تێدایە بەشێوەیەکی کرداری ڕوون لەناو نموونەی دیموکراتیەکانی دیکەدا کە لەخۆرئاوا پەیرەو دەکرێت, ئەگەر جێگیری سیاسی بەو شێوەیە ڕوون بکەینەوە لەدیموکراتیەتی تەوافوقیدا کارایەکی دیکە دەردەکەوێت ئەویش هەرەوەزی و هاوکاری سەرکردەی کۆمەڵە جیاوازەکان کە دور دەکەوونەوە لەناکۆکی لەسەر ئاستی کۆمەلگا و ڕاهینانی هاوڵاتیانیان لەسەر ڕۆشنبیربوونیان بەرامبەر هاوڵاتیانی دیکە, ئەم هۆکارە هۆکاری سەرەکیە لەنمونەی دیموکراتیە تەوافوقیەکانی ئەوروپا و گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگایانەی جیهانی سیهەم کە کۆمەلگای جیگیرن(٣٦).

زۆرێک لەو وڵاتانەی دواکەوتون تەنانەت لەئاسیا و ئەفریقیا و لەوانە لوبنان و مالیزیا و عیراق و ئەندەنوسیا و نیجیریا و هەروەها لەئەمەریکای باشور وەک گۆیانا Guyana, سۆرینام و ترینیداد, چەندەها کێشەی سیاسیی دیاری تێدایە کە سەرچاوەی لەپەرتپەرت بوونی قوڵەوە لەنێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵدا سەرچاوەی گرتووە, گرانی بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی دیموکراتی جێگر لەکۆمەڵگایەکی فرەییدا بابەتێکی سەربەخۆیە لەزانستی سیاسیدا سەرەڕای جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر پێناسە کردنی کۆمەڵگای فرەیی هەندیک کۆمەڵگای فرەیی بەو کۆمەڵگایەی دەبینن کە تیایدا تۆێژ و یەکەی جۆراوجۆر دەژین هاوشانی یەکتری بەڵام بەجودایی لەناو یەک یەکەی سیاسیدا(٣٧).

هەندێک وای دادەنێن کە کۆمەڵگەی فرەیی هەر کۆمەڵگەیەکی تێکەلە لەڕووی جوگرافییەوە بەڵام جیاوازی کۆمەڵایەتی تێدایە و جیاوازی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەزمان و دین و نەتەوەوە هەیە, زاراوەی کۆمەڵگای فرەیی بەزاراوەیەکی زۆر فراوان دەمێنێتەوە بەتایبەت لەچوارچیوەی ئەو گۆرانکاریە گەورەیەی کە حوکمی وڵاتانی جیهان دەکات(٣٨).

شاراوە نیە کە ئەم شیوازە تازە دەرکەوتوە لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا تەنانەت هەندیک لەو ولاتانەی لە حوکمێکی کۆلۆنیالیەوە گواستراوەتەوە بۆ حوکمێکی دیکتاتۆری, هەروەها هەندیک لەو سیستەمانە کە



ديموكراتى ئەورووپيان وەرگرتوە زۆرى پێ نەچوە دواتر بون بەحوكمێكى شمولى لەژێر هەر پەردەيەكدا بێت لێرەدا گرنگى ديموكراتى تەوافوقى دەردەكەوێت بۆ وڵاتانى جيهانى سێهەم بەتايبەت ئەو وڵاتانەى لەڕووى (نەتەوەيى, دين, ڕۆشنبيرى جياوازن).

پێشينەى هەوڵدان بۆ چەسپاندنى ديموكراتى تەوافوقى لەوڵاتە ئەورووپييەكاندا سەرى هەڵدا بەتايبەت ئەورووپاى ڕۆژئاوا وەک (بەلجيكا, هۆڵەندا, سويسرا, نەمسا) ئەم سەرهەڵدانە پشت ئەستور نەبوو بەهيچ جۆرە بيردۆزێک كە پێشتر ئاماژەى پێكرابێت, بەڵكو بەرهەمى ئەو پێداويستيە كرداريە بوو كە ئەو كۆمەڵگا پەرت و بڵاوانە پێويستيان بوو هەروەها ناكۆک بوون لەڕووى نەتەوەيى و دينەوە.

بيردۆزى تەوافوقى وەک بيردۆز لەسەر نەتەوە دواى تەجروبە كردن هات نەک لە پێشەوە, ئەم بيردۆزانە شێوازى ديارى كراويان وەرگرت لەسەر چەند بيرمەنديكى سياسى هەلكەوتوو لەوانە گيرهارد ليمبروگ و گابريل ئەلمكۆند هەروەها دارسۆن كە باسى لەم بيردۆزە كردوە, ئەرنت ليبهارت ديارترين بيرمەند و توێژەرى ديموكراتى تەوافوقى بوو.

- ڕوخسارێكى ديكەى ديموكراسى تەوافوقى ئەوەيە كە سەركردە سياسيەكانى توێژە جياوازەكانى كۆمەڵگا پيكەوە هاوكارى دەكەن لەئيئتلافێكى فراواندا بۆ بەڕێوەبردنى كاروبارەكانى دەوڵەت, سويسرا و نەمسا باشترين نمونەن لەسەر ئەم ئيئتلافە فراوانە(٣٩).

سەرهەڵدانى پێشەنگى هەوڵەكان بۆ بونيادنانى تەوافوق لەدەوڵەتە ئەورووپيە ڕۆژئاواييەكاندا لەوانە (بەلجيكا, هۆڵەندا, سويسرا, نەمسا), ئەم كۆشش و هەوڵانە سەرچاوەى لەبيردۆزيكى پێشەنگەوە وەرگرتوە, بەڵكو لەسەر بنەماى ئەوەيە كە نەتەوەكان سنورەكانيان ديارى دەكەن بەپێوەرێک كە پێوەرى ڕۆشنبيرى و كۆک بونە لەڕووى (زمان , دين, مێژوو ....هتد)(٤٠).

- توێژەرى سياسى خوان ليز وەڵام دەداتەوە بەوەى كە پرەنسيپى زۆرينە و كەمينەى سياسى ئەگۆڕدرين بۆ زۆرينە و كەمينەى نەتەوەيى, لەمەوە زۆردارى زۆرينە دروست دەبێت, بيرمەندانى ئەم بوارە زۆريان هەوڵداوە بۆ دۆزينەوەى چارەسەرى ئەم كێشەيە و دوو بۆچوونيان لێ پێكهاتووە:

**بۆچوونى يەكەم:**

داهێنان و دامەزراندنى فيدراليەت يان دامەزراندنى ئۆتۆنۆمى بۆ پاراستنى مافى نەتەوەيى بۆ ئەو نەتەوانەى كە كەمينەن, ئەمەش وەرگيراوە لەئەزموونى فيدرالى ئەمەريكى و ئەلمانى ئەويش بە دابەش كردنى دەسەلاتەكان لەسەر بنچينەى جوگرافى, (ناوەند لەگەل هەرێم) سەرەڕاى دابەش كردنى وەزيفى سەبارەت بەدەسەڵاتەكانى جێبەجێكردن و ياسادانان و دادوەرى.

**بۆچوونی دووەم:**

ئەویش تەجروبەی تەوافوقە لەڕووی کرادارییەوە سەریهەڵداوە دوای جەنگی جیهانی دووەم, باوەڕ پێهێنان بەسستەمی دیموکراتی زۆرینەی ئاشکرا ئەمەش سەرچاوەکەی لەوەوەیە کە دیموکراتیەتێکی بنچینەدارە نەک تازە پێکهێنراو(٤١).

**دووەم / ڕەگەزەکانی دیموکراتی تەوافوقی:**

چوار ڕەگەزی سەرەکی هەن بۆ بونیادنانی دیموکراتی تەوافوقی ئەوانیش:

١ـ حکومەتی ئیئتلافی یان هاوپەیمانی گەورە (لەنێوان حزبە سیاسیەکان دەبەستریت).

٢ـ پرەنسیپی نوێنەرایەتی ڕێژەیی.

٣ـ مافی ڤیتۆی ئالوگۆر.

٤ـ خۆبەڕێوەبردن لەبوارە تایبەتیەکانی هەرکۆمەڵێک.

**١. هاوپەیمانی گەورە:**

ڕەگەزی سەرەکی دیموکراتی تەوافوقی ئەوەیە کە سەرکردە سیاسیەکانی هەر کۆمەڵێک لەکۆمەڵگای فرەییدا هاوکاری و هەرەوەزی بکەن لەهاوپەیمانی گەورەدا (سویسرا, نەمسا) باشترین نمونەن بۆ ئەو هاوپەیمانێتیە, لەحاڵەتی نەمسادا ئەو حکومەتەی کە بەشێوەیەکی ئیئتلاف پیکهینراوە وڵاتی بەڕێوە دەبرد لەساڵی ١٩٤٥–١٩٦٦ لەنوێنەرانی پارتە بەهێزەکان کە نوێنەرایەتی کۆمەلەکانی کاسۆلیک و ئیشتراکی بوون, تەنها لیبرالیە نەتەوەییەکان نوینەریان نەبوو.

بەڵام لەبەلجیکا و هۆڵەندا ئایدیای هاوپەیمانی گەورە بەتەواوەتی دانەبەزی بووە ناو دەزگا باڵاکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن, هەر چەندە سەرجەم حکومەتەکان بەشێوەی ئیئتلافی دروست دەبوون بەڵام زۆرجار هەندێک حزبی گەورە لەو حکومەتانەدا بەشدارییان نەدەکرد و بە

دیموکراسی



داهێنان و دامەزراندنی فیدرالیەت یان دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی بۆ پاراستنی مافی نەتەوەیی بۆ ئەو نەتەوانەی کە کەمینەن, ئەمەش وەرگیراوە لەئەزموونی فیدرالی ئەمەریکی و ئەلمانی ئەویش بە دابەش کردنی دەسەلاتەکان لەسەر بنچینەی جوگرافی, (ناوەند لەگەل هەرێم) سەرەڕای دابەش کردنی وەزیفی سەبارەت بەدەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری.



ئۆپۆزسیۆنی دەمانەوە, لەساڵی ١٩١٨–١٩٦٣ پێکهاتەی حکومەتە ئیئتلافیەکانی بەلجیکا لەسێ حزبە گەورەکەی ئەو وڵاتە پێکهاتبوو کە حوکمی وڵاتیان دەکرد نزیکەی بۆ ماوەی نیو سەدە بەڵام حکومەتەکانی دیکە پێکئەهاتن لەئیئتلافاتی گۆڕاو کە کاسۆلیکەکان ڕۆڵی سەرەکیان تێدا دەبینی و لیبرالەکان و ئیشتراکیەکان زۆر ڕۆڵیان نەدەبینی.

لەو چارەسەرە دیارانەی کە لەشێوەی هاوپەیمانی گەورەدا خۆی دەبینیەوە هەر چەندە ناتوانین کۆلۆمبیا بەکۆمەڵگەیەکی فرەیی دابنێین ئەوا ئەو پەیوەندی و هاوکۆکییەی کە لەنێوان هەر دوو حزبی لیبرالی و پارێزگاراندایە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەڵات و سەرۆکایەتی لەنێوانیاندا بۆ ماوەی ١٦ ساڵ لە١٩٥٨–١٩٧٤ نمونەی لەم جۆرەمان نیشان دەدات, هەرچەندە هەندێک لەم حکومەتانە هاوپەیمانی فراوانیان پیک نەدەهێنا خاوەنی بنچینەیەکی سیاسی فراوان بوون(٤٢).

ئەم ڕەگەزە گرنگترینیانە ئەویش حوکم کردنە لەلایەن ئیئتلافیکی فراوانەوە لەو سەرکردە سیاسیانەی کە سەرۆکایەتی سەرجەم پیکهاتە گرنگەکانی کۆمەڵگەی فرەیی دەکەن, دەکرێت ئیئتلاف شێوازی جۆراوجۆر وەربگرێت وەک حکومەتی ئیئتلافی فراوان لەسیتەمی پەرلەمانیدا, ئەنجومەنی فراوان یان لیژنەیەکی فراوان کە کاری ڕێنوێنی کردن بیت لەکارە گرنکەکاندا یان ئیئتلافی فراوانی سەرۆک و ئەوانی تر لەخاوەن پلە بەرزەکان بێت لەسستەمی سەرۆکایەتیدا(٤٣).

### ٢. نوێنەرایەتی ڕێژەیی

ئەم پرەنسیپە ڕێژەییە لادانێکی دیار و ئاشکرایە لەحکومەتی زۆرینە کە ئەم شێوازی ڕێژەییە دوو کاری گرنگ دەکات:

*یەکەم:

ڕێگایەکە بۆ دابەشکردنی دامەزراندن لەبەڕێوەبردنی گشتی و دارایی داهاتە گشتیەکان لەسەرجەم توێژەکاندا, لەوانە ئەو شێوازی کارکردنەی کە لەسویسرا پەیرەو دەکرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدرالی لەسەر شێوازی ڕێژەیی.

*دووەم:

کاری دووەم بۆ ڕێژەیی ئەوەیە کە سەرجەم بڕیارە گرنگە چارەنوسسازەکان بەدەست گەورە سەرکردەکانی هەموو توێژەکانەوەیە و ڕێژەیی ئەکرێت بەپرەنسیپی زیندوو دابنرێت لەم پرۆسەیەدا(٤٤).

### ٣. مافی ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ

ئەم شێوازە بۆ پاراستن و پێدانی گرەنتی زیاترە بۆ بەرژەوەندی کەمینە کە بەلایانەوە گرنگە, وەک تەعین کردن لەبوارەکانی خزمەتگوزاری مەدەنیدا و دابینکردنی بودجەی گشتی وەک ئاستیکی بەرز لەسەربەخۆیی بۆ هەر

تویژ و یەکەیەک لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و تایبەتیدا.

خەتەری گەورە کە مافی ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ بەدەست کەمینەوە هەیەتی هەمیشە کەمینە ڕێگر دەبێت بۆ دەرکردنی بڕیارەکان، بەڵام ئەم خەتەرە ناکرێت بەشێوەیەکی سەرەکی و جدی دابنرێت چونکە مافی ڤیتۆ بۆ هەموو لایەنەکانە نەک هەر کەمینە، چونکە هەموو لایەنەکان ئەتوانن بەکاری بهێنن، ڤیتۆ ئەکرێت وەک چەکێک بەکار بهێنرێت کە هەستی لایەنەکان بەتایبەتی کەمینە ئارام بکاتەوە و بەکارهێنانی لەکاتی زۆر پێویستدا بێت، هەروەها سەرجەم لایەنەکان هەست بەو مەترسیە دەکەن کە ڤیتۆ لەهەموو کاتەکاندا ناکرێت بەکاربهێنرێت.

**٤. بەڕێوەبردنی خۆبەخۆیی لەکاروباری تایبەتی هەر کۆمەڵەیەک:**

لادانێکی تر هەیە لەحوکمی زۆرینە کە ترسناکترینیانە، ئەویش سەربەخۆیی جوگرافیە و تیایدا کەمینە لەهەر ناوچەیەک خۆی کاروباری خۆی بەڕێوە دەبات کە تیایدا دەژی، شێوازێکی تایبەت هەیە لەو شێوازەی کە پێی دەوترێت (سەربەخۆیی کەرتی) ئەویش وەک فیدرالیەتە هەر چەندە فیدرالیەت دەکرێت جێبەجێ بکرێت لەو کۆمەڵگایانەی کە فرەییش نین.

ناجۆری دەوڵەتانی فیدرالی لەچۆنیەتی دابەشکردنی پلەو پایە بەرزەکاندا لەنێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتە هەرێمیەکاندا تەنها ناگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی یاسایی بەڵکو چەندەها هۆکاری سیاسی و کرداری ڕۆڵ دەبینێت، هەموو دەوڵەتێکی فیدرالی بارودۆخی سیاسی تایبەت بەخۆی هەیە، بەجۆرێکی دیکە پاشینەی سیاسی وای کردوە ئەو دەوڵەتە بەرەو فیدرالی هەنگاو بنێت و ئەو ڕۆڵانەی تر کە کاریگەریان هەبووە بۆ دروست کردنی ئەو دەوڵەتە فیدرالیە گرنگی خۆی هەیە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەرجەم بوارەکاندا وەک دابەشکردنی دەسەڵات و ئەگەر ئەو دەوڵەتە فیدرالیە کە پێکدەهێنرێت لەیەکگرتنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەشێوەی تێکەل بوون لەگەڵ یەکتردا بۆ پێکهێنانی یەک دەوڵەت ئەوا ئەو کاتە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئەو دەوڵەتەی کە دروست بووە ئەویش لەبەر هۆیەکی ئاسان چونکە دەوڵەتەکان هەوڵدەدەن کە ئەو دەسەڵاتانەی پێشتر هەیانبووە لەدەستی نەدەن، هەمیشە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی تایبەت بەخۆیان هەبێت و کەمتر سازش لەسەربەخۆییان دەکەن و هەوڵدەدەن کەمترین سازش بکەن بۆ (دەولەتی فیدرالی ناوەند)، ئەمە بەپێچەوانەوە دەبێت کاتێک کە دەوڵەتنی فیدرالی لەلیکترازانی یەک دەوڵەتەوە ببێت بەدەوڵەتی فیدرالی، لەم جۆرەدا حکومەتی فیدرالی هەوڵی زۆر دەدات کە دەسەڵاتەکان بەزۆری لەدەستی خۆیدا بێت و کەمترین دەسەڵات بۆ هەرێمەکان بەڕەوا دەبینێت(٤٥).




پەراوێزەکان:

١)) دیڤید هیلد, نماذج الدیمقراطیة. ت: فاضل جتکر, ط١, ٢٠٠٦, بغداد–بیروت, ص١٢.

(٢) د.عەباس عەلی سەحافیان, ئاشنا بوون بەدیموکراسی, و: کارزان محەمەد, چاپخانەی چوار چرا, چاپی دووەم, سلێمانی ٢٠٠٥, لـ١٥.

(٣) الان تورین, ما هي الدیمقراطیة, ت: حسن قبیسي, ط٢, ٢٠٠١ , دار الساقي, لبنان ص٢١.

(٤) فاضل قەرەداغی, ئەفسانەی دیموکراسی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین هەولیر, چاپی یەکەم ١٩٩٩ لا٦.

(٥) ئەنتونی گیدنز, جامعه شناسی, ت: مەنوچەهر صبوری, نشر (نی) تهران, چاپ سیزدهم, ١٣٨٣–٢٠٠٤م, ص٧٩٧.

(٦) فەرهەنگی فەلسەفی, محەمەد چیا, بەبێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ, چاپی دووەم, ٢٠٠٤,لا٤٨.

(٧) کۆمەڵێک نووسەر, چەند تێکستێکی وەرگێراو, و: ڕێبین هەردی , چاپخانەی کارۆ, سلێمانی, چ ٢٠٠٨, لا١٨٧.

(٨) سەلاح حەسەن پاڵەوان, داهێنان و مەرگ, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, چاپی یەکەم, سلێمانی, ٢٠٠٣, لا٢٩–٣٠.

(٩) فاضل قەرەداغی, سەرچاوەی پێشوو, لا١٥.

(١٠) د.عەباس عەلی سەحافیان, سەرچاوەی پێشوو, لا٣٩.

(١١) موقع الالکترونی ویکبیدیا, موسوعه الحره,
http://tharwacommunity.typepad.com/ /_tharwapedia/democratic_precepts

(١٢) موقع الالکترونی ویکبیدیا, موسوعه الحره–سەرچاوەی پیشوو

(١٣) د.عەباس عەلی سەحافیان, سەرچاوەی پێشوو, لا١٧–١٨.

(١٤) داڤید هێلد, دیموکراسی کلاسیک: ئەسینا و: د.ئەلبێرت عیسا, گۆڤاری سەردەم, ژمارە٣٩, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی ٢٠٠٥, لا١٢.

(١٥) کەمال پۆلادی, مێژووی هزری سیاسی لەڕۆژئاوا و: ئازاد وەلەد بەگی و سیروان زەندی. بەرگی یەکەم, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, چ١, سلێمانی ٢٠٠٥, لا٢٢.

(١٦) هەمان سەرچاوە, لا٨٠.

(١٧) فاضل قەرەداغی, سەرچاوەی پێشوو, لا(١٧–١٨).

(١٨) د.عەباس عەلی سەحافیان, سەرچاوەی پێشوو, لا٢٨.

(١٩) فاضل قەرەداغی, سەرچاوەی پێشوو, لا(٢١–٢٢).

(٢٠) موسوعة ویکبیدیا, موسوعة الحرة,
http://tharwacommunity.typepad.com/ /_tharwapedia/democratic_precepts

(٢١) فالح عبدالجبار, دەوڵەت, کۆمەڵگای مەدەنی و وەرچەرخانی دیموکراسی لەعێراقدا, چاپخانەی داناز, ٢٠٠١, سلێمانی, چ١, لا٧.

(٢٢) ڕەفیق سابیر, عیراق: دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشانەوە, چ٢, ٢٠٠٥, لا١٠٣.

(٢٣) فاضل قرادغي – المصدر السابق – ص ٤٠+٤١.

(٢٤) علي خلیفة الکواري – نص – ص ٤٧+٤٨.

(٢٥) علي خلیفة الکواري – المصدر السابق – ص ٥٢+٥٣.


هەواڵنامەی کتێب

(٢٦) د. عاصم احمد جيلة، د. محمد رفعت عبدالوهاب/النظم السياسية –الطبعة الخامسة –١٩٩٢ ص ٢١٨.

(٢٧) د.محمد جمال الزينبيات – النظم السياسية و القانون الدستوري– الناشر الدار العلمية الدولية و الدار الثقافة للنشر و التوزيع – عمان – الأردن – الطبعة الاولى ٢٠٠٣ – ص ١٠٣– ١٠٤.

(٢٨) د.محمد امين قاسم جعفر – مصدر سابق – ص ١٢٣.

(٢٩) د.محمد جمال. متلق التريبات، مصدر / سابق /ص/١٠٥.

(٣٠) د. نعمان احمد الخطيب, مصدر سابق, ص ٢٥٣.

(٣١) د.محمد جمال. متلق التريبات، مصدر سابق, ص ١٤٥.

(٣٢) ديفد هيلد– ترجمة فاضل جتكر– نماذج الديموقراطية– طبعة الاولى – ٢٠٠٦ بغداد – بيروت– ص ٥٥.

(٣٣) غيليرمو اودونيل، فيلب س. شمبتر – ترجمة صلاح تقي الدين – الانتقالات من الحكم السلطوي– الطبعة الاولى ٢٠٠٧ بغداد – اربيل – بيروت, ص٢٢ .

(٣٤) اليكسي دوتوكفل – اعداد منا فياز – طبعة الاولى,–٢٠٠٧ بغداد,–اربيل – ص, ٢٣ .

(٣٥) د.سعيد بشير اسكندر – الديمقراطية و حق المصير القومي – سليمانية ٢٠٠٤, ص, ٢٥ ـ ٢٦ .

(٣٦) الديمقراطية التوافقية مفهومها ونماذجها – معهد الدراسات الاستراتيجية) شاكر الأنباري. ص, ٦.

(٣٧) ديفد هيلد,–مصدر سابق – ص, ١٢.

(٣٨) ارنت ليبهارت – ترجمة حسني زينة الديموقراطية التوافقية في المجتمع المتعدد, الطبعة الاولى ٢٠٠٦, بغداد, بيروت,–ص١٢.

(٣٩) ارلنت ليبهارت,–مصدر سابق – ص ١٣.

(٤٠) الكسي دوكتوفيل,–الديموقراطية الليبرالية – مصدر سابق, ص ١٥.

(٤١) المصدر السابق – ص ٢٢ .

(٤٢) شاكر الانباري, المصدر السابق – ص ١٦.

(٤٣) ارنت لبهارت – المصدر السابق, ص ١٢.

(٤٤) گۆڤاری نۆڤین – عەدنان کاکەڕەش – مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک–ژماره ١٢ ـ–٢٠٠٧ .

(٤٥) د.محمد عمر مولود – الفيدرالية وامكانية تطبيقها في العراق – الطبعة الاولى وزارة التربية – ٢٠٠٧ – ص ٢٤٦ .

# ئـيزۆپ

## نووسەری چـیرۆکە ئەفسانەییەکان بۆ منـداڵان




هەواڵنامەی کتێب



ڕەزا شوان

کاتێک منداڵ بووین، لە قوتابخانەی سەرەتایی دەمانخوێند، لە کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی و لە کتێبی خوێندنەوەی ئینگلیزیشدا، کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی ئەفسانەیی خۆشیان تێدابوون، چێژ و خۆشییەکی زۆرمان لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە وەردەگرت.. لەو چیرۆکانەی کە لەیادمن (لەقلەق و ڕێوی، گورگ و بەرخۆلە، شێر و مشک، ڕێوی و کەڵەشێر، مێروولە و کوللە، شوان و گۆزەڵە ڕۆنەکەی، دوو مراوی و کیسەڵێک، کیژۆڵە لادییەکە و پاتیلە شیرەکەی، ئاشەوان و کوڕەکەی و گوێدرێژەکەی، شوانە درۆزنەکە و گورگ، قەلەڕەش و ڕێوی، قازی هێلکەزێڕ، ڕێوی کلک بڕاو، دوو هاوڕێ و ورچێک، کەروێشک و کیسەڵ، کۆبوونەوەی مشکان، تیتیلە و بیبیلە، کۆتر و مێرووڵە، ماسییەکی بچکۆلە و ڕاوکەر، هێز لە یەکێتیدایە، قەلەڕەش و گۆزە، چەقەڵ و قەلەڕەش و...تاد) لەو کتێبانەدا ناوی چیرۆکنووسەکان نەنووسرابوون، ئێمەش لەو تەمەنەدا مەراقی ناوی نووسەرەکانیان نەبووین، ئەوەشمان بەخەیاڵدا نەدەهات و لە مامۆستاکانمان ناپرسی کە چۆن (ڕێوی، لەقلەق، گورگ، چەقەڵ، قەلەڕەش، کەڵەشێر، کیسەڵ، شێر، ورچ، کەروێشک، بەرخۆلە و...تاد) وەکوو مرۆڤ بەهەموو زمانێک قسەدەکەن، پێدەکەنن، خەون دەبینن، یارمەتی داماو دەدەن، لە زمانی یەکتری دەگەن. ئێستا دەزانین کە بەشێک لەو چیرۆکە




ئەفسانەییانە لەنووسینی (ئیزۆپ - یۆنانی) و بەشی زۆریشیان لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (لاڤۆنتین)ە، بەشێکیشیان چیرۆکی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی کوردیمانن.

چیرۆکی ئەفسانەیی، جۆرێکە لە جۆرەکانی چیرۆک کە لەچیرۆک و لەئەدەبی فۆلکلۆری هەموو گەلاندا هەیە. زۆربەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان بەزمانی ئاژەڵ، باڵندە، مێروو، دار و شتی سروشتییەوە نووسیویانن. ڕووداوەکانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان ڕاستنین و هەڵبەستراون، گوزارشت و دارشتنی خەیاڵی




نووسەرانن. بەڵام لە ڕاستیدا لەخودی ڕەفتارەکان و ڕووداو و کردارەکانی مرۆڤەوە ئیلهامیان وەرگرتوون.. چیرۆک نووسەکان بەشێوازێکی ئەدەبی و هونەری دایانڕشتوون و مەبەستی شاراوەیان بەگوێگران و خوێنەران گەیاندووە. لەترسی دەسەڵاتداری زۆردار و ستەمکار، نەیانوێراوە ڕاستەوخۆ و بەڕاشکاوی، ڕەخنەیان لێبگرن و دژایەتییان بکەن. پەنایان بۆ قسەی بەتوێکڵ و تانە و تەشەر و لۆمە و توانج گرتن بردووە، بەزمانی ئاژەڵ و باڵندە ڕخنەیان گرتووە و پەیامەکانیان گەیاندووە.

چیرۆکی ئەفسانەیی بەزۆری جەڤەنگی و هێماییین، ئاژەڵەکان کراون بەدەمامک بۆ کەسانی هاوخەسڵەت و هاوکردەوە و هاوخوو، بۆ نموونە (گورگ بۆ هاری و چاوچنۆکی، چەقەڵ بۆ نەوسنی و چڵێسی، ڕێوی بۆ فێڵبازی و هەڵخەڵەتاندن، شێر بۆ زۆرداری و قورخ کردنی دەسەڵات، سەگ بۆ بەئەمەکی، پشیلە بۆ سپڵەیی، مەڕ بۆ گەلێکی داماو و بێدەسەڵات، مار بۆ بەدکاری، گوێدرێژ بۆ بێهۆشی، هەڵۆ بۆ ئازایی و...تاد) بەڵام مەرج نییە کە ئەم خەسڵەتە جەڤەنگی و هێماییانە چەسپاو و گشتی بن. هەندێ جار ڕێوی دەبێتە هێما و مژدەی خێرخوازی. کاتێک کە مرۆڤ بۆ کارێکی خێر بچێت و گەشبینی و بەختەوەروەریی بە دوایدا بێت، لە کوردەواریدا، دەڵێن (ڕێوی هاتووە بەپیرتەوە) واتە بەختەوەریت و بەخت ڕووی تێکردوویت.

چیرۆکە ئەفسانەیی و هێماییەکان، بەزۆری بەپەندێک یان بەئامۆژگارییەک یان بەڕستەیەکی ڕەوشتی کۆتاییەکانیان دێت، بەڵام نووسەرانی ئەم

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکە ئیزۆپ




چیرۆکە ئەفسانەیی و هێماییەکان، بەزۆری بەپەندێك یان بەئامۆژگارییەك یان بەڕستەیەکی ڕەوشتی کۆتاییەکانیان دێت، بەڵام نووسەرانی ئەم چیرۆکانە، بەزۆری هەڵهێنجاندنی واتا و مەبەستی چیرۆکەکانیان بۆ خوێنەران بەجێهێشتووە

چیرۆکانە، بەزۆری هەڵهێنجاندنی واتا و مەبەستی چیرۆکەکانیان بۆ خوێنەران بەجێهێشتووە، بۆ نموونە مەبەست لەم کورتە چیرۆکە ئەفسانەییانەدا کە لەو باوەڕەدام هەر هەموومان خوێندوومانەتەوە: لەچیرۆکی (گورگ و بەرخۆلە)دا مەبەستەکەی (کە زۆر هات.. قەواڵە بەتاڵە) لەچیرۆکی (شێر و مشک)دا مەبەستەکەی ئەوەیە (هێز و لەخۆبایی بوونی مرۆڤ مەرج نییە لەتەنگانەدا رزگاری بکات.. دەشێ کەسێکی بچووک فریای بکەوێت و رزگاری بکات کە ئەو بەکاریگەری نەزانیوە) لەچیرۆکی (قەلەڕەش و ڕێوی)دا مەبەستەکەی (نابێت مرۆڤ بەزمانی لووس و پیاهەڵدان و فشکردنەوە و ستایشی بێبنەمای مەبەستدار فریو بخوات و تێبکەوێت و هەڵبخەڵەتێت و ئەوەی هەیەتی لەدەستی بدات.. لەپاشاندا پەشیمانیشی بێسوود دەبێت) لەچیرۆکی (قازی هێلکەزێڕ)دا مەبەستەکەی (کەسانی چاوچنۆک و تەماحکارە کە تێربوونیان نییە) لەچیرۆکی (مێرولە و کوللە)دا مەبەستەکەی (دەستی ماندوو.. لەسەر سکی تێرە) یان ( ئەگەر کار نەکەیت.. نان ناخۆیت. یان ئەوەی لە ئەمڕۆدا کار بۆ بەیانی نەکات.. بەیانی بەبرسێتی دەمێنێتەوە) لەچیرۆکی (لەقلەق و ڕێوی) دا مەبەستەکەی (ئەوەی فێڵ بکات.. فێڵی لێدەکرێت) لەچیرۆکی (شوان و گۆزە ڕۆن) و چیرۆکی (کیژۆڵە و پاتیلە شیرەکەی)دا مەبەستی ئەم دوو چیرۆکە ئەوەیە (کەس بەخەیاڵ.. نابێت بە ماڵ) لەچیرۆکی (کۆتر و مێروولە)دا مەبەستەکەی (چاکە.. چاکەی لەدوایە) و...تاد.

بەڵام لەچیرۆکی ریالیزمیدا، نووسەر بەبێ ترس و بەڕاشکاوی گوزارشت لەڕای خۆی دەکات، ڕەخنە دەگرێت و پەیام و مەبەستەکەی ناشارێتەوە و دەیگەیەنێت.

نموونەی چیرۆکە ئەفسانەییە خەیاڵ ئامێزەکان، چیرۆکەکانی فەیلەسووفی هیندی (بەیدەبا)یە کە لەژێر ناوی (کلیلە و دیمنە)دا نووسراون.. هەروەها چیرۆکەکانی چیرۆکنووس (هیزیۆدۆس - یۆنانی) کە هەشت سەد ساڵ پێش زاینی چیرۆکەکانی نووسیوە و (ئیزۆپ - یۆنانی) شەش سەد ساڵ پێش زاینی چیرۆکەکانی نووسیوە. دووریش نییە ئەوانیش لەدەمی خەڵکییەوە هەندێ لەو چیرۆکانەیان وەرگرتبێت و بەناوی خۆیانەوە لە فۆرمێکی ئەدەبیدا تۆماریان کردبێت. چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی خەیاڵ ئامێزیش هەن کە بۆ سەردەمی فیرعەونییەکان (میسرییە کۆنەکان) دەگەڕێنەوە. چیرۆکی (گەلگامش)ی بەناوبانگی سۆمەرییەکانیش، لەدۆڵی دووررووباردا، نموونەیەکی دێرین و بەناوبانگی دیکەیە، لەچیرۆکە ئەفسانەییە خەیاڵ ئامێزەکان.

بێگومان گەلی کوردیشمان خاوەنی گەنجینەیەکی پڕ لەدەیان چیرۆکی ئەفسانەیی و خەیاڵئامێزە، بۆ



نموونە (پیرەژنی جادووباز و چەرخوفەلەکەکەی، تیتلە و بیبلە، گورگ و بەرخۆلە، لەسەر باڵی سیمرخ، مریشکە قونـدە، چـل تووتی، ئەژدیها و کوڕە ئازاکە، گۆڕنـەتەڵە، کاکۆڵ زێڕین، ڕێوی گەرمیـان و کوێستان، داربڕ و تەوەرەکەی،.. تاد).

ئەفسانە و چیرۆکی ئەفسانەیی خەیاڵئامێز، لە کولتووری هەموو گەلانی دنیادا هەیە، بوونە بە بەشێکی نەمر لە کەلەپووری میللی و فۆلکلۆری نەتەوایەتی.. هەنـدێک لەچیرۆکە ئەفسانەییەکـان، بوونە بەئەفسانەی جیهانی و هەر گەلێک ڕەسەنایەتییان بۆ خۆیان دەگێڕنەوە.

چیرۆکە ئەفسانەییەکـان، پڕن لەپەنـدی جـوان و لەقسەی نەستەق و لە ئامۆژگاری و لەڕێنمـایی بەسوود و لەچاکەخـوازی و لەوانـەی پـەروەردەیی و کۆمـەڵایـەتی و لەڕەفتاری ڕاست و لەبەهـای جوان و لەئازایـەتی و پیاوەتی و لەسـەرچڵی، پـڕن لەڕەخنە و توانجی سیاسی و تەشەر و قسەی بەتوێکڵ. پەردە لەسەر ستەمکاری و زۆرداری و چـەوسانـدنەوە و نـاڕەوایی و نـادادپـەروەری و نـاپـاکی هـەڵـدەمـاڵـن.

منـداڵان و گەورەکـانیش چێژ و خـۆشی و سـوودێکی زۆر لە خـوێندنـەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان وەردەگرن، هەستیان دەبـزوێنن و گەشە بەچێژ و بەحەزی ئەدەبی و هونەرییـان دەکـەن و ئاسۆی ڕۆشنبیرییان فراوانتر دەکەن و فەرهـەنگی وشەکـانیان دەوڵەمەندتر دەکەن.. هەتا ئەمـڕۆش تـام و چـێژ و سوودی ئەم چیرۆکە ئەفسانەییانە کاڵ نەبـوونەتـەوە و کاڵـیش نابنەوە.. بۆیـە بەشێکی زۆریـان بوونـەتە بابـەتی کتێبەکـانی خوێنـدنەوە لە قوتابخـانە بنەڕەتییەکـانـدا، لەپـرۆگـرامی خوێنـدنی زۆربـەی وڵاتـانـدا. چونـکە چـیرۆک هـۆکـارێکی ئـاسـان و گـرنگی فـێربـوون و پەروەردە کـردنی منـداڵانە.

بەسـەدان لـەم چـیرۆکە ئەفـسانەییانە، بەهەموو زمانەکـانی گـەلانی جیهـان، بەزمـانی کـوردیـشەوە، بـە شـێـوازێکی سـووک و ئـاسـان و جـوان، لـە پـەرتـووکی وێنـەداری ڕەنگاوڕەنگدا نووسراونەتـەوە و چاپ کـراون و بەشی منـداڵانیان لە پەرتووکخانەکـانـدا پێ ڕازانـدوونەتەوە. منـداڵان و گەورەکانیش سـوود و پەنـد لەم چـیرۆکانە وەردەگرن.


لـە ئەمڕۆشدا بەشێکی زۆری چیرۆک نووسان و شاعیرانی ناسراوی منـداڵان لەجیهانـدا، چیرۆکە شیعری ئەفسانەیی خەیـاڵئامێز بۆ منداڵان دەنووسن، چونکە خەیاڵ خەسڵەتێکی گرنگە لە خەسڵەتەکانی قۆناغی منداڵی. لە شاعیرانی ناسراوی کوردیشمان کە جگـە لە نووسینی شیعر بۆ گەورەکان، کۆمەڵێک لە شاعیرانی کۆچ کردوومان و لەو شاعیرانەی لە ئەمـڕۆش لەژیاندان، چـەنـدین چـیرۆکە شیعری خەیـاڵـئامێز و جەڤـەنگی جـوانیان بەزمـانێکی ئـاسـان و شـیرین بۆ منـداڵانی

کتێبی هەواڵنامەی

کوردمان نووسیوه. خوێنەران و هەوادارانی ئەدەبی منداڵان ناوەکانیان دەزانن و ئاشنای هۆنراوە و چیرۆکەکانیانن.

چیرۆکی ئەفسانەیی و خەیاڵئامێزی گونجاو بۆ منداڵان. ئەو چیرۆکانەن کە کورتن و بەشێوازێکی ئاسان و سووک و بەزمانێکی ناسک و شیرین و ڕەوان و تەڕ و پاراو دارێژراون، وشە و ڕستەکانی لەفەرهەنگی زمانی منداڵانەوە وەرگیراون. لەگەڵ جیهانی خەیاڵیشیاندا گونجاوبن. کۆتاییەکانیشیان تراژیدی و ترسناک نەبن.

نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (جان دی لاڤۆنتین: (١٦٢١ ـ ١٦٩٥) کە کەڵە نووسەرێکی جیهانی ناسراوە، لەماوەی (٢٦) ساڵدا، لە (١٦٦٨ـ١٦٩٤) لەدوانزە پەرتووکی چاپکراودا (٢٤٣) چیرۆکە شیعری ئەفسانەیی و جەڤەنگی بۆ منداڵان نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە. لاڤۆنتین لەجیهاندا بە(شای چیرۆکە شیعر و مەتەڵ و ئەفسانە) ناسراوە. زۆر لەشاعیران و چیرۆک نووسانی جیهانی ناسراو، سوودیان لە چیرۆکەکانی لاڤۆنتین وەرگرتووە و لەسەر شێواز و ڕێچکەی ئەو، چیرۆک و چیرۆکە شیعریان نووسیوە، لەوانەش میری شاعیرانی عەرەب (ئەحمەد شەوقی) کە بەڕەچەڵەک کوردە. زیاتر لەپەنجا چیرۆکە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە. شەوقی خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە چیرۆکەکانی لاڤۆنتین




کاری تێکردوون. هەروەها شاعیری پۆڵەندی (ئیگناس گراسیس) و (ئیڤان کریلۆڤ) و (مەکسیم گۆرگی) ڕووسی.

لەشاعیرە نەمرەکانی کوردی خۆشمان کە چیرۆکە شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە و لە چیرۆکەکانی لاڤۆنتین و ئیزوپەوە وەریان گرتوون و بەتام و چێژێکی کوردییەوە، بە چیرۆکە شیعر دایانڕشتونەتەوە: پیرەمێرد، فایق بێکەس، هەژار موکریانی، کاکەی فەلاح.

(پیرەمێرد) دوو چیرۆکە شیعری جوانی بۆ منداڵان هۆنیوەتەوە (ڕێوی و کەڵەشێر) و (قەلەباچەکە و




باخەوان)، (فایق بێکەس) چیرۆکە شیعری (دوو مراوی و بۆقێک)، (هەژار موکریانی) چیرۆکە شیعری (کۆبوونەوەی مشکان)، (کاکەی فەللاح)یش چیرۆکە شیعری (گوێدرێژێک لەکەوڵی شێردا یان شێری ساختە). بەلای منەوە شانۆی (موحاکەمەی مام چەوەندەر)ی شاعیری گەورەی گەلەکامان (عەبدوڵلا گۆران) کە زادەی بیری گۆران خۆیەتی، لەئاستی چیرۆکە شیعرییەکانی لاڤۆنتین، گەر زیاتر نەبێت، هیچی لەوانەی ئەو کەمتر نییە.

ئەم نووسەر و شاعیرە نەمرانەشمان: (نەجمەدین مەلا) و مامۆستا (ڕەمزی قەزاز) و مامۆستا (فەرەیدوون عەلی ئەمین) و مامۆستا (عومەر عەلی ئەمین)، کۆمەڵێک لەشاعیران و چیرۆک نووسانی ئەمڕۆشمان. ئەم بوارەیان بەسەر کردۆتەوە و چەندین چیرۆکی خەیاڵئامێز و ئەفسانەییان بۆ منداڵانی کورد نووسیووە.

لاڤۆنتین بەداهێنەری چیرۆکە شیعری ئەفسانەیی دادەنرێت. بەڵام لاڤۆنتین نایشارێتەوە و دان بەوەدا دەنێت کە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی (ئیزۆپ)ی یۆنانی و (بەیدەبا)ی هیندی و (ڤیدەر)ی لاتینی و چەند چیرۆک نووسێکی دیکە کاریان تێیکردووە و سوودی زۆری لێیان وەرگرتووە. گەلێک لە چیرۆکەکانی لەگەڵ چیرۆکەکانی (ئیزۆپ)دا تێکەڵ بوونە.

یان هەندێک لە چیرۆکەکانی لاڤۆنتینیش دراونەتە پاڵ ئیزۆپ و بەنووسینی ئەوی دەزانن.. لەڕاستیدا، هەتا ئەمڕۆش لەبواری نووسینی چیرۆکە شیعری ئەفسانەیی بۆ منداڵان، هیچ شاعیر و چیرۆک نووسێک لەجیهاندا، نەگەیشتۆتە ئاستی لاڤۆنتین.. ئەوەی

## چیرۆکە ئیزۆپ




چیرۆکەکانی ئیزۆپ بەناوبانگترین چیرۆکە ئەفسانەییەکانی یۆنان و جیهانن. گەورە و بچووک دەیانخوێننەوە، خۆشی و پەند و سوودێکی زۆریان لێوەردەگرن. چیرۆکەکانی ئیزۆپ، درێژەدانە بەچیرۆک و حەکایەت و نەزیلە کۆنەکانی یۆنان کە بەزمانی ئاژەڵ و باڵندە و گیانەوەرانی دیکەوە وتراون.

کە جیاوازیشی بەچیرۆکە ئەفسانەییەکانی لاڤۆنتین بەخشیوە، ئەوەیە کە چیرۆکەکانی بەشێوازێکی ئەدەبی و هونەری هێندە ناسک و شیرین و جوان دارِشتووە.. شەقڵی جیاوازی و تایبەتمەندییان پێوە دیارە.. چیرۆکەکانی لەبەر کورتی و ئاسانی و سوودی ئەدەبی و پەروەردەییان. وریان گێڕاون بۆ سەر هەموو زمانەکانی جیهان و خراونەتە پرۆگرامەکانی پەرتووەکەکانی خوێندنەوە بۆ منداڵان.. چێژیان لێوەردەگرن و بە ئاسانیش لە مەبەستەکانیان تێدەگەن.

ئەم پێشەکییەم بە پێویست زانی بۆ ئەوەی بێمە سەر باسی چیرۆکنووس ئیزۆپ.

## ئیزوپ: ٥٦٤،٦٢٠ پێش زاین

یۆنان لانکەی شارستانی و وڵاتی فەیلەسووفەکان و بیرمەندان و نووسەران و مێژوونووسە مەزنەکانی جیهان، وەکوو: سوکرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ، گالینۆس، هۆمیرۆس، ئەرگیلۆس، هیرۆدۆت، سۆفۆکلیس، زەیزەفۆن، ئیزۆپ، ئەسکەندەری گەورە. وڵاتی گەلانی گریک و خواوەندەکانی هێز و شەڕ و خۆشەویستی و ئاشتی.

یۆنانییەکان لەبواری ئەدەبدا باڵادەست بوون، سامانێکی ئەدەبی گرنگیان بەسەرجەم ئادەمیزاد بەخشی.. بەو ئاراستەیش منداڵانیان گۆش و پەروەردە دەکردن و رایان دەهێنان و رێنماییان دەکردن کە پشت بەخۆیان ببەستن و بەرپرسیارییەتی هەڵبگرن.

سووربوون لەسەر ئەوەی کە فێری ئازایەتی و دلێری و پاڵەوانی و بەرگری لەخۆیان بکەن، لەمیانەی ڕاهێنانی جەستەیی و دەروونی و هۆشییەوە.. بۆیە چیرۆک و حیکایەت و چیرۆکە ئەفسانەییەکانیان بۆ منداڵان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانە بوون.

## ئیزۆپ کێیە؟

ئیزۆپ، لە سەدەی شەشەمی پێش زاینی لە(ئەسینا)ی پایتەختی یۆنان لەدایکبووە.

ئەسینا گەورەترین شاری جیهان نەبوو، بەڵام یەکێک بوو لە گرنگترین شارەکان.

ئیزۆپ، فەیلەسووف و بلیمەت و چیرۆک نووسێکی یۆنانی بوو، بەڵکو لەجیهاندا بەباوک و بە پێشەنگی چیرۆکی ئەفسانەیی دادەنرێت.. ئیزۆپ پیاوێکی چاکساز وچاکەخواز بوو. چیرۆکە ئەفسانەییەکانی بوونە سەرچاوەیەکی گرنگی سوود لێوەرگرتن بۆ گوتاربێژان و بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی هەندێ لەقەشەکان و پیاوانی کەنیسە.

چیرۆکەکانی ئیزۆپ بەناوبانگترین چیرۆکە ئەفسانەییەکانی یۆنان و جیهانن. گەورە و بچووک



دەیانخوێننەوە، خۆشی و پەند و سوودێکی زۆریان لێوەردەگرن. چیرۆکەکانی ئیزۆپ، درێژەدانە بەچیرۆک و حەکایەت و نەزیلە کۆنەکانی یۆنان کە بەزمانی ئاژەڵ و باڵندە و گیانەوەرانی دیکەوە وتراون. ئیزۆپ هەندێ جاریش لەهاوشێوەی چیرۆکەکانی نووسەری بەناوبانگی هیندی (بەیدەبا)ی نووسەری چیرۆکەکانی (کلیلە و دیمنە) کە بیرمەندی فارسی (عەبدوڵلا کوڕی موقەفع) لە فارسییەوە وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.. (عومەر تۆفیق)یش لەساڵی (١٩٧٠)دا وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردیمان، (محەمەد ساڵح گەلاڵی)یش، وەریگێڕاوە بۆ کوردی کە لەعەرەبییەکەی (عەبدوڵلا موقەفع)ەوە وەریان گێڕاوە. ژمارەی چیرۆکە کۆکراوە و چاپکراوەکانی ئیزۆپ، زیاتر لە(٣١١) چیرۆکن. کۆمەڵەی یەکەمی چیرۆکەکانی لەساڵی (٣٠٠)ی پێش زاین، بۆ یەکەمین جار لە پەرتووکێکدا، لەژێر ناوی (ئەفسانەکانی ئیزۆپ)دا، نووسران و خرانە بەردەستی هۆگرانی خوێندنەوەی چیرۆک.. کەوتنە سەر زاری گەورە و منداڵانی یۆنان و دەرەوەی یۆنان. لەو کاتەدا چاپ نەبوو بەدەست روونووس و کۆپیان دەکرد.

چیرۆکی ئەفسانەیی، بەوە ناسراوە کە کورت و ئاسانە. بەچیرۆکی (ئەلگۆریا)ش ناودەبرێت، واتە چیرۆکی جەڤەنگی کە بەزۆری بەناوی ئاژەڵ و باڵندەوە وتراون.

چیرۆکەکە ئەفسانەییەکانی ئیزۆپ، گوزارشت لەململانێ و زۆرانبازی لەنێوان دوو دژەکار یان دوو خەسڵەتی جیاوازی مرۆڤ دەکەن. ململانێ لەنێوان: دەسەڵاتدار و گەلدا، زۆردار و زۆرلێکراودا، زیرەکی و گەمژەییدا، راستی و درۆدا، سەرکەوتن و بەزیندا، بردنەوە و دۆڕاندندا، چاکەخوازی و خراپەخوازیدا، خۆڕاگری و ملکەچیدا، گەشبینی و رەشبینیدا، هیوا و بێ ئومێدیدا، دڵسۆزی و ناپاکیدا، و...تاد.

بەشێکیش لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی ئیزۆپ لە دانانی خۆی نین و دراونەتە پاڵی.

هەر وەکوو چۆن، بەدەیان چیرۆک و نوکتەی خۆش دراونەتە پاڵ (مەلا مەزبوورە) و (خاڵە رەجەب) و (ئەحەی کۆڕنوو) و (لالە سەرحەد) و (ئەحۆل).

چەند را و قسە و بۆچوونێکی جیاواز دەربارەی کەسایەتی ئیزۆپ و چیرۆکەکانی هەن. کۆمەڵەی یەکەمی توێژەران، ئیزۆپ بە کەسایەتییەکی راست نازانن، بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی دروستکراوی دەزانن، کۆمەڵێکی زۆر لەچیرۆکی ئەفسانەیی یۆنانیان داوەتە پاڵی.


چیرۆک دانەپاڵیش، تەنها لەناو یۆنانییەکاندا نەبووە، بەڵکو لەنێو گەلانی تریشدا هەبووە، بۆ نموونە:

عەرەبەکان (عەنتەر کوڕی شەداد) بەو شێوەی کە عەرەبەکان باسی دەکەن کە کردوویانە بە پاڵەوانێکی شەڕکەری نەبەز، بەدەیان چیرۆکی ئازایەتییان داوەتە پاڵی.. بەڵام لەڕاستیدا، عەنتەر کەسایەتییەکی ڕاست نییە و ئەفسانەییە. (ڕۆستەمی زاڵ)یش کە ئێمەی کورد و فارس کردوومانە بەپاڵەوانێکی لەتوانابەدەر، کەسایەتییەکی ئەفسانەییە. (دۆکیشۆت) کەسایەتییەکی ئەفسانەییە.

کۆمەڵەی دووەمی توێژەران، ئیزۆپ بە کەسایەتییەکی (نیمچە ئەفسانەیی) دەزانن کە بەسەدان چیرۆکی خۆشی ئەفسانەیی داناوە، کەچی هەر ئەم کۆمەڵەیە پێیان وایە کە ڕاستە و ئەو چیرۆکانە لەنووسینی ئیزۆپ خۆیەتی.. کەواتە ئەم بۆچوونەیان ئەوە دەسەلمێنێت کە ئیزۆپ کەسایەتییەکی ڕاست بووە نەک نیمچە ئەفسانەیی.

کۆمەڵەی سێیەمی توێژەران، لەسەرووی هەمووشیانەوە مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆت:٤٨٤-٤٢٥)ی پێش زاینی کە بەباوکی مێژوو ناودەبرێت. ئیزۆپ بە کەسایەتییەکی ڕاستی دەزانێت، ڕەتی دەکاتەوە کە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی بێت.

هەندێک لەناودارانی یۆنانیش لە نووسینەکانیاندا، ناوی ئیزۆپیان هێناوە و جەخت لەڕاستی کەسایەتی ئیزۆپ دەکەنەوە، لەوانەش (ئەفلاتوون، ئەرستۆ،




ئەرشۆڤان، ئەکسیۆڤان). لە پەرتووکێکی کۆنیشدا کە لەسەدەی یەکەمی دوای زاینی دەرکراوە، دەربارەی (ژیانی ئیزۆپ) باس لەوە دەکات کە ئیزۆپ کەسایەتییەکی ڕاستی بووە.

مێژووش ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئیزۆپ کۆیلەیەک بووە. لەگەڵ دوو کۆیلەی دیکەدا بردوویانن بۆ بازاڕی فرۆشتنی کۆیلەکان بۆ فرۆشتنیان. پیاوێکی بەناوی (کزانسۆس) دەچێت بۆ ئەو بازاڕە بۆ کڕینی کۆیلەیەک. چاوی بەئیزۆپ و بەدوو کۆیلەکەی دیکە دوکەوێت. لەدوو کۆیلەکەی پرسی.



کزانسۆس: ئێوە دەتوانن چی بکەن؟

دوو کۆیلەکە: گەورەمان، ئێمە دەتوانین هەموو شتێک بکەین.

کزانسۆس (هەمان پرسیاریشی لە ئیزۆپ کرد): ئەی تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟

ئیزۆپ: گەورەم، من ناتوانم هیچ شتێک بکەم.

کزانسۆس (بە سەرسوڕمانەوە): بۆچی ناتوانیت هیچ شتێک بکەیت؟!

ئیزۆپ: گەورەم، هەردوو هاوڕێکەم، هیچ شتێکیان نەهێشتەوە کە من بیکەم.

کزانسۆس (سەرسامی زیرەکییەکەی بوو): باشە گەر ئێستا داوای چەند پارەیان کرد، بیاندەمێ و بتکڕم، دەبیت بەپیاوێکی باش و دەستپاک؟

ئیزۆپ: گەورەم تۆ بمکڕیت یا نەمکڕیت، من هەر بەپیاوباشی و دەستپاکی دەمێنمەوە.

کزانسۆس (زیاتر بەوەڵامەکەی ئیزۆپ سەرسام دەبێت و لێی دەپرسێت): ئێستا بەڕاستی پێم بڵێ، هەوڵی ڕاکردن نادەیت؟

ئیزۆپ: گەورەم، بەدرێژایی ژیانت، ئەوەت بیستووە کە باڵندەیەک لەناو قەفەزدا بێت و هەوڵی ڕاکردن نەدات؟ یان ئەگەر نیازی واشی هەبێت، خاوەنەکەی لەنیازەکەی ئاگادار بکاتەوە؟

کزانسۆس (هێندەی تر بەم وەڵامەی سەرسام بوو): من دەترسم بۆ هەموو شوێنێک بچیت، خەڵکی گاڵتە بەڕووخسار و بەژن و باڵای ناقۆڵات بکەن.


ئیزۆپ: گەورەم، پێویستە فەیلەسووف، مرۆڤ بە بەژن و باڵای هەڵنەسەنگێنێت، بەڵکو بەهۆشی.

کزانسۆس بۆی دەرکەوت کە ئیزۆپ کەسێکی دانا و بلیمەتە و دانامێنێت.. بۆیە یەکسەر دەیکڕێت. دوایی گەورەیەکی تر بەناوی (یادمۆن)ەوە، ئیزۆپی لەکزانسۆس کڕی. لەبەر زیرەکی و چیرۆکە فەلسەفییە خۆشەکانی.. یادمۆن، ئیزۆپی ئازاد کرد.

ئیزۆپ زۆر حەزی لەگەشت و گەڕان بوو، چەندین شار و وڵاتان گەڕا. لەدواییدا لەکۆشکی شای (لیدیا) لەشاری (سارۆس)ی پایتەختی وڵاتی لیدیا مایەوە. وڵاتی لیدیا هاوسنوور بوو لەگەڵ ولاتی یۆناندا، بۆ ماوەیەکیش میدییەکان چەند ناوچەیەکی لیدیایان داگیرکرد. لەدوای چەند ساڵێک تورکە عوسمانییەکان، لەئاسیای بچووکەوە هاتن و وڵاتی لیدیایان داگیرکرد و لێی نیشتەجێ بوون و ناوی تورکیایان لێنا. واتە ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن تورکیا، لیدیا و کوردستانی داگیرکراوە.

ئیزۆپ وەکوو چیرۆک خوانێک لەکۆشکی شاهانەی لیدیادا مایەوە.. شای لیدیا سەرسامی زیرەکی و چیرۆکە خۆشەکانی بوو، ڕێزی لێدەگرت. نووسەرێکیشی

هەواڵنامەی کتێب




بۆ تەرخان کرد، کە چیرۆکەکانی بنووسێتەوە، بۆ ئەوەی لەیادنەچنەوە.

(بلۆتاک) دەڵێت:» ئیزۆپ ئەندامێکی ئەو شاندە بوو کە شای لیدیا بۆ کارێکی خێرخوازی ناردی بۆ شاری (دلفای). بەڵام ئیزۆپ لەوێدا، لەساڵی (٦٥٤)ی پێش زاینی دەکوژرێت. دەربارەی کوشتنەکەی ئیزۆپ. دوو گێڕانەوەی جیاواز هەن بە پێویستی نازانم کە باسی ئەو دوو گێڕانەوەیە بکەین.

گەر ئەو ڕا و بۆچوونانەی سەرەوە، دەربارەی کەسایەتی ئیزۆپ راستبن یان ناڕاستبن. بەڵام چیرۆکەکانی ئیزۆپ ڕاستن و لەبەر دەستمانن و مێژوو بۆی پاراستووین.

بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکانی ئیزۆپ، وەرگێڕدراون بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی گەلانی جیهان. بەشێکیان بوونە بە بابەتەکانی پەرتووکی خوێندنەوە لەقوتابخانە بنەڕەتییەکاندا.. کە لەڕووی ئەدەبی و پەروەردەییەوە گونجا و بەسوودن بۆ منداڵان.

شاعیران و چیرۆک نووسان و شانۆ نووسانی کۆن و نوێ و دەرهێنەرانی کورتە فیلمی کارتۆن بۆ منداڵان، سوودیان لەچیرۆکە ئەفسانەییەکانی ئیزۆپ وەرگرتووە. بەکەمێک دەستکارییەوە، دووبارە، بەچیرۆک و شیعر یان بەچیرۆکە شیعر دایان ڕشتوونەتەوە.. هەندێک لەو نووسەر و شاعیرانە،

خۆیان بەخاوەنی ئەو چیرۆکە دەستکاری کراوانەی ئیزۆپ دەزانن. لەوانەش شاعیری ناسراوی یۆنانی (بابیرۆس) کە زۆربەی چیرۆکەکانی ئیزۆپی بەچیرۆکە شیعر داڕشتۆتەوە و بەزادەی بیری خۆی دەزانێت.. نووسەرێکی ڕۆمانیش کە ناوی (ئەفیانۆس)ە، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێک لەچیرۆکەکانی ئیزۆپی دەستکاری کردووە و بەچیرۆکی خۆی دەزانێت.. کۆمەڵێکی دیکە لە چیرۆکەکانی ئیزۆپ، بەناوی نووسەران (ماری دی فرانس) و (جان دی لاڤۆنتین)ەوە بڵاوبوونەتەوە. (ولیەم کاکستۆن)یش بەشێکی زۆر لەچیرۆکەکانی ئیزۆپی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. (ئەحمەد شەوقی)ش چەند چیرۆکێکی ئیزۆپ و لاڤۆتینی بەچیرۆکە شیعرەوە داڕشتۆتەوە.. باسی ئەوەشمان کرد کە هەندێک لەشاعیرانی کوردیشمان، چەند چیرۆکێکی (ئیزۆپ) و (لاڤۆنتین) یان، لەشێوازی چیرۆکە شیعردا داڕشتۆتەوە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و بەلامانەوە گرنگە و دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین، ئەویە کە لەئەمڕۆدا، چیرۆکە ئەفسانەییەکانی ئیزۆپ و لافۆنتین، بۆ منداڵان گونجاون.


پەند و وانەی پەروەردەیی باش و بەسوودیان تێدان.. چیرۆکەکانی ئیزۆپ و لاڤۆتین بوونە بەسامانێکی ئەدەبی بۆ منداڵان. بوونە بە سەرچاوەیەکی گرنگ و ئیلهام بەخش، بۆ بەشێکی زۆر لەچیرۆک نووسان و شاعیرانی بواری ئەدەبی منداڵان.

ئەوەشم بەرچاوکەوت کە نووسەر و وەرگێڕی ناسراوی کوردمان، ڕەوانشاد دکتۆر (عەزیز گەردی) کتێبێکی بەناوی (چیرۆکەکانی ئیزۆپ) چاپ کردووە. من هەتا ئێستا ئەم کتێبەم نەبینیوە. گەر بمبینایە، بێگومان وەکوو سەرچاوەیەک، ئەم نووسینەمی دەوڵەمەندتر دەکرد.

(*) **بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەند سایتێکی عەرەبی و نەرویجی وەرگرتووە.**

**نەرویج:** ٢٠٢٢

کتێبخانەی هەولێر




# دۆستۆڤسکی



ئامادەکردنی: زاهیر شکور

بەشی سێیەم

پابەندبوون و خۆشەویستی (بلینسکی Bleinsky) بۆ (گۆگۆڵ) بێ ڕادە بوو، هەتا ئاستی پەرستن (گۆگۆڵ)ی خۆش دەویست، چونکە (گۆگۆڵ) کەموکوڕی و نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای ئاشکرا دەکرد و دەخستەڕوو، کەچی ئێستا بەسۆفیەکی دواکەوتووی لە قەڵەم دەدات و تاوانباری دەکات بەوەی (سلاڤیەکان)ی خۆش دەوێت، بەڵام هەر (گۆگۆڵ)ی خۆش دەویست و نامەیەکی بۆ نووسی بوو تیایدا دەڵێت: (خۆشتم ویست، وەک ئەو کەسەی پابەندە بەنیشتیمانەکەیەوە، وەک هیوای ئەم وڵاتە، شەرەف و کەرامەت و سەربەرزی، گەشەکردن و بەرەو پێشچوون و ویژدانی ناخێتی. من ناتوانم تووڕەیی خۆم سەبارەت بەکتێبەکەت دەربڕم، تۆ ئەوە بەدیی ناکەیت، ئاشتی و ئاسایشی ڕوسیا، پێویستی بەتەسەوف و خوداپەرستی نییە، بەڵکو، پێویستی بەگەشەکردنی شارستانیەت و ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤایەتی هەیە، سەدان ساڵە لە ناو چڵپاو و لم و زبڵدایە، تەماشای پێتکە لە لێواری داروخاندایە.

(بلینسکی) لەبەر خۆیەوە قسەکەی (نیکراسۆڤ)ی دەگوتەوە (گۆگۆڵێکی نوێ لە دایک بوو) پێی ڕائەبوێرن و پێی پێدەکەنن.

سەرەڕای ئەوەش بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەنووس (ئەنانکۆڤ) کە ڕۆژنامەنووسێکی تایبەت بوو بەبواری ئەدەبی، هات بۆ سەردانی (بلینسکی) بینی لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکە دەفتەرێکی گەورەی بەدەستەوەیە و لێیدەخوێنێتەوە، چاوی بە(ئەنانکۆڤ) کەوت و وتی: وەرە با هەواڵێکت پێڕابگەیەنم، تەماشای ئەم دەسنووسە بکە کە ڕای کێشاومەتە لای خۆی، ناتوانم خۆمی لێ بکەمەوە، کاری گەنجێکی بەسەلیقەیە و بەڕاستی داهێنانێکی ڕاستەقینەی کردووە، من نایناسم و نەمبینیەوە و نازانم چ هزرێکی هەیە، بەڵام ڕۆمانەکەی، پەنجەرە بەڕووی دونیا و خەسڵەتەکانی گەلی ڕوسیادا دەکاتەوە، کەس هەتا ئێستا نەیکردووە، ئەمە یەکەم لێکۆڵینەوەیە یەکەم هەوڵی ڕۆمانی کۆمەڵایەتیە لە وڵاتەکەمان.

بلینسکی بەدەنگێکی بەرز و تووڕەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕۆمانی هەژارانی خوێندەوە، ئێوارەکەی، (نکراسۆڤ) چوو بۆ لای (بلینسکی) بۆئەوەی بزانێت ڕای چیە لەسەر ڕۆمانی (هەژاران)ی دۆستۆڤسکی (بلینسکی) پێشوازی لێکرد و بانگی کردە ژوورەکەی و بەچەند وشەیەکی سادە و ساکار بە(نکراسۆڤ)ی گوت: دۆستۆڤسکی ئامادە بکەو بەپەلە بیهێنە.


بەو شێوەیە دۆستۆڤسکی دوای سێ ڕۆژ ئاشنای گەورەترین ڕەخنەگر و نووسەری ڕیالستی و چالاکی پڕ حەماسەت بوو.

دۆستۆڤسکی بەم شێوەیە باسی (بلینسکی) دەکات، ڕوگرژ و بەویقار، بێزاری پێوە دیارە، یەکەم قسەی ئەوە بوو،: تێ دەگەیت، تێ دەگەیت؟ چیت لێرەدا نووسیوە، عادەتی وابوو دەنگی هەڵبڕێت، (بلینسکی) هونەرمەندە و خاوەن هەستێکی ناسکە، زیاد لە پێویست هەستیارە، پێی

هەولێرنامەی کتێب

گوتم: توانیوتە کارێکی وا بنووسیت، یان دەبێت تەقدیری هەموو ئەو حەقیقەتە گەورانە بکەیت کە بۆمانت وەسف کردوە؟ لەوانەیە لێی تێنەگەیشتبێتی چونکە هێشتا لە تەمەنی بیست ساڵیدای، دوای هەموو شتێکیش کارەکتەرە داماوەکەت، بەکارەکەی هەستاوە و بەدڵسۆزی و لەخۆ بوردوویی خزمەتی کردووە، لەگەڵ خۆیدا گەیشتوەتە سنووری ئەوەی جورئەت نەکات کەمترین هەڵسەنگاندن بۆخۆی بکات، هەست دەکات دابەزیوە بۆ پلەیەکی نزم، کەمترین سکاڵا و نارەزایی دەربڕێت، تەنانەت لە داماوی و ئێش و ئازارەکانی گوزارشت ناکات.. حەقیقەتی خۆی بۆت ڕاگەیاند و دەریشکەوت، چونکە تۆ هونەرمەندی وەک ئیلهام و خەڵاتێک بۆت هات، لەسەرتە بەتەواوەتی ڕێزی لێ بگریت و بەوەفابیت بۆی، دەبێتە نووسەرێکی گەورە.

دۆستۆڤسکی واقی وڕماوە، دڵخۆشە، لە خۆشیدا خەریکە عەقڵ لە دەست دەدات، دەیەوێت باوش بکاتە بەهەموو شتێکدا، سوپاسی هەموو کەسێک بکات، سوێند بۆ هەموو کەسێک بخوات، بەڵێنی هاوڕێیەتی ئەبەدیی و نەمری بدات کە گەیشتە سەر شەقامەکە، هەستی کرد ناتوانێت هەنگاو بنێت، لە گۆشەی شۆستەکەدا وەستا، دەستی بەتەماشاکردن کرد! ئاسمان، ڕۆژ، ڕووناکی خۆر، هاتوچۆکەران، بەڵام هیچ هاوبەشێکی لەگەڵیان نەبوو، ئێستا بەرزەوە بوو بۆ دونیایەکی تر، لەوێوە ئەم دونیایە وەک مێرولەیەک دەبینێت.




دۆستۆڤسکی، لە دڵی خۆیەوە دەیوت، دەبێت ڕاستبێت من دەبمە کەسێکی مەزن، دوای ئەوەی هەستم بەخۆشیەکی گەورە کرد، ئاە! پێمەکەنن، چونکە قەت مەزەندەم نەدەکرد ببمە پیاوێکی مەزن و گەورە، ئایا ئەمە ڕووبدات ئەتوانم بەرگەی بگرم؟

(ئـاوا! شایستەی ئەو پیاهەڵدان و ڕێزگرتنە ئەبم، بەڵام ئەمانە چ جۆرە پیاوێکن، هەموو توانام ئەخەمە گڕ بۆئەوەی وەک ئەم پیاوانەبم، دڵسۆز و بەوەفا دەبم، سەر ئەکەوین و ئەیبەینەوە، ئەچم بۆ لایان، پەیوەندیان پێوە دەکەم.. ئەوانە قسەکانی دۆستۆڤسکی بوو، دوای هاتنە دەرەوەی لای (بلینسکی).



دۆستۆڤسکی چێژی لە ناوبانگی خۆی دەبینی، وەك منداڵێك جلی تازەی لەبەر کردبێت لە بەردەم ئاوینەکەیدا بەغرووورەوە خۆی بادەدا، هەندێك جار غرووریيەکەی لە ڕادەبەدەر بوو، ئەگەر گۆشەگیری و تەنیایی ڕابردووی بێنینەوە یادمان، مافی دەدەیتێ، لە ڕابردوویەکی کوورتدا، کەس نەیدەناسی و کەسێکی نادیار بوو، لە دۆخێکی تەم ومژاویدا دەینووسی

(بلینسکی) بەڕاستی ڕۆمانی (هەژاران)ی بەدڵ بوو، ئەو بەشێواز و تێگەیشتنی خۆی ڕۆمانەکەی خوێندەوە، شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی جوانی کۆمەڵایەتی دەکات، پرسەکەی ئاسان وسادەیە، کۆمەڵێک مرۆڤی باش و گێلی دۆزیوەتەوە، پێیان وایە خۆشەویستی مرۆڤ ئەرکی هەموو تاکێکە.

لەمانە دوورکەوینەوە، ڕەخنەگر و نووسەری ڕۆمانەکە شێتی یەکتری بوونە، بلینسکی هەرچی کەسێک گوێی لێبگرێت، باسی دۆزینەوە مەزنەکەی خۆی بۆ دەکات، (ئەکساکۆڤ) نووسیویێتی (ئەستێرەیەکی نوێیان دۆزیوەتەوە، ناوی دۆستۆڤسکیە، لەسەرووی گۆگۆڵەوە دایئەنێن.

ڕۆمانی هەژاران هێشتا بڵاو نەکرابووەوە، بەڵام بەهۆی (بلینسکی)ەوە دۆستۆڤسکی لە نێوەندە ئەدەبیەکاندا بەگەرمی پێشوازی لێدەکرا، خوێندنەوە بۆ کارەکانی دەکرا و بانگێشتی سالۆنە ئەدەبیەکان دەکرا، دۆستۆڤسکی تووشی هەندێک غروری بوو بەرەو ئەوە دەڕۆیشت هاوسەنگی لە دەست بدات، ناردی شەپقەیەکی لە مارکێتی (زێمیرمان) کە مارکێتێکی زۆر بەناوبانگ بوو بۆ بکڕن، دەستێکی بەخۆیدا هێناو گرنگی بەجل و بەرگەکانی دەدا، خۆی وەک کەسایەتی (ڕاستیگناک Rastignac) تەماشا ئەکرد/ ڕاستیگناک کەسایەتیەک بوو، بلزاک لە ڕۆمانی (بابە گۆریۆ) درووستی

هەواڵنامەی کتێب

کردبوو، نمونەی کەسانی خۆ تێهەڵقورتێن بوو (فزولیَ) ئەم کەسایەتیە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی بلزاک دووبارە دەبێتەوە و ئەو گرووپە پێکدێنی کە پێی دەڵێن: (گاڵتە جاڕی مرۆڤایەتی)، باسی بارودۆخی کۆمەڵگەی پاریسی دەکات وای دەزانی هەموو خەڵک بەلوتف و خۆشەویستن و (بلینسکی) بەباوکی دووەمی دەزانی، نامەیەکی بۆ میشێلی برای نووسی، تێیدا دەڵێت: پێویستە پێت بڵێم دوو هەفتە بەر لە ئێستا (بلینسکی) سەبارەت بەوەی چۆن بەقەڵەم بژێت دەرسێکی وای دام زۆر گرنگ بوو، من زۆر سەری لێئەدەم، ئەویش مامەڵەیەکی باشم لەگەڵ دەکات، ئێستا نیوەی پترسبۆرگ باسی ڕۆمانی هەژاران دەکات، بەتەنها (گریگۆرۆڤیچ) سەنگی خۆی ئاڵتوون دێنی و ئەو دەڵێت من چەپڵە لێدەری تایبەتیتم.

ئەو نامەیە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ (٨/تشرینی یەکەم/١٨٤٥) هێشتا ڕۆمانەکەی بڵاو نەکردبۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا دۆستۆڤسکی خۆشیەکانی گەیشتە ئاستی ئەوەی وڕینە بکات تەنانەت بەرەو لادانیش بچێت، لە درێژەی نامەکەیدا دەڵێت، نابرام ناوبانگم ناگاتە ئەوەی ئێستا پێگەیشتم، لە هەموو جێگایەک بەجۆرێک ڕووبەڕووی ڕێزلێنان دەبمەوە باوەڕ ناکرێت، ئاشنایەتیەکی فراوانم لەگەڵ کەسانی ڕێزدار و خاوەن (عالی مەقام) پەیدا کردووە، شازادە (ئۆدییڤسکی) داوای لێکردووم تەشریف بەرم بۆ سەردانی، کۆنت (سۆلۆگۆب) بێ هیوا بووە لەوەی سەردانی بکەم.

(یانییڤ) بە(سۆلۆگۆب)ی وتبوو، نووسەرێکی لێهاتو و بلیمەت هەیە، هەموو نووسەرەکانی دیکە دەخاتە گیرفانییەوە، (سۆلۆگۆب) بەهەموو لایەکدا رایەکرد بۆئەوەی بمانبینی، چۆتە لای (کراییڤسکی) وتویەتی ئەو کەسە کێیە ناوی (دۆستۆڤسکی)یە، (کراییڤسکی) کە موجامەلەی کەس ناکات و ڕاستییەکان بۆ هەموو خەڵک باس دەکات وتویەتی: دۆستۆڤسکی شەرەفمەند نابێت بەسەردانت.

دۆستۆڤسکی لەنامەکەیدا بە(سۆلۆگۆب) دەڵێت ئەم بۆرژۆوازییە بچوکە وادەزانێت بەموجامەلەکانی دەتوانێت بەلای خۆیدا بمبات، لە کاتێکدا سەرسوڕهێنەری هەموو خەڵکم، ناتوانم دەم بکەمەوە، خەڵکی دەڵێن، دۆستۆڤسکی وای وت، دۆستۆڤسکی وا دەکات، لە ڕاستیدا کاغەزەکانم بەش ناکات هەموو سەرکەوتنەکانمت بۆ باسبکەم.

لە کۆتاییدا هەواڵێکی گرنگ بڵاوبووەوە، دۆستۆڤسکی و (تۆرگنییڤ) یەکتریان بینی، (تۆرگنییڤ) شەیدام بووە، ئاه! چ پیاوێکە، بەڕاستی برام من یەکێکی زۆر نزیک بووم بکەومە خۆشەویستیەوە،، شاعیرێکی بەسەلیقە و خاوەن ئیلهامە، ئۆرۆستۆکراتە، گەنجێکی قۆزە، دەوڵەمەندە، زیرەک و ڕۆشنبیرە، تەمەنی(٢٥) ساڵە، سرووشت لە هیچ بێ بەشی نەکردووە، جگە لە مانەش، ڕێکوپێکە، هاورێکانی کەسانی بەتوانا و لێهاتوون، بەکورتێکەی هەرچیەکی هەیە مایەی تێرامان و سەرسوورمانە.

خۆمێش بیرۆکەی زۆرم هەیە و ئەوەندە بەسە بۆ یەکێکی باس بکەم، بۆ نموونە بۆ (تۆرگنییڤ)ی باس بکەم، ڕۆژی

دواتر هەموو سان پترسبۆرگ، ئەزانن چی ووتوە و چی کردووە.

دۆستۆڤسکی چێژی لە ناوبانگی خۆی دەبینی، وەک منداڵێک جلی تازەی لەبەر کردبێت لە بەردەم ئاوینەکەیدا بەغرووورەوە خۆی بادەدا، هەندێک جار غروورییەکەی لە ڕادەبـەدەر بوو، ئەگەر گۆشەگیری و تەنیایی ڕابردووی بێنینەوە یادمان، مافی دەدەیتێ، لە ڕابردوویەکی کوورتدا، کەس نەیدەناسی و کەسێکی نادیار بـوو، لە دۆخێکی تەم ومژاویدا دەینووسی، پێی وابـوو کەس کارەکانی بەهەند وەرناگرێت، ئێستاش لە شەو و ڕۆژێکدا، خەڵکە نەناسراوەکەش دەیناسن و کارەکانی دەخوێننەوە.

سـەرەڕای ئـەوەش، لە قەڵەم و کاغەزەکانی دوور بکەوتایتەوە، دەچووەوە دۆخی تەنیایی و شەرمنییەوە.

کۆنت (سۆلۆگۆب) دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی (هەژاران) سەردانی دۆستۆڤسکی کرد، گەنجێکی ڕەنگ زەردی بینی، بەنەخۆش هاتە پێش چاوی، دواتر نووسی: جلێکی کۆنی ماڵەوەی لەبەر بـوو، قۆڵ کـوورت، یەکێک بیبینیایە دەیـوەت بۆ یەکێکی تر دووراوە، کاتێک خۆم پێناسا و ڕاوبۆچوونی خۆم پێیووت دەربـارەی قوڵی و کاریگەری ڕۆمانەکەی، شەڵەژا و بێتاقەت بوو، ئەو تەنها کوورسیە کۆنەکەی بۆم دانا کە هەیبوو، بیست دەقیقە لای دانیشتم، تکام لێکرد لەگەڵمدا بێت بۆ نان خواردنی ئێوارە، ئەم دەعوەتە سەرەڕای سادەیی دوو مانگی پێچوو، ئەوساکە لە ناکاودا خۆی کرد بەماڵدا.

دۆستۆڤسکی لەیەک کاتدا، پەرۆش و شەڵەژاو بوو، باوەش بەنەیارەکانیشیدا دەکات و ناشزانێت یەکێک هەبێت لە دونیادا ڕقیلێبێت (ئەم خەڵکە باش و خۆشە، نازانن بەرامبەرم گوزارشت لە خۆشەویستیم بکەن.

پێدەچێت (یانایيڤ) یەکێک لەو نووسەرانە بێت ئیرەیی بەدۆستۆڤسکی بردبێت، (یانایيڤ) لە نووسینێکیدا دەڵێت: خەریک بوو یەکێک لەبتەکانی ئەم ڕۆژگارەمان بگەیەنینە ئاستی عەقڵ لە دەستدان، وامان لێکرد وڕینە بکات تووشی پەرش وبڵاوی فیکری بێت، دواتریش هەیبەت و مەقامیمان داگرتە خواری خوارەوە هەتا ڕادەی لەبیر چوون، چەند بەستەزمانە وامان لێکرد خەڵکی پێی پێبکەنێت.

لە ئاهەنگێکی پێشوازی کردندا، یەکێک لەو نووسەرانە دەستی دۆستۆڤسکی گرت و بردی تەعارفی پێبکات لەگەڵ یەکێک لەکچە جوانەکانی ئاهەنگەکە (ئەلسینیاڤینا)، دۆستۆڤسکی خۆی لەبەردەم کچێکی گەنجی ئێجگارجواندا بینیەوە، دۆستۆڤسکی شەڵەژا و دەمی هات بەیەکدا و سوور هەڵگەڕا و لە هۆشی خۆی چوو، بردیانە ژوورێکی تەنیشت هۆڵەکەوە، شووشەیەک کۆلۆنیایان پرژاندە دەموچاویدا و هاتەوە هۆش خۆی، دوای ماوەیەک (تۆرگنییڤ) کە دۆستۆڤسکی شەیدای ببوو و بەهاوڕێی خۆی دەزانـی لەگەڵ شاعیری چەوساوەکان و ڕەخنەگر (نیکراسۆڤ) قەسیدەیەیەکی هەجووی ڕووخێنەریان لەسەر دۆستۆڤسکی نووسی (سوار چاکی قەد و قامەت غەمبار (دۆستۆڤسکی) خۆ دەرخەری خۆشەویست، تۆ وەک دوومەڵی بچووک لەسەر



لووتی ئەدەب سوور بوویتەتەوە، لە ماوەیەکی کورتدا، سوولتانی عوسمانی، وەزیرەکانی دەنێرێت بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونت، بەڵام کاتێک لەو ئاهەنگە کۆمەڵایەتیەدا و لەبەر چاوی شازادە و کەسە پایە بەرزەکانی ئەو کۆمەڵگە ڕاقیەدا کەوتییت، چ ئەفسانەیک و کێشەی ئەم ڕۆژگارەی، وەک ئەستێرەیەک یان وەک نەیزەکێک کەوتیتە خوارەوە و لووتت چەمایەوە لەبەردەم ئەو کیژە جوانە، دواتریش لەو کچە جوانە بەشێوەیەکی غەمبار تێڕامای، خەریک بوو بەهۆیەوە لە تەمەنی لاویدا بمریت).

ئەو دوو برادەرە و بەیارمەتی (ئەنانکۆڤ) چیرۆک و پرووپاگەندەی خواروخێچ وعەیبداریان ئەخستە پاڵ دۆستۆڤسکی.ڕۆژێکیان دوستۆڤسکی دەعوەتێکی لە (ئال بانایيڤ)ەوە بۆ هات، دۆستۆڤسکی وەها بەجۆشەوە چووە ناو ئەو هۆڵە ڕازاوە و گەورەیەوە بەجۆرێک تووشی سەرسووڕمان وتێڕامان بوو، خێزانی (بانایيڤ) لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی: دۆستۆڤسکی گەنجێکی تووڕەیە، زۆر هەستیارە، باڵایەکی ماماناوەنجی هەیە، لەڕ و لاوازە، سوور و سپیە، ڕەنگی دەمووچاوی بەنەخۆش دەکات، چاوە بچووک و خۆڵەمێشیەکانی لە مەبەستێکەوە ئەگوازێتەوە بۆ مەبەستێک، بەشێوەیەک دڵە ڕاوکێی و گرژی پێوە دیارە.

سوپاس بۆ خوا هەتا ئەندازەیەک هەموو خەڵک دەناسێت، بەڵام سەبارەت بەچی قسەی لەگەڵ دەکەن، یان سەبارەت بەچی قسەیان لەگەڵ دەکات؟ ئایا دەتوانێت لەئاستی ناوبانگی خۆیدا بێت؟ ئایا دەتوانێت ئەوانەی گاڵتەی پێدەکەن جیا بکاتەوە لەوانەی لە ناخەوە و بەڕاستی خۆشیان دەوێت و مەدحی دەکەن؟ کەسێکی بێزار، هەندێک جار لووت بەرز، تەنها بیر لە هەڵاتنی بەپەلە دەکاتەوە، بۆ ژووره بچووکە نیمچە تاریکەکەی کە پڕە لەبۆنی تووتن و کتێب و دەفتەر، دەیەوێت لەو تەنیایەدا بێت، سەرەڕای ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناومان.

هەروەها نووسیویتی: زۆربەی ئێوارانەکان دۆستۆڤسکی دێت، شەڵەژان و شەرمنێکەی هەتا حەدێک بەریداوە، دەم لە گاڵتەوگەپ دەدات، هەندێک جار عەجوولیش خۆی دەنووێنێت، دەمە تەقێ و مشتومڕ لەگەڵ هەمووواندا دەکات، لە هەندێک عینادیەوە پێچەوانەی بەشێک لە قسەکان قسە دەکات، ئەوەش زیاتر پەرچە کرداری هەندێک لە شەرمەکانێتی، هێرش دەبات لە


ترسی ئەوەی هێرش نەکرێتە سەری، خۆ بەزلزان خۆی دەردەخات بۆئەوەی لە هەیبەتی کەم نەکەنەوە، لە کاتێکدا واهەست دەکات درەوشاوەیە، بەڵام تەحمول ناکرێت، وادەزانێت ڕووح سووک ودەم بەپێکەنین و گاڵتەچیە، کەچی شەڕانی و گەمژەیە، پێیوایە هەڵس و کەوتەکانی ئۆرۆستۆکراتیانەیە، کەچی گوێی لێیە هەموو پێدەڵێن پێڵاوەکانی لە پێڵاوە قوورس و قووڕاوییەکانی جووتیاران دەچێت، هاوڕێ بچووکەکان وەک گرووپێک مێش ئاسا هێرش دەکەنە سەر قووربانییەکەیان، گاڵتەی پێدەکەن، پێی ڕادەبوێرن، بزماری تێدەگرن، لە ناویانا (تۆرگنیڤ) سەرمەشقیانە کە مونافسەی دەکرد و دەیویست تەنگی پێهەڵچنێت و بێزاری بکات، دۆستۆڤسکیش قسەکانیانی بەجددی وەردەگرت و توونڕەوانە سنووری مەعقوولیەتی تێدەپەڕاند و هەموویان پێی پێدەکەنین.

شێوازی ئەدەبی سالۆناتی ئەو عەیامە (گاڵتە پێکردن و غەیبەت (قسەی پاش ملە)ی دانیشتنە کۆمەڵایەتیەکان پیلان گێڕان سیمای سەردەمەکە بوو کە دۆستۆڤسکی تیایدا هەناسە بڕکێی بوو نەیدەتوانی بەئارەزووی خۆی هەناسەیەکی پڕ بەسنگی خۆی هەڵمژێت، بۆ نموونە دەچوونە بن دەستێوە ئاگات لە فلان ژن بێت نەکەوێتە داوێووە، ئاگات لێیە فلان کەس چیت پێدەڵێت، هەموویان ئێرەییان بەدۆستۆڤسکی دەبرد، تەنانەت (بلینسکی)ش خۆشی نەدەویست و بۆ یاری کاغەز لەگەڵ (نکراسۆڤ) پشتی لە دۆستۆڤسکی دەکرد.

دۆستۆڤسکی بەتووڕەییەوە دەڵێت: چۆن دەبێت پیاوێکی زیرەک کات بەیاریەکی سەخیفەوە بباتە سەر، تەنانەت ئەوکاتە دە دەقیقەش بێت، ڕاستە جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگەی فەمانبەران و ئەدیباندا نییە، چوونکە هەموویان یاری سەخیفیان هەیە بۆ کوشتنی کاتە بەنرخەکان، دۆستۆڤسکی ئەم قسانەی لەبەر خۆیەوە دەکرد بێ ئەوەی ئاگای لێبێت، (بلینسکی) چاودێری دەکات، بلینسکی بەنیکراسۆڤی وت دۆستۆڤسکی چیەتی ئەو هەموو ئەحمەقیە چییە دەیلێت؟

خێزانی (بانایێڤ) دەڵێت: کاتێک لەبەردەم (بلینسکی)دا دەیانووت دۆستۆڤسکی خۆی بەبلیمەت دەزانێت، (بلینسکی) شانی هەڵدەتەکاند و دەیوت ئاە چ مووسیبەتێکە، ڕاستە دۆستۆڤسکی هەندێک قابلیەتی تێدایە کە ئینکار ناکرێت، لەجیاتی ئەو توانایانە گەشە پێبدات و تەوزیفی بکات، خۆی بەبلیمەت دەزانی. بۆیە قەت پێش ناکەوێت، پێویستە لەسەر هەمووان ئاگاداری بین چونکە پێویستی بەچارەسەر کردن هەیە، چوونکە هەموو جوولە و هەڵسوکەوتێکی بارگرژی مێشکی بەتووندی نیشان دەدات. هەروەها دەڵێت:

ڕۆژێکیان لەبەردەم دۆستۆڤسکی (تۆرگنییڤ) گێڕایەوە؛ ڕۆژێک لە لادێیەکدا چاوی بەکابرایەک کەوتووە خۆی لێبووەتە بلیمەت، بەوردی شێوەی ئەو کەسەی باس دەکرد، لەو کاتەدا ڕەنگی دۆستۆڤسکی تێکچوو و زەرد هەڵگەڕا و پێش ئەوەی (تۆرگنییڤ) قسەکەی تەواو بکات، دۆستۆڤسکی بەڕاکردن ئەوێی بەجێهێشتووە، منیش بەئامادەبووانم وت بۆچی بەو شێوەیە دۆستۆڤسکی ئازار دەدەن.




دۆستۆڤسکی ڕایکرد بۆ دەرەوەی هۆڵە جوانەکان و بەڕاکردن لە شەقامەکە پەڕییەوە، هەتا بگاتە ژوورەکەی و خۆی بدات بەسەر دیوانەکەیدا بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکانی، ئەمانە گاڵتەی پێبکەن، پێیخۆش بوو لێیبدرێت نەک بەفسکەفسک گاڵتەی پێبکەن، ئایا بەو جۆرە مایەی پێکەنین بوو، بەتایبەتی ئەو ئێوارەیە؟

کاتێک خێزانی (بانایێڤ) پێکەنی، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و بیری چوو بۆلای جوانییەکەی (بانایێڤ)، چاوەڕەش و گەورەکانی، زەردەخەنە تەنز ئامێزەکەی، ئەم ژنە ناسک و نازدارە خێزانی (بانایێڤ) بێت، لەمەدا هێڵنجی ئەدا و ئەیووت شایستەی یەکێکی ترە نەک (بانایێڤ)، شایستەی کێیە؟ شایستەی خۆیەتی؟.


دۆستۆڤسکی زیادەڕۆیی دەکرد لە دژواری ژیانی خۆی و پەنای برد بۆ قوومار، قووماری کەم بوو بۆ تەواو کردنی نەهامەتیەکانی، بەقوومار کردن نەهامەتیەکانی کامڵ بوون و گەیاندیە بنی بنەوەی تەنگانە ودەست کورتییەک هاوشێوەی کەم بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

بۆ میشێلی برای نووسی خێزانی (بانایێڤ)م بەجددی خۆشویست، هەموو شتێک لەم ژنەدا جوانە، ڕووی، ڕووحی، کچی (بریانسکی) ئەکتەرە، خۆی خۆی پێگەیاندووە، (بانایێڤ)ی خۆشویستووە، تەمەنی (١٨) ساڵە، بەنهێنی شووی کردووە، چونکە دایکی ڕازی نەبووە، دواتر ڕازی بووە، (بلینسکی) دەربارەی ئەو شووکردنە ئەیگێڕێتەوە ودەڵێت:

دایکی هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر کچەکەی شوو بکات بە(بانایێڤ) کوڕەکەی خۆی دەکوژێت، کەچی شووی پێکرد و کوڕەکەش هەتا ئێستا لە ژیاندایە.

(ئەدڤۆتیا بانایێڤ) بەقەڵەمێکی هەندێک تەنزئامێزی ئەفسوناوییەوە دەنووسێت، ڕووح سووک و شیک، چیی دەبێت دۆستۆڤسکی خۆشەویستی خۆی بۆ دەرببڕێت، چیی دەبێت شیعری ئەوینی بۆ بنووسێت، وەک ئەوەی یەکێک لە ئاشقەکانی (سۆشکۆڤ) دەیکات، نەخێر دۆستۆڤسکی جوورئەتی ئەوە ناکات.

دۆستۆڤسکی لە خۆی و لە خەڵکیش بێزار و بێتاقەتە و دەستی کرد بەگەڕان بەدووای ڕابواردندا، بۆئەوەی تەنگ و چەڵەمەی ژیان و نەبوونی و بێزاری لەبیر بکات کە لەمەشدا



دۆستۆڤسکی زیادەڕۆیی دەکرد لە دژواری ژیانی خۆی و پەنای برد بۆ قووماری، قووماری کەم بوو بۆ تەواو کردنی نەهامەتیەکانی، بەقوومار کردن نەهامەتیەکانی کامڵ بوون و گەیاندیە بنی بنەوەی تەنگانە ودەست کورتییەك هاوشێوەی کەم بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا .

زیادەڕۆیی کرد (بلینسکی) بەپێی عورف وعادەتی ئەو عەیامە لێی تووڕە بوو، ئامۆژگاری کرد بەوەی ئیلتزام بکات و بەرەو لادان نەڕوات، دۆستۆڤسکی ئامۆژگاییەکانی هاورێکەی پێخۆش بوو.

دۆستۆڤسکی لە دەرگای دونیای سێکس کردنی داو و چووە ژوورەوە، لەم بارەیەوە بۆ براکەی نووسی: ئاە! لەمانە (کلارا، مینا، مریان) چەند دلڕفێن و ناسک و جوانن، ئەمانە بەپارەیەکی زۆر لەسەرم دەکەون.دەیویست وەک چلێسێک بۆ سێکس و شارەزایی سەر جێگەی سێکس خۆی دەرخات، کاتێکیش دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و دەهاتەوە سەر خۆی بێزی لە خۆی دەهاتەوە و هێڵنجی دەدا، دکتۆر (یانۆفسکی) نووسیوێتی:

لە قسەکانی نێوان من و دۆستۆڤسکی لە نێوان (١٨٤٦– ١٨٤٩) قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان گوێم لێی نەبوو باسی خۆشەویستی و دڵداری بکات، تەنانەت باسی ئەوەشی نەکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزی لەژنێک کردبێت، ئەوەی خۆشیشی ئەویست باسی ناکات، ڕقی لەژنانی دیکەش بوو، هەموو هەینیەکیش ئەچوو بۆ ماڵی (ئال بانابیڤ) لەوێ چاوی بە (ئەنانکۆڤ)ی ماستاوچی دەکەوت کە بەردەوام هاوڕا بوو لەگەڵ هەر کەسێک قسەی لەگەڵدا بکردایە، جگە لە ئەنانکۆف (سۆلۆگۆب) بەچاویلکە یەک چاوییەکەیەوە و (تۆرگینیڤ)ی ڕەزا قوورسیش لەوێ دەبوون، بەمانایەکی دیکە هەموو

هەواڵنامەی کتێب

نەیارەکانی دۆستۆڤسکی و ئەڵقەی ڕۆژنامەی (ساڵنامەی نیشتیمان) لەوێ دەبوون.

سەرلەنوێ ئازاری دەچەشت، تووڕە دەبوو، قسەی بێسەر و بەری دەکرد، ئەم ساڵۆن و ئەو ساڵۆنی دەکرد.

ڕۆژێک خێزانی (بانایێڤ) بینی بەڕاکردن لە نووسینگەکەی (نیکراسکۆف)ەوە دەردەچوو، ڕەنگ زەرد، توانای نییە قۆڵی لە پاڵتۆکەی هەڵکێشێت کە خزمەتکارەکە بۆی گرتبوو، پاڵتۆکەی لە دەست خزمەتکارەکە ڕاکێشا و بەخێرایی لە پەیژەکەوە هاتە خوارەوە، چوومە ژوورەوە، (نیکراسۆڤ) بەتووڕەییەوە وتی دۆستۆڤسکی شێت بووە.

(باڤلۆڤسکی) لای خۆیەوە دەڵێت، ئێوارانێک لە ماڵی (تۆرگینیڤ) من و ئۆگاریف و بلینسکی و هێرزین یاری کاغەزمان دەکرد، یەکێکان نووکتەیەیەکی گێڕایەوە، هەموو دامان لە قاقای پێکەنیین، لەو چرکە ساتەدا، دۆستۆڤسکی هات بەسەر پێکەنیینەکەدا، تەماشای دانیشتوانی کرد و بەخێرایی گەڕایە دواوە، دوای سەعاتێک (تۆرگینیڤ) دەرچووە بەرهەیوانەکە، دۆستۆڤسکی بینی بەهەموو لایەکدا دێت و دەڕوات، ڕەنگی تێکچوو بوو، ڕاڕا بوو، سەرەڕای سەرماکە سەری ڕووت کرد بوو، پرسیم دۆستۆڤسکی چیتە؟

ئەی خوایە قەت پێم تەحەموول ناکرێت، بۆ هەرکوێیەک بچم گاڵتەم پێبکەن، بەچاوی خۆم بینیم کە منتان بینی داتان لە قاقای پێکەنیین، لە هەموو شوێنێکدا بیانبینیایە پێی پێدەکەنین، نەیدەزانی بەچی پێدەکەنن، ئەی نابێت ڕێز لە شارەزایی و داهێنان و لێهاتوییەکەی بگرن، ئاە ئەگەر هەژاران لە دەزگای چاودێری (ڕقابە) دەرچێت و بڵاوبێتەوە، دەمی ئەم تەیرە زەرەر بەخشانەم پێدەگرت.

لە (١٥/کانوونی دووەم/١٨٤٦) ڕۆمانی هەژاران لە (ڕۆژنامەی گرووپی سان پترسبۆرگ) بڵاوکرایەوە، (بلینسکی) بەپەلە لە بڵاوکراوەی (ساڵنامەی نیشتیمان) شیکاریەکی وردی بۆ ڕۆمانی هەژاران کرد وەسف و سەنا و پیاهەڵدانێکی بێوێنەی بۆ کرد و لە شوێنێکدا دەڵێت بەسەر ڕووحی خوێنەردا دەڕوات، لە گرمەی فرمێسک باراندا زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوت، چ هونەر و توانایەکی سەیرە، بەڵام نووسەرەکانی تر خۆیان لێنەدا.

دۆستۆڤسکی نامەیەکی بۆ میشێل نووسی: لە (١٥)ی ئەم مانگەدا هەژاران بڵاوکرایەوە، ئەگەر بزانیت، بە چ جنێو بارانێک لە هەموو شوێنێکدا پێشوازی لێکرا، لە ڕۆژنامەی (ئەلستراسێون) ئەوەی خوێندمەوە جگە لە جنێو هیچ ڕەخنەیەکی پێوە دیار نەبوو، لە گۆڤاری (نحلة الشمال) تەنها شەیتان دەزانێت چیان دەربارەم نووسیوە! بەڵام سەرەتاکانی (گۆگۆڵ) ئەزانم چۆن بوو و هەمووشمان دەزانیین چۆن پێشوازی لە (پۆشکین) کرا. هەمان جەماوەرە کە ( ڕاپەڕی و هۆشی لە دەستدا).

دۆستۆڤسکی لە درێژەی نامەکەیدا بۆ میشێلی برای دەڵێت (سێ بەشی خوێنەران ڕۆژانە لەناو چڵپاو و لیتاودا پەلکێشم دەکەن، بەشەکەی تریش و کەمتریش، بەگەرمی پێشوازی لە ڕۆمانەکەم و خۆم دەکەن، ڕۆمانەکەم دەمەتەقێ و موناقشەیەکی گەرم و ترسناکی ناوەتەوە، جنێوم

پێدەدەن.. جنێوم پێدەدەن، سەرەڕای ئەوەش ڕۆمانەکەم دەخوێندرێتەوە، ئـاه چ ئێسقانێکم بۆیان فـڕێـداوە، بابیکرێننەوە، کەواتا ئەم گەمژانە، کار بۆ بەرزکرنەوەی ناوبانگم دەکـەن، لە بەرامبەردا چ پیاهەڵدان و مەدح و سەنایەکم گوێ لێ دەبێت، برای بەڕێزم، هاوڕێکانم و تەنانەت (بلینسکی)یش لە سەرووی (گۆگۆڵ)ەوە دامدەنێن، بەکانییەکی ڕوون و سەرچاوەیەکی ڕەسەنم دادەنێن، بەو مانایەی من میتۆدی شیکاری دەگرمە بەر لە نووسینەکانمدا، نەک میتۆدی (تەرکیب) بەیەکەوە نان، ئەمەش مانای وایە من بەرەو قوڵایی دەڕۆم، کاتێکیش (گەردیلەکان) لەبەریەک هەڵدەوەشێنمەوە، هەموو (هەبووەکان) بەجارێک کەشف دەکەم، بەڵام (گۆگۆڵ) هەموو (هەبووەکان) وەک خۆی وەک ئەوەی هەیە وەردەگرێت، بۆیە لەمن کەمتر لە قوڵایی دەدات.

چەنێک ئـەوە ئاسانە! ئائەوە دۆستۆڤسکیە ورەی بـەرزبـووەتـەوە، شوێن و مەکانەتی بـەرز بووەتەوە، پیاهەڵدان و ستایش کردن و ڕەخنە گرتن هەمووی ڕووی لە دۆستۆڤسکیە. ڕۆمانەکەی خەریکە هاوڕێکانی و دووژمنەکانی لەیەک جودادەکاتەوە لە گۆڕەپانێکی پان و بەریندا و دەیانکاتە دوو یەکەی سەربازی دژ بەیەک، تەقە کردنی نێوانیشیان لە ئارادایە، ئاە! چ جەنگێکی جوان و قەشەنگە.

مامۆستا حەمە کەریم عارف، لە پێشەکی وەرگێڕانی ڕۆمانی هەژاراندا بۆ سەر زمانی کوردی نووسیویەتی، دۆستۆڤسکی (١٨٢١–١٨٨١) بەبۆچوونی ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئـەدەب، یەکێکە لە ڕۆماننووسە هەرە مەزنەکانی ڕوسـیـای سـەدەی نـۆزدەیـەم و زۆربـەی بەرهەمەکانی هەتا ڕۆژگـاری ئەمڕۆش هەر بە تازەیی ماونەتەوە و کۆن نەبوون.

واتـە بەرهەمی دۆستۆڤسکی بەشێکە لە کەلەپوری ئەدبیاتی جیهانی و بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکان وەرگێڕدراوە، ئەگەرچی کورد زۆر بەدرەنگەوە ئاوڕیان لەو کەڵە نووسەرە داوەتەوە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا هەندێ لە شاکارەکانی کراون بەکوردی کە جێگەی قەدرزانی و دەست خۆشییە. بەندەش والێرەدا یەکەمین نۆبەرەی ڕۆمانەکانی دۆستۆڤسکیم، کورتە ڕۆمانی (هەژاران– ١٨٤٥) دەکەم بەدیاری دەست و پێشکەش بەکتێبخانەی هەژاری کوردی دەکەم و لەوەش دڵنیام کە دیاری دەستی شوانە، دیاری شوانیش یان شەنگە یان ئاڵەکۆک.

دۆستۆڤسکی ئەم ڕۆمانەی لە تەمەنی بیست و چوار و بیست و پێنج ساڵیدا نووسیوە و شۆرەت نێوبانگێکی خێرای پێدەرکردووە و بەنیشانەیەکی یەکجار گەورەی بەهرە و سەلیقەی ئەدەبی ئەو هاتووەتە ژماردن.. هەر لە هەمان ساڵدا ڕۆمانی (سێبەر)یشی بڵاوکردووەتەوە، لەوێدا لەو تیمە و نێوەرۆکانەی خستووەتە ڕوو کە پاشان لە شاکارەکانی (تاوان و سزا، برایانی کارامزۆف) دا هونەریانەتر مامەڵەی لەتەکدا کردووە، واتا مەسەلەی کێشە و هەڤدژی نێوان خێر و شەڕی هونەراندووە کە ئەم بیرۆکەیە باڵی بەسەر دۆستۆڤسکیدا کێشاوە و بووە بەتانوپۆ

و کری (نسیج) دەروونی و ڕووحی قارەمانانی ڕۆمانەکانی. واتە دۆستۆڤسکی باوەڕی تەواوی بەوە بوو کە مرۆڤ پێویستی بەپەشیمانی و تۆبە و گەڕانەوەیە، قەناعەتی وابوو کە ئازار و عەزاب و کول و کۆڤان مایەی ڕزگاری و ئاسوودەییە. بەلای زۆربەی ڕەخنەگران و باسکارانەوە ئەم بیرۆکەیە بەسەر نووسینەکانی دۆستۆڤسکی و قارەمانان و کاراکتەرانی ڕۆمانەکانیدا زاڵە و بەمەش ڕەنگی چەمکی ئاینی ڕۆمانەکانی خۆی ڕشتووە. ئەوەی لە بەرهەمەکانی ئەم کەڵە ئەدیبە دەر دەکەوێت، بەتایبەتی لە ڕۆمانی (تاوان و سزا)دا ئەوەیە کە زۆر کارامە و لێهاتووانە وێنەی ژیانی دەروونی تاوانباری گرتووە، جەختێکی فرەی لەسەر بەرجەستە کردنی لایەنە سایکۆلۆژیەکانی تاوان و تاوانباری کردووەتەوە، لایەنە هەڤدژەکانی ناخ و خودی مرۆڤی بەجۆرێک هونەراندووە کە شارەزایی لە مەسەلە سایکۆلۆژیەکان مەرجە بۆ تێگەییشتنی کارە ئەدەبیەکانی دۆستۆڤسکی. لەم ڕووەوە زۆر کەس ئەم کەڵە نووسەرە لە ڕیزی زانا گەورەکانی دەروونناسی دادەنێن، بۆیە دۆستۆڤسکی تەنیا بەخەڵکی سەدەی نۆزدەیەم نایەتە ژماردن، بەڵکو بەزەبری کارە ئەدەبییەکانی سنووری جوگرافیا و مێژوو، ئاقاری شوێنکاتی بەزاندووە و لە ئەمرۆشدا دەژی دۆستۆڤسکی لە سەرەتای لاویدا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی سیاسی، خودان بیروباوەڕ و کەڵکەڵە و خولیای خەیاڵاوی تۆباویدا پەیدا کرد، دەسەڵاتی تزاری پێیانی زانی و دەست گیری کردن.


دۆستۆڤسکی درایە دادگا و حوکمی خەنەقاندن درا، پاشان بەخشینی تزاری بۆ دەرچوو، ڕەوانەی تاراوگەی سیبریا کرا، پێنج دانە ساڵی بەدەم کاری قورسەوە لەوێندەر بەسەر برد. لە ساڵی ١٨٥٩دا لێخۆش بوونی بۆ دەرکرا.. بەڵام ئەو گیانی یاخیگەرییەی کە تیای بوو، هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەندێ کەم بووەوە، وەکو شەقڵ و مۆرکی کاراکتەر و قارەمانانی ڕۆمانەکانی هەر مایەوە، بۆیە بۆ خوێندنەوە و تێگەییشتنی مەودای بەرهەمەکانی، ڕەچاوکردنی ئەم شەقڵی یاخیگەرییە پێویستە..

بەهەرحاڵ ئەم کەڵە ڕۆماننووسە بەشێوەیەکی یەکجار سەیر، خۆی بەقوڵایی ناخ و دەروونی بەشەردا کردووە و هەموو ناکۆکی و هەڤدژییەکانی ناخ و دەروونی بەشەری ئاشکرا کردووە و دۆزیوەتەوە. ئەوتا نیچە لە شوێنێکدا دەڵێت ((دۆستۆڤسکی تاقە دەروونناسە کە شتێکی لێوە فێر بووم)) یان ستیڤان تسفایگ، ڕۆماننووسی نەمساوی دەڵێت ((یەکەم کەسە بیرۆکەیەکی لەمەڕ ئەو خەڵکانە داینێ کە ئێمەین)) یانی یەکەم کەسە هەوڵیداوە خۆمان بەخۆمان بناسێنێت.

هەروەها مامۆستا حەمە کەریم عارف دەڵێت: دۆستۆڤسکی بەیەکێک لە پێشەنگەکانی ڕۆمانی کلاسیکی ڕوسی دەژمێردرێت. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە کاریگەریی ئەزموونی ڕۆمانەوانی ڕۆماننووسان پوشکین و گۆگۆلی بەسەرەوە بووە، هەروەها گەلێک لە باسکەرانی ئەدەبی ئاماژەیان بۆ کاریگەریی ڕۆمانەکانی بالزاک

و جۆرج ساند وڤیکتۆرهۆگۆ و دیگنز بەسەر ڕۆمانەکانی دۆستۆڤسکییەوە کردووە. دۆستۆڤسکی لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە هاتووەتە مەیدانی ئەدەبییەوە و لەیەکەم ڕۆمانیەوە (هەژاران–١٨٤٥) هەوڵیداوە لە ڕێبازی گۆگۆلی مامۆستای دوور بکەوێتەوە و پەیڕەوی میتۆدێکی تازەی هونەری بکات، بۆیە زیاتر باری دەروونی و سایکۆلۆجی قارەمانەکانی بەهەند وەرگرتووە و ویستویەتی لەو ڕێگەیەوە وێنەیەکی هونەریی واقیع و ژیانی باوی وەخت پیشان بدات.

ژیانی هەژارانی شارنشین، لە کارە ڕۆمانەوانیەکانی دۆسۆڤسکیدا یەجگار زاڵە و ئەم تیمەیە بووە نێوەرۆک و مایە و ماک و هەوێنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانەکانی کە یەکێکیان ئەم ڕۆمانەیە (هەژاران) جا دۆستۆڤسکی نەهاتووە تەنیا ئەو تابلۆ و دیمەن وێنانەمان پێشکەش بکات کە هەژاری و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی هەژار



پیشان دەدەن، بەڵکو بایەخێکی پتری بەوینەگرتنی جیهانی رووحی و دەروونی و ئەخلاقی هەژاران داوە کە هەڤبەند و هاوپەیوەندی بوونی مادیانە. واتە گرفت وکێشە ئەخلاقی وسایکۆلۆژیەکانەوە بەرجەستە دەبێت. دیارە جیهانی ناوەوەی هەژارانی دۆستۆڤسکی، جیهانێکی یەجگار ئاڵۆز و دژوارە، کۆکەرەوەی هەڤدژەکانە.. بەکورتی دۆستۆڤسکی جۆرە ڕۆمانێکی تازەی داهێنا کە پاشان نێوی ڕۆمانی تراجیدی لێنرا، ئەمە زێدە باری ئەوەی کە یەکێک بوو لە پێشەنگانی ڕۆمانی سایکۆلۆژی و ڕۆمانی فرەدەنگ، دۆستۆڤسکی لە کارەکانیدا کۆمەڵێک خەسڵەتی هزری و هونەری خۆی هەبوو کە زیاتر لە هەردوو ڕۆمانی (تاوان و سزا) و (برایانی کارامازۆف)دا بەرجەستە و دیارن. (ماموستا حەمەکەریم عارف، پێشەکی وەرگێڕانی ڕۆمانی هەژاران لاپەرە (٩-١٤) چاپی دووەم.

دۆستۆڤسکی پێش بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی هەژاران، نووسینی دووەم ڕۆمانی (سێبەر، یان ئەلبەدیل)ی دەست پێکردبوو، نامەکانی بۆ براکەی ئاماژەی زۆری ڕۆمانە تازەکەی تێدایە، (ئایاکۆڤ پیترۆڤیچ گۆڵیادگین) کارەکتەری سەرەکی و قارەمانی ڕۆمانەکەی بەڕەڵایەکی ڕاستەقینەیە، کەس نازانێت چۆن بیگرێت یان مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لە نامەیەکدا بۆ میشێل دەڵێت (گۆڵیادگین) دەقات لە هەژاران بەپێزتر و بەهێزترە، هاوڕێکانم دەڵێن هاوتای نییە و لەدوای ڕۆمانی (ڕووحە مردووەکانەوە) کەس ڕۆمانی وای لە ڕوسیادا نەنووسیوە.

بەڵی لە ڕاستیدا ئەو بەشانەی ڕۆمانی (بەدیل) کە تەواو ببوو، خوێندیانەوە و کاریگەری زۆری بەسەریانەوە بەجێهێشت.

(گریگۆرۆڤیچ) ئەگێڕێتەوە و دەڵێت (بلینسکی) بەرانبەر دۆستۆڤسکی دانیشتبوو، بەوردی گوێی لە دۆستۆڤسکی گرتبوو، ئەو بەشانەی ڕۆمانە تازەکەی دەخوێندەوە کە تەواوی کردبوو، (بیلنسکی) بەجۆرێک گوێی لە دۆستۆڤسکی دەگرت، یەک وشەی تێنەدەپەڕاند و یەک قسەی نەدەکرد، هەندێک جاریش نەیدەتوانی سەرسووڕمانی خۆی بشارێتەوە و دەهاتە قسە و دەیووت و دەیوتەوە (دۆستۆڤسکی نهێنییە دەروونییەکانی بەشەریەت بووردی و سەلیقە و شارەزایی و لێهاتوویی ئاشکرا دەکات).

تاوەکو ساڵی (١٨٧٧) لەگەڵ دانپێدانانی بەهەندێک لاوازی لە ڕۆمانەکەیدا، هێشتا هەر دەینووسی، (بیرۆکەی ڕۆمانەکە جوانە، من بەدرێژای تەمەنم بیرۆکەی واترسناکم نەخستۆتە ڕوو، فەرموون لەگەڵ بیرۆکەیەکی ڕۆمانەکە). (گۆلیادکینی فەرمانبەر کەسێکی سادە و ساکار و بەسەزمان و گەمژە بێ ئیرادە و بێ بەهایە و هەژارێکی لە برسا مردووی شەرمنۆکە، ڕۆژێک لەگەڵ سێبەرەکەی (بەدیلەکەی) خۆی دەگەن بەیەک.

(گۆلیادکین Golyadkin) بەتەواوەتی میوانەکەی شەوی ناسی کە (گۆلیادکین)ی سێبەرێتی، لە هەموو شتێکدا لەیەک دەچوون، لە ڕەنگ و شێوەدا بچووکترین جیاوازیان نەبوو، بەهەموو مانایەک (بەدیل) یان هاوشێوەی یەکتری

بوون، هاوشێوەکە (ئینتهازی، هاروهاج، فێڵباز، شەڕانی، (گۆلیادکین)ی ڕاستەقینەش، گێل، شەریف، (گۆلیادکین)ی شەڕانی، بەخێرایی دەستیگرت بەسەر شوناسی (گۆلیادکین)ی فەرمانبەر و پەیوەندیەکانی کۆنترۆڵ کرد ناشرینی کرد لەلای بەرپرسەکانی و جێگەی گرتەوە، ئەوی ڕەتکردەوە و کردیە سێبەرێکی ترسناک، ئەم دووانە پێکەوە ناژێن، بەهێزەکەیان بێهێز و (گۆلیادکین)ی پیاوچاک دەکوژێت و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، لە شیکاری دەروون ناسیدا بەمە ئەوترێت(شیزۆفرینیا) لەتبوونی کەسێتی.

ئەم ڕۆمانە دوور و درێژە ناونیشانی قەسیدەیەکی خۆیەتی، ئەبوایە وەک دانپیانان باسی بکردبایە کە بەڕاستی دانپیانانە، هاوچەرخەکانی نەیانتوانی لە پشتی حیکایەتی (هۆڤمان)ی نووسەر و ئاوازدانەری ئەڵمانی (گێنست) کە تەنزی تێکەڵ بەخەیاڵ و سرووشت کردووە، ئاشکرا بکەن.

(گۆلیادکین) پەنابەر و دەربەدەری هەتاهەتایی و نامۆی هەتاهەتایی، کەس نایەوێت و کەس حەزی پێناکات ((من تەنهام و ئەوان زۆرن)).

ئەم بەسەزمانە ئەڕوات بۆ ساڵۆنەکەی (ئەندریە فیلییۆفیتش) لەوێش هەموویان دژایەتی دەکەن، هەست دەکات چاوەکان لەسەر ئەون و گاڵتەی پێدەکەن، هەوڵدەدات پاساو بۆ کارەکانی بێنێتەوە و بوونی خۆی بسەپێنێت، بەڵام دەشەڵەژێت و هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدات و تێکدەچێت و تووڕە دەبێت، دەیەوێت بڕوات و ئەوی جێبهێڵێت، ناتوانێت بڕیاری یەکلایکەرەوە بدات و بڕوات، ئایا ئەمە خودی نووسەر نییە لە ناوەندە ئەدەبیەکاندا؟

کاتێک (گۆلیادکین) بەشێوەیەکی فراوان ئیهانە کرا و کاتێک لەو ماڵە چراخانە هەڵات، بۆ ئەوەی بەدرێژای شۆستەکە بەکەناری ڕووبارەکەدا ڕابکات (ڕاکردن لە دەست دوژمنەکانی، بۆئەوەی لە ئەشکەنجەکانیان ڕزگاری بێت و خۆی لە هەموو بزمار تێگرتنێک قووتار بکات، ئایا ئێمە لەم حاڵەدا، بیر لە دۆستۆڤسکی ناکەینەوە؟ ئایا ئەو شەوە ترسناک و شێدار و تەمومژاوییەمان نایەتەوە یاد کە بەفر و باران تووشی لەرزوتا و نەخۆشی تەنگەنەفسی کرد؟

بەڵێ ئەو گەڕانەوە زەلیلیانەیەی (گۆلیادکین) بۆی دەگەڕێتەوە، کاتێک بەئاسوودەیەوە دەچێتە ژوورە تاریکەکەیەوە، دوای سەماکردن و ئاهەنگ گێڕان، تێکچوونی (گۆلیادکین) لەکاتی بینینی (کلارا ئۆلسۆفیفنا) هەمان هەڵچوون و تێکچوونی دۆستۆڤسکی نیە بەرامبەر (لاسینیافینا و بانایيف)، ئەی ڕەنگ زەردی و شەڵەژاوی و دڵەڕاوکێی (گۆلیادکین)، ئەی ئەوی دیکە (گۆلیادکین)ی ساختە و تەزویر، ئەی چی هەیە سەبارەت بەو (دەست درێکەرە) وەک دۆستۆڤسکی ئاوها ناوی دەبات؟

(ئـێ )، جـوانـە! ئـەوە دۆستۆڤسکیە، دۆستۆڤسکی سەرکەوتوو، دۆستۆڤسکی کۆمەڵایەتی کە بەدوای مەدح و سەنا و هاوڕێیەتیدا دەگەڕێت و خەبات دژی سرووشتی خۆی دەکات و دوالیزمی خۆی دەچەسپێنێ.

هەواڵنامەی کتێب




لەلایەک (فیدۆر میخائیلۆڤیچ)ی ڕاستەقینەی سادە و تووڕە و غەمبار، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو (فیدۆر میخائیلۆڤتچ)ی سەرکەوتن تووشی گەندەڵی دەکات و لەخۆی بایی دەبێت و بەئارەزووی خۆی هێرش دەبات، (فیدۆر)ی ڕاستەقینە ڕقی لە جێگرەوە (بەدیلە)کەیتی و واهەست دەکات هاوشێوەکەی جێگەکەی دەگرێتەوە و بەکۆیلەی دەکات.

ترسی لەو سیحر و جوانییەیە کە بەدەستهێنانی ئاسانە و ترسی ئەوەی هەیە خۆی بداتە دەست ئەو کەسانەوە کە بەزەیی و ڕەحم بەکەس ناکەن، لەوەش زۆر دەترسێت ئەوە نەبێت کە هەیە، کاتێکیش (گۆلیادکین)ی ڕاستەقینە ون دەبێت، لەگەڵیدا گوێی لە دەنگی هاواری توندی نامرۆڤانەی دووژمنەکانی دەبێت و هاوشێوە ترسناکەکەشی تاکە سوارەی هەڵوێستەکانە.

لە ڕاستیدا بیرۆکەی (بەدیل) یان سێبەر، یان دوالیزم، بەدرێژایی تەمەنی دۆستۆڤسکی ئەو (ئیزدیواجیەتەی) لەگەڵ بوو، سزای تاوانبار لەپێش هەمووشتێکدا دوالیزمی دووانەییە، هاوشێوە دەردەکەوێت، هەمان کەسایەتیە ڕاستەقینەکەیە بەشێوەیەکی کاریکاتێری و لەهەمان کاتدا ترسناک وێنەیەکی شێواو، دەمووچاوێکی ئاوساو و پڕ لەزیپکە و برین، هەرەسهێنان بەسیمایەوە دیارە، ئاماژە دەروونیەکانی قێزەوەن و شەڕانیە.

دۆستۆڤسکی پێش بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی هەژاران، نووسینی دووەم ڕۆمانی (سێبەر، یان ئەلبەدیل)ی دەست پێکردبوو، نامەکانی بۆ براکەی ئاماژەی زۆری ڕۆمانە تازەکەی تێدایە، (ئایاکۆڤ پیترۆڤیچ گۆڵیادگین) کارەکتەری سەرەکی و قارەمانی ڕۆمانەکەی بەرەڵایەکی ڕاستەقینەیە، کەس نازانێت چۆن بیگرێت یان مامەڵەی لەگەڵدا بکات



# چیخۆف و کورتە چیرۆک



موعتەسەم ساڵەیی

کاتێک قوتابیی قۆناخی ناوەندی بووین، بەبێ پلان و نەخشەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەرتوکی جۆراوجۆرمان دەخوێندەوە، چیمان دەست بکەوتایە دەمانخوێندەوە، کەس نەبوو دەستمان بگرێت و ڕێنماییمان بکات و ڕێگای ڕۆشنبیریمان بۆ دەستنیشان بکات، بەزانین و نەزانینی خۆمان دەستمان بە خوێندنەوەی گەلێک پەرتوک و ڕۆمان و چیرۆک دەکرد، لەو پەرتوکانەی کە دەمانخوێندنەوە زۆرێکی بێ سوود بوون، بەشێکی زۆر کەمیشیان مایەی ڕەزامەندی بوون، بەڵام لەقۆناخی ئامادەییدا بەڕێکەوت دوو نووسەرم دۆزیەوە، بەپەرۆشەوە دەستم بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان کرد، لەپێشدا هەروەکو نووسەرانی تر دەمڕوانیە ناوەکانیان کە بە بەرگی کتێبەکانیانەوە نووسرابوون، بەڵام دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو دوو نووسەرە، هەستم کرد کە گەنجینەیەکی بەنرخم دۆزیوەتەوە، ناوی ئەو دوو نووسەرەیش مەکسیم گۆرکی و ئەنتوان چیخۆف بوون.

بە تامەزرۆییەوە دەستم بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان کرد، تەنانەت گەر لە گۆڤارێکدا باسێکی بچووکیشم دەربارەی ئەو دوو نووسەرە بەرچاو بکەوتایە، وەکو باسێکی زۆر گرنگ بەزووترین کات دەمخوێندەوە. دوای ئەوەی ڕێ و شوێنی کتێبی زیاترمان دۆزییەوە، بە شێوەیەکی ڕێک و پێکتر لەجاران لەگەڵ خوێندنەوەیاندا خۆم خەریک دەکرد، دوا بەدوای ئەوەیش بەرهەمی چەند





نووسەرێکی دیکەی جامخانەی کتێبخانەکانیان داگیر کرد، وەکو دوستۆیڤسکی و تۆلستۆی و نووسینەکانی جان پۆل سارتر و ئەلبێر کامۆ و کۆلن ویلسون و گەلێکی تر.. بەپەرۆشەوە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانەیشمان دەقۆستەوە.

با بێینە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان کە دەربارەی لایەنێکی ژیان و کورتە چیرۆکەکانی نووسەری ڕووسی ئەنتوان پاڤلۆڤ چیخۆفە.

دەتوانین بڵێین ئەم نووسەرە بەناوبانگە ڕووسییە، ئاوێنەیەکی بێ گەردی سەردەمەکەی خۆیەتی. چیخۆف لەڕێگای توانا و بەهرەیەوە، توانی پەردە لەسەر هەموو درۆ و دەلەسە و دەڵەچەیی و چەوتی و ناڕێکیەک هەڵبماڵێت و هەموو ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵ بخاتەڕوو، شتێکی ئاسایی بوو گەر سەرگوزەشتەی ژیانی هەژاران و بێ نەوایان و لێ قەوماوان، بابەتی سەرەکیی چیرۆکەکانی نووسەر بێت، چیخۆف لەساڵی ١٨٦٠دا لەشاری تاگانرۆگدا، لە خێزانێکی هەژاردا لەدایک بووە و چاوی بۆ دەورو بەرە ناهەموارەکەی هەڵهێناوە، پەروەردە بوونی چیخۆف لە بنەماڵەیەکی ئاوەها هەژاردا، بەسبوو بۆئەوەی هەست بەگێرمە و کێشەی چینە هەژارەکان بکات، لە دواییشدا ژیانی سەختیان لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، گەر بۆ پێش لەدایک بوونی چیخۆف بگەڕێینە دواوە، بۆمان دەردەکەوێت باپیری لەکاتی خۆیدا کۆیلەی زەوی بووە، توانیویەتی خۆی و خێزانەکەی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکات، چیخۆف یەکێک بوو لەنێو شەش منداڵدا، قۆناخی منداڵیی زۆر بەسەختی و دژواری بردەسەر، ناچار بوو هەموو ڕۆژێک لەدوکانە بچووکەکەیاندا بۆماوەی چەند سەعاتێک ئیش بکات. هەر لەمنداڵییەوە حەزی بە خوێندنەوە و نووسین دەکرد، لەسەرەتادا دەستی کرد بە نووسینی کورتە چیرۆکی کۆمیدی و باس و خواسی پێکەنیناوی. گەلێ بابەتی تری لەم بارەیەوە بۆ گۆڤارە گاڵتەجاڕیە هەرزان بابیەکان نووسی، بەهرە و توانای خۆی لە گاڵتەجاڕیدا خستە کار لەپێناوی بەچنگهێنانی پارەوپول بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانی.

چیخۆف لە بیست ساڵیدا، لەساڵی ١٨٨٠دا وەکو ئەستێرەیەکی گەش لەئاسمانی ئەدەبی ڕوسیدا هەڵهات، لەو کاتەدا لیڤ تۆلستۆی لەپەنجا و دوو ساڵیدا بوو، فیۆدۆر دوستۆیڤسکیش لەتەمەنی پەنجا و پێنج ساڵیدا بوو، وەکو ئاین پەروەرێکی مەسیحی ئێش و ئازارەکانی خەڵکی تۆمار دەکرد، تۆرگنیڤی نووسەریش تەمەنی خۆی لەشەست ساڵی دەدا، پۆشکین و گۆگۆڵیش سەرەڕای مردنیان هەمیشە لەدڵ و دەروونی خەڵکیدا دەژیان، لەهەمان کاتدا ئەپسن وەکو نووسەرێکی شانۆنامەی پایەبڵند لە ئەورووپادا، تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵی ڕەتدابوو، چیخۆف لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییدا، بەناوی ئەنتۆنا چیخۆفەوە چیرۆکەکانی بڵاو دەکردەوە.

بۆ تەواو کردنی خوێندنی چووە کۆلێجی پزیشکییەوە، پێنج ساڵی ڕەبەقی پڕ لەئێش و ئازاری بردەسەر، هەتا لەساڵی ١٨٨٤دا بەپلەی پزیشک لەکۆلێج دەرچوو. بێ وچانیش بەردەوام کورتە چیرۆکی دەنووسیەوە، دوای دەرچوونی کۆمەڵە چیرۆکی (چیرۆکە ڕەنگا و ڕەنگەکان) توانی سەرنجی خەڵکی خوێندەوار بۆلای خۆی ڕابکێشێت، لەو ساڵەیشدا چوو بۆ شاری بترسبۆرگ و لەو شارەدا چاوی بەئەلیکسی سۆفۆرینی خاوەنی ڕۆژنامەی کاتی تازە کەوت، ئەویش داوای لە نووسەری تازە پێگەیشتوو کرد و هانیدا بۆئەوەی چیرۆکی درێژتر بنووسێتەوە، دووەم کۆمەڵە چیرۆکی لەساڵی ١٨٨٨دا لەژێر ناوونیشانی لەبەرەبەیاندا بڵاوکردەوە، لەو ساڵەیشدا خەڵاتی پۆشکینی بەدەستهێنا. کاتێک چیرۆکی پێ دەشتی بڵاوکردەوە، بەئاشکرا ڕوون بووەوە کە نووسەرێکی ڕوسیی پایەبڵند سەریهەڵداوە.

دەتوانین بڵێین ئەم نووسەرەمان خاوەنی هیچ ئایدۆلۆژییەتێکی تایبەتی نەبووە، سەر بەهیچ پارتێکی ڕامیاریش نەبووە، بەڵام وەکو نووسەرێکی خاوەن ویژدان، هەردەم قەڵەمەکەی لە خزمەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بووە، لەساڵی ١٨٨٨دا بلیشییف دەربارەی چیرۆکی جەژنی لێبوردن (عید الشفیع) بۆ چیخۆف دەنووسێت و دەڵێت: گوێم لەگەڵێ کەس ڕاگرتووە، هەموو بەوەت تاوانبار دەکەن گوایە لایەنگریت و ڕەت کردنەوەیش لە بەرهەمەکانتدا بەدیناکرێن، هەندێک وای لێکدەدەنەوە، ئەمە لەوەوە هاتووە کە تۆ دەتەوێت لەسەرخۆ و بابەتی بیت، بەڵام هەندێکی تر بەوەی لێکدەدەنەوە کە لە کەمتەرخەمی و بێ



چیخۆف

دەتوانین بڵێین ئەم نووسەرە بەناوبانگە ڕووسییە، ئاوێنەیەکی بێ گەردی سەردەمەکەی خۆیەتی. چیخۆف لەڕێگای توانا و بەهرەیەوە، توانی پەردە لەسەر هەموو درۆ و دەلەسە و دەڵەچەیی و چەوتی و نارێکیەک هەڵبماڵێت و هەموو ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵ بخاتەڕوو



لایەنیتەوە سەرچاوە دەگرێت. چیخۆف وەڵام دەنووسێت و دەڵێت جارێک پێتان وتم گوایە چیرۆکەکانم لەدەنگ هەڵبڕینی نارەزایی بێ بەشن، هیچ لایەنگریی دڵسۆزی و ڕەت کردنەوەیەکیش بۆ شتەکانیان تێدا بەدی ناکرێن، بەڵام ئایا من لەسەرەتای چیرۆکەکەوە تاوەکو کۆتاییەکەی دژ بە درۆ و دەلەسە نەوەستاوم؟ ئەی گوایە ئەمە هەڵوێست و لایەنگری نییە؟(١)

لە چیرۆکەکانی چیخۆفدا هیچ فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییەتێک بەدی ناکرێن کە نووسەر بیەوێت بانگەشەیان بۆ بکات، بەڵام لەچەند لایەکدا پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی بیروباوەڕ و هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن، هەر وەکو ئەوەی بەزمانی نووسەرەوە بدوێن. لەچیرۆکی «المزمار ــ زوڕنادا (لۆکا بیدنی) و (میلیتۆن شیشکین) لەتەنیشتی دارستانێکدا بەیەک دەگەن، دەکەونە گفتوگۆ دەربارەی سروشت و بارودۆخی گەل بەگشتی و جووتیاران بەتایبەتی، بەو ئاکامە دڵتەزێنە دەگەن کە دارستانەکان دەسووتێندرێن و دارەکانیش دەبڕدرێنەوە، جۆگەلەی ئاوەکانیش وشک دەکەن و ماسییەکانی لەنێو دەچن، ئاستی بەرهەمیش ڕۆژ بەڕۆژ لەنزم بوونەوەدان، گەلیش زۆر لاواز بووە و باری ژیانی نەگۆڕاوە، بیروباوەڕ و هەڵوێستی لۆکا بیدنیی شوان لەوەوە هەڵناقوڵێت کە هیچ ڕووناکیەک بەدی ناکرێت، بەڵکو خۆی لەژیاندا مرۆڤێکی گەلێک گەش بینە.

میلیتون دەڵێت: گەر جیهان لەناو دەچێت با زوو ڕووبدات! شوانەی پیر وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: گەر تاقە دارێک وشکی کرد، یاخود تاقە مانگایەک مرد زۆر دڵگران و نیگەران دەبین، جا چۆن مرۆڤی پاک بڕوانێتە سەرجەم جیهان کە بۆتە خۆڵەمێش؟ ئای کە چەند خێروبێر هەن ئەی خودایە ! خۆر و ئاسمان و دارستان و جۆگەلەکان و هەموو زیندەوەرەکان بۆئەوە هاتوونەتە کایەوە، هەتا یارمەتی یەکتر بدەن لە بوونیاندا پێکەوە، چیخۆف لەپێناوی ژیانێکی گەشتر و باشتردا بۆ کۆمەڵگاکەی هەوڵی دەدا، هیچ کاتێک هەڵوێستی لەگەڵ هەڵوێستی دوژمنانی گەلدا نەبووە. پاڵەوانی چیرۆکی تریێ ڕێوی، نووسەر بەوپەڕی نارەزاییەوە دەیهێنێتە گۆ و دەڵێت: بڕوانە ئەم ژیانە زۆردارەکان چەپەڵ و تەمبەڵن، لاوازەکانیش ئاژەڵ ئاسا نەزانن، هەژارییەکی زۆریش دەورەی داوین، وەکو تاریکی و ڕەوشت نزمی و ڕاهاتن لەسەر مەی خواردنەوە و دوو ڕوویی و درۆو دەلەسە... جگە لەمانەیش هێمنی و بێ دەنگی هەموو ماڵێک و هەموو شەقامێکی داگرتووە، لەنێو ئەو پەنجا هەزار مرۆڤەدا کە لەشاردا دەژین کەسێک هاواری نەکرد و یاخی نەبوو... سەربەستی چاکەیە، وەکو پێم وتن بەبێ شادی ناتوانین هەڵبکەین، هەروەکو چۆن بەبێ شنەی با ناتوانین بژین، دەبێت چاوەڕوان بین، بەڵێ، ئەمەم پێ وتن، بەڵام من دەپرسم: ئایا بەناوی چیەوە دەبێت چاوەڕوان بین؟ لە

هەواڵنامەی کتێب



کاتێکدا وزەیەک بۆ ژیان بەدی ناکرێت، سەرەڕای ئەمەیش ژیان پێویستە و دەمانەوێت بژین.

تێکڕای پاڵەوانەکانی چیخۆف هیچ فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت هەڵناگرن، جگە لەو هەستە ناسکەیان نەبێت بەرامبەر بەژیان و مرۆڤایەتی، بەرهەمەکانی نووسەر لەڕێبازی سروشتیەوە نزیکن زیاتر لەڕێبازی ڕیالیزمیەوە، گەرچی سنوورێکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو دوو ڕێبازەدا بەدی ناکرێت. (چیخۆف) وەکو هونەرمەندێکی کارامە، توانای هونەریی خۆی خستەکار بۆ دەربڕینی ژیانی پاڵەوانەکانی، بەو شێوەیەی کە هەن و بەدی دەکرێن. نوسەر لەژیانیدا هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژی نەبوو، ئەم هەڵوێستەی نووسەریش لەسەر هەڵس و کەوتی پاڵەوانەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆیە زۆرجار دەبینین پاڵەوانەکان دەستەوەستان بەبێ ویست و ئیرادەیەکی پتەو ڕووبەڕووی دەوروبەریان دەبنەوە، مەبەستی سەرەکیی نووسەریش ئەوەیە کەم و کوڕی و بارە ناهەموار و نالەبارەکان دەستنیشان بکات، بەخەڵکی بڵێت ئا ئەمەیە باری ژیانی ڕۆژانەتان.. بەڵام لای نووسەرێکی وەکو مەکسیم گۆرکی دەبینین بەشێوەیەکی جیاوازتر، ژیان و هەڵس و کەوتی خەڵکی دەخرێنە ڕوو، گەر پاڵەوانەکانی چیخۆف وەکو نووسەر خۆی هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەیان نەبێت، هەتا ڕووبەڕووی باری ناهەمواری کۆمەڵ ببنەوە، ئەوا لای نووسەرێکی وەکو گۆرکی بە پێچەوانەوە پاڵەوانەکانی وەکو نووسەر خۆی، خاوەنی هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەن و هەوڵی لەناوبردن و سەرنگوم کردنی ئەو بارە نائاساییە دەدەن، ئەویش لەڕێگای تێکۆشانێکی هەمیشەیی زۆر سەختەوە، «یەرمیلۆڤ»ی ڕەخنەگر لەم بارەیەوە دەڵێت:

گەر گۆرکی توانیبێتی بەزمانی نموونەیی هونەریەوە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە کێ پاڵەوانی سەردەمە، ئەوا بەپێچەوانەوە چیخۆف نا پاڵەوانی دەرخستووە کە نابێت جێ پێی هەڵبگیرێت، کۆمەڵێکی تەواوی لە نموونەی ناپاڵەوانی دروست کردووە (٢).

بەهەرحاڵ چیخۆف لەڕووی هونەرییەوە لەگۆرکی بەتواناترە. ڕۆژێکیان گۆرکی بەشێک لەشانۆگەری «ڤاسیلی بۆسلاییڤ» بۆ (چیخۆف)ی هاوەڵی دەخوێنێتەوە کە تیایدا هاتووە:

(ئای خۆزگە هێزێکی مەزنترم هەبوایە، هەتا بەهەناسەی گەرمم هەموو بەفرێکم



بتواندایەتەوە و هەموو زەویی جیهانیشم بکێڵایە، شار و پایەتەختم دابمەزراندایە و کڵێسەم دروست بکردایە و کێڵگەم ببووژاندایەتەوە، تاوەکو جیهانم دەکرد بەکیژێکی جوان و نەشمیلانە، ئەوسا وەکو بووک لەئامێزم دەگرت.. زەویم بەسینگەوە دەنووساند و هەڵمدەبڕی هەتا پێشکەش بەخوای بکەم و بڵێم ئەی خودایە، بڕوانە زەوی کە بەهۆی کۆششمەوە چەند قەشەنگ و جوانە، تۆ وەکو بەردێک فڕێتدایە ئاسمان، بەڵام من کردم بەگەوهەرێکی بەنرخ. تێی بڕوانە هەتا دڵت پڕ لەخۆشی بێت. چەند حەزم دەکرد پێشکەشتی بکەم بەڵام ناتوانم، لەبەرئەوەی لەلام لەوە خۆشەویستترە.

پاش ئەوەی گۆرکی لەخوێندنەوەی ئەو مۆنۆلۆژە دەبێتەوە، چیخۆڤ هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێت بڵێت مەزنە.. زۆر مەزنە و ڕاستی خوازانە و مرۆڤ دۆستانەیە، ئالێرەدا مانای فەلسەفی کۆدەبێتەوە، مرۆڤ ئەم جیهانەی دامەزراند و دەیکات بەشوێنێکی باش هەتا تێیدا بژێت. دووبارە گۆرکی- تازە پێگەیشتوو لەوکاتەدا- مۆنۆلۆژەکەی جارێکی تر بۆ دەخوێنێتەوە، چیخۆف ڕای خۆی بەرامبەر دەردەبڕێت و دەڵێت دوو دێڕی کۆتاییەکەی شتێکی ئەوتۆ نین، وەکو بزانم ئەمە جێیان نیە (٣).

چیخۆف لە نووسینەکانیدا حەزی بەدرێژدادڕی نەدەکرد و نەیدەویست مێشکی خوێنەر ماندوو بکات، لەنامەیەکیدا بۆ گۆرکی دەنووسێت:

(...تاکو بۆت دەکرێت ئاوەڵناوەکان و ڕاناوەکان بسڕەوە، لای تۆ زۆرن بەڕادەیەک بیری خوێنەر ناڕوون دەبێت و تووشی ماندوێتی دەبێت، کاتێک دەنووسم «کابراکە بەسەر گیاکەوە دانیشت»، لەبەرئەوەی بەڕوون و ڕەوانییەوە لێی تێدەگات... بەپێچەوانەی ئەمەوە، من

چیخۆڤ



نووسەر خاوەنی دڵودەروونێکی مرۆڤانە بوو، هەمیشە بەڕووی دەست کورت و بێ نەواکانەوە دەچوو، دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکردن، بەڕادەیەك ماڵەکەی وەکو ئوتێلی لێ هاتبوو، هەموو کات پڕبوو لە میوان و خەڵکی هەژارو دەست کورت، هەردەم نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە باری ناهەمواری ئەو سەردەمەی خۆیانی دەردەبڕی

تەم و مژاوی دەبم و مێشکی خوێنەر ماندوو دەکەم گەر نووسیم ـ لەسەر ئەو سەوزە گیایەی کە پێی خەڵکی هاتوچۆکەران پلیشاندبوویەوە، کابرایەکی زل و کەتە لێی دانیشت، سینگ تەسک و باڵا مام ناوەندی و ڕیش درێژبوو، بەبێ دەنگی دانیشت و بەچاوێکی پڕ لەشەرم و شکۆوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی...)(٤).

لە نووسینەکانیدا شتی قورس و بابەتی قەبە بەدی ناکرێن، بەڵکو زۆرجـار دەربـارەی شتێکی بچووک دەینووسی، مانایەکی قووڵی پێ دەبەخشی و سەرنجی خوێنەری ڕادەکێشا، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (کۆرلینکۆ) ی نووسەردا دەڵێت:

دەزانیت من چۆن چیرۆکەکانم دەنووسمەوە؟ بڕوانە! سەیری مێزەکەی دەکات، تەپڵە جگەرەیەک یەکەم شت دەبێت کە دەکەوێتە بەرچاوی، دەڵێت:

(ئایا دەتەوێت سبەی چیرۆکێکت بەناوی– تەپڵە جگەرەوە– پێشکەش بکەم؟)(٥).

نووسەر خاوەنی دڵودەروونێکی مرۆڤانە بوو، هەمیشە بەڕووی دەست کورت و بێ نەواکانەوە دەچوو، دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکردن، بەڕادەیەک ماڵەکەی وەکو ئوتێلی لێ هاتبوو، هەموو کات پڕبوو لە میوان و خەڵکی هەژارو دەست کورت، هەردەم نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە باری ناهەمواری ئەو سەردەمەی خۆیانی دەردەبڕی، مەکسیم گۆرکی دەگێڕێتەوە کە جارێکیان سکاڵای دڵی خۆی دەربارەی چەند لایەنێکی ئاستی ژیانی لادێیی بەم شێوەیە دەربڕیبوو:

(ئایا پێت ناخۆشە کە خەونەکانمت گوێ لێبێت؟ من حەز بەوتنیان دەکەم، خۆزگە ڕادەی پێویستی گوندی ڕوسیت بۆ مامۆستایانی سەرکەوتوو دەزانی، پێویستە زیرەک و ڕۆشنبیر بن! پێویستە لەسەرمان بەزووترین کات بارێکی تایبەتی گونجاو بۆ مامۆستایان بڕەخسێنین، مادامەکی دەزانین کە بەبێ بڵاوبوونەوەیەکی فراوانی خوێندەواری وڵاتمان دەڕووخێت، هەروەکو خانویەک کە خشتەکانی بەخاوی دروست کرابێت. بۆیە پێویستە مامۆستا ئەکتەر بێت، هونەرمەند بێت، حەز بەکارەکەی خۆی بکات، کەچی مامۆستاکانمان لەکەسانی نیمچە خوێندەوار پێکدێن، بۆ لادێ بۆ فێرکردنی منداڵان دەڕۆن، وەها هەست دەکەن کە دوور دەخرێنەوە، نێچیری خۆراکی خراپن، ماف خوراون، هەردەم لە ترسێکی هەمیشەییدا دەژین نەوەکو سەرچاوەی گوزەرانیان ببڕدرێت. مامۆستا دەبێت لەگوندا پیاوی یەکەم بێت، هەتا بتوانێت وەڵامی هەموو پرسیارەکانی جوتیارەکان بداتەوە..).

بەم شێوەیە چیخۆف باسی باری دەوروبەرەکەیان دەگێڕێتەوە و درێژەی پێدەدات و دەڵێت:

(مامۆستاکانمان لەساڵدا بۆماوەی هەشت یان نۆ مانگ وەکو خەڵوەتچی دەژین، کەسێک بەدی ناکەن هەتا قسەیان لەگەڵدا بکەن، بەهۆی دووره پەرێزی و گۆشەگیری و بێ



بەشی لەڕابواردن و پەرتوک تووشی گەمژەیی دەبن)(٦).

هەستی ناسکی نووسەر بەرامبەر بەئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگاکەی تەنها بەدەم نەبوو، بەڵکو هەڵوێست و سەرگوزەشتەی ژیانی، باشترین بەڵگە و نموونەن بۆ دەرخستنی دڵسۆزی نووسەر لەژیانیدا، کاتێک لەشارەکەیدا کتێبخانەیەکی گشتی کرایەوە، نزیکەی دوو هەزار پەرتوکی بەنرخ و بە بایەخی پێشکەش کرد، جگە لەوەی بەدرێژایی چواردە ساڵ پەرتوکی جۆرا و جۆری دەکڕی و ڕەوانەی دەکردن، کاتێک کە لەشاری (نیس) بوو، کۆمەڵێک پەرتوکی کلاسیکیی کڕی و ڕەوانەی شاری (تاگانرۆگ)ی کرد، لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆلێرە)دا وەکو پزیشکێک لە(زمستۆڤۆ) بەبێ پارەوپوول خزمەتگوزاری پێشکەش بەبیست و پێنج گوند دەکرد، لەکاتی گرانی و قاتوقڕیدا دەستی هەژارانی دەگرت، لەسەرژمێریە گەورەکەی ڕوسیادا بەشداری کرد، (ماریا) ی خوشکی گێڕاویەتیەوە، کە لەمەڵبەندی لادێییدا هەموو ساڵ چارەسەری نزیکەی هەزار نەخۆشی بێ بەرامبەر و پارەوپول دەکرد، ئەمە و جگە لەپێشکەش کردنی داودەرمان، لەنامەیەکیدا کە بۆ ژنەکەی ڕەوانە کردووە نووسیویەتی (ناتوانیت بڕوام پێبکەیت کە چۆن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پارەکانم لەنێو دەچن، هەرگیز ناتوانیت بڕوام پێبکەیت، دوێنێکە یەکێک داوای سەد ڕۆبلی لێ کردم، ئەمڕۆش یەکێک ئامادەبووماڵئاواییم لێکرد و دە ڕۆبلم پێی بەخشی، یەکێکی کەش سەد ڕۆبلی تری برد، گفتم بەکەسێک داوە سەدی کەی بدەمێ، کەسێکی سێهەمیش پەنجا.. بڕیاریش وایە سبەی هەموویان بدەم(٧).

لەساڵی ١٨٩٠دا بڕیاریدا، گەشتێک بۆ دورگەی سخالین بکات، بۆئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری باری ژیانی زیندانیە دورخراوەکان بێت، وەکو مرۆڤێکی هەستیار ویژدانی ئازاری دەدا و دەروونی بۆ ئەو لێقەوماوانە دەکوڵا، لەبەرئەو هۆیانە بڕیاری گەشتەکەیدا، لەپێش ڕۆیشتنیدا دەستی کرد بەخوێندنەوەی هەموو ئەو پەرتوک و باس و لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی ئەو دورگەیە نووسرابوون، لەناوچەی سیبیریادا دەستی کرد بەبڕینی هەزاران میل بەنێو بەفر و باران و تۆفدا، زۆرجار توشی سەرما و سۆڵەی ئەو ناوچەیە دەبوو، چەند جاریش ڕووبەڕووی مردن بووەوە، زۆر جاریش تووشی برسێتی دەبوو، سەرەڕای هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمە و نەخۆشیەی- ماوەیەکی زۆر بوو کە تووشی نەخۆشی سیل هاتبوو- بەبێ سڵەمینەوە هەموو ئەو ڕێگا دوور و درێژەی بڕی، جاری وەها هەبوو بەسواری خشکۆکە ڕێگای دەبڕی، جاری وایش هەبوو بەسواری ئەسپ، یاخود خۆی بەملی ئەسپەوە هەڵدەگژاند، جاری وەهایش هەبوو بەپیادە ڕێگەی دەبڕی، وەکو نوێنەرێکی فەرمی بەو گەشتەی هەڵنەستا، یاخود وەکو پەیامنێرێکی گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بەربڵاو ئەو کارەی نەکرد، بەڵکو دەستی بەو گەشتەی کرد وەکو مرۆڤێکی ئاسایی، وەها

هەواڵنامەی کتێب

ڕێک دەکەوێت کە ڕۆژێکیان لەگەڵ جەنەراڵێکدا دەستی کرد بەبڕینی ڕێگایەکی زۆر دوور و درێژ، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە تاکو ئەژنۆیان لەنێو ئاودا تەڕببوو، لەکاتی گەیشتنیان بەکەپرێک جەنراڵەکە پێخەفی باش و جل و بەرگی چاک بەچنگ دەهێنێت، (چیخۆڤ)یش بەو هەموو ماندوێتی و جل و بەرگە تەڕەوە لەسەر زەویەکە دەخەوێت. ئەم گەشتەی نووسەر پارەوپولێکی زۆری تێچوو، لەکاتی گەڕانەوەشیدا نەخۆشیەکەی سەریهەڵدایەوە و تووشی کۆکەیەکی توندوتیژ هات، لەئاکامی ئەم گەشتەیدا کتێبێکی بچووکی ئەتنۆگرافیای دەربارەی ئەو دورگەیە نووسیەوە، هەندێک وتیان نووسەر ئەو گەشتەی لەپێناوی چیرۆک نووسیندا بەجێهێنا، بەڵام هەرگیز وانەبوو، لەبەرئەوەی جگە لەو پەرتووکە بچووکە وەسفیەی بەولاوە تاقە چیرۆکێکی دەربارەی ئەم گەشتەی نەنووسیەوە.

هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن نووسەر لەژیانیدا مرۆڤێکی دڵ و دەروون پاک و بێ فیزبووە، هیچ کاتێکیش نەبینراوە بە لەخۆباییەوە لەگەڵ خەڵکیدا ڕەفتار بکات. تەنانەت لەبارەی ژیانی خۆیەوە هیچی نەنوسیوەتەوە، زۆر قینی دەهاتەوە کاتێک لەڕۆژنامەیەکدا شتێکی دەربارەی ژیانی ببینیبایە، گۆڤاری (تسیمیرنایای وێنەدار) لەشاری (پوتروس بۆرگ)دا، بە بەهرەداری پایە بڵند ناوی دەبات، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو نووسینە نامەیەکی ناڕەزایی بۆ سەرنووسەرەکەی دەنووسێت، تیایدا دەڵێت باشترین ناونیشان بۆ نووسەر، لەخۆبوردن و خۆ بەبچووک زانینە، کاتێک کە لەپاریس دەبێت (برنستام)ی پەیکەرتاش دەیەوێت وێنەیەکی بکێشێت بەڵام ڕێگای نادات. لەکاتی پرۆڤە کردنی شانۆگەریەکانیدا، لەسەر کورسیەک لەدوا دواوەی هۆڵی شانۆوە دادەنیشت، ڕۆژێکیان دوابەدوای پێشکەش کردنی شانۆگەرییەک، گۆڤارێک دەربارەی شانۆگەریەکە دەدوێت و ناوی بەشدار بووەکانیش دەنووسێت، ئەوەی قینی (چیخۆف)ی هەڵساند، ئەوەبوو ناوی (چیخۆف)ی دانەر بەخەتێکی زلتر نووسرابووەوە، هەردەم خۆی بەبچووکترین کەس دادەنا، لە نامەیەکیدا کە بۆ چایکۆڤسکی ناردووە تیایدا نووسیویەتی، تۆلستۆی لەنێو نووسەرانی سەردەمدا پلەی یەکەم وەردەگرێت، بەڵام پلەی نەوەد و هەشتی بۆ خۆی هەڵبژارد بوو... زۆرکات بەرهەمەکانی خۆی بە «ئاڵوواڵا، پاشماوە، پڕوپووچ، بیری ڕزیو، درێژ دادڕی نەسەلمێنراو، نووسینی نەزۆک دەدایە قەڵەم... ئەم هەموو ناو و ناتۆرانەی نووسەر دەرهەق بە نووسینەکانی لەهەستی خۆ بەبچووک زانینەوە هەڵدەقوڵێن، کورتە چیرۆکەکانی چیخۆڤ کاری تەواویان کردۆتە سەر ئەدیبان و نووسەرانی جیهان، بەڕادەیەک نووسەر سێبەری خۆی خستۆتە سەر کورتە چیرۆک نووسانی سەرانسەری جیهان، لەهەموو کون و قوژبنێکی ئەم سەرزەمینەدا، زمانێکی زیندوو نەماوە کورتە چیرۆکەکانی (چیخۆڤ)یان وەرنەگێڕدرابێتە سەر...



سەرەڕای هەمووی چیخۆڤ لەقەڵەمی لەرزۆکی ڕەخنەگرە کۆنەویستەکان ڕزگـاری نـەدەبـوو، شتێکی ئاساییە گەر نووسەرێک بیەوێت پـەردە لەسەر درۆ و دەلەسە هەڵماڵێت، لەلایەن ئەو ڕەخنەگرانەی کە خۆیان بۆ زرەی پارە و پوول فرۆشتووە هێرشی توندوتیژی بکرێتەسەر. نووسەر بەوپەڕی دڵنیاییەوە بەگۆرکی هاوەڵی دەڵێت، ئەو ڕەخنەگرانە وەکو ئەو مێشانە وەهان کە لەکاتی جووتدا دەیانەوێت ئەسپ لەکاربخەن، یەکەم دوژمنی نووسەر درۆ و دووڕوویی بوو، بەهەموو توانایەکیەوە دژی درۆ و دەلەسە و هەموو دەڵەچەییەک دەوەستایەوە، هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی بەرهەمی هەموو نووسەرێکی درۆزنی دەدا، لەسەر ڕۆمانێکی (سینکیڤچ) دەنووسێت و دەڵێت:

(مەبەستی ڕۆمانەکە ختوکەدانی خەونە زێڕیناویەکانی بۆرژواکانە کە بریتیە لـەوەی: بۆ ژنەکەت دڵسۆزبە، لەگەڵیدا بـڕۆ بۆ نوێژ، پـارە بەچنگ بهێنە، حەزت لەوەرزش بێت، لەم دونیا و لەو دونیادا ئیش و کارت بەباشی دەڕوات بەڕێوە، بۆرژوا زۆر حەزی لەوەیە کە پێی دەووترێت نموونەی هەموار و شیاو.(٩).

ڕۆژێکیان ئامۆژگاریی هاوەڵێکی دەکـات کە هەتا لەتوانایدایە، خۆی لەخوێندنەوەی بابەتێک دوور بخاتەوە کە بۆنی درۆ و دەلەسەی لێ هەڵدەستێت، دەڵێت ئەو جۆرە نووسینانە مەخوێنەوە، ئەوانە جۆرێکن لەئەدەبی برادەری، برادەران دەینووسنەوە.. وەکو نووسینەکانی کراسنۆڤ و شیرنۆڤ و بیلۆڤ (سور و سپی و ڕەش) یەکێکیان وتارێک دەنووسێتەوە، دووهەم ڕەخنەی لەسەر دەنووسێت، سێیەمیشیان یەکەم و دووەم ئاشت دەکاتەوە و پێکیان دەهێنێت، هەر لەیاری کردن بەکاخەز دەچن لەگەڵ بووکە شووشەدا، بەڵام پێویستی خوێنەر بۆ ئەم هەمووە چییە ؟ کەسێکیان ئەم پرسیارەی لەخۆی نەکردووە(١٠).

چەندێک چیخۆڤ ڕقی لـەدرۆزن و بێ ویژدانەکان بوو، بگرە ئەوانیش زیاتر ڕق و قینیان لەو دەبووەوە، لەجەنگی دووەەمی جیهانیدا، لەساڵی ١٩٤١دا فاشیستەکان ئەو خانوەیان سووتاند کە نووسەر لەکاتی خۆیدا تێیدا دەژیـا، بـەڵام چەند ساڵێک پاشتر دەستی یـاوەران و دڵسۆزانی نووسەر، لەتەنیشتی ئەو خانوە خاپوورەوە پەردە لەسەر پەیکەرێکی چیخۆڤ هەڵدرایەوە.

بـەڕای زۆربـەی زۆری نووسەرانی سەردەمی خۆی نووسەرێکی پایە بڵند و بەتوانا بووە، (لیڤ تۆلستۆی) لەبارەیەوە دەڵێت (چیخۆڤ هونەرمەندێکە هاوتای نییە، بەڵێ هاوتای نییە، (پۆشکین)ـەو پەخشان دەنووسێت) (١١) گۆرکی لەنامەیەکیدا هەڵوێست و بیرو باوەڕی خۆی بەرامبەر بەئەدەبی چیخۆڤ دەردەبڕێت و دەنووسێت:

(گەر شانۆگەری نەنووسیت ئەوا چیرۆک دەنووسیتەوە، ئەوسایش هیچ کام لەمن و لەژیان زیانمان پێ ناگات، ئەدەبی ڕوسـی هەرگیز چیرۆک نووسێکی وەکو تۆی بەخۆیەوە نەدیوە، تۆ ئەمڕۆکە گەورەترین نموونەی

دەربڕی ئەدەبەکەمانی. مۆپاسان باشەو زۆریشم خۆش دەوێت، بەڵام من تۆ بەباشتر دەزانم، سەرەڕای هەمووی نازانم چۆن ڕێزی خۆمت بۆ دەرببڕم، وشەی پێویستیشم بۆ ئەم شتە دەست ناکەوێت. بەڵام بڕوام پێبکە من بەڕاستمە، تۆ بلیمەتێکی ڕێز لێ گیراویت.(١٢).

باسکردن لەبارەی هونەری کورتە چیرۆک لەلای (چیخۆف) شتێکی ئاسان نییە، بەڵکو شتێکی زۆرگرانە و پێویستی بەهەناسە درێژییەکی زۆر هەیە، لەمێژووی ئەم هونەرەدا، هەتا ئێستاش نوسەرێک هەڵنەکەوتووە هەتا بتوانێت شان لەشانی ئەو دوو شۆڕە سوارەی مەیدانی ئەم هونەرە بدات کە یەکەمیان (مۆپاسان)ە، دوا بەدوای ئەویش (چیخۆف) دێت کە لەناکاودا هاتەڕووەوە. ئەمە لەڕووی چۆنایەتییەوە، گەر لەلایەن چەندایەتییەوەش بیگرین، دەبینین چیخۆف لەماوەی بیست ساڵێکی ئەدەبیدا، نزیکەی چوارسەد کورتە چیرۆکی سەرکەوتووی نووسیەوە، هەموو ئەو چیرۆکانەیش تێکڕا ناوبانگیان هەیە و شایستەی خوێندنەوەن.

پاڵەوانی چیرۆکەکانی پێکهاتوون لە: پزیشک و کرێکار و جووتیار و مووچەخۆر و ئافرەت و منداڵ و موفەتیشی پۆلیس و پیاو خراپ و پیاوباش و...هتد.

بۆ نموونە لەچیرۆکی (ناسۆری)دا باسی لێخوڕی خشکۆکەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کوڕەکەی مردووە، (ئەیۆنا)ی عەرەبانچی لەنێو خەڵکی بەپرتاوی هاتوچۆکەران و گاڵە گاڵی نێو شاردا ون بووە، کەس هەست بەئێش و ئازارەکانی ناکات، هەرچەندە ئەم لێخوڕی خشکۆکەیە دەیەوێت بۆ کەسێکی ڕێبوار باسی چەرمەسەریی خۆی بکات، بەگوێ خەواندنێک یاخود بەچاو نوقاندنێک پێشوازی لەباسی بەسەرهاتەکەی


چیخۆف

هەستی ناسکی نووسەر بەرامبەر بەئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگاکەی تەنها بەدەم نەبوو، بەڵکو هەڵوێست و سەرگوزەشتەی ژیانی، باشترین بەڵگە و نموونەن بۆ دەرخستنی دڵسۆزی نووسەر لەژیانیدا، کاتێك لەشارەکەیدا کتێبخانەیەکی گشتی کرایەوە، نزیکەی دوو هەزار پەرتوکی بەنرخ و بە بایەخی پێشکەش کرد



دەکەن، لەئاکامدا نائومێد و دەستخەڕۆ دەبێت و کەسێک بەدی ناکات گوێ بۆ سکاڵا و دەردی دڵی شل بکات، ناچار دەچێتە تەویلەکەوە و لەنووکەوە تاکو کۆتایی باسی مردنی کوڕە تاقانەکەی بۆ ئەسپەکەی دەگێڕێتەوە.

لەکورتە چیرۆکی ڤانکادا ـ ئەم چیرۆکە بۆ چەند جارێک وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی ـ ڕووبەڕووی باری ژیانی منداڵێکی هەتیوی نۆ ساڵان دەبینەوە کە لەلای ماڵی کابرایەکی پینەدۆز کاردەکات، ئەم منداڵە بەستەزمانە بەشی هەر هەڕەشە و گوڕەشەیە لەماڵی وەستاکەیدا، لە باپیرەیەکی دوور لەخۆی بەولاوە هیچ کەسێک شک نابات، شەوی جەژنی سەری ساڵ بەهەل دەزانێت و دوای ئەوەی ماڵ چۆڵ دەبێت، دەست دەکات بەنووسینی نامەیەک بۆ باپیری، بەو هیوایەی لەو بەندەی ڕزگاری بکات، هەرچی دارکاریەک کە تووشی بووە هەمووی بۆ دەنووسێت.. ڤانکا بەسەر نامەکەیەوە خەو دەیباتەوە، لەخەونیدا دەبینێت نامەکەی بەدەستی باپیری گەیشتووە، ئەویش بەدەنگێکی بەرز نامەی کوڕەزاکەی بۆ چێشتکەرەکان دەخوێنێتەوە، سەگەکەیشی بە تەنیشتیانەوە کلکی بادەدات... با بپرسین ئایا گەر نامەکە بەدەستی باپیری بگەیشتایە داخۆ چی بۆ دەکرا؟ بێگومان هیچی بۆ نەدەکرا، چونکی ئەویش لەڤانکا سەر لێشێواوتر و دەستە پاچەتر بوو.. لوتکەی بابەتەکە و کۆتایی چیرۆکەکە لەوەدایە منداڵەکە نامەکەی دەخاتە نێو زەرفێکەوە، لەسەری دەنووسێت بۆ گوندەکەمان و بگات بەدەستی باپیرەم... لێرەیشدا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە ئەو نامەیەی ڤانکا هەرگیز بەجێی مەبەست ناگات، لەبەرئەوەی ناونیشانی باپیری بەهەڵە داناوە و نووسیویەتی بگات بەگوندەکەیان، چی زۆرە گوند زۆرە! پرسیارەکە لەوەدایە ئایا ئەو نامەیە بۆ کام گوند بڕوات..؟

لەکورتە چیرۆکی دوو(دژ)دا چیخۆڤ وێنەی دوو کەسی سەرەکیمان بۆ دەکێشێت، یەکەمیان کیریلوڤی پزیشکە، دووەمیان ئەبۆجین ناوێکە، ئەم دوو پاڵەوانە هەریەکە خاوەنی دەروون و ڕەوشتێکی تایبەت بەخۆیانن. چیخۆف زۆر وەستایانە وێنەیان دەکێشێت و ڕەفتار و هەڵس و کەوتیان شی دەکاتەوە، ئەبۆجین بەهەڵەداوان خۆی دەگەیەنێتە لای کیریلۆڤی پزیشک، هەتا لەگەڵیدا بچێت بۆ ماڵیان و چارەسەری ژنە نەخۆشەکەی بکات، لەکاتی گەیشتنیدا بۆ ماڵی پزیشک، دەبینێت کیریلۆڤ و ژنەکەی بەدیار کوڕە تاقانەکەیانەوە کە تازە مردووە بەجووتە دەگرین، بەهەر حاڵێک دەبێت ئەبۆجین پزیشک قایل دەکات تاوەکو بێت بۆ ماڵیان تاوەکو چارەسەری ژنە نەخۆشەکەی بکات، بەڵام کە دەگەنە ماڵی ئەبۆجین دەبینن ژنەکە لەگەڵ پیاوێکی دۆستیدا هەڵاتوون، نەخۆشیەکەیشی جۆرێک بووە لە تەمسیلییەکی فڕوفێڵاوی، بۆئەوەی ئەبۆجینی مێردی لەماڵ دووربخاتەوە...

لەکورتە چیرۆکی (تیڕتیڕە ـ ألحرباء)دا، چیخۆف

پەنجە دەخاتە سەر نەخۆشییەکی کوشندەی نێو کۆمەڵ کە ئەویش دوو ڕوویی و دەڵەچەیی و مەراییە. وەکو زانراوە گیانلەبەری تیرتیرە ـ حەرباء ـ توانای ئەوەی هەیە ڕەنگ و قەوارەی خۆی بەچەند جۆرێک بگۆڕێت، ئەوەی شایانی باسە لە چیرۆکەکەدا ئەو گیانلەبەرە نابینرێت، بەڵکو نووسەر دەیەوێت ئەچۆمیلۆڤی پشکنەری پۆلیس و هەموو ئەوانەی وەکو ئەو وەهان بەو جانەوەرە خشکۆکەیە تەشبیهیان بکات، ئەو کەسانەیش بێگومان هەردەم دەتوانن ڕەنگی پێستی خۆیان بگۆڕن، وەکو ئەوەی دەوترێت لەکوێوە بابێت لەوێوە شەن دەکەن، ئەچۆمیلۆڤی پشکنەری پۆلیس کاتێک بەناو بازاڕدا تێدەپەڕێت، گوێی لەهات و هاواری خریۆکین دەبێت کە سەگێک دەستی گەستووە، موفەتیشی پۆلیس کاتێک چاوی بەم بەزمە دەکەوێت، دەست دەکات بەهەڕەشە کردن لەسەگەکە و خاوەنی سەگەکەیش، یەکێک لەنێو خەڵکەکەوە دەنگ بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

ـ وەهادیارە ئەمە سەگی جەنرال جیجالۆڤ بێت.

یەکسەر پشکنەری پۆلیس ڕای خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت:

ـ جەنراڵ جیجالۆڤ؟ ئا ! (ڕیلدیرین) پاڵتۆکەم لەبەر دابکەنە... ئۆف، چەند دنیا گەرمە وەهادیارە بارانیش دەبارێت... تەنیا شتێک هەیە لێی تێناگەم سەگەکە چۆن توانی بتگەزێت– بەخریۆکین دەڵێت– گوایە ماقوڵە پەنجەت ئەوەندە درێژ بێت؟ لەکاتێکدا ئەم سەگە بچووکە و تۆیش سەیری باڵای خۆت بکە! وەها دیارە بەبزمار پەنجەی خۆتت زامدار کردبێت، بۆئەوەی هەندێ پارە بەچنگ بهێنیت.. ئێوە ئاوەهان... ئەی شەیتانینە باشتان دەناسم!

پۆلیسێکیش هەڵدەداتەوە و بەجەنابی پشکنەر دەڵێت کە ئەو سەگە هی جەنرال نییە، جەناب جارێکی کەیش قسەی خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت:

ـ خۆم ئەمە باش دەزانم، سەگەکانی جەنرال گرانبەها و ڕەسەنن، بەڵام ئا ئەمە... شەیتان خۆی دەزانێت چ ماڵێکە! نەتووک و نەڕەنگ و بۆو هیچی نییە...

لەنێو خەڵکەکەوە جارێکی دی دەنگێک بەرز دەبێتەوە و دەڵێت گوایە ئەو سەگە هی جەنراڵە.. جەنابی پشکنەر جارێکی کەیش مارمێلک ئاسا خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت:

ـ ئمم! یلدیرین پاڵتۆکەم بکەوەبەرم... وا دیارە باکە هەڵدەکاتەوە.. سەرمام بوو.. هەڵیبگرە و بیبە بۆ جەنراڵ و لەوێ بپرسە، پێیان بڵێ من بۆم دۆزیـنەوە و بۆم ناردنەوە... ڕایانبگەیەنە و بڵێ چیتر دەری مەکەنە دەرەوە بۆ شەقامەکان...

بەو شێوەیە جەنابی پشکنەر بەپێی پێویستی بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی، حەربا ئاسا ڕەنگ و ڕووی خۆی دەگۆڕێت...

کاتێک خوێنەر چیرۆکەکانی چیخۆف دەخوێنێتەوە هەست بەئێش و ئازارێکی قووڵ دەکات. دێتە سەرباری ئەوەی کە بۆ ئەو کەسە لێقەوماوە بێ نەوایانەی نێو

چیرۆکەکان بەکوڵ بگرێت، لەهەمان کاتیشدا بزەیەکی ناسۆریانە بەسەر لێوی خوێنەرەوە دەنیشێتەوە! بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لەتوانا و بلیمەتی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێت، نووسەر ئەم جۆرە شێوازە بەکاردەهێنێت، لەپێناوی ئەوەیدا کە ڕووداوەکـان زیاتر کاریگەربن، خوێنەریش بەشێوەیەکی شیاو پێشوازیان لێبکات، ڕێ و شوێن و چارەسەرییان بۆ دەستنیشان بکات. نووسەر هەمیشە هەوڵی دەدا کارەساتە تراژیدییەکان کراسێکی پڕ بەباڵایان لەبەربکات.

لەچیرۆکی ترێی ڕێـویـدا، لەسەر زمانی (ئیڤان ئیڤانچ) کە یەکێکە لەکەسانی چیرۆکەکەوە هاتووە و دەگێڕێتەوە:

- وا ڕوویـدا کە جارێکیان بەچاودێریی فارگۆنێکی پڕ لەئاژەڵ هەڵدەستام لەسەر یەکێک لە وێستگاکانی شەمەنەفەردا، شوانێک کەوتە ژێر پێچکەی شەمەندەفەرەکەوە و پێیەکی لە لەشی جیابووەوە. بەو هەموو خوێن و خـوڕەوە بۆ هۆڵی چاوەڕوانـی گواستمانەوە، لەحاڵەتێکدا بوو کە دڵی مـرۆڤـی ئەنجن ئەنجن دەکـرد، بـەڵام سـەرەڕای هەمووی بیری هەر لای تەنیا یەک شت بوو، کە ئەویش بێ وچان داوای لێ دەکردین پارێزگاری لەلاقە بڕاوەکەی



بکەین، لەبەرئەوەی سی ڕۆبلی تێدا هەڵگرتبوو، دەترسا لەوەی دەستی دزی پێبگات..(١٢).

تیار الوعی – تەوژمی هۆش – زاراوەیەکە بۆ یەکەم جار فەیلەسوفی ئەمەریکی ولیەم جێمس هاوردیە ئاراوە، مانا و بەکارهێنانی تەوژمی هۆش پەرەی سەند و بووە هۆی هاتنە کایەوەی چیرۆکی دەروونی لەساڵانی ١٩١٣–١٩١٥دا. لەئەدەبی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت چیرۆکی تـەوژمـی هـۆش یـاخـود ئاخاوتنی تاکی بـێ دەنـگ، لەئەدەبی فەرەنسیدا پێی دەوترێت چیرۆکی شی کەرەوەی تازە کە نێوەندی هۆشی سادە دەردەبڕێت. لەدواییشدا بیروباوەڕەکانی هینری بیرگسون، کاری کردە سەر ئەو نووسەرانەی کە مەبەستیان شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ بوو، بەتایبەتی بیرگسونی فەیلەسوف کاری کردە سەر نووسینەکانی مارسێل پروست. دوا بـەدوای ئەمەیش تیۆرەکانی سیگمۆند فرۆید قورسایی تەواوی خۆی بەسەر ئەو نووسەرانەدا سەپاند کە لەئەدەبەکەیاندا دەیانەوێت دەروونی مرۆڤ شی بکەنەوە، لەڕۆماندا تەوژمی هۆش زۆر دەکێشێت، ئەویش بەشێوەی – تداعی– یەک بەدوای یەکتردا هاتن کە وەکو زنجیرەیەکی درێژی بیرەوەریەکان، یاخود بیرێکی ناوەکی چەند بیرێکی دیکە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، هەتا ڕادەیەکی زۆر لەیەکترەوە نزیکن.. تەوژمی هۆش لەڕۆماندا زۆر دەبات و بگرە دەیان لاپەڕە دەگرێتەوە، وەکو لەڕۆمانی یۆلیسیسی «جێمس جۆیس»دا دەردەکەوێت. بەڵام لەکورتە چیرۆکدا بۆی نییە ئەوەندە بکێشێت، جگە لەچەند دێڕێک بەولاوە نەبێت، ئەویش وەکو «مۆنۆلۆژی ناوەوە» دەردەکەوێت، لەپێش ئەوەی ئەم تەکنیکە لەسەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرە بسەنێت، لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەبینین چیخۆف لەچەند چیرۆکێکدا بەشێوەیەکی سەرەتایی ئەم تەکنیکەی گرتۆتەبەر.. لەچیرۆکی ئازاردا، گریگۆری تیرۆڤ بەسەر ئەسپەکەیەوە بەدوور و درێژی دەست دەکات بەخۆدواندن. ئەو کەسایەتییەی نێو چیرۆکەکە لەبەرخۆیەوە دەدوێت:

– ئـەی شەرەفمەند! خـودا ئـاگـاداری قسەکانمە.. بەخاچی پیرۆز سوێند دەخۆم کە من هەر لەبەیانی زووەوە ماڵم بەجێهێشتووە، بەڵام چۆن دەتوانم لەکاتی خۆیدا بگەمەجێ؟ تۆ دەتوانیت بەچاوی خۆت ئەسپێکی ڕەسەن ببینیت کە بۆی ناکرێت ئەوە بکات!

بەڵام ئەسپەکەم !

تەماشا بکە..!

ئەسپ نییە! بەڵکو ئەسپێکی شێواوە..

گـریـگـۆری بـەسـەرخـۆشـی بـەسـەر ئەسپەکەیەوە بەشێوەیەکی دوورودرێـژ وڕێنە دەکات و لەبەر خۆیەوە قسە دەکات.

یاخود لەچیرۆکی ناسۆریدا ئەیۆنای لێخوڕی خشکۆکە، لەکاتی گەڕانەوەیدا لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

– تەنانەت پارەی ئالفیشم بەچنگ نەهێنا، ئەمەیش



دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بەناسۆری بکەم، ئەو پیاوەی کە دەزانێت چۆن کاری خۆی ڕایی دەکات.. خۆیشی و ئەسپەکەی تێروپڕ دەخۆن و هەست بەحەسانەوە دەکەن.

دەتوانین بڵێین چیخۆف هێڵی پانی بۆ چیرۆکی تازەی سایکۆلۆجی کێشا، توانیی بەشێوەیەکی واقیعی و مەوزوعیانە وێنەی کەسانی چیرۆکەکانی بکێشێت، هەروەکو کاخەزێکی نووسراو دەروونــی پاڵەوانەکانی بخـاتـەڕوو، ئەمەیش بــەزۆری لەچیرۆک نووسانی تازەوە نزیکە کە جاروبار دەروون و سایکۆلۆجیای پاڵەوانەکانیان چڕتر و تەم و مژاوی تر دەکەن.

تاقە دوژمنێکی (چیخۆڤ) لەئارادابوو، بەشەو و بەڕۆژ بێ وچان هەوڵی لەناوبردنی ئەو نووسەرە مەزنەی دەدا، ئەو دوژمنەیش میکرۆبی سیل و ئیسقا بوو، ماوەیەکی دوور و درێژ بوو بەشەو و بەڕۆژ سینگی هەڵدەکۆڵی. لەیەکێ لەشەوەکانی یۆلیۆی ساڵی (١٩٠٤)دا خۆی و ژنەکەی ئۆلگا کنیبەر چیخۆڤا کە ئاکتەرێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بوو لەئوتێلدا دەبن، لەنیوە شەودا چیخۆڤ ڕادەپەڕێت و بۆ یەکەم جار لەژیانیدا داوای پزیشک دەکات، یەکێک لەدانیشتوانی ئوتێلەکە دەنێرن بەدوای پزیشکدا، کاتێک پزیشک دەگاتە ژوورەکەیان تێدەگات کار لەکار تـرازاوە، نووسەر پێی دەڵێت «من دەمرم» پزیشکیش پێی دەڵێت بادەیەک شەمپانیا بنۆشە! بەبزەیەکی ناسۆریانەوە دەڵێ ماوەیەکی زۆرە شەمپانیام نەخواردۆتەوە، بادەکە هەڵدەلووشێ و بەسەر تەنیشتی چەپیدا ڕادەکشێت، بەیەکجاری بێدەنگ دەبێت و ماڵ ئاوایی لەدنیا دەکـات... لەدوای مردنیشیدا بزەی ناسۆری جارێکی تر خۆی دەنوێنێت، کاتێک بەشەمەندەفەر تەرمەکەی بۆ مۆسکۆ دەگـوازرێتـەوە، خەڵکی بەسەر سوڕمانەوە دەکەونە دووی تەرمی جەنراڵێک، کە بە بۆڕی و کەڕەنا و شەیپوور تەرمەکەی دەبرێت بەڕێوە، بەڵام کاتێک بۆیان دەردەکەوێت بەهەڵەداچوونە، هەندێکیان بزە و پێکەنین دایاندەگرێت، دوای ئەوە بۆلای تەرمەکەی چیخۆف ڕووی خۆیان وەردەچەرخێنن، ئەو کەسانەیش نزیکەی سەد کەسێک دەبوون.. یەکێک لەوانە مەکسیم گۆرکی هاوەڵی دڵسۆزی بوو، بەم شێوەیە چیخۆف لەهەڕەتی لاوێتیدا ماڵ ئاوایی لەم دونیا پڕ لەناسۆریە دەکات، دوای ئەوەی گەنجینەیەکی بەنرخ لەپاش خۆی بەجێهێشت.

نووسەر لەچەند ڕوویەکەوە پۆلێن دەکرێت، لایەنی یەکەمی وەک مرۆڤێکی ڕاستگۆ و دڵ و دەروون پاک و خاوەن ویـژدان دەست نیشان دەکرێت، لایەنی دووەمی وەکو پزیشکێکی لێهاتوو، سێیەم لایەنیشی وەکو ئەدیبێک دەستنیشان دەکرێت، خۆی دەیـووت پزیشکەوانی ژنمە و ئەدەبیش دۆستمە! بێگومان لایەنی ئەدەبی نووسەر دەکرێت بـەدوو بەشەوە، بەشێکیان وەکو نووسەرێکی کورتە چیرۆک دەبینرێت، لێرەدا باسی چمکێکی کەمیمان کرد، بەشی دووەمیشیان وەکو شانۆ نووسێک دەبینرێت، لەم لایەنەیشەوە دەستێکی زۆر باڵای هەیەو لێرەدا بەلایدا

هەواڵنامەی کتێب

نەچووین و باسمان لێوە نەکرد.

بەبێ زیادەڕۆیی چیخۆف قوتابخانەیەکی زۆر بەناوبانگ و بەرفراوانە، با چیرۆک نووسانی کوردمان زۆر شتی لێوە فێربن. من داوای ئەوە ناکەم کە چیرۆک نووسەکانمان هەروەکو چیخۆڤ چیرۆکەکانیان دابڕێژن، چونکی ئەو ڕاستیەی کە نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوەیە، زەمان و کات بەرەو پێشەوە چووە و گۆڕاوە، بێگومان گۆڕانی ژیانیش کار دەکاتە سەر بیرو هۆشی چیرۆک نووس و شێوەی داڕشتن و تەکنیکی چیرۆک نووسین.

چیخۆف و هەموو نووسەرانی سەرکەوتووی جیهان، وەکو کانیاوێکی هەڵقوڵاو تا مردنیان لەبەرهەم هێنان نەکەوتوون، وەکو پێشتر باسمان لێوە کرد، چیخۆف لەماوەی بیست ساڵێکی کورتی ژیانی ئەدەبییدا، جگە لە شانۆگەریەکانی، نزیکەی چوار سەد کورتە چیرۆکی سەرکەوتووی نووسیەوە، هەروەها ژی دی مۆپاسان لەتەمەنێکی ئەدەبیی کورتیدا، نزیکەی سێ سەد کورتە چیرۆکی سەرکەوتوو و شەش چیرۆکی درێژی نووسیەوە، ئەمەیش لەوەوە دێت کە ئەم نووسەرانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکیدا هەبووە، چونکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سەرچاوەی هەموو بابەتێکی ئەدەبیە.

* ئەم بابەتە لە ژمارە تایبەتیی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) لەشاری بەغدا لەساڵی (١٩٨٠)دا بڵاوبۆتەوە. بەڵام لێرەدا هەندێک دەستکاریم کردووە.

**پەراوێزەکان :**

١- چیخۆف، نووسینی:ئیلیا ئیهرنبرگ، وەرگێڕانی: د.ضیاء نافع، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٧٩. ل٣٠.

٢- تشيخوف بين القصة والمسرح، دانانی: کۆمەڵە نووسەرێکی سۆڤیەتی، وەرگێڕانی: دکتۆرە حەیات شرارە، دار القلم، بيروت ١٩٧٥، ل٧.

٣- أ.ب.چیخوف، دانانی: کۆمەڵە کەسایەتیەکی ڕوسی، وەرگێڕانی: احمد القصير، الالف كتاب، القاهرە ١٩٦٦، ل٣٥،٣٤.

٤- چیخۆف، نووسینی:ئیلیا ئیهرنبرگ، ل٩٤، ٩٥.

٥- أ.ب، تشیخوف، کۆمەڵە کەسایەتیەکی ڕووسی... ل٨٥.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

٨- سەرچاوەی پێشوو. ل١٠٥.


٩- چیخۆف، نووسینی:ئیلیا ئیهرنبرگ، ل٢٧.

١٠- أ.ب. تشیکوف کۆمەڵە کەسایەتیەک ل٢٣.

١١- البلد البعيد، نووسینی: عبدالغفار مكاوي، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، قاهرة ١٩٦٧، ل١٧٢.

١٢- مكسيم گوركى حياته وادبه نووسینی: احمد محمد عطية، الدار القومية للطباعة والنشر القاهرة ١٩٦٦. ل١٢٠.

١٣- تشيخوف والقصة القصيرة. نووسینی: شاكر النابلسي دار المفكر، القاهرة ١٩٦٣، ل١٢٦.



# فەلسەفە وەك تەرزێك بۆ ژیان



سەعید ناشید
وەرگێڕانی/ زانا موحەممەد

ڕەنگە بەچوونە ناو کرۆکی بابەتەکەوە دەست پێبکەین، گرفت نابێت ئەگەر بەپرسیاری سەرەتا دەست پێبکەین، ڕەنگە پرسیارێکی چاوەڕوان کراویش بێت:

ئایا فەلسەفە هاوکارمان دەبێت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تەنگژەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا؟

**سێ گرفتی سەرەکی دێنە پێش:**

**یەکەم:** زۆربەی تەنگژەکانی ژیانی ڕۆژانەمان پەیوەندییان بەشێوازی بیرکردنەوەمانەوە هەیە لەو تەنگژانە، لە وێنەی شکست خواردن، داڕوخان، نەخۆشی، ئازار، جیابوونەوە (تەلاق)، مەرگ و .... تاد.

**دووەم:** فەلسەفە هاوکارمان دەبێت دووبارە بیرکردنەوە لە شێوازی بیرکردنەوەمان. بۆنمونە، بۆچی هەست بەناڕەحەتی و توڕەیی دەکەین کاتێک ئازارمان پێدەگات؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە هەست دەکەین ئازار جۆرێکە لەستەم و دەست درێژی، یان وەک کارێکی نادادپەروەرانە تێیدەڕوانرێت و سروشتی نییە، دادگەریش نییە... بەڵام لەدوای تێڕامان بۆم دەردەکەوێت کە توڕەیی تەنها کاردانەوەیەکی پەرچەکردارییە و ڕیشەی لەقوڵایی نەستی بەکۆمەڵماندایە، لەو کاتەوە کە مرۆڤی سەرەتایی ئازاری وەک نەفرەتی خوداوەندەکان یان سیحربازەکان یان ڕووحە بەدڕەفتارەکان دەبینی. بەو جۆرە لە پەیبردنی ئەقڵانی ئارام دەتوانم لە هەژموونی کاردانەوە نیگەتیڤە (سەرەتاییەکان) ڕزگارم ببێت، وەک توڕەیی، ترس، ڕق و کینە و شتی دیکەش. مەرج نییە ئازارەکەم نەمێنێت، بەڵام توانام بۆ بەرگە گرتن زیاتر دەبێت. بەڵکو ئازار دەکەمە دەرفەتێک بۆ داهێنان لە جیاتی سکاڵا کردن و توڕەیی و داڕوخان.

**سێیەم:** ئەگەر فەلسەفە هاوکارمان بێت لە گۆڕینی تێڕوانینمان بۆ ژیان، دەتوانێت هاوکاریشمان بێت لە باشترکردنی تواناکانمان بۆ ژیان. بەڵام، ئایا بەکردەیی ئەوە ڕۆڵی فەلسەفەیە؟

ماقوڵیەتێک لە بانگەشەماندا هەیە کە دەڵێین پێویستمان بەوەیە فێری ژیان کردن ببین، چونکە لەو کاتەوەی کە لە دایک دەبین دێینە ناو ژیانەوە، بەڵام مەرج نییە توانای ژیان کردنمان هەبێت. هەڵبەتە کەسێک دەبێت توانای ئەوەی هەبێت هاوکاریمان بکات لەوەی توانای ژیان کردن بەدەست بهێنین. پێویستمان بەوەش دەبێت ئەزمونەکانمان کەڵەکە بکەین، پێویستمان بەو کەسەش دەبێت کە واتای ژیانمان فێر دەکات کاتێک کە پوختەی ئەزمونی مرۆڤایەتیمان بۆ دەگوازێتەوە هەتا دەگاتە ئەوەی ئێستا ئێمە لەسەری دەڕۆین.


لە ناوەندی بیرۆکەکان و شۆڕشەکاندا کە ئەمڕۆ پێشڕەوایەتیمان دەکەن، فەلسەفە باشترین گوزارشت بوو لە خودی مرۆڤایەتی. لەو ڕوانگەیەوە ئەو وانانەتان پێشکەش دەکەم کە من بەمەزنیان دەزانم و هاوکارمان دەبن لە تێگەیشتنی ژیان. لە هەموو دۆخەکاندا دەتوانین وتەکانی ژان ژاک ڕۆسۆ بەهەند وەربگرین کاتێک لەبارەی (ئیمیل)ەوە دەڵێت: ((ژیان ئەو پیشەیەیە کە وای لێدەکەم فێری ببێت)).

**بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی سێ بەرهەڵستی دەبینەوە:**


**بەرهەڵستی یەکەم:** هەموو فەیلەسوفەکان گرنگییان بەگۆڕینی تێڕوانینەکانمان بۆ ژیان نەداوە. زۆرینەیان گرنگییان بەکۆمەڵگە و سیاسەت و زانست و لۆژیک و....تاد داوە. پاشان گرنگیدان بەژیان واتای گرنگیدانە بەجەستە، لەکاتێکدا زۆربەی فەیلەسوفەکان لە ئەفلاتونەوە هەتا هیگڵ جەستەیان پشتگوێ خستبوو، بەقازانجی ئەقڵ، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە زۆرینەیان ئەقڵیان لە جەستە جیاکردۆتەوە. هەرچی پرسیارەکەیە چۆن بژین؟ کەمێکیان نەبێت ئەوانەی دیکە گرنگییان پێنەداوە. ڕەنگە جیل دۆلـۆز (Gilles Deleuze) بابەتەکەی پوخت کردبێتەوە کاتێک ئەرکی فەلسەفەی بە بەرهەم هێنانی چەمکەکان دیاری کرد. ئایا نزیکییەک لەنێوان فێربوونی ژیـان کـردن و بـەرهـەم هێنانی چەمکەکاندا هەیە!؟

هەوالنامەی کتێب

فەلسەفە



ڕەنگە جیل دۆلۆز (**Gilles Deleuze**) بابەتەکەی پوخت کردبێتەوە کاتێك ئەرکی فەلسەفەی بە بەرهەم هێنانی چەمکەکان دیاری کرد. ئایا نزیکییەك لەنێوان فێربوونی ژیان کردن و بەرهەم هێنانی چەمکەکاندا هەیە!؟


GILLES DELEUZE

**بەرهەڵستی دووەم:** زۆرێک لە فەیلەسوفان ژیانێکی باش نەژیاون، لەسەر هەمووشیانەوە خودی فەیلەسوفەکانی هونەری ژیان کردن، بەڵکو زۆربەیان بەدەستی نەخۆشیە درێژ خایەنەکان و نابووتی دارایی و شکستی سۆزدارییەوە دەیانناڵاند، تەنانەت زیندان و دوورخستنەوە بۆ تاراوگە و لە سێدارەدانیشەوە (سینیکا، ڕۆسۆ، شۆبنهاوەر، نیچە و....تاد)، چۆن لەکەسانێک چاوەڕوانی هاوکاری بکەین بۆئەوەی ژیانمان چاک بکەن لەکاتێکدا ژیانی خۆیان پڕ بووە لە ناسۆری مەینەتی بووە؟

**بەرهەڵستی سێیەم:** لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەندین دانای گەورە هەبوون بەبێ ئەوەی پێویستیان بەفەلسەفە بێت بەدانایی و ئارامی ژیان، بۆنمونە بودا؟

لەبارەی بەرهەڵستی یەکەمەوە دەڵێین، ئەو چەمکانەی کە فەلسەفە بەرهەمیان دەهێنێت بریتین لەو ئامرازانەی بۆ تێگەیشتنی جیهان بەکاریان دەهێنین. ئەگەر تەنها ڕێژەیەکی کەمی فەیلەسوفان گرنگییان بەچاککردنی تواناکانمان دابێت، لەبەرئەوە بووە کە بابەتەکە پەیوەستە بەئەرکێکی هەرە قورسەوە لە مێژووی فەلسەفەدا، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئامانجە باڵاکە پەرەپێدانی تواناکانی ژیان کردنە لەکاتێکدا

((ژیــان شایستەی ژیـان کـردن نەبووبێت)). ئەگەر مرۆڤ بەسروشتی خۆی ئارەزووی بۆئەوە بووە کە ڕێگا ئاسان بێ گرفت و ناسۆرەکان هەڵبژێرێت، هەر لەسەر ئەو ڕیتمە زۆربەی فەیلەسوفەکانیش گرنگیدان بەبابەتی زانین (مەعریفە) و دەسەڵات و کۆمەڵگەیان بەچاکتر زانیوە. بەڵام کاتێک بابەتەکە پەیوەست بێت بەئەرکە سەختترەکانەوە ئەوە تەنها کەمینەیەک بەسە.


لـەبـارەی بەرهەڵستی دووەمـیـشـەوە دەڵێین، مامۆستاکانی ژیـان کـردن دەبێت لەوانەبن کە لە سەختترین و توندترین دۆخەکاندا ژیابن. ئەوەیش بۆ ڕێژەیەکی کەمی خەڵک دەرەخسێت. دەزانین کە ئیمانۆئێل لیڤیناس بۆنمونە، پـرۆژە فەلسەفیەکەی لەبارەی ژیانەوە لە کەمپەکانی دەست بەسەرکردنی نازییەکاندا و لەکاتی دەستگیر کردنیدا پەرەپێدا کە کەمترین شت لەبارەی ئەو کەمپانەوە بوترێت، ئەوەیە کە کەندێک بوون لە کەندەکانی دۆزەخ. هەروەها نابێت دان پێدانانە کاریگەرەکەی نیچە لە کتێبی (ئەوە مرۆڤە ـ هذا هو الانسان)دا لەبیر بکەین کە دەڵێت: کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە بەرکاریگەری سەختی نەخۆشی زیاتر حەز بەژیان دەکات لەو کاتەی لەشساغ و تەندروستە و چێژ لە ژیانێکی فەراهەم دەبینێت.

لەبارەی بەرهەڵستی سێهەمیشەوە دەڵێین، دوو جۆر دانایی (حیکمەت) هەیە: یەکەمیان، داناییەک کە تەنها مامۆستایەک خاوەندارێتی دەکـات، هیچ بـژاردەیـەک لـەبـەردەم شوێنکەوتەکانی ئـەو جۆرە

**فەلسەفە**



زۆرێك لە فەیلەسوفان ژیانێکی باش نەژیاون، لەسەر هەمووشیانەوە خودی فەیلەسوفەکانی هونەری ژیان کردن، بەڵکو زۆربەیان بەدەستی نەخۆشیە درێژ خایەنەکان و نابووتی دارایی و شکستی سۆزدارییەوە دەیانناڵاند، تەنانەت زیندان و دوورخستنەوە بۆ تاراوگە و لە سێدارەدانیشەوە


JEAN JACQUES ROUSSEAU

لەدانایی نییە جگە لەگوێڕایەڵی و شوێنکەوتن و لاسایی کردنەوە؛ دووەمیان، دانایییەک کە بەردەستە و هەموو کەسێک دەتوانێت خاوەنداری بکات لە ڕوانگەی خود هوشیاری خۆیەوە، بەپشت بەستن بەو پرەنسیپەی لەسەر دەروازەی پەرستگای دلفی (Delphi) نوسراوە: ((خـۆت خـودی خـۆت بـنـاسـە)). ڕێـک ئـەوە ڕێگای فەیلەسوفەکانی ژیان کردنە (ئەپیکۆر، زینۆنی ڕەواقی، سینیکای بچوک، مۆنتین، ڕۆسۆ، شۆبنهاوەر، نیچە، ئالان دو بۆتۆن). کرانەوەی ڕۆژئاوایییەکان بەڕووی فەیلەسوفەکانی هونەری ژیـان کردندا و لەڕێگای کارەکانی لۆک فێری، ئەندرێ کۆمت سپۆنفیل، ئالان دو بۆتۆن و خەڵکانی دیکەشەوە، شارستانیەتی هاوچەرخ پێویستی بەدووبارە وەبەرهێناوەی کلتوری فەلسەفی هەیە لەئاسۆی پەرەپێدانی تواناکانی ژیان کردندا، بەتایبەتی لەدوای داڕوخانی یوتوپیا ئاینی و دنیایییەکان (پۆزەتڤیزمەکان)، ئەوانەی پاساویان بۆ خەڵک دەهێنایەوە بۆ دواخستنی مافەکانی خۆشی دەربڕینیان بۆ کۆتایی مێژوو یان سەرەتاکانی ڕۆژی دوایی.


ئەو پرەنسیپەی کە فەلسەفەکانی هونەری ژیان کردنیان لەسەر بونیادنرا کۆمەڵە پرەنسیپێکی سادە بوون و کۆڕایان لەسەر بوو لە مێژووی فەلسەفەدا:

بیرکردنەوە ئامرازی ئازاد کردنی مرۆڤە لە هەڵچوونی نیگەتیڤانە و غەریزە سەرەتاییەکان (توڕەیی، ترس، ڕق، ئیرەیی «غیرە»، بێئومێدی، و...تاد) کە فاکتەری بنەڕەتی خەمباری و چەرمەسەرییەکانیەتی.


لێرەدا هەڵەیەکی باو هەیە ڕێگەمان پێدەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە بیرکردنەوە ئەگەر نەبێتە هۆکاری چەرمەسەری ئـەوە نابێتە هۆکاری بەختەوەریش. دەرئەنجام ئەو جۆرە مرۆڤانە داوای بەختەوەری لە ڕێگای پەککستنی توانای بیرکردنەوەیانەوە دەکەن، لێرەدا گەیشتن بەو دەرئەنجامە جگە لە گوزارشت کردن لە شکست بـەڕووی ئاستەنگەکانی ژیان شتێکی دیکە نییە، هەروەها گوزارشتە لە گۆشەگیری، بەڵکو تەنها ترسنۆکی و تەوەزەلییە.

لە کۆنەوە فەیلەسوفەکان هیچ پەیوەندییەکیان لە نێوان ئەقڵ و چەرمەسەریدا نەبینیوە، بەڵکو سەلماندیان کـە ڕێگـای بـەخـتـەوەری پێویستی بە بەکارهێنانی ئەقڵ و پێڕوکردنی بیرکردنەوەیە، پاشان پەنا بردنەبەر تێڕامانە لەکاتێکدا کە بارودۆخەکان تێکدەچن. هەندێکیان پێیان وایە کە پەیبردنی ئەقڵی خۆی لەخۆیدا چێژ و شادی و بەختەوەرییە، (نامەکانی ئەپیکۆر) بەنمونە، هەروەها ئەرستۆ دوودڵ نەبوو لەوەی ژیانی فەلسەفی بە بەختەوەرترین ژیان ئەژمار بکات (زانستی ئاکار بۆ نیقۆماخۆس ـ علم الاخلاق إلى نيقوماخوس)، بەبۆچوونی فارابیش فەلسەفە چاکترینە بۆ بەدەست هێنانی بەختەوەری (ئـاگـادار کردنەوە لەپێناوی بەختەوەریدا ـ التنبيه علىٰ سبيل السعادة)،

ئەو چەمکانەی کە فەلسەفە بەرهەمیان دەهێنێت بریتین لەو ئامرازانەی بۆ تێگەیشتنی جیهان بەکاریان دەهێنین. ئەگەر تەنها ڕێژەیەکی کەمی فەیلەسوفان گرنگییان بەچاککردنی تواناکانمان دابێت، لەبەرئەوە بووە کە بابەتەکە پەیوەستە بەئەرکێکی هەرە قورسەوە لە مێژووی فەلسەفەدا



فەلسەفە



SCHOPENHAUER

بەڵکو زۆربەی فەیلەسوفەکان لەکۆتاییدا یەکڕا بوون لەسەر ئەوەی کە بازنەی چەرمەسەری لەژیانی مرۆڤدا پەیوەستە بەپەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەوە، مادام بوونی ئێمە پەیوەستە بەچۆنێتی بیرکردنەوەمانەوە، مادام ئەگەر بەشێوەیەکی خراپ بیربکەینەوە ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە بەشێوەیەکی خراپ بژین، ئەم دەرئەنجامە لەسەر ساناترین وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان جێبەجێ دەبێت، تەنانەت ئەوانەشی کە زۆرترین ڕێژەی سۆزداری تێدایە. نمونەکان زۆرن، لەنێویاندا ئەو شێوازەی فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل دی مۆنتین جارێکیان لە گرفتی ((پەککەوتنی سێکسی)) نزیک بووەوە. لەو سەردەمانەدا (کۆتاییەکانی سەدەی شازدە) بابەتەکە تەحەمول نەدەکرا، بەتایبەتی بۆ چینی نەجیبزادەکان (نوبەلاء)، خودی مۆنتێن شۆک بوو کاتێک هەواڵی ئەوەی بیست کە یەکێک لە نەجیبزادەکان ئەندامی نێرینەی خۆی بڕیوە لەبەرئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە لە ئەنجامدانی کرداری سێکسی. ڕەنگە یەکێک بپرسێت فەیلەسوف چی پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە هەیە؟ مۆنتێن درک بەوە دەکات کە شێوازی بیرکردنەوەمان لە بابەتەکان گرفتەکان ئاڵۆز دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە کێشەی داکەوتنی سێکسی دۆخێکی سروشتیە و ڕەنگە

لەنێوان ماوەی جارێک بەهۆکار یان بەبێ هۆکار دەربکەوێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەقڵی ئێمە وەهای کردووە داکەوتنی سێکسی وەک پەککەوتن تەماشا بکەین، هەتا ناویشمان ناوە (پەککەوتنی سێکسی)، ئەو ناوەش دەبێتە هۆکاری داڕوخانی دەرونی. زمان وەک دەزانین دەسەڵاتی هەیە. ئەو وێنا کردنە داکەوتنی لەناکاوی سێکسی دەگۆڕێت بۆ پەککەوتنی بەردەوامی سێکسی، بەتایبەتی کاتێک شێوەی ئەو پەککەوتنە لە ڕووخساری بەرامبەرەکەدا دەبینێت، دەکەوێتە جۆرێک لە ملهوڕییەوە وەهای لێدەکات ئەو چارەنوسەی کە لێی دەترسا بێنێتە پێشەوە.

پوختەی وتارەکە ئەوەیە کە کێشەی بنەڕەتی لە شێوازی بیرکردنەوەماندایە لە (کێشەکە). ئەوە بۆتە ڕێسایەک بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا جێبەجێ دەبێت. وەک پێشتر بۆثیۆس ڕوونی کردەوە، چارەسەری نییە تەنها بەوە نەبێت کە تۆش بە ((سەرەخۆشی فەلسەفە ـ عزاء الفلسفة)) ی دەزانیت.

ماوەیەک لەمەوبەر بەرنامەیەکی سەربازیم بینی ئەفسەرەکە بەسەربازەکەی دەوت: ((ئەگەر فیشەکێک لێیدای نەڵێیت: کۆتاییم هات)). ئەفسەرەکە پەی بەیەکێک لەگرنگترین بنەماکانی ڕەفتاری فەلسەفی بردبوو. ئەو بیرۆکەیەی مرۆڤ لەبارەی چارەنوسی خۆیەوە وێنای دەکات، بەکردەیی دەست نیشانی چارەنوسی دەکات، فەیلەسوفی فەرەنسی ئالان دو بۆتۆن لە (خەیاڵگەلێک لەبارەی بەختەوەرییەوە ـ خواطر حول السعادة)دا دەڵێت: ((ئەگەر باوەڕم وابێت کە بەردەبمەوە، بێگومان بەردەبمەوە)).



بنەمایەکی بەهێز هەیە زۆرجار دەدرێتە پاڵ جەلالەدینی ڕۆمی، پەخشی واتاکەشی لەوتەکانی شۆپنهاوەر و نیچەدا دەمێنێتەوە، پاڵەوانەکانی بەناوبانگترین ڕۆمانەکان و فیلمە جیهانیەکانیش بەرجەستەی دەکەن: کاتێک دەگەیتە خاڵێک و لەدوای ئەو خاڵەوە بەرگەی هیچی دیکە ناگریت، خەریکە دادەڕوخێیت، ئارامی خۆت بپارێزە، وریابە ئەو هێزەی تیاتدا ماوە بەهەدەری نەدەیت؛ ڕێک لەو ساتەدا ڕەنگە چارەنوست بەئاراستەیەکدا بگۆڕێت کە خۆت چاوەڕوانت نەدەکرد. چونکە ((بنەماکانی چارەنوس جێگیر نین)) وەک ئالان لە خەیاڵگەلەکەیدا باسی دەکات. لەهەموو دۆخەکاندا، چارەنوس هەموو ساتێک بۆی هەیە بگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر لەکۆتا ساتەکانیشدا بێت.

دۆستۆڤسکی لە دووری چەند خولەکێک لەپەتی سێدارەوە وەستابوو، کاتێک سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو. لەکۆتا ساتدا کە چاوەڕوانی ئەوە بوو سەرکەوێتە سەر شوێنی لەسێدارەدانەکەی، کەچی بڕیارەکە گۆڕا، لەجیاتی لە سێدارەدان کرا بەدوورخستنەوە بۆ سیبریا، لە سیبریاش ژیانێکی دیکە لە چاوەڕوانیدا بوو، ژیانێکی سەخت لە زینداندا کە خۆی ناوی لێنابوو ((ماڵی مردووەکان ـ منزل الاموات)) (١)، لەبەرئەوەی زیندانی ئەو کەسانە بوو کە سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گەڕایەوە بۆ ئەو ژیانەی تیایدا سەرورەرییە ئەدەبیەکەی تۆمار کرد، لەو ژیانەدا شاکارەکانی نوسییەوە، ئەو شاکارانەی شیکاری بۆ دەرونی مرۆڤایەتی دەکەن و پڕن لە بیرۆکەی فەلسەفیانە کە دۆستۆڤسکییان بەزیندویێتی لەناو ئێمە هێشتەوە و لەپاش ئێمەش بەزیندوێتی دەیهێڵێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) دۆستۆڤسکی ڕۆمانێکی جوانی لەبارەی ئەو زیندانەوە نوسیوە کە ماوەی دورخستنەوەکەی تیایدا مایەوە، بەناونیشانی ((یادگارییەکانی ماڵی مردووەکان)) و لەلایەن وەرگێڕی بەتوانا دکتۆر سامی ئەلدەروبییەوە کراوەتە عەرەبی و خانەی تەنویر بڵاوی کردۆتەوە.

# بڵاوکراوەی نوێی نوسەرانی کەرکوک

## کەرکوک.. نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا

**دکتۆر جەبار قادر**




کەرکوک.. نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا، چاپی دووەمی کتێبێکی نوێی دکتۆر جەبار قادرە و لە دووتوێی (٤٦٨) لاپەڕەدایە، پێکهاتووە لە دوو پێشەکی بۆ چاپی یەکەم و چاپی دووەم و هەژدە وتار بەناونیشانی جیاواز و هەریەک لە وتارەکان بابەتگەلێکی بەپێزیان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بابەتی یەکەم وتارێکە لەبارەی مێژووی دێرینی کەرکوک و ئەو واقیعە تاڵەی پێیدا تێپەڕیوە، وتاری دووەم لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوکەوەیە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧)دا و زانیاری وردی تێدایە لەبارەی سەرژمێرییەکە و یەکە کارگێڕییەکانی کەرکوک لەو ڕۆژگارەدا، یەکە کارگێڕییەکانی کەرکوک لەو کاتەدا پێکهاتوون لە قەزای ناوەندی کەرکوک، قەزای داقوق، قەزای کفری، قەزای چەمچەماڵ. وتاری سێیەم باسی وردەکارییەکانی دەستکاری ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک دەکات لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)دا، لەم وتارەدا ئاماژە بەزۆرێک لەو فێڵانە کراوە کە لە سەرژمێرییەکەدا کراوە بەتایبەت لەوەی زۆرینەی ئەوانەی تۆماری ماڵانیان کردووە تورکمان بوونە و هەر کەسێک بەتورکمانی قسەی کردبێت بەتورکمانیان نوسیوە، یەکێکیش لە سەیرترین زانیارییەکانی ئەم سەرژمێرییە ئەوەیە زیاتر پێنج هەزار کەس زمانی دایکیان تۆمار نەکراوە گوایە نازانراوە زمانی دایکیان چییە!! وتاری چوارەم

هەواڵنامەی کتێب

بەناونیشانی کەرکوک نەفرەتی نەوتە و بەدیاری کراوی باسی ئەو نەهامەتیانە دەکات کە بەهۆی نەوتەوە تووشی کەرکوک بووە، بەتایبەتی باس لە کۆچی دانیشتوانی شارەکانی دیکە دەکات بۆ کەرکوک بەهۆی بوونی هەلی کارەوە لە کۆمپانیای نەوت. وتاری پێنجەم بەناونیشانی کەرکوک لە کورەی ئەنفالدا باسی ئەو نەهامەتیانە دەکات لە پرۆسەی ئەنفالدا بەسەر خەڵکی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەریدا هات و زۆرترین قوربانیان لەو ناوچانە بوون. وتاری شەشەم باسی سیاسەتی دەسەڵاتی پاشایەتی دەکات لە کەرکوک و دەریدەخات ئەو دەسەڵاتەش دانی بەبوونی کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمانی کورداندا نەناوە و سیاسەتێکی چەوتیان لە بەرامبەر کورددا پێڕەو کردووە، هەر لە میانەی ئەو باسەدا باسی بارودۆخی کەرکوک بەر لە دەسەڵاتی پاشایەتیش کراوە. لە وتاری حەوتەمدا باسی پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکوک کراوە لە سەدەیەکدا (١٨٥٠ - ١٩٥٧). لە وتاری هەشتەمدا باسی بەناونیشانی کوردی کەرکوک لە پەراوێز خستنەوە بۆ پاکتاوکردنی نەژادی باسی ئەو سیاسەتە چەپەڵانەی بەعس دەکات دژ بەکوردی کەرکوک لە گۆڕینی دیمۆگرافیا و پەراوێز خستنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی دەسەڵاتی کارگێڕی و ئابوری بۆ پاکتاو کردنی کورد لە کەرکوک. وتاری نۆیەم تەرخان کراوە بۆ کەرکوک لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیدا. وتاری دەیەم باسی کەرکوک دەکات لە بیرەوەرییەکانی سەرۆکی لیژنەی کێشەی ویلایەتی موسڵدا، سەرۆکی لیژنەکە دیپلۆماتکارێکی سویدی بووە بەناوی (ئەینار ئاف ڤیرسێن). وتاری یازدەهەم لەبارەی کەرکوک تەعریبی نوێوەیە. وتاری دوازدەهەم تەرخانە بۆ کەرکوک و فەرهەنگەکەی شەمسەدین سامی، لەم فەرهەنگەدا باسی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک کراوە و بە سی هەزار کەس خەمڵێنراوە کە سێ چارەکی کوردە، واتا (٢٢,٥٠٠) کەسیان کوردن و ئەوەی دەمێنێتەوە پێکهاتوون لە تورک و عەرەب و مەسیحی و جولەکە و خەڵکانی دیکەش. وتاری سێزدەهەمیش تەرخانە بۆ دەرکراوانی کورد بەپێی بەڵگە نامە فەرمیەکان. وتاری چواردەهەم وتارێکە بەناونیشانی پرسی دانیشتوانی ڕەسەن و ناڕەسەن و باسی شاڵاوی نەتەوە پەرستانی تورکمان و عەرەب و دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیا دەکات دژ بەگەڕانەوەی کورد بۆ سەر زێدی خۆیان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق. وتاری پازدەهەم تەرخانە بۆ بارودۆخی کەرکوک لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) و مادەی (١٤٠)ی دەستور. وتاری شازدەهەم تەرخانە بۆ ڕاپۆرتەکەی یونامی لە ساڵی (٢٠٠٩)دا. وتاری هەڤدەهەم تەرخانە بۆ کەرکوک و چارەسەر کردنی کێشەکان بەپێی مۆدێلی برۆکسل و ڕەخنەیە لە پرۆژەکە چونکە نوسەر پێی وایە برۆکسل و کەرکوک دوو واقعی زۆر جیاوازن و میکانیزمەکانیش دەبێت جیاواز بن. وتاری هەژدەهەم تەرخانە بۆ کەرکوک لە ڕاپۆرتی بەیکەر و هاملتۆندا کە گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان بوون. لە کۆتاییشدا کتێبەکە چەند پاشکۆیەک لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە چەند نەخشەیەک و چەند نوسراوێکی فەرمی.




## گوڵەکانی ژێر بەفر

بابەت: بیرەوەری

نوسینی: عاسی حسێن مەحمود

گوڵەکانی ژێر بەفر بریتییە لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک، لە دووتوێی ٧٢٥ لاپەڕەدایە و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ کراوە، لە پێشدا بەسێ بەرگ بڵاو کراوەتەوە (بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک ساڵی ٢٠١٧، ڕستێک میروو ساڵی ٢٠١٩، گوڵەکانی ژێر بەفر ساڵی ٢٠٢١)، ئەم کتێبە یادەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات لە دژی دکتاتۆریەت دەگێڕێتەوە و بەزمانێکی ئەدەبی جوان نوسراوە، لەگەڵ خوێندنەوەیدا خوێنەر دەگەڕێتەوە ئەو ڕۆژە سەختانە و نەهامەتیەکانی ئەو ڕۆژانەی وەک فلیمی سینەمایی دێتە پێش چاو، برسێتی و ماندوێتی و دڵەڕاوکێی ژیانی پێشمەرگایەتی و نوکتە خۆشەکانی شاخ و چاوەڕوانی کەسوکار و مەترسیەکانی هاتوچۆی دایک و باوک، هەمووی لەم کتێبەدا دەخوێنیتەوە، پەراگەندەیی دوای ئەنفال و برسێتی و بێ نانی کونە شاخ و کونە تەیارە و خۆ حەشاردان لە چیای خاڵخەڵان و شەهید بوونی هاوڕێ ئازیزەکانی ئەو ڕۆژگارە، هەموو چیرۆکەکانیان لە گوڵەکانی ژێر بەفردا دەخوێنیتەوە.

## من و لەیلا

بابەت: ڕۆمان

نوسینی: ئەحمەد ئال جۆدە

وەرگێڕانی: دانا عەسکەر




هەواڵنامەی کتێب

من و لەیلا ڕۆمانێکە لە نوسینی ئەحمەد ئال جۆدە، دانا عەسکەر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە دووتوێی (١٩٦) لاپەڕەدایە و ناوەندی فێربوون چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، ئەم ڕۆمانە باسی چیرۆکێکی خەیاڵی کەشتیوانێکی پیر دەکات کە پەرییەکی دەریا دەدۆزێتەوە و ناوی دەنێت لەیلا، ئەم پەرییە لە بنەماڵەیەکی پادشایەتی پەرییەکانی دەریایە و بنەماڵەکەی لە ململانێی دەسەڵاتی شانشینەکەیاندا کوژراون و خۆیشی درواتە دەستی شەپۆلەکان بۆ ئەوەی فڕێی بداتە کەناری دەریاکان و ببێتە خۆراکی ئاژەڵەکان، بەڵام دەکەوێتە دەستی فەیلەسوفێکی پیری تەمەن هەزار ساڵ کە لە دەریادا بەدوای خودادا دەگەڕێت، ڕووداوەکان لە بیست و شەش شەودا تۆمار کراون، مارکۆس ئۆگستۆس کەشتیوانەکەیە و کەشتیەکەی ناوی فەنتۆرسە، مارکۆس لە هەر شەوێکدا شتێکی فێر دەکات بۆ ناسینی خودا، ڕووداوەکان دەکەونە مانگی ئەپرلی ساڵی (٣٨٩٨)ەوە و کۆتایی ڕۆمانەکەدا مارکۆس دەمرێت و نامەیەک بۆ لەیلا بەجێ دەهێڵێت، لە نامەکەدا بەلەیلا دەڵێت شلەیەکی شین لە ژێر سەرینەکەمدایە و ئەگەر دەتەوێت ببیتەوە بەپەری دەریا ئەو شلە شینە بخۆرەوە بۆ ئەوەی بچیتەوە شانشینەکەت و ئەگەر دەتەوێت وەک مرۆڤیش بمێنیتەوە لەسەر کەشتیەکە بمێنەوە و دەتباتەوە بۆلای مامۆستاکەم ئەسینا لە گوندی دۆریس و تەرمەکەی منیش لە تەنیشتی دایک و باوکمەوە بەخاک بسپێرە.



**١٩٨٠ ـ ١٩٩٠ دەیەی کارەسات**

بابەت: بیرەوەری

نوسینی: عەدنان کەریم

دەیەی کارەسات بیرەوەرییەکانی خەباتگێڕی بیری چەپ عەدنان کەریم ناسراو بەئەحمەد موعینە و لە دووتوێی (٤٢٥) لاپەڕەدایە و بیرەوەری (٩) ساڵ ئیختیفای نوسەر دەگێڕێتەوە، بیرەوەرییەکانی نوسەر دابەش بوونە بەسەر چەند بەشێکدا و سەرەتا بەپێشەکییەک دەستی پێکردووە،

بەشێکی دیکەشی بەناوی پێشەکیەکانی وەرچەرخانی هەشتاکان لە عێراقە و باسی کودەتاکانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و کودەتای دووەمی بەعس دەکات لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ و باسی شەڕی عەرەب ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧و شکستی عەرەب لەو شەڕەدا دەکات، هەروەها باسی گۆڕینی دەسەڵاتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٩دا دەکات لە نێوان ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێندا، هەروەها باسی ڕەفتارەکانی بەعس دەکات بەرامبەر ئەندام و کادرەکانی خۆی. لە بەشێکی دیکەشدا باسی زیندانی بوونی خۆی دەکات لە زیندانی بەدناوی ئەبو غرێب و پاشان ئازاد بوونی لە زیندان و چەندین یادەوەری دیکە دەگێڕێتەوە.

لە بەشێکی دیکەشدا باسی خوێندنی زانکۆ و یادەوەرییەکانی ئەو ساڵانە دەکات، هەروەها شیکارییەک بۆ وەرچەرخانی دەسەڵات بۆ دکتاتۆریەت و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی تاکە حزبێک و پاشانیش لە دەستی تاکە سەرکردەیەکدا دەکات، لە بەشێکی دیکەشدا شیکارییەک بۆ هاوکێشەی خەباتی شاخ و شار دەکات، لە وتارەکەیدا ڕەخنە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگرێت بەهۆی ئەوەی ئەو هەموو نارەزایەتیە بەهێزە جەماوەرییەی لە خشتە بردووە و کردویەتی بەزەخیرەی هێزی چەکداری خۆی و پاشانیش بەهەر دوولا هێزی سەرکوتکەری بەعس لە شار و سیاسەتی دیماگۆگی چەکداری ئۆپۆزسیۆن زەمینەیان بۆ ئەنفالی کورد ڕەخساند.

نوسەر بەشێکی دیکەشی بۆ قسە کردن لەسەر شەڕی عێراق ئێران تەرخان کردووە و تیایدا باسی میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگە و ڕاپێچانی گەنجانی وڵات بۆ بەرەکانی شەڕ و کردنەوەی فەوجەکانی (خەفیفە) لە کوردستان دەکات، باسی زەرەر و زیانەکانی ئەو سیاسەتە چەوت و چەوێڵانە دەکات کە بەر کۆمەڵگە کەوتوون، هەروەها باسی ڕاپێچکردنی توێژی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و بەکارهێنانیان لە خزمەتی سیاسەتی سەرکوتکەرانە و ملیتاریانەی بەعسدا کردووە.

یەکێک لە بەسەرهاتە خۆش و ناخۆشەکان لەم یادەوەرییەدا باسی موسا عومرانە کە قوتابیەکی بەشی زمانی ڕووسی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووە، یەکێک بووە لە چەپە سەرسەختەکان و کەسێکی ئازا و چاو نەترس و خۆراگر بووە، لەلایەن ئەمنەوە دەگیرێت و پاش ماوەیەکی زۆری بێسەر و شوێن بوون بەر لێبوردنێک دەکەوێت، کەڵکەڵەی چوونە ناو شۆڕش و لەوێشەوە چوون بۆ یەمەنی باشور بۆ بەشداری لە شۆڕشی چەپەکانی یەمەن لە کەلەی دەدات، دەچێتە ناو حزبی شیوعی عێراق، بەڵام لە کۆتاییدا لە ناو پاسۆک خۆی دەبینێتەوە و دەبێتە بەشەهیدی پاسۆک.

کەواڵنامەی کتێب

**(سوڵتان هاشم و ئەنفال)**
**(نەوت و نەگبەتی)**
نوسینی: لەتیف فاتیح فەرەج




سوڵتان هاشم و ئەنفال و نەوت و نەگبەتی، دوو نامیلکەی نوسەر لەتیف فاتیح فەرەجە و یەکەمیان لە دووتوێی (٨٨) لاپەڕەدایە و وەڵامدانەوەی لێدوانێکی (سوڵتان هاشم)ە کە لە چاوپێکەوتنێکدا نکۆڵی لە فراوانی و دڕندەیی پڕۆسەکانی ئەنفال کردووە، وتویەتی ئەنفال بریتی بووە لە تەنها یەک پڕۆسە و لە ناوچەیەکی سنورداردا جێبەجێ کراوە کە قەزای دوکان و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی گرتۆتەوە. نوسەر بەڵگەی زۆری لە نامیلکەکەدا هێناوەتەوە و قسەکانی سوڵتان هاشمی بەدرۆ خستۆتەوە.

نامیلکەی دووەمیش نەوت و نەگبەتی، لە دووتوێی (١٣٤) لاپەڕەدایە و پێکهاتووە لە (٢٩) وتار، باس لەو نەگبەتیانە دەکات کە بەهۆی نەوتەوە بەسەر کورددا هاتووە، لە کاتێکدا نەوت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەبێتە خێر و بەرەکەت بۆ میللەتەکانیان، هەروەها باسی بەهەدەردان و بەتاڵان بردنی نەوتی کوردستانیش دەکات.

**ئاوابوون (شیعر)**
بابەت: شیعر
نوسینی: مەدیحە سۆفی



ئاوابوون، کتێبێکە لە دووتوێی (٢٠٨) لاپـەڕەدا، لە نوسینی شاعیر مەدیحە سۆفییە، پێکهاتووە لە کۆمەڵێک شیعری جوانی شاعیر و چەند پارچە پەخشانێک و گوزراشت لە هەست و سۆزی جوانی شاعیر دەکات:

**من ئەو نەوتراوەی ئێوارانم،**
**کە ئیتر نانوسرێتەوە**
**زەنگیانەی درەوشاوەی وشەکانی،**
**لە ژێر بارانی ڕاماندا هەروا قووڵ قووڵ ڕۆدەچن**
**منیش بەم فەریکە ئەزمونەوە**
**چۆن زەینم دەگاتە نزای**
**سۆفیەکی ژێر ئەشکەوتی خەڵوەت**
**ئەم مەلی مەیلە،**
**هێشتا نیشتنەوەی سەر چڵە زەیتون و**
**باڵەفڕەی ئەو بەری چەمی ڕاز فێر نەبووە**
**هێشتا لە ورشە و پرشەی ئەوینا ون دەبێ و**
**هێشتا پێڵوی چاوی بە تیشکی هەتاو نابەڵەدە**

## توانەوە لە عەشقدا

بابەت: شیعر

نوسینی: سەیوان سەمەد

توانەوە لە عەشقدا کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر سەیوان سەمەدە لە دوو توێی ١١٧ لاپەڕەدایە، پێکهاتووە لە پێشەکییەک کە خالد کاوێس قادر ... بۆی نوسیوە و لە ٥٤ هۆنراوەی ڕەنگین، ... لـــە یـەکـێـک ... لـــە




هۆنراوەکانیدا بەناوی دابڕان دەڵێت:

**لە باخچەیەکی لای ئێمە**
**دوو شاتوو ئالودەی یەک بوون**
**لق و گەڵاکانیان لێک جیا ناکرانەوە..**
**چوار وەرزیان هەر بەهار بوو**
**شەونمی سەر گەڵاکانیان**

هەواڵنامەی کتێب

وەک گوڵاو بەباڵایاندا دەهاتە خوار
بەڵام ئەفسوس
لە پڕ باخەوانێکی بێ ئاگا
یەکیانی لە ڕەگ هەڵکێشا و
بردی لە باخچەیەکی دی چاندییەوە..
لەو کاتەوە
چوار وەرزیان بوو بە پایز
وردە وردە
گەڵاکانیان زەرد هەڵگەڕان..
بۆیە باڵندەکان پۆل پۆل شاتووەکانیان جێدەهێشت
گوڵەکانی
ژێر ساباتی دوو دارەکەش
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەوەرین، دەپوکانەوە..
کاتێک باخەوان درکی کرد
لایەکی ئەو باخچەیە زەرد هەڵگەڕابوو،
ئۆقرەی نەما
چونکە دەیزانی چی دی نابوژێنەوە...

## مهرجان الببغاوات

بابەت: ڕۆمان
نوسینی: مەلاک الاحمد

مهرجان الببغاوات واتا (ڤیستیڤاڵی توتیەکان) ڕۆمانێکی کچە نوسەری کەرکوکی مەلاک ئەلئەحمەدە بەزمانی عەرەبی و لە دووتوێی ١٤٦ لاپەڕەدایە، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی منداڵێکی ستەم لێکراو دەگێڕێتەوە کە لە قوتابخانە لەلایەن هاوڕێکانیەوە بۆتە مایەی گاڵتە پێکردن، ئەو هەستەش وای لێدەکات لە ناخی خۆیدا ئاواتەخواز بێت




وەک مامۆستاکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خوێندەوار بێت و کتێب لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت، بۆیە لە دەرفەتێکدا کتێبێکی بەرگ سور بەدەستی مامۆستاکەیەوە دەبێت و دەیدزێت، مامۆستا دەزانێت ئەو دزیویەتی، بەڵام وادەزانێت لەبەر ئەوە دزیویەتی کە حەزی لە خوێندنەوەیە، مامۆستاکە خاوەنی

کتێبخانەیەکە قوتابیەکە بانگ دەکات و لێی دەپرسێتەوە و منداڵەکەش توشی شۆک دەبێت، بەڵام مامۆستا پێی دەڵێت کتێبەکە ببە بۆ خۆت بەدیاری بەو مەرجەی سەردانی کتێبخانەکە بکەیت و پێکەوە کتێبەکە بخوێنینەوە، بەهۆی سەردانی کتێبخانەکەوە خولیای خوێندنەوە دەبێت و دەبێتە یەکێک لە شارەزاکان لە شیعری بەدر شاکر ئەلسەیابدا.




**ڕۆشنبیری منداڵان**

بابەت: ڕۆشنبیری

نوسینی: ڕەزا شوان

ڕۆشنبیری منداڵان کتێبێکی قەبارە مام ناوەندە و لە دووتوێی ٢٤٣ لاپەڕەدایە، ئەم کتێبە هەر لە ناونیشانەکەیەوە دیارە بواری ڕۆشنبیری منداڵان دەگرێتەوە و بەشێوەیەکی جوان شیکاری بۆ چۆنێتی ڕۆشنبیر کردنی منداڵان کردووە، سەرەتا پێناسەی چەمکی ڕۆشنبیری و دەست نیشان کردنی ڕۆشنبیری ڕاستی کردووە، پاشان لە بواری ڕۆشنبیری منداڵانیشدا چەمک و پێناسەکانی خستۆتە ڕوو، سودەکانی ڕۆشنبیری دیاری کردووە، کۆڵەکەکانی ڕۆشنبیری منداڵانی دەست نیشان کردووە کە خێزان و کۆمەڵ و باخچەی منداڵان و قوتابخانە و کتێبخانە و کتێب خوێندنەوە، ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و ئامرازەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، وەک ئایپادی دیاری کردووە و سود و زیانەکانی ئەو ئامێرەشی دەرخستووە، بەڕاستی کتێبێکی گرنگە و پێویستە هەموو مامۆستا و پەروەردەکار و دایک و باوکێک بیخوێننەوە.

# IRAQ COPY

نوسینی: دیالۆگ




کۆپی ئیراک (عێراق) بڵاوکراوەیەکە لە بەغدا دەردەچێت و لەسەر بەرگەکەی نوسراوە (Iraq In Global Think Tanks) واتا عێراق لە ناوەندی هزری جیهانیدا و (مرکز غدا لإدارة الصراع) دەریدەکات، چەند ژمارەیەکی گەیشتووە بەگۆڤارەکەمان، ژمارەکانی (١و٢و٣)ی مانگی ئازاری ئەم ساڵ ٢٠٢٢ و ژمارەکانی (١٠و١١)ی مانگی نیسانی ٢٠٢٢، ئەم بڵاوکراوەیە سەرەڕای ئەوەی ژمارەی لاپەڕەکانی ئەوەندە کەمن کە خوێنەر دەتوانێت بەدوو سەعات بەوردی بیانخوێنێتەوە و هیچ ژمارەیەکی ناگاتە پەنجا لاپەڕەی قەبارە مام ناوەند، بەڵام بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەیە ئەوەندە گرنگن بەپێویستمان زانی ئەم نوسینەی لەبارەوە بڵاو بکەینەوە و خوێنەران بەناوەڕۆکەکەیان ئاشنا بکەین چونکە پێمان وایە دەبێت هەموو سیاسیەکانی کورد بەگشتی و سیاسیەکانی کورد لە کەرکوک ئاگاداری بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەیە بن و بزانن لە ناوەندە جیهانیەکاندا چۆن لەو کێشانە دەڕوانرێت. بەتایبەت لە ژمارە (١)دا کە هەموو بابەتەکانی باس لە بۆچوونی ئەمریکا دەکات لەبارەی عێراق و هەڵبژاردنەکان و حکومەتی ئایندەوە، هەروەها لەو وتارانەوە دەردەکەوێت ئەمریکا چەند ڕۆڵی هەبووە لە ئاراستە کردنی هاوپەیمانیەکەی سەدر




و حەلبوسی و پارتی، چۆن بە بەردەوامی هەوڵی داوە ئەوەی خۆی بەمەترسی دەزانێت زەقی بکاتەوە و بەردی بناغەی سیاسەتەکانی داهاتووی عێراق دابمەزرێنێت.

لە ژمارە (١)ی مانگی ئاداری ٢٠٢٢دا چەند بابەتێک بڵاوکراوەتەوە، ئەمەی خوارەوە پوختەی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەیە:

**بابەتی یەکەم: جەنگی گشت لە دژی گشت، گەڕانەوەی تایفەگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستتدا، لە قۆناغی دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.**

ئەم بابەتە لەلایەن وەلی نەسر مامۆستای توێژینەوە ڕۆژهەڵاتیە ناوەڕاستیەکان و کاروباری نێودەوڵەتی لە کۆلێژی توێژینەوە نێودەوڵەتیەکانی زانکۆی (جۆن هۆبکنز)ەوە نوسراوە، باس لە پرۆسەی کشانەوەی ئەمریکا دەکات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتێکدا چین و ڕوسیا ڕوویان لەم ناوچەیە کردووە، هەروەها حکومەتی ئێران بەتوندی دەستی بەداواکارییەکانی خۆیەوە گرتووە، وڵاتانی عەرەبیش کەمترین متمانەیان بەدەستەبەرییە ئەمنییەکانی ئەمریکا ماوە، ئەگەر ئەمریکا ڕێگە خۆش نەکات بۆ بەدیهێنانی سیستەمێکی هەرێمایەتی کە ببێتە هۆکاری دابین کردنی ئارامی لە ناوچەکەدا، بێگومان ئەو متمانەیە بەدەست ناهێنێتەوە، ڕەنگە دووبارە خۆیشی لە دۆخی تێوەگلان لە کێشە زۆر و زەوەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینێتەوە، سەرەڕای ئەوەی هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گر بۆ دەرباز بوون لەو کێشانە، ئەوەیش دەبێت بەڕێککەتننامەیەک دەست پێ بکات سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران.

ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەی باشی لەبارەی کێشەکانی ناوچەکەوە تێدایە، باسی هەموو ململانێکانی نێوان شیعە و سونە و چەکدار کردنی گروپە چەکدارییەکانی هەردوو لایەنی شیعە و سونە، لەلایەن حکومەتەکانی ناوچەکەوە و مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ئاینی و مەزهەبی لە ناوچەکەدا دەکات، هەروەها ڕوونکردنەوەشی تێدایە لەبارەی بارودۆخی قەیراناوی ناوچەکەوە لە دەرئەنجامی ململانێ تایفەگەرییەکان، باسی مەترسیەکانی پەرەسەندنی ململانێی نێوان دەوڵەتانی سونەی ناوچەکە و ئێرانیش دەکات و مەترسیەکانی ئەو پەرە سەندنەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەری تەقینەوەی ئەو بارودۆخە لە هەموو ئانوساتێکدایە.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر دووبارە هەڵایسانەوەی تایفەگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەو هۆیەشەوە ئەگەرەکانی خلیسکان بەرەو تێکچوونی بارودۆخ و نائارامی زیاد دەکات، لەو نێوەندەشدا کشانەوەی ئەمریکا دێتە گۆڕێ و قورەکە خەستتر دەکات، بۆیە توێژینەوەکە ئەمریکا وشیار دەکاتەوە لەوەی کە

نابێت ئەم ناوچەیە بەجێ بهێڵێت. لەتوێژینەوەکەدا هۆشیاری دراوەتە ئەمریکا کە ئەگەر ئەم ناوچەیە بەجێ بهێڵێت، ڕکابەرەکانی بۆشاییەکە پڕ دەکەنەوە و (چین و ڕوسیا) لە پێشینەی ئەو ڕکابەرانەدان، ناوچەکەش بۆ ئاژاوە و توندوتیژی بەجێ دەهێڵێت و لەکۆتاییشدا جارێکی دیکە ناچار دەبێت دەستوەردان بکاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕەخنە لەڕۆڵی ئیسرائیل گیراوە کە هەوڵی ئەوە دەدات ململانێکان هەڵایسێنێت و ئەمریکا و ئێران بخاتە سەر هێڵی ڕووبەڕوو بوونەوە. چاکترین کارێک ئەمریکا بیکات لە سایەی ئەم دۆخەی ئێستادا ئەوەیە، هەوڵی کپکردنەوەی ململانێ هەرێمایەتیەکان بدات بەو هیوایەی ببێتە هۆکاری بەدیهێنانی ئارامییەکی ڕێژەیی و بەدیهێنانی چوارچێوەیەکی هەرێمایەتی (ئیقلیمی) نوێ.

**بابەتی دووەم: ڕاست کردنەوەی نشوستیە ستراتیژییە گەورەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەعێراقدا:**

ئەم بابەتە لەلایەن ئەنتۆنی کوردسمان سەرۆکی فەخری کورسی ستراتیژی لە ناوەندی توێژینەوە ستراتیژی و نێودەوڵەتیەکان (CSIS)ەوە نوسراوە، باس لە شکستی سیاسەتی ئەمریکا کراوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکانی عێراقدا لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) و ڕوخانی ڕژێمی پێشو، بەبۆچوونی نوسەر ئەمریکا نەیتوانیوە ستراتیژیانە مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە ڕۆژانەکانی عێراقدا بکات و نەیتوانیوە یەکێتیەکی ئەتنیکی (عرقي) درێژ مەودا لە نێوان عێراقیەکاندا دروست بکات بۆ ئەوەی کێشەکان بنبڕ بکات، ئەوە سەرەڕای کەم کردنەوەی گرنگییە ستراتیژییەکانی عێراق، لە کاتێکدا ڕکابەرەکانی ئەمریکا هەوڵی ئەوەیان داوە ئەو گرنگیە بەکار بهێنن بۆ ئەوەی عێراق بکەنە پردێکی ستراتیژی لەنێوان ئێران و سوریا و حزبوڵای لوبنانیدا.

جگە لەوەش ئەمریکا شکستی هێناوە لەوەی دەست نیشانی دوژمنی سەرەکی خۆی بکات لە عێراقدا و شکستی لەوەشدا هێناوە کە هاوکارییە ئەمنییەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک پێشکەش بکات و هێزە عێراقیەکان بخاتە سەر سکەی متمانە بەخۆبوون، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڕەشانەدا کە دێتە پێشیان، هەروەها ئەو شکست و نوشوستیانە زیاتریش دەکەن لە چارەسەری هۆکارەکانی توندوتیژییە ناوخۆییەکاندا کە ئەمریکا نەیتوانیوە کۆتاییان پێ بهێنێت، سەرەڕای شکست خواردنی لە چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و سیاسیەکان و فۆکسی خستبووە سەر هاوبەشییەکی بەرتەسک کە ڕۆڵی لە بەدیهێنانی ئارامی و بونیادنانی عێراقێکی بەهێز و سەربەخۆدا نەبینی، عێراقێک خاوەنی حکومەتێکی کارا و ئابورییەکی گەشەکردو و خاوەن هێزێکی ئەمنی نییە، بتوانێت لە بەرامبەر هەڕەشە زۆرە ناوخۆییەکاندا ڕۆڵی خۆی ببینێت و توانای بەرگری کردن و بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە دەرەکییەکانی هەبێت.



نوسەر بابەتەکەی لە(١١) خاڵدا پوخت کردۆتەوە و لە کۆتاییشدا دەڵێت پێویست بوو ئەمریکا وانە لە دەستوەردانەکانی پێشووی لە وڵاتانی دیکەدا وەربگرێت، لە نێوان ساڵانی (١٨٩٩ هەتا ٢٠١٣) لە فلیپین و پاشان لە ڤێتنام و فۆکسی بخستایەتە سەر ستراتیژێکی گەورە و خاوەن ئەنجام و بەرهەمی درێژ مەودا، چونکە ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ خۆلادان لە جەنگێکی درێژ مەودا کە کۆتاییەکی پۆزەتیڤی نییە، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام شکست دەخوات بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە هەوڵ دەدات لە ڕێگای پێشکەش کردنی هاوکارییەکانی بۆ عێراقەوە گۆڕانکاری لە وڵات و کلتورێکی دیکەدا بکات.

**بابەتی سێیەم: عێراق بەردی بناغەی ون بوو لە سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر وڵاتانی کەنداودا:**

ئەم وتارە و زۆر لەوتارەکانی دیکەی ئەم گۆڤارە لە ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتیدا بڵاو بوونەتەوە و بەهەمان شێوە لەلایەن ئەنتۆنی کوردسمانەوە نوسراوە، ئەم ناوەندە ئامۆژگاری ئیدارەی حکومەتی ئەمریکا دەکات کە ڕێبازی سیاسی خۆی سەبارەت بەعێراق ڕاست بکاتەوە، لە ڕێگای دەستنیشان کردنی هەڵەکانی پێشترییەوە کە لە بەرامبەر مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی عێراقدا کردویەتی، نوسەری وتارەکە پێی وایە کە عێراق بەرژەوەندییەکی زیندووی ستراتیژی ئەمریکایە و جوگرافیای عێراق و

هەواڵنامەی کتێب

زۆر لەوتارەکانی دیکەی ئەم گۆڤارە لە ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتیدا بڵاو بوونەتەوە و بەهەمان شێوە لەلایەن ئەنتۆنی کوردسمانەوە نوسراوە. ئەم ناوەندە ئامۆژگاری ئیدارەی حکومەتی ئەمریکا دەکات کە ڕێبازی سیاسی خۆی سەبارەت بەعێراق ڕاست بکاتەوە. لە ڕێگای دەستنیشان کردنی هەڵەکانی پێشترییەوە




IRAQ COPY

سامانە نەوتیە گەورەکەی و ژمارەی دانیشتوانە زۆرەکەی و کاریگەرییە ستراتیژییەکانی لە هاوپەیمانیەکانی لەگەڵ هێزە دەرەکیەکاندا، هەموو ئەمانە فاکتەری گرنگن بۆ ئەوەی عێراقێکی ئارام و پارێزراو لە ڕووی ئاسایشەوە بونیاد بنرێت بۆ سنور دانان بۆ دەسەڵاتی ئیقلیمی ئێران و ڕووسیا و بۆ هێشتنەوەی ڕژێمی سوریای بەشار ئەسەد بەگۆشەگیری لە بەرامبەر کاروبارەکانی عێراقدا، هەروەها بۆ بونیادنانی پەیکەرێکی ستراتیژی هەرێمایەتی فراوانتر و کاریگەرتر کە ئوردن و میسر و وڵاتانی دیکەی کەنداویش بگرێتەوە، بۆ زامنکردنی ئاسایشی پەرەپێدانی نەوتی عێراق و هەناردە کردنی نەوتی عێراق و گەشەپێدانی بەسودی گەلی عێراق نەک ئێران.

بەڵام نوسەر پێی وایە هەتا ئێستا ئەمریکا لە عێراقدا شکستی هێناوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا و یەکێک لەو هەڵانە، لە ساڵی (٢٠٠٣)وە هەتا ئیدارەی ترامپ کردوویانە ئەوەیە کە نەیانتوانیوە عێراق بکەنە خاوەنی توانایەکی بەرپەرچدانەوە لە دژی هەڕەشە دەرەکیەکان لەلایەن دەوڵەتانی دەوروبەرەوە وەک ئێران و تورکیا، جگە لەوەی ئەمریکا شکستی خواردووە لەوەی هێزێکی سەربازی بەهێز بۆ عێراق بونیاد بنێت و ئابوورییەکی بەهێز بۆ پشتیوانی حکومەتەکانی عێراق دروست بکات.

دوو بژاردەی سەرەکیشی خستۆتە بەردەستی ئەمریکا، یەکەمیان ئەمریکا هەوڵی خۆی بخاتەگەر بۆ بونیادنانی هێزی سەربازی و ئەمنی پێویست بۆ بەرپەرچدانەوە و شکست پێهێنانی پەڕگیری و بەرپەرچدانەوە و بەرگری کردن لە بەرامبەر هەڕەشە و فشارە دەرکیەکاندا، دووەمیش کە بەڕای نووسەر ڕەنگە لە یەکەمیش گرنگتر بێت، ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و ئەوروپییەکان هەوڵی خۆیان بخەنەگەر بۆ هاوکاری عێراق لە چارەسەر کردنی کێشە گەورەکانی لە حوکمڕانیدا و لە دابەش بوونە سیاسیەکان و زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوان و دابەش بوونە ئیتنی و تایفیەکان و پەرەپێدانی ئابووری دادپەروەرانە بۆ سەرجەم ناوچەکان.

لە کۆتاییشدا ڕاپۆرتەکە سێ هەڕەشەی باس کردووە کە ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبنەوە لە عێراقدا ئەوانیش: یەکەم: هەڕەشەی سەربازی گروپە چەکدارییە پەڕگیرە (متطرف) ناوخۆییەکان و هەڕەشە سەربازییە دەرەکیەکان، دووەم: تێکەڵەی شکستەکانی عێراق لە ڕووی سیاسی و فەرمانڕەوایی و ئابورییەوە کە هەڕەشە و تەحدایەکی مەترسیدارن بۆ ئەمریکا و سیاسەتی ئەمریکی لە عێراقدا، سێیەم: هەندێک جار بەگەورەترین هەڕەشە لێکدەدرێتەوە، ئەویش نەزانی ئەمریکایە لە چۆنێتی کارکردنی عێراق و نەناسینی ئەو هێزانەی




ململانێکان بەڕێوە دەبەن و نەزانینی ئاستەکانی ڕیفۆرم و گۆڕان کە ویستی خەڵکی عێراق پڕ بکاتەوە.


**بابەتی چوارەم: عێراق و سیاسەتی ئەمریکی، سێبەری توندوتیژی باڵ دەکێشت بەسەر گفتوگۆکانی دوای هەڵبژاردندا:**

ئەم بابەتە لەلایەن (کریستۆڤەر ئیم بلانچارد)ەوە نوسراوە، پسپۆر لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فەرمانگەی توێژینەوە پەرلەمانیەکانی سەر بەکۆنگریسی ئەمریکا، نوسەر لە پوختەی بابەتەکەیدا دەڵێت: هێشتا ڕوون نەبۆتەوە کە ئاخۆ دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان و وتووێژەکانی پێکهێنانی حکومەت کاریگەری گروپەکانی سەر بەئێران کەم دەکاتەوە یان نا، ئەو گروپانەی کە هەوڵی ئەوە دەدەن پیاچوونەوە بەداواکەی سوپای عێراقدا بکەن بۆ سوپای ئەمریکا بۆ ئەوەی ڕاوێژکارەکانیان لە عێراقدا بمێننەوە یان داواکە هەڵوەشێننەوە، نوسەر دەڵێت چاودێرە عێراقیەکان بۆچوونیان وایە کە حکومەتێکی هاوپەیمانی (ئیئلافی) تەوافوقی پێک دەهێنرێت، بەرژەوەندی گروپەکانی سەر بەئێران دابین دەکات یان ئەوان و گروپەکانی دیکە پێکەوە بەرجەستە دەکات و مەترسیەکانی بەرپابوونی توندوتیژی سیاسی کەم دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتەکانی ئەنجامدانی چاکسازیش کەم دەکەنەوە، لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکانی ئەو حکومەتەی کە دێتە دامەزراندن لە عێراقدا، بەرپرسانی ئەمریکا دەرئەنجامەکانی بەردەوامی هاوکاری ئەمنی و پەیوەندییە دوو لایەنیەکانی دیکە هەڵدەسەنگێنن لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەدا کە ئارامی و ئاسایشی عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ئەنجامی بەردەوامی سیاسەتەکانی لایەنداری (مەحسوبیەت) و گەندەڵی و پشت بەستن بەنەوت و کارەکتەرە نادەوڵەتیە چەکدارەکان.

بەپێی توێژینەوەیەک کە فەرمانگەی توێژینەوە پەرلەمانیەکانی سەر بەکۆنگریسی ئەمریکا (CRS) ئەنجامی داوە، حکومەتی داهاتووی عێراق (واتا حکومەتی ئیئتلافی تەوافوقی) ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕکابەری دەبێتەوە کە پەیوەندییان بەفەرمانڕەواییەوە هەیە، وەک، شەفافیەت، چاکسازی کەرتی ئابوری، هەروەها مەترسیەکانی تیرۆر کە خۆی لە هەوڵەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشدا دەبینێتەوە بۆ فراوان کردنی چوارچێوەی هێرشەکانی. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر هاوکارییە ئەمنییەکانی و پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانی لەسەر بنەمای ڕەفتارەکانی حکومەتی داهاتووی عێراق هەڵدەسەنگێنێت. هەتا ئێستاش ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش توانای ئەنجامدانی هێرشی هەیە و هەوڵ دەدات چوارچێوەی پەلامارەکانی فراوانتر بکات، بەو هیوایەی بتوانێت دەسەڵاتی خۆی جارێکی دیکە لەسەر زەوی بەرجەستە بکاتەوە.



# شاعیر عەباس داودی، نموونەیەك لە ئەدەبی فرە كلتووری شاری كەركوك



فەهد عەنتەر ئەلدۆخی
وەرگێڕانی: فەیسەڵ هەمەوەندی




نزیکەی دوو دەیە و نیوە، لەم دەڤەری گەرمیانە، بەڕوح کەوتوومەتە گەڕان و پشکنین، سۆسەی بواری ئەدەبیم تێدا کرد، بەدوای کارەکەشمەوە توانیم بونیادی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە تەک کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیری ئەم شارە (کەرکوک) ببەستم، پردی پێکگەیشتنیانم بەچاوی خۆم بینی، بەتایبەت توێژی ڕۆشنبیر و نووسەران کە سەرسامیان کردم.

شاری کەرکوک، خەسڵەتێکی تایبەتمەندی هەیە لە داهێنان کە لە هیچ شارێکی دیکەی عێراق بەرچاو ناکەوێت، فەزای ئەم شارە چوار زمان ڕازاندوویەتییەوە، بەو هەموو بوارانەی هونەر و ڕۆشنبیری، لە مەڕ شانۆ و وێنەکێشان و نەخش و نیگار و پەیکەرسازی و خۆشنووسی، بەهەموو شێوازەکانییەوە، هەروەها ئەدەبیش بەهەموو ژانرەکانییەوە، لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و توێژینەوە و وەرگێڕان و ڕەخنە و..... هتد ، بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و تورکی و سریانی.

ئەوەی لەم شارەدا ئاکنجییە و هەرە زۆری زمانەکانی یەکدی دەزانن، زۆر ئازادانە سەر بەماڵی هونەر و

ڕۆشنبیرییەکەی دەکەن، بەو ئاوایەش وەرگێڕان لەم شارەدا نووسەرانی مەرەخەس کردووە بێ گرێ و گۆڵ تەراتێن بەنێو زمانەکاندا بکەن.

ئەوجا دێمە سەر دیوانە شیعرێک کە چنینەوەیەکی ناوە لە چوارینەکانی شاعیر عەباس داودی.

ئەم دیوانە شیعرییە بەزمانی دایک (کوردی) لە لایەن داودییەوە نووسراوەتەوە و مامۆستای پایەبەرز، موحتەرەم موحەمەد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەوەی مایەی گووتنە لێرەدا نکوڵی لە بڕشتی خامەی مامۆستا موحتەرەم ناکرێت چ وەرگێڕێکی بەسەلیقە و بەڵەدە لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا کە هەر دەقێک وەری دەگێڕێت دەچێتە بواری داهێنانەوە.

هەرگیز ئەوەشمان لە بیر ناچێت مامۆستای کۆچکردوو محمەد سابیر مەحموود پێنووسێک بووە لە بواری ئەدەب بەتایبەت وەرگێڕاندا، هاوتای کەم بووە.

بەش بەحاڵی خۆم لە ڕێگای ئەو دوو زاتە ڕۆشنبیرەوە ئاشنای مێژووی ئەدەبی کوردی بوومە، لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت لێکۆڵینەوەش هەر لە ڕێگای ڕێنمایی ئەو دوو کەڵە نووسەرەوە، خۆم بە دەروازەی شاری ئەدەبی کوردیدا کرد، فەزای سیحر و خەیاڵی ئەو دەقە کوردیانەم خوێندەوە کە مامۆستایان وەریان گێڕابووە سەر زمانی عەرەبی.

لێرەوە دێمە سەر دیوانە شیعرییەکەی داودی، (چنینەوەیەک لە چوارینەکانی عەباس داودی)

(تسیرين وفي الخطى مثل الباز
اشد دلالا من حسنك الفياض
قلبت العذار خمارا لك
تحاذري الذئاب في الرياض)

ئەوەی زیاتر هەڵوەستەی پێکردم، جوانی چوارینەکان و ئەو وەرگێڕانەی مامۆستای پایەبەرز موحتەرەم محمەد بوو، چەندە بەجوانی و ئەمانەتەوە ڕوحی وەبەر دەقەکاندا کردووە، خودی وەرگێڕان لە شیعردا ئاسان نییە، بەو ئاوایەی وەرگێڕ پێویستە هەستیارانە، شاعیرانە و سیحر بازانە کار لە ئاشنا کردنەوەی زماندا بکات. چوارینەکانی خەیامم لە بەرە، وەلێ بەزمانی عەرەبی، چونکە فارسی نازانم، ئەو زاتە چەند بەجوانی باس لە ژیان کردووە و دەڵێت:

سمعت صوت هاتفا في السحر
نادى من العيب عقات البشر
هبوا املأوا كأس المنى
قبل ان تملأ كأس العمر كف القدر

بەڕاستی جیهانی شیعر، جیهانێکی پڕ لە فەنتازیا و ئێستاتیکا و قوڵبوونەوەیە بۆ ناخی گەردوون

شاعیر عەباس داودیش جوانترین چوارینەی داهێناوە کە بۆتە مایەی هەڵوەستە کردن لە سەریان.

شاعیر عەباس داودی لە دایکبووی ١٩٦٢ی شاری خورماتووی سەر بەپارێزگای کەرکوکە.

دەرچووی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێرە, بەشی بیۆلۆجی.

ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقە - لقی کرکوک.

ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن :

١ - بولێڵ (کۆمەڵە شیعر) ساڵی ٢٠٠١.

٢ - رێژنەی فرمێسک (کۆمەڵە شیعر) ساڵی ٢٠٠٧.

٣ - راز و گەمەی ئیشق (کۆمەڵە شیعر) ساڵی ٢٠١١.

٤ - چوارینەکانی عەباس داودی ، ساڵی ٢٠٢٠.


دوا بەرهەمی (چنینەوەیەک لە چوارینەکانی عەباس داودی)، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ساڵی ٢٠٢١.



هەواڵنامەی کتێب

# ئاوایی ناسر و میسر
# لە بیرەوەری باوکمدا

## لە نێوان ساڵانی (١٩٤٦ بۆ ١٩٦١)






ئا / سیروان بەرزنجی

## ناوی ناسر و میسر لە چییەوە هاتوە:

گوندی ناسر و میسر لە بناری خاڵخاڵانی کوردستان و سەر بەناوچەی شوانی کێشکە.

بەپێی گێڕانەوەی عەلی ڕەزا کەسایەتی و ڕیش سپی ئاوایی لە بارەی ناوی ئاوایی (ناسر و میسرەوە) وتوویەتی: لە کاتی گرانی یەکەم ئێمە جاحێڵ واتە: گەنج بووین.. لەگەڵ کوڕانی ئاوایی لەسەر گردێک دانیشتبووین بۆ خۆمان قسەمان دەکرد، لە ناکاوە دوو کەس لە دوورەوە دەرکەوتن بەرەو ئاوایی دەهاتن، چاومان لێ بوو کە وردە وردە نزیک بوونەوە لە ئاوایی، زۆری پێ نەچوو ئەو دوو کەسە دیار نەمان، ئیتر لەگەڵ خۆمان قسەمان دەکرد، وتمان وادیارە چوونەتە شیوەکەوە ئێستا بۆ خۆیان دێن، بەڵام زۆری پێ چوو هەر نەهاتن، ئێمەش هەڵساین چووین بزانین چییان بەسەر هات، کاتێک گەیشتینە شیوەکە تەماشامان کرد هەردووکیان مردوون، وادیار بوو لە برسا مردبوون، بەپەلە گەڕاینەوە خەبەری ئاواییماندا کە دوو کەس لە شیوەکە مردوون، باوکم لەگەڵ چەند کەسێک چوون بۆ گوندی کارێزە چونکە لەو سەردەمە گوندی کارێزە حوجرە و فەقێی لێبوو، پیاوی خوێنەواری زۆر بوو، لەگەڵ خۆیان دوو کەسی خوینەواریان هێنابوو بۆ زانینی ناسنامەی ئەو دوو کەسە کە مردوون، چونکە ناسنامەیان هەڵگرتبوو، کاتێ تەماشا دەکەن ئەم دووانە بران یەکێکیان بە ناوی: ناسر، ئەوی دیکەش بەناوی، میسر، ئەوە بوو لەوێ بەخاک سپێردران!

دواتر مام عەلی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دێیەکەمان ناو نا (دووبرا)، بۆ ماوەی ساڵانێک ماڵمان لەو گوندە بوو، دواتر ئاواییمان گواستەوە بۆ شوێنێکی دیکەی نزیک لە گوندی دووبرا، شوێنێکی بەرز و ئاو و هەوایەکی دڵگیری هەبوو لەوێ نیشتەجێ بووین، ئینجا بیرمان لەوە کردەوە ناوی ئاواییمان نا: (ناسر و میسر)، چونکە ئەو دووانە دیار بوو لە وڵاتی غەریبی هاتبوون هانایان بۆ ئێمە هێنابوو بەڵام نەگەیشتن لە برسا گیانیان لەدەستدا، بۆیە وەک وەفایەک بۆ ئەو دوو برایە کە لە سنووری ئاوایی ئێمە مردن.

## چایخانەکەی ئۆمەر:

ئەم چایخانەیە لە سنوری ئاوایی ناسر و میسر بوو، لە کاتی خۆی ناو و ناوبانگێکی باشی هەبوو لە کوردستاندا، هەرچی کاروانی وڵاتی سەرەوە هەیە هەمووی ڕووی لە چایخانەی ئۆمەر دەکرد، چونکە شوێنەکەی ڕێگای سەرەکی بوو لە ناسر و میسرەوە بۆ کەرکوک، چایخانە و خانێکی زۆر گەورە و فراوان بوو، نزیکەی (٥٠) ژووری لەخۆ گرتبوو، شوێنی تایبەتی هەبوو بۆ حەسانەوەی وڵاخ و گوێ درێژ و مەڕ و ماڵات، شەوی بە (٥٠) فلس دەمانەوە.

### هاتووچۆی کاروانی:

لە دێهاتەکانی دەوروبەری ناسر و میسر و دێهاتەکانی کوردستان بەگشتی وەکو: (هەڵەدن، یاخسەمەر، هۆمەر قەوم، بەرگەڵو، سەرگەڵو، سورداش، تەلان، قەمچۆغە، جاسەنە، تۆبزاوە)، هەروەها ناوچەی هەورامان، دێهاتی شێخ بزێنی، زۆر شوێنی دیکە، ئەمانە بەڕێگەی ناسر و میسر هاتوون و لە چایخانەی ئۆمەر لایان داوە، بەشەو و ڕۆژ کەر و کاروانی جمەی دەهات، دواتر بەهەردەی ماسقەلاندا دەچوون بەرە و یارەولی ئەوجا بۆ کەرکوک، کاروانی ئەو سەردەمە لە دێهاتەکانەوە ئەم بەروبوومانەیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا بۆ کەرکوک وەکو: دەغڵودان (گەنم و جۆ، ترێ، دۆشاو، مێوژ، ماست، تۆراخ، هێلکە، مریشک، قاز، قەل (عەلەشیش)، مراوی، گوێز، نیسک، نۆک، ساوەر، گەنمە کوتاو، برویش، ڕۆنی خۆماڵی، پەنیری کوردی). ئەم بابەتانە لە بازاڕی جووت قاوە دەفرۆشران، کاتێک لە کەرکوکەوە دەگەڕانەوە بۆ دێهاتەکان ئەم جۆرە بابەتانەیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە وەکو: (خامی سپی، خامی بلوولی). کە دەرپێ و شەرواڵ و شتی تری لێ دروست دەکرا، هەروەها (گاسن، تەشوێ، تەورداس). ئەمانە بۆ ئیش و کاروباری لادێ بەکار دەهات، لەگەڵ چای و شەکر و نقوڵ و خورما، نەوت... لە کاتی زستان بە کاریان دەهێنا بۆ سووتەمەنی.

لەو سەردەمە بازاری کەرکوک بریتی بوو لە جووت قاوە و خان خورما و چایخانە حەسیرەکە، دانیشتوانی کەرکوک بەگشتی سوود بەخش دەبوون لەو خێر و بەرەکەتەی کوردستان.



لە دێهاتەکانی دەوروبەری ناسر و میسر و دێهاتەکانی کوردستان بەگشتی وەکو: (هەڵەدن، یاخسەمەر، هۆمەر قەوم، بەرگەڵو، سەرگەڵو، سورداش، تەلان، قەمچۆغە، جاسەنە، تۆبزاوە)، هەروەها ناوچەی هەورامان، دێهاتی شێخ بزێنی، زۆر شوێنی دیکە، ئەمانە بەڕێگەی ناسر و میسر هاتوون و لە چایخانەی ئۆمەر لایان داوە




## کورتەیەک لە ژیانامەی عەلی ڕەزا

ناوی تەواوی: عەلی کوڕی ڕەزا کوڕی حەمە ڕەشانە، لە ساڵی (١٩٠٠) چاوی بەژیان هەڵهێناوە، دایکی ناوی (لەیلا کچی عەباس) بووە، ناوبراو بە یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ناوچەی شوان و ئاوایی ناسر و میسر ئەژمار دەکرێت، مرۆڤێکی ئازا و چاونەترس و بە خزمەت و نشتیمان پەروەر بووە، لە هەمانکاتدا پیاوێکی هەڵکەوتوو و قسەزان و سەخی تەبیعەت و پیاوی سوڵح بووە، حەزی لە کاری خێر کردووە، زۆر ئارەزووی ڕاو کردنی هەبووە، سوار چاکێکی باش و نیشان شکێنێکی زۆر باش بوو، لە ڕێکەوتی (١٤/ ٢ /١٩٧٩) لە تەمەنی (٧٩) ساڵیدا ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و لە گۆڕستانی ناسر و میسر بەخاک سپێردراوە، سێ کوڕ و شەش کچی هەبووە، بەم ناوانە: (شەهید ڕەئوف، ڕەفیق، کاکەڕەش)، کچەکان: (جەیران، بەدری، فەخری، ڕووناک، ئاوات، جەمیلە).

هەواڵنامەی کتێب



**پەیوەندی عەلی ڕەزا لەگەڵ کوێخا و پیاوماقوڵانی ناوچەکە**

مام عەلی پیاوێکی کۆمەڵایەتی و بەوەفا و مرۆڤ دۆست بوو، پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتی و پیاوماقوڵانی ناوچەکە و دەوروبەری ناسر و میسر هەبوو، زۆر جار کوێخا و ڕیش سپی و پیاوماقوڵانی گوندەکان دەهاتن بۆلای، بەهەمان شێوە مام عەلی دەچوو بۆ لایان، وەک بێتەوە یادم ئەو بەڕێزانەی کە سەردانی مام عەلییان دەکرد بریتی بوون لەم کەسایەتیانە:

| | |
|---|---|
| *– کوێخا جوامێر | گوندی کارێزە |
| *– کوێخا کەریم | گوندی کارێزە |
| *– کوێخا ئەنوەر | گوندی کارێزە |
| *– کوێخا عوبێد حاجی لەتیف | گوندی پاپیلان |
| *– کوێخا زامن | گوندی جولحان |
| *– کوێخا حاجی نامیق | گوندی گورگان |
| *– کوێخا حەمە ڕەزا | گوندی عەلی موسای سەرو |
| *– کوێخا خورشید | گوندی عەلی موسای خوارو |
| *– کوێخا مەلا مەجید | گوندی مۆرخواردەی سەرو |
| *– کوێخا خورشید | گوندی مۆرخواردی خوارو |
| *– کوێخا عەلی | گوندی مەحمەخان |
| *– کوێخا زەوار سادق | گوندی کانی گەوهەر |
| *– کوێخا حوسێن | گوندی گوڵم کەوە |
| *– کوێخا عەلی | گوندی فەقێ میرزا |
| *– کوێخا محەمەد (حەمە قوت) | گوندی مام ڕەش |
| *– کوێخا حاجی عەلی | گوندی دارە قوتە |
| *– خەلیفە مەلا قاسم | گوندی حەساری گەورە |
| *– شێخ فاتیح عەوەڵان | گوندی عەوەاڵان |

**هەڵوێست و جوامێری عەلی ڕەزا:**

پیاوێک هەبوو ناوی حاجی ساڵح بوو، خەڵکی ناوچەی مامە و عەلەغێر بوو، پیاوێکی زەنگین و خاوەن مەڕ و ماڵات بوو، خزمایەتی هەبوو لەگەڵ ماڵی حاجی ئەحمەد شەریف کە ئامۆزای عەلی ڕەزا بوو، بەردەوام هاموشۆی ناسرو میسری دەکرد و چەند ڕۆژێک لەوێ دەمایەوە، لە کاتی خۆی مێگەلێ مەڕی دابوو بە حاجی ئەحمەد بە خێوی بکات کە ژمارەیان (١٠٠) سەر بوو، چونکە لە ناوچەی مامە و عەلەغێر پوش و پاوەند زۆر کەم بوو، جا ڕۆژێک حاجی ساڵح بەپەلەپەل هات بەرەو ئاوایی، وادیار بوو حاجی ساڵح شتێکی بەسەر هاتبوو، سەلامی لە حازری کرد و چاوێکی بە ئاوایی گێڕا یەکسەر وتی: عەلی ئەو مێگەلە مەڕە هی کێیە؟ لە وڵامدا مام عەلی دەڵێت: ئەوە مەڕەکانی خۆتە، وادیار بوو زۆر پەشۆکا بوو، ئەمجا حاجی ساڵح وتی: عەلی ئەو مێگەلە مەڕە بۆ خۆت. لێم قەوماوە فریام کەوە!!






مام عەلی دەڵێ: چی بووە؟ حاجی وتی: کوڕێکم پیاوێکی کوشتووە خەڵکی گوندی (کلاوقوت)ە، ئەمجا مام عەلی دەڵێ: خودا کەریمە ئەم شەو لای ئێمە بمێنەوە بەیانی دەچین بۆ لایان، ئەوە بوو بۆ بەیانی مام عەلی و حاجی ساڵح بەڕێ کەوتن بەرەو گوندی کلاوقوت، کاتێ دەگەنە ماڵی کوڕە کوژراوەکە دەبینن پۆلیس لەوێ ئامادەیە،

ئیتر مام عەلی لەگەڵ جەنابی قومسێر و کەس و کاری کوژراوەکە قسە دەکات، پاش گفتوگۆ و بە لێهاتووی خۆی کێشەکە چارەسەر دەکات و قەناعەت بەهەر دوولا دەکات و کۆتایی بەکێشەکە هێنابوو، بەم ئاشتەواییە حاجی ساڵح زۆر دڵخۆش و مەسرور بوو، دەست خۆشی لە مام عەلی کردبوو، ئیدی لە کاتی دوعا خوازی مام عەلی بەزەردە خەنەوە بە حاجی ساڵح دەڵێ: حاجی مەڕی خۆت بۆ خۆت!!

### هەڵوێستی عەلی ڕەزا لەگەڵ شێخێکی عەرەب:

لە وەرزی بەهار عەرەبەکانی بەدوو لە ناوچەی حەویجە و دەوروبەرییەوە بەمەڕ و ماڵاتەوە دەچوون بۆ گوندی (ناسر و میسر) لە نزیک ئاوایی ڕەشماڵیان هەڵدەدا بۆ ماوەی دوو مانگ لەوێ دەمانەوە، ژمارەی ڕەشماڵەکان نۆ دانە بوون.

ڕۆژێک پاش نوێژی عەسر دوو کەس دەچنە سەر ماڵی شێخی عەرەب و بەزۆر بڕنەوەکەی شێخی عەرەب دەبەن و هەڵدێن، ئیتر خەڵکی ئاوایی کە بەمەیان زانی چوون بۆ ماڵی شێخی عەرەب، دەمەو ئێوارە مام عەلی لەسەر ئیشو کار گەڕایەوە بۆ ماڵەوە لە ڕێگەدا تەماشا دەکات لای ماڵی شێخی عەرەب قەرەباڵغی هەیە، مام عەلی دەڵێت: دەبێ چی قەوما بێت، کاتێک پرسیار دەکات؟ خەڵکی ئاوایی پێی دەڵێن: دوو کەسی نامۆ هاتوون تفەنگی شێخی عەرەبیان بردووە!

مام عەلی لە شێخی عەرەب دەپرسێ ئەوانە کێ بوون؟. کابرای عەرەب دەڵێ: دووان بوون یەکێ عەینەکی (چاویلکە) لە چاو بوو، بەم ناونیشانە مام عەلی دەزانــێ ئەو دووانە خەڵکی گوندی کارێزەن، مام عەلی زۆر بێ تاقەت بوو، بەڵام بۆ بەیانی زوو بەڕێ کەوت بەرەو کارێزە.. پاش گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی کارێزە وتبووی ئەگەر ئەو تفەنگە نەگەڕیننەوە خودا عەلیمە پیاوێکتان لە شوێنێک ببینم خراپی بەسەر دێنم!! ئەوانیش لە ترسی مام عەلی یەکسەر دەڵێن: بەڵێ لای ئێمەیە، ئیدی بڕنەوەکەی شێخی عەرەب ڕادەستی مام عەلی دەکەنەوە، بۆ ئێوارە گەڕایەوە ناسرو میسر. تفەنگی دایــەوە دەستی شێخی عەرەب، خانەوادەی شێخ لە خۆشیا دەستیان کرد بەهەڵهەڵە لێدان، پاشان کابرای عەرەب زۆر ستایشی مام عەلی کرد بۆ ئەو هەڵوێستە جوانەی کە ئەنجامی دابوو، لەپای ئەم هەڵوێستە شێخی عەرەب سێ بەرخی سەربڕی و خەڵکی ئاوایی دەعوەت کرد بۆ خوانی نیوەڕۆ، ئیتر بوو بەخۆشی و شادی، دواتر شێخی عەرەب بە (عەبدوڵڵا کوڕی مستەفا) کە دانیشتووی ناسر و میسر بوو، پێی دەڵێت: بەعەلی ڕەزا بڵێ من کچم زۆرە.. با یەکێ لە کچەکان دەستنیشان بکات بۆ خۆی یاخود بۆ خزمی، ئەم عەبدوڵڵا مستەفایە لە کاتی خۆی عەسکەری کردبوو زمانی عەرەبی دەزانی ئەوە بوو قسەکەی شێخی عەرەب بۆ مام عەلی گێڕایەوە کە یەکێ لە کچەکان پیشکەشی بێت، لە وەڵامدا مام عەلی



شەهید محەمەد برا گەورەی کوێخا سمایلی تەلان




دەڵێت: مەمنونی شێخم کچی خۆی بۆ خۆی، ئەو لای ئێمە میوانە بۆیە پێویستە لەسەرمان بەواجب هەڵسین، ئیدی شێخی عەرەب بەقسەکانی مام عەلی زۆر سەرسام و دڵخۆش دەبێت.

هەر لەمبارەیەوە ژمارەیەک لە دانیشتوانی مۆرخواردەی خواروو کە پیشەیان کڕین و فرۆشتنی تووتن بوو، جا بۆ فرۆشتنی تووتن دەچوون بۆ ناوچەی حەویجە و دەوروبەری، جارێک چوار پێنج بار تووتن دەبەن بۆ خوارووی کەرکوک، کاتێک لە حەویجە نزیک دەبنەوە، هەندێ چەتەی عەرەب ڕێیان لێ دەگرن و هەرچی باری تووتن هەیە هەمووی دەبەن و هەڵدێن، ئەمانیش هیچیان پێ ناکرێ ناچار ڕوو دەکەنە ماڵێک لەو گوندە، بەڕێکەوت دەچنە ماڵی (شێخی عەرەب) کە کاتی خۆی لە (ناسر و میسر) بوو، هەواڵی بردنی بارە تووتنەکە بۆ شێخی عەرەب دەگێڕنەوە، شێخ لێیان دەپرسێ ئێوە خەڵکی کوێن؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە خەڵکی مۆرخواردەین لە ناوچەی شوان، ئەمجا شێخی عەرەب دەڵێت: عەلی ڕەزا دەناسن خەڵکی ناسر و میسرە؟ دەڵێن: بەڵێ ئەی چۆن نایناسین ئێمە نزیکی گوندی ناسر و میسرین، جا شێخ هەر بەو شەوە بەپیاوەکانی دەڵێت: ئێستا بچن ئەو چەتانە بدۆزنەوە و بییان هێنن بۆ ئێرە، ئەوە بوو چەتەکان گیران و هەر بەو شەوە بارە تووتنەکەیان گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان، ئەمە هەڵوێستی شێخی عەرەب بوو بەرامبەر بەو کەسانە کە دانیشتووی مۆرخواردە بوون، بۆ بەیانی لە کاتی دوعا خوازی شێخ دەڵێت: کە گەڕانەوە بۆ ئاوایی.. سەلامی من بەعەلی ڕەزا بگەیەنن، ئەمە لە پای پیاوەتی و هەڵویستی مام عەلی بوو بەرامبەر بەشێخی عەرەب لە کاتی خۆی.

**بنەماڵەکانی ناسرو میسر:**

لەو سەردەمەدا ئاوایی ناسر و میسر (١٠) ماڵی لێ بوو، دواتر سێ ماڵی تر هاتە سەری واتە بوون بە (١٣) ماڵ، بەڵێ هەندێک خەڵکی دیکە لە دێهاتەکانی دیکەوە دەهاتن لە ناسر و میسر نیشتەجێ دەبوون، بەڵام یەک ساڵ دوو ساڵ لەوێ دەبوون دواتر باریان دەکرد، ئەوەی من مەبەستمە ئەو (١٠) بنەماڵە هەموویان خزم و کەس و کاری یەک بوون کە بریتین لەم ماڵانە:

١ـ ماڵی عەلی ڕەزا
٢ـ ماڵی سەعید ڕەزا
٣ـ ماڵی حوسێن ڕەزا
٤ـ ماڵی حاجی محەمەد (حەمەجەمە) کوێخای ئاوایی
٥ـ ماڵی حاجی ئەحمەد شەریف
٦ـ ماڵی حەسەن شەریف
٧ـ ماڵی حەمە گچکەل شەریف
٨ـ ماڵی ئۆمەر بارام ئەحمەد
٩ـ ماڵی حوسین مستەفا، ناسراو بە (حوسەی مچە)

١٠- ماڵی مام حەسەن خوردەلووکی

پاشان سێ ماڵی دیکە زیادی کرد وەکو:

١- ماڵی کوێخا عەودل کوڕی کوێخا محەمەد

٢- ماڵی نوری کوڕی ئۆمەر

٣- ماڵی عەبدوڵلا مستەفا، برای حوسەی مچە

واتە کۆی گشتی (١٣) بنەماڵە بوون لە ئاوایی ناسر و میسر.

**بنیادنانی مزگەوتی ناسرو میسر لە ساڵی ( ١٩٤٨):**

ڕۆژێک مام عەلی بڕیاریدا لە سەرووی چەمەکەوە مزگەوتێک دروست بکرێت بۆ ئاوایی، ئەوە بوو ڕۆژانە دەچووین بۆ سەر چەمەکە بەڕاویە ئاومان دەهێنا، ئیدی بەکا و خۆڵ قوڕمان دەگرتەوە و خشتمان دەبڕی، مام عەلی خۆی وەستایی دەکرد و دیواری مزگەوتەکەی تەواو کرد، پاشان سەری مزگەوتەکە بە دار و قەمیش و قەسەڵ و دواتر بەقوڕ داپۆشرا، یەک مانگی خایاند لە هاوینی ساڵی (١٩٤٨) تەواو بوو، مزگەوتێکی زۆر جوان و باشی لێ دروست کرا، شەش مەتر پانی و هەش مەتر درێژی بوو، لەگەڵ بەر هەیوانێک کە دوو مەتر و نیو پانی و شەش مەتر درێژی بوو، ئەم بەڕێزانە: بەشدار بوون لە بنیادنانی مزگەوتی (ناسر و میسر):

١- عەلی ڕەزا.

٢- سەعید ڕەزا.

٣- سەید مەحمود بەرزنجی

٤- کوێخا عەودل کوێخا محەمەد (حەمە جەمە).

٥- عەبدولا مچە.



لەو سەردەمەدا ئاوایی ناسر و میسر (١٠) ماڵی لێ بوو، دواتر سێ ماڵی تر هاتە سەری واتە بوون بە (١٣) ماڵ، بەڵێ هەندێك خەڵكی دیكە لە دێهاتەكانی دیكەوە دەهاتن لە ناسر و میسر نیشتەجێ دەبوون




پاش تەواو بوونی بینای مزگەوتەکە، خەڵکی ئاوایی بەشدار بوون لە کڕینی حەسیر و پارەیان کۆکردەوە و درایە دەستی عەبدوڵڵا کە بریتی بوو لە (١٢) پەنجایی و چوو بۆ کەرکوک لەوێ دوو حەسیری کڕی بۆ مزگەوتی ناسر و میسر، پاشان مام عەلی مەلایەکی هێنا بۆ مزگەوتەکە، بە ناوی (مەلا عوسمان) خەڵکی گوندی (ئاوبارە) بوو، ساڵی بەسێ قزناخ گەنم و ماڵەکەشی هێنا بۆ ناسر و میسر، ئیدی ناو و ناوبانگی مزگەوتەکە بڵاوبووەوە بەگوندەکانی دەوروپشتی گوندی (ناسر و میسر)دا، ئەوە بوو ئاغاکانی شێخ بزێنی و کوێخا و پیاو ماقوڵانی ناوچەکە بەمەبەستی پیرۆزبایی لە مام عەلی و خەڵکی ئاوایی هاتن بۆ ناسر و میسر، ئەوەی بێتەوە یادم ئەم بەڕێزانە بوون:

١- ڕەحمان ئاغاو جەلیل ئاغا (شیخ بزێنی) گوندی گڵناجاخ و سەرچنار

٢- کوێخا جوامێر. گوندی (کارێزە)

٣- کوێخا کەریم. گوندی (کارێزە)

٤- کوێخا ڕەشید خورشید. گوندی (مۆر خواردەی خواروو)

٥- کوێخا زەوار سادق. گوندی (کانی گەوهەر)

٦- کوێخا عەلی. گوندی (فەقێ میرزا)

٧- مام ئەحمەد باوکی حاجی عەبدوڵا تۆراخ. گوندی (دانە سۆفی)

٨- کوێخا حەمە ڕەزا. گوندی (عەلی موسای سەروو)

٩- حاجی محمد ناسراو بەحەمە قوت. گوندی (مام ڕەش)

١٠- کوێخا عوبێد. گوندی (پاپیلان)

بەم شێوەیە مزگەوتی ناسر و میسر دروستکرا.

ئاسەواری مزگەوتە کۆنەکەی ناسر و میسر، کە لە ساڵی (١٩٤٨) بنیادنراوە، لە ساڵی (١٩٩٦) بۆ جارێکیتر لەلایەن دانیشتوانی ئاوایی نوێژەن کراوەتەوە، لە ئێستادا خاپور بوەو لە سەرووی ئاوایی مزگەوتێکی گەورەو فراوان بە شێوەیەکی مۆدێرن دروست کراوە.

**ڕەز و باخی ئاوایی ناسرو میسر:**

لەو سەردەمەدا خەڵکی ئاوایی ناسر و میسر خاوەنی شەش ڕەز و باخ بوونە، دیمەنێکی جوان و خاکێکی بە پیت و بەرەکەت بوو، ئاو و کانیاوی باشی لێ بوو، دانیشتوانی ئاوایی خەریک کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و ڕەز و دارستانی چاکی لێ بوو، ئەم بەڕێزانە ڕەز و باخیان هەبوو لەوانە:-

عەلی ڕەزا: خاوەن باخ و دارستانێکی باش بوو، باخەکەی بریتی بووە لە: قۆخ، سێو، هەنجیری زەرد و ڕەش، زەردەلوو (قەیسی)، هەنار و....هتد.

حاجی محەمەد: ناسراو بە (حەمە جەمە) ڕەزێکی باشی هەبوو.

ئۆمەر: خاوەن ڕەز و باخێکی گەورە و فراوان بووە،



بریتی بووە لە: هەنجیر، ترێ، هەنار، گوڵەباخ، زەردەلوو، قۆخ و....هتد.

سەعید ڕەزا: خاوەن ڕەز و باخ بوو، بریتی بووە لە: هەنجیر، قۆخ، زەردەلوو، تەماتە، و ئاوێکی باشی هەبووە.

حاجی ئەحمەد: بە هەمان شێوە خاوەن ڕەز و باخێکی باش بوو.

حوسێن مستەفا: خاوەن ڕەزێکی باش بوو، کەمێک لە ئاوایی دوور بوو، باخەکەی لە (کانی بناو) بوو، چونکە ئاوی زۆر بوو.

## کشتوکاڵ و کاری پیشەی دەستی لە ئاوایی ناسر و میسر:

خەڵکی ئاوایی ناسر و میسر لە ڕووی ئابوورییەوە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریک بوونە، ژن بەشداری ئیش و کاری ماڵداری و دەشت و دەر و فەلاحەتیشی کردووە، شان بە شانی پیاو هەوڵی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا میوانیشی بەڕێکردووە.

لە ناسر و میسر: ماست و تۆراخ و پەنیر دروست دەکرا، پەلەوەری وەک مریشک، کەڵەشێر، عەلەشیش، قاز و مراوی، بە خێو کراوە، هەروەها نیسک و ساوەر و نۆک و پاقلە و بامێ و تەماتە و گەنمە شامی و......هتد بەرهەم هاتووە.




هەندێک پیشەی دەستی لەماڵی حاجی محەمەد دروست کراوە، وەکو: لباد، کوڵەباڵ، جاجم، بەڕە، بەڕماڵ و....هتد.

ڕووەکی دارتوی زۆرە، هەنجیر، زەردەلو، بی، هەنار، مۆرد، چنار، بەڵاڵوک، قامیش، لەگەڵ ڕووەکی گیایی بەسوود و بێ سوودی جۆراوجۆر لە ئاوایی ناسر و میسر وەک لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان دەڕوێ.

## چەن ژنێکی ناسراوی ئاوایی ناسر و میسر:

*ـ تەمین – میمکە تەمە خەڵکی گوندی کارێزە و خێزانی حاجی محەمەد (حەمە جەمە) بوو، ژنێکی بە خزمەت و ئازا و بوێر و چاونەترس بووە.

*ـ فاتمە مەعروف – میم فاتم دایکی (حاجی ئەحمەد شەریف) بووە.

*ـ قەمەر – خەڵکی گوندی تەپە کوڕە و خێزانی (حوسێن مستەفا) بووە.

*ـ هەیبەت مستەفا – خەڵکی گوندی کارێزە و خێزانی (حاجی ئەحمەد شەریف) بووە.

*ـ فاتمە – میم فاتم خەڵکی گوندی کارێزە و خێزانی (ئۆمەر) بووە.

*ـ ئامین – کچی حاجی ئەحمەد شەریف و خێزانی (عەلی ڕەزا) بووە، ژنێکی بەخزمەت و میوان دۆست بووە.

*ـ منەوەر – خەڵکی گوندی تیژە و تلیان و خێزانی (مام حوسێن) بووە.

*ـ ئەفرۆس – خەڵکی گوندی تیژە و تلیان و خێزانی (کوێخا عەودل) بووە.

*ـ مازە – کچی مستەفا و خێزانی حاجی محەمەد بوو (حەمە جەمە).

*ـ مامز – خوشکی (عەلی ڕەزا) بووە.

## هەڵوێستی عەلی ڕەزا و ناوچەی شوان لە شەڕی دەربەند لە ساڵی (١٩٦١)دا:

بەپێی سەرچاوەکان لە ڕێکەوتی (١١/٩/١٩٦١)، ئەو شەڕە لە ناوچەی دەربەند لە نێوان عەشایرو سوپای عەبدولکەیم قاسم ڕوویـداوە، جا ڕۆژێک پیاوێک هات بۆلای مام عەلی پێی وت: مەلا مستەفا دەڵێت: سوپای (عەبدولکەریم قاسم) بەنیازە هێرش بکات بۆ سەر خاکی کوردستان، فەرمانی کردووە بەرەنگاری ئەو هێرشە ببنەوە و ڕێگریان لێ بکەن، ئەوە بوو مام عەلی ئامادەیی و پشتیوانی خۆی لە فەرمانەکەی مەلا مستەفا کرد، دواتر منی نارد وتی: برۆ (حەمە خەسرەو)م بۆ بانگ بکە، حەمە خەسرەو خەڵکی ناسر و میسر بوو هات، مام عەلی پێی وت: برۆ خەبەر بدە بە (کوێخا عوبێد پاپیلان) و (حاجی فایەق کوێخای گوندی گورگان) و (حەمە قوت مام ڕەش) و (کوێخا کەریم و کوێخا جوامێر و کوێخا ئەنوەر لە کارێزە) و (کوێخا خورشید مۆرخواردەی خوارو) و (کوێخا زەوار


سادق کانی گەوهەر) و (عەزیز ئاغا شێخ بزینی گوندی خەرابەی سنوری کۆیە) پیاویکی زۆر ئازاو جێی متمانەی مەلا مستەفا بوو، دەتوانم بڵێم ناوچەی شوان بەگشتی بەشدار بوون لە شەڕەکەدا، بۆ بەیانی ئەم بەڕێزانە لەگەڵ عەشایر ئامادە بوون، مام عەلی چەند کەسێکی ڕاسپارد بۆ دابینکردنی خۆراک و پێداویستی، نەجمەدینی برازای ڕاسپارد وتی: نان و دۆ دابەش دەکەی بەسەر ئەو خەڵکەدا، هەروەها جەباری کوێخا محەمەدی راسپارد و پێی وت: بەکوندە و جەڕە ئاو دابەش دەکەی بەسەر ئەو خەڵکەدا و پێنج گوێ درێژ لەگەڵ خۆتان بهێنن، منیش بەتفەنگی ئینگلیزی (١١) فیشەک لەگەڵ مام عەلی بەشدار بووم، ئیدی نان و ئاو وپێداویستی ئامادە کرا، بۆ بەیانی لەشکری عەشایر بەڕێکەوتن لە نزیک دەربەند تەقە دەستی پێکرد، هێزێکی زۆر لە سوپای عێراق هاتبوون، شەڕێکی سەخت روویدا، لەشکری عەشایری ناوچەی شوان و دۆڵی جافایەتی باش لێیان هاتنە دەس و نزیکەی (٢٠ بۆ ٢٥) کەس لە سوپای عێراق کوژران و برینداربوون، هێزی عێراق زۆر شپرزە بوون و پاشەکشەیان کرد، پاشان تەیارە هات و ناوچەکەی بەسەختی بۆردمان کرد، مەخابن لەو بۆردمانەدا (کاک محەمەد برای کوێخا سمایل تەلان) سەرۆک هۆزی جاف شەهید کرا.

لەشکری ئێمە لەو شەڕەدا سەلامەت دەرچوون بۆ ئێوارە گەڕاینەوە ناسر و میسر، دیسان بۆ شەو هەواڵ هات کە سوپای عەبدولکەریم قاسم بۆ بەیانی دووبارە هێرش دەکاتە سەر ناوچەکە، بۆ بەیانی دووبارە خۆمان ئامادە کرد، ئەمجارە چووین بۆ چیای خاڵخاڵان بۆ بەرەنگار بوونەوەی سوپای دوژمن، هەستاین بەدانانی (سپێر) بەرامبەر کەلی شیوە سوور، لەناکاوە کەسێک بە ماینێکی سوورەوە هات بۆلامان بەمام عەلی وت: چیتان کرد؟؟ لە وەڵامدا مام عەلی وتی: لە ئامادە باشیداین بەرامبەر بەهێزی دوژمن!!. وتی زۆر باشە و گەڕایەوە، لەم بەینەدا مام عەلی گومانی کرد کە ئەو کەسە پیاوی حکومەت بێ، یەکسەر وتی بەپەلە ئەم ناوە چۆڵ بکەن من گومانم لەو کەسە هەیە، ئێمەش ڕاستەوخۆ ئەو شوێنەمان چۆڵ کردو بەرەو هەردەی ماسقەلان چووین خۆمان حەشاردا، کاتێک گەیشتینە ماسقەلان زۆری نەبرد سێ فڕۆکە هاتن و دووجار بەسەر چیای خاڵخاڵاندا سووڕانەوە و ئەو شوێنەی کە ئێمە سپێرمان لێ دابوو بەتووندی لەلایەن ئەو سێ فڕۆکەیەوە بۆردمان کرا، هەر چی دارو دارستان هەیە هەمووی سوتاو ئاگری تێ بەربوو، بەقسەی مام عەلیمان نەکردایە، یەک کەس لە ئێمە بە ساغی ڕزگاری نەدەبوو، بەڵێ گومانەکەی مام عەلی زۆر ڕاست دەرچووا!!

ئەوە بوو بۆ شەو هەمووان بەسەلامەتی گەڕاینەوە بۆ ناسر و میسر.



# ستراتیژی
# کات لای
# دۆستۆڤسکی



ئامادەکردنی: ڕەشید کەرکوکی

فیۆدۆر دۆستۆڤسکی لە١١ نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٢١ لەشاری مۆسکۆ لەدایک بووە, ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس بووە و دواتر بووە بەیەکێک لە ڕۆماننووسەکانی جیهان. لەساڵی ١٨٤٥ کاتێک تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو, سەرجەم ناوەندە ئەدەبیەکانی ئەو کاتەی ڕوسیای ڕاچڵەکاند بەبڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆمانی بەناوی (هەژاران) هەموو ناوەندە ئەدەبیەکانی شاری سان پترس بۆرگ دانیاننا بە بایەخداری ئەم شاکارە ئەدەبییە. بەڵام سیاسییە ڕاسترەوەکان ناوی دۆستۆڤسکی لای ئەوان بایەخێکی وای نەبوو, چونکە خودی دۆستۆڤسکی سەر بەچەپە توندڕەوە ڕادیکاڵیەکان بوو. ئەو هەمیشە دەچووە کۆبوونەوەی کۆمەڵە سۆشیالیستییەکان. یەکێک لەو کۆمەڵانە لە دەوری کەسێکی کاریزمایی کۆدەبوونەوە کە میخائیل پتراشیڤسکی بوو. لەپاش سێ ساڵ و ڕێک لە ساڵی ١٨١٨دا شۆڕشی سەرتاسەری لە ئەوروپا هەڵگیرسا و ناوچەکەی گرتەوە. کۆمەڵە سۆشیالیسیەکان کەوتنە خۆیان کە کۆمەڵەکەی پتراشیڤسکی یەکێک بوو لەوانەی جموجۆڵیان دەست پێکرد. لە هەمانکاتدا سیخوڕەکانی قەیسەر نیکۆلاسی یەکەم, خزابوونە ناو ئەو کۆمەڵانەوە و دزەیان بەزانیاریەکان کردبوو و ڕاپۆرتی خۆیان بەرز کردبووەوە. لەسەر کاروباری مەترسیداری کۆبونەوەکانی ماڵی پتراشیڤسکی. لەو بابەتانە گفتوگۆکردن و هاندان بۆ شۆڕشی جوتیاران و داکۆکی کردن لێیان. دۆستۆڤسکی لایەنگری جوتیاران بوو لە دژی دەرەبەگەکان.

لە٢٣ی نیسانی ١٨٤٩ لە کۆمەڵەکەی بتراشیڤسکی ١٢ کەس دەستگیر کران. یەکێک لەوانە دۆستۆڤسکی بوو. نزیکەی هەشت مانگ لە زیندان مانەوە. سەر لە بەیانیەکی سارد, زیندانیەکان هەڵسێنران و پێیان ڕاگەیەندرا کە گوێ




سیاسییە ڕاسترەوەکان ناوی دۆستۆڤسکی لای ئەوان بایەخێکی وای نەبوو, چونکە خودی دۆستۆڤسکی سەر بەچەپە توندڕەوە ڕادیکاڵیەکان بوو. ئەو هەمیشە دەچووە کۆبوونەوەی کۆمەڵە سۆشیالیستییەکان. یەکێك لەو کۆمەڵانە لە دەوری کەسێکی کاریزمایی کۆدەبوونەوە کە میخائیل پتراشیڤسکی بوو.



بیستی هەواڵێک دەبن سەبارەت بەحوکمی تاوانەکەیان. لای ئەوانیش دەیانزانی حوکمی ئەو تاوانانە دوورخستنەوەیە بۆ ماوەی چەند مانگێک. بڕوایان وابوو کە سزاکەیان زۆر ناخایانێت و بەم زوانە ڕزگاریان دەبێت. گالیسکەکان هێنران و سزادراوان سەرخران بەناو بازاڕی پڕ شەختەی سان پوتروس بۆرگدا بەڕێخران هەتاکو لە گۆڕەپانی سمینۆڤسکی چوونە دەرەوە. کاهێنێک پێشوازی لێکردن کە پۆلێک سەرباز لە پشتیەوە بەڕیز وەستابوون. لە پشتی سەربازەکانیشەوە بەهەزاران خەڵک ئامادە کرابوون. زیندانیەکان سەرخرانە سەر سەکۆیەک، سێ ستوونی تێدا چەقێنرابوو. بۆ لە سێدارەدان ئامادە کرابوو و زیندانیەکان لەولای ستوونەکانەوە چاویان بەگالیسگەیەک کەوت کە چەندین تابوتی لەسەر ڕیز کرابوو.

دۆستۆڤسکی باوەڕی بەوە نەدەکرد کە دەیبینی، چرپاندیە گوێی ئەو کەسەی لە تەنیشتیەوە بوو، ((ناچێتە عەقڵەوە نیازیان بێت لە سێدارەمان بدەن)). بەئاسپایی سەر خرانە سەر سەکۆکە. پاشان کرانە دوو ڕیز، ڕۆژەکەیشی زۆر سارد بوو سەرجەم زیندانیەکانیش هەر بەو جل و بەرگەی کە لە سەرەتای بەهار کاتی گرتنیان لەبەریان بوو، تەنک بوو گەرمی نەدەکردنەوە. دەست کرا بەتەپڵ لێدان، ئەفسەرێک لەسەرخۆ هاتە پێشەوە. تاکو بڕیارەکەی دادگا بۆ تاوانبارەکان بخوێنێتەوە و جەماوەرەکەیش گوێبیستی بن.

((هەموو تاوانبارەکان تاوانەکەیان هەوڵدان بوو بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی نشتمانی. بڕیار دراوە هەموو ئەم تاوانبارانە گولە باران بکرێن)).

زیندانیەکان تووشی شۆک بوون، نەیانتوانی هیچ بڵێن. کاتێک ئەفسەرەکە بڕیارەکەی بەسەر هەر یەکێکیاندا دەخوێندەوە دۆستۆڤسکی تیلەی چاوی بڕیبووە گومەزی زێڕینی کلێساکەی بەرامبەریان کە تیشکی خۆرەکەی دەدایەوە و پرشنگێکی جوانی هەبوو. وردە وردە تیشکەکان بەژێر پەڵە هەورێکی ڕەش کەوتن و بزربوون. دۆستۆڤسکی وای بەمێشکدا هات کە خەریکە خۆیشی ئەکەوێتە ناو ئەو تاریکیەوە بۆ هەتا هەتایە بزر دەبێت. لە پڕدا بیرۆکەیەکی بۆ هات کە ئەگەر نەمرێت یان نەکوژێت، ژیانی لە پڕدا دەبێتە هەتا هەتایی. هەر چرکەیەکی دەبێتە سەدەیەک، تێڕوانینیم دەگۆڕم. بۆ هەموو ئەوەی کە ڕوو دەدات، یەک چرکە بەفیڕۆ نادەم.

سەر و دەموچاوی زێندانیەکان داپۆشرا، کاهینەکە هاتە پێشەوە تاکو ڕێوڕەسمی کۆتایی بەسەریاندا بخوێنێتەوە و گوێ لە دانپێدانانەکانیان بگرێت و ماڵئاوایی لە یەکتری بکەن. سێکەسی یەکەم کە گەلەباران ئەکرێن بەستونەکان بەسترانەوە و سەریان بەباشی داپۆشرا. دۆستۆڤسکی یەکەم کەسی پۆستەی دووهەم بوو کە گولە باران بکرێت. سەربازەکان چەکەکانیان بەرز کردەوە و میلیان

هەواڵنامەی کتێب

هێنایەوە و نیشانەیان لەسەر سینگی تاوانبارەکان گرتەوە وچاوەڕوانی فەرمان بوون.

لەپڕدا گالیسکەیەکی خێرا هات و گەیشتە گۆڕەپانەکە, پیاوێک دابەزی  نامەیەکی داخراوی پێبوو, لەدوا چرکەدا قەیسەر بڕیارەکەی گۆڕی بوو. سزاکەیانی سووک کردبوو. بەچوار ساڵ کاری قورس لە سیبریا, پاشان ماوەیەک لە خرمەتی سەربازیدا بن. هەر یەکسەر دۆستۆڤسکی بەم بڕیارە کاریگەر بوو.

نامەیەکی بۆ براکەی نووسی: لەو ڕۆژەوە چاوم دەبڕییە ڕابوردوو, بیرم لە هەموو ئەو ساڵانە دەکردەوە کە بەفیڕۆم دابوون. دڵم ئازار دەکێشێت, ژیان بەهرەیە, هەر خولەکێک ڕەنگە هەتا هەتایی بێت لەبەختەوەریدا. ئەگەر گەنجەکان ئەمە بزانن.  ئێستا ژیانم دەگۆڕێت, ئێستا تازە لەدایک دەبمەوە.

هەر لەپاش چەند ڕۆژێک دەست و پێیەکانی دۆستۆڤسکی بەزنجیر بەسترانەوە کە نزیکەی بیست کیلۆ قورس دەبوو. بەدرێژایی ئەو ماوەی حوکمە بەم کۆت پێوەندانەوە بوو, پاشان بۆ سیبریا گواسترایەوە. لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی داهاتوودا بەرگەی خراپترین بارودۆخی ژیانی گرت. ناخۆشترین شت ئەوە بوو کە ڕێگای پێ نەدەدرا لەزیندانەکەدا هیچ بنوسێت, ڕۆمانەکانی هەر لە مێشکی خۆیدا ئەنوسیەوە و ئەزبەری دەکردن لە ناخی خۆیدا. لە ساڵی ١٨٥٧ کە






هێشتا ماوەی سەربازییەکەی لە سوپادا بەسەر دەبرد لە بڕیاری حوکمەکەی نوسرابوو, ڕێگای پێدرا نوسینەکانی بڵاو بکاتەوە. لەسەرەتادا ئەو مۆڵەتەی پێ نەدرابوو تەنانەت یەک لاپەڕەش بنوسێت. ئێستا نیوەی ڕۆژەکە بیر دەکاتەوە بەبێ وەستان دەنوسێت. هاوڕێکانی و ئەوانەی دەیان ناسی دەیانبینی لەسەر شەقامەکانی سان پوترسبۆرگ بەدەم ڕێگاوە لەبەر خۆیەوە گفتوگۆ دەکات و قسەی ناو ڕۆمانەکانی دەڵێتەوە. بەتەواوی نوقمی کەسایەتیەکان و ڕوداوەکان بووە. ئێستا دروشمی ئەو گۆڕاوە بۆ ((هەوڵ بدە زۆرترین بەدەست بێنە لەوەی کە دەتوانی لە کورتترین ماوە بەدەستی بێنیت)).

هەندێ کەس بەزەییان بەدۆستۆڤسکیدا دەهاتەوە کە ئەو ماوە زۆرە لەزیندانا بووە, بەڵام ئەمە دۆستۆڤسکی تورە دەکرد بەپێچەوانەوە هەستی بەسوپاسگوزاری ئەو ئەزمونە دەکرد کە هیچ کاتێک هەستی بەتاڵاوی نەکردووە. ئەگەر ئەو ڕۆژەی کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٩نەبوایە ئەوا سەرجەم ژیانی بەفیرۆ دەچوو، تەنانەت تاکو مردنیشی لەساڵی ١٨٨١زۆر شێتانە دەینوسی. ڕۆمان لەدوای ڕۆمان. ( تاوان وسزا. گەمژە, برایانی کارامازۆف) کە وەک ئەوە وایە هەر یەکێکیان دواکاری بێت.

نیکۆلاسی قەیسەر بڕیاری حوکمیدا لەسەر توند ڕەوەکانی بتراشیفیسکی بەکاری قورس. بەڵام دەیویست وانەیەکیان دابدات , بۆیە شانۆی بۆ بڕیاری لەسێدارەدانەکەی دروست کرد. کاهین, سەرپۆشەکان, سەربازەکان, تابوتەکان, لەدوایشدا لێیوردن. بەوردەکاری زۆرەوە. بەمە قەیسەر بڕوای وابوو کە دەبێتە هۆی ملکەچ پێکردنیان و فێری لەخۆ بوردەییان دەکات.

لە ڕاستیدا هەندێک لە زیندانیەکان باری دەروونیان

هەندێ کەس بەزەییان بەدۆستۆڤسکیدا دەهاتەوە کە ئەو ماوە زۆرە لەزیندانا بووە, بەڵام ئەمە دۆستۆڤسکی تورە دەکرد بەپێچەوانەوە هەستی بەسوپاسگوزاری ئەو ئەزمونە دەکرد کە هیچ کاتێک هەستی بەتاڵاوی نەکردووە. ئەگەر ئەو ڕۆژەی کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٩نەبوایە ئەوا سەرجەم ژیانی بەفیرۆ دەچوو



تێک چوو. بەوەی ئەو ڕۆژە چی ڕوویدا. بەڵام کاریگەریەکە لەسەر دۆستۆڤسکی جیاواز بوو, چونکە ساڵانێک بوو هەستی بەونبوون دەکرد, نەیدەزانی چی لە کاتەکانی بکات. بەوەی کەسێکی زۆر هەستیارە, ئەو ڕۆژە هەستی بەمردنی خۆی کرد تاسەر ئێسکەکانی, بەڵام مامەڵەکەکردنەکەی لەگەڵ بڕیارەکەدا وەک ئەوەی تازە لەدایک بووبێتەوە, کاریگەری هەمیشەیی بوو. بەدرێژایی تەمەن و مانەوەی لە ژیان خۆی نوێکردەوە بۆ ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژە. لە بیری مایەوە کە هیچ چرکەیەک لە ژیان بەفیڕۆ نەدات. یان ئەگەر هەستی دەکرد ئاسودەیە و لە خۆی قایلە. زیاد لە پێویست دەچووە گازینۆو قوماری بەگشت پارەکانی دەکرد هەژاری و قەرزاری لای ئەو بەشێک بوو لە مردنێکی هێمایی. دەیگێڕایەوە بۆ نەبوونی ئیحتیمال لە ژیاندا. لەو ئانەدا دەبێت بنوسێت. بەڵام لەسەر ڕێبازی ڕۆمان نوسەکانی ترنا. هەروەک ئەوی نوسین پیشەیەکی بچوکە. لەگەڵ گشت خۆشییەکانی ساڵۆنەکان و یانەکان و ئێکسسوارەکانی دیکە. دۆستۆڤسکی دەینوسی وەک ئەوی ژیان لە مەحەکدایە بەهەستێکی چڕی مکوڕی وپڕ لە پێشهات وکتوپڕی.

مەحاڵە لە مردن تێبگەین. زۆر چڕە, زۆر ترسناکە. بەجۆرێک, هەموو شتێک دەکەین تاکو خۆمان لە بیرلێکردنەوەی لابدەین. کۆمەڵگا لەسەر ئەو بناغەیە ڕێکخراوە کە مردن شاراوەیە و نهێنییە. بەدوورخستنەوەی چەند هەنگاوێک لە خۆمان, ئەو ماوەیە ڕەنگە پێویست بکات تاکو هەست بەئاسودەیی بکەین وخەم لە خۆمان نەخۆین. بەڵام بەنرخێکی هەرزان. ئەندێشەی بێ کۆتایی لەکات. ئەو مکوڕییە لەناو دەچێت کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێویستمانە. ئێمە لە تاکە ڕاستەقینە هەڵدێین کە ڕووبەڕوی گشتمان دەبێتەوە. کارێکە کە نابێت لێی هەڵبێین. بەڵکو دەبێت ئاوێزانی ببین. ڕۆژەکانت دیاری کراوە. ئایا بەندبووە بەئاگاییەوە بەسەری دەبەیت. بەنیوەدڵ یان تۆ دەژییت بەهەستێکی فریاگوزاری. پێویستت بەشانۆی قورس نیە کە قەیسەرێک بۆت دابنێت. بێ ئەمەش مردن هەر بۆت دێت. بیهێنە بەرچاوی خۆت کە فشارت لەسەر دەکات. هیچ دەرچەیەکت بۆ ناهێڵێتەوە. هەر بەڕاستی هیچ پەناگایەکت نیە, هەست کردن بەمەرگ لە ژێر پێیەکانت وادەکات بڕوات بە هەنگاوەکانت زیاتر پەیدا بکەیت. زیاتر بەهێز بیت.

دەزانین ڕۆژێک دەمرین. بەڵام وا بەخراپ بیر دەکەینەوە کە هی تر پێش ئێمە دەمرن. ئێمەش دواکەسی ڕۆیشتوو دەبین و مردن دووره لێمانەوە. یان ئەو بیرکردنەوە سادەیە کە مردن هیچ بەهای نیە. تەنها گاڵتەیەکە لەخەون. چونکە مردن هەمیشە لەبەر دەرگای مرۆڤە, دەبێت بەتوانای تەواوەوە هەستین و بەخێرایی بجوڵێین.

سەرچاوە: کتێبی((٣٣ ستراتیجیە للحرب))

# ئەم هونەرمەندە کەرکوکیە بناسە





# عەلی عەزیز

- ساڵی (١٩٦٢) وێنەگر و شاعیر و هونەرمەند ڕەمەزان زامدار دەستی مێرد منداڵێکی (١٣-١٤) ساڵ دەگرێت و هەر بەجلوبەرگی ماڵەوە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا لە بەغدای پایتەخت، یەکەم گۆرانی بەناوی (لێم زیزە) شیعری ڕەمەزان زامدار تۆمار دەکات، ئەو مێرد منداڵە هونەرمەند و موزیکژەن عەلی عەزیز بوو.

- عەلی عەزیز لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە شاری کەرکوک لە گەڕەکی ئیسکان لە دایک بووە.

- خوێندنی سەرەتایی خوێندووە و دەرفەتی تەواو کردنی خوێندنی نەبووە.


تیپی مۆسیقای سۆلاف کەرکوك لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٨

- شارەزای موزیک ژەنی بووە ئامێری ترامپێتی ژەنیوە.
- وەک خۆبەخش (مطوع) دەچێتە خزمەتی سەربازی.
- لەگەڵ هونەرمەند شەوکەت ڕەشیددا لە تیپی مۆسیقای سەربازی (جوقی موسیقا) بوونە.
- (١٤) گۆرانی تۆمار کراوی هەبووە لە تەلەفزیۆنی کەرکوک، لەوانە: وازم لێبێنە دڵم مەشکێنە، ئەی کچە کوردی کەرکوک، ئەی شەوەکەی بێ تروسکەی دڵداریم، شاری کۆیە، ئەزیزم، بەسە دووری، پرسیار لە شەو، نازەنین، خۆشەویستەکەم، بەهارە، ڕووحی ڕەوانم، تۆبە لە دڵداری، چاوەڕوانی، تۆ بۆ منیت، وەرە، ڕوو بەخاڵ.
- دەیان گۆرانی دیکەی هەبووە، تەنها لە هۆنراوەکانی ڕەمەزان زامدار چەندین هۆنراوەی کردووە بەگۆرانی و بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار کراون، لەوانە: (لێم



ڕەمەزان زامدار و عەلی عەزیز تیپی مۆسیقای سۆلاف کەرکوک لە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/٩





زیزە ١٩٦٢، چاوشین ١٩٦٣، گیانەکەم ١٩٦٣، شۆخی نازدار ١٩٦٣، تۆ ژیانمی ١٩٦٥، من و زەردە خۆر ١٩٦٦، من و شەرمین ١٩٦٦، من و نەسرین ١٩٦٦، پەریزاد ١٩٦٨، ڕووناک).

- بەداخەوە عەلی عەزیز لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانیدا لە ساڵی ١٩٨٨ تووشی کارەساتێکی تاڵ بووە، بەم شێوەیە: عەلی عەزیز هەمیشە بەو هیوایە ژیاوە ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوسەرگیری بکات و خاوەنی منداڵی خۆی بێت، هاوسەرگیری دەکات و ئەو ڕۆژەی یەکەم منداڵیان لە دایک دەبێت، بەخۆشییەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و ئەو شەوە بەتەنها ئاهەنگ و خۆشی دەگێڕێت، بەڵام بەداخەوە! ماڵەکەی گڕ دەگرێت و عەلی عەزیز بەهۆی سوتانەوە کۆچی دوایی دەکات.

# شەپۆلی
# روماننووسی

## ژانرێك لەدەرەوەی خوێندنەوە



سمكۆ محەمەد






ئەوە داتایەکی سەرەتاییە کە لەدوای ئەوەی شیعر و شانۆ و چیرۆک بەتەواوی لە ڕۆژئاوا و لە دوای سەدەی ١٦ جێگەی خۆیان گرت، ئەم ژانرانە هەم هۆشیاری بوون و هەم گوتار و هەم بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی سایەیەکی سەربەخۆی دیکە هەبێت، بەڵام کە شار گەشەی کرد و عەقڵ بوو بەسەرداری کایەکان، ئیدی ڕۆمان هات و بوو بەئەلتەرناتیڤی نووسینەوەی مێژوو، چونکە مێژوونوسەکان بەهەر بیانوویەک بێت، بەشە دیار و زاڵەکەی دەسەڵاتیان دەنووسیەوە، بۆ نموونە لە دەیان هەزار کارێکتەر و پاڵەوان لە ڕووداوە مێژووییەکاندا، تەنها ناوی ئەلکسەندەر مەکدۆنی و جەنگیزخان و سەلاحەدینی ئەیوبی و ڕەزا شا و هیتلەر و مۆسۆلۆنی و خومەینی و جەمال عەبدولناسر و شیخ و پیاوە ناسراوەکانی مێژوو هاتووە، کەچی ناوی ئەو کارێکتەرانە نەهاتووە کە ڕۆڵیان کەمتر نەبووە لە ڕووداوەکان، لێرەوە ڕۆمان وەکو ژانرێکی سەربەخۆ بەرەبەرە چەکەرەی کرد و جێگەی بەژانرەکانی دیکە لەق کرد، ستایلێکی دیکەی شاراوەی مێژووی تۆمار کرد، چونکە شیعر و چیرۆک بەتەواوی ڕاڤەی فەزای کۆمەڵایەتی و زەمەنە جیاوازەکانی پێ نەدەکرا، هەروەها نەخشەی فراوانیان نەبوو بۆ ڕووداو و حەبکە و تەکنیکی نوێی ئەدەبی و تەنانەت زانست و فکریش، بۆیە ڕۆمان ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی وەرگرت و خۆی جودا کردەوە.

لەلایەکی دیکەوە لە کورتترین پێناسەدا، ڕۆمان بریتیە لە گێڕانەوەیەکی چیرۆک ئامێزی دوور و درێژ، لە میانەی چیرۆک بێژییەوە وێنەی ژیانی کەسایەتی و کارێکتەرە ونبووەکان دەنووسێتەوە، بەوانەشەوە کە پێیان ناکرێ ناویان بهێندرێت، هەموویان لە ڕووداوی جیاوازدا هەم بەشداردەبن و هەم لەڕووی

سایکۆلۆژیاوە وێنەیان دەکێشرێت، هەروەها بریتیە لە چەند شوێن و زەمەنی جودا کە هەریەکەیان جێگە و ڕێگەیەکی دیاریکراو وەردەگرن، ئەمە بەهەردوو دیوەکەی کە ئەگەر واقیعی بێت ئەو ڕۆمانە، یاخود ڕۆمانێکی خەیاڵی یان زانستی بێت، هەمان ئەرکی هەیە بەجیاوازی نەخشە و تەکنی نووسەرەکەوە.

لە ڕۆماندا کۆمەڵێک ڕەگەزی گرنگ کۆدەکرێنەوە، لەوانەش ڕووداو و کەسایەتی و شوێن و زەمەن و گێڕەرەوە و دیالۆگ و گۆشەنیگا هەیە، ڕۆمان پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ژانری هونەری و ئەدەبی جیاواز، واتە کۆکەرەوەی هەم شیعر و چیرۆک و تابلۆ و فۆتۆگراف و پیشە جیاوازەکان و هتد. چونکە ڕۆمان لەدایک بووی شارە، شاریش بریتیە لە کۆکەرەوەی هەموو کارێکتەر و پێکهاتە و نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان، بەو پێیەی کە ژانرەکە لە دایک بووی سەدەی نۆزدەهەمە، بەتایبەتی لە دوای شکستی ناپلیۆن و نووسینی ئاشتی نامەکەی ئەمانوئێل کانت کە ئاشتی سەرتاسەری خوڵقاند، ئەو کات ڕۆمان لە دایک بوو، بەو پێیەی کە ڕۆمان لە ئاشتیدا زیاتر مێژوو دەنووسێتەوە، چونکە بەردەوامی جەنگ، واتە بەردەوامی ڕووداو، بۆیە ڕۆمان لە دوای سەدەی نۆزدەوە شۆڕش بوو لە ڕووی هونەری و زانستی و سیاسەت، لێرەوەیە کە ئێمە دەبینین لە ڕۆماندا کارێکتەرەکان لە فەزایەکی ئازادتردا دیالۆگیان پێکەوە هەیە، شوێن هەمیشە کراوەترە لە شوێنی چیرۆک، شێوەی دیالۆگەکان کراوەترە و موفرەدەی دەوڵەمەند تێیدا بەشداری دەکات، وەکو پیشەسازی و فکر و تەکنۆلۆژیا و فرە پاڵەوانی و فرە ڕووداوی و هتد.

ڕۆمان بەپێی ئۆکسفۆرد بێت، دەقێکی فرە ڕەهەندی مەعریفییە و بریتییە لە گێڕانەوەی خەیاڵێکی پەخشان ئامێز، بۆیە شیعریەتی نووسین بۆ ڕۆمان مەرجی سەرکەوتنی دەقەکەیە، هەروەها سەردی خەیاڵی، دەشێ وەکو هەقیقەتێکی مێژوویی بێت و بەئێستاوە گرێبدرێت، تەنانەت ئەو پاڵەوانانەش کە ئەفسانەیین، وەکو سیزیف و هەرقل و ڕۆبنهود و پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی نێو دەقی ئایینی و تادەگاتە شەیتان کە لە تێکستە ئاسمانیەکاندا سیمبولی شەڕە، ئەمە بۆ ئاژەڵ و باڵدارە ئەفسانەییەکانیش هەروایە، بۆ نموونە ڕۆماننوس دەتوانێت لاماسۆ واتە قیسارە یان بوراق یان سیمرخ یان ئەسپەکەی تەروادە و هتد بەکاربهێنێت.

کاتێک ڕۆماننوس دەنووسێت، کەواتە هەدەفێکی تایبەتی هەیە و گەرەکیەتی جیهانێکی نوێ دابهێنێت، گەرەکیەتی فەزایەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان سیستمێک درووست بکات کە هەندێک جار نووسینەوەی ڕیالیستیە و هەندێک جاریش خەیاڵە و دوورە لە واقیعەوە. وەکو ئارنۆلد کیتل کە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ئینگلیزییە دەڵێت «هەندێک جار ڕۆماننوس گەرەکیەتی لە ڕێگەی نووسینەوە پەردە لەسەر

هەموو شتێک هەڵماڵێت و بیخاتە خانەی گاڵتەجاڕییەوە، هەدەفەکەش بەخشینی ئومێدە بەژیانێکی خۆش و خەیاڵی کە هەم خەیاڵەکە و هەم پاڵەوانەکە دروست کراون».

ڕۆماننووس لەسەرێتی پلانی هەبێت بۆ داڕشتنی نەخشەی دەقەکە، لەوێشەوە زەینێکی نوێ بدات بەخوێنەر کە پێشتر لە دەقی دیکەدا ئاشنا نەبووە بەو ڕووداوانە و مێژووش فلتەری کردووە، یان ئاشنا نەبووە بەخوێندنەوەی ئەو دەقە، یان ئەو حیکایەتانەی کە هەتا ئەو کاتە نەیبیستوون.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئێمە بۆچی باسی ڕۆمان دەکەین؟. بۆچی دەمانەوێ خۆمان ئەزموون بکەین لە ڕێگەی ڕۆمانەوە و خۆمان بنووسینەوە؟ یان خۆمان لە کارێکتەری ڕۆمانێکدا ببینینەوە؟ بۆچی دەمانەوێ مومارەسەی قورسترین کاری ئەدەبی بکەین؟ چونکە دەزانین ژانرێکە هەموو ژانرەکانی دیکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە بەشیعر و چیرۆک و فۆتۆگراف و شێوەکاری و بیناسازی و ئابوری و سیاسەت و سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و هتد، هەروەها دەمانەوێ بەشداربین لە دروست کردنی ئەو دونیایەی کە یۆتۆپیایە، ئەو فەزایە بخوڵقێنین کە بۆ گەنجان هەم بەهەشتێکی وەهمیە و هەمیش دۆزەخ؟ هەروەک ئەوەی کامۆ یان سالینجەر یان مارکیز یان فۆرستەر و ئۆرهان پامۆک و هتد، لە دەقەکانیاندا باسی هەدەفی کارەکانی خۆیان دەکەن.

بۆ نموونە کاتێک باسی ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی بەسەرچووی) مارسیل پرۆست دەکەین کە درێژترین رۆمانە و لە ٧ بەرگ پێکهاتووە، باس لە کارێکتەرێکی جوو دەکات بەناوی (سوان) کە لە چینی ئەرستۆکراتییە و خێزانەکەیان ڕوخاوە، کارێکتەرەکە کەوتۆتە نێوان جەنگ و خزمەتی سەربازی و سەری لێشێواوە، کەواتە باسی مێژووی تاک




کاتێك ڕۆمانووس دەنووسێت، کەواتە هەدەفێکی تایبەتی هەیە و گەرەکیەتی جیهانێکی نوێ دابهێنێت. گەرەکیەتی فەزایەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان سیستمێك درووست بکات کە هەندێك جار نووسینەوەی ڕیالیستیە و هەندێك جاریش خەیاڵە و دوورە لە واقیعەوە

دەکەین، باسی فەزایەک دەکەین کە مێژوو دووبـارەی دەکاتەوە، باسی دۆنکیشۆتی سێرڤانتس دەکەین، یان باسی تاوان و سزای دۆستۆڤسکی دەکەین، یان باسی سەد ساڵ تەنیایی مارکیز دەکەین، چونکە زەینێکمان پێدەدەن کە بریتین لە خوێندنەوەی سایکۆلۆژی بۆ کۆمەڵگە و دۆنکیشۆت بۆ گاڵتەجاڕی موقاوەمەت لە بەرامبەر سیستمی سیاسی دەسەڵات، مارکیز باسی پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دەکات  کە لە شکستدا ئومێدی بە شۆڕش ماوە و هتد.

## ڕۆمان و مێژوو

بۆیە مێژوو بریتی نییە لەوەی نووسراوە و دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ئیمزای کردووە، چونکە غەدر لە کاریکتەرە ونبووەکان کراوە، کەواتە خەیاڵی نووسەر فراوانترە لە مێژوونوس، کەواتە فراوانتر دەڕوات بۆ ئەوەی پنتە مێژووییەکانی نەتەوە بنووسێتەوە، نووسینیش بەمانای پیشەسازی دێت بەتایبەتی بۆ ژانری ڕۆمان، لە کاتێکدا نووسەر لەبەردەم ئەگەرێکی سەختدایە کە ئەویش پلەی سفرە بۆ نووسین، ڕۆلان بارت جگە لەم بابەتە کە بۆ هەموو ئەدیبێک بەبێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە دەگرێتەوە، باسی پلەی سفری نووسین دەکات، لێرە (پلەی سفر) کە تاکو ئێستا هیچ وڵامێکی ڕەهای وەرنەگرتووە، تەنها وێناکردنی سنووری نێوان مانای حەرفی و مانای مەجازی نەبێت، یان ئەو نوسینانەی کە تێڕامانن بەسەر دەقێکی دیکەدا، هیچ



MARCEL PROUST

هەواڵنامەی کتێب

مانایەکی دیکەی نییە خوێنەر ئاشنای بێت، ئەوانەش کە پێیانوایە «پلەی سفری نووسین پەیوەندیی بەکۆنتێکستەوە هەیە، ڕۆمانیش تژییە لە کۆنتێکستی سەرنجڕاکێش، بەتایبەتی ئەو کۆنتێکستانەی کە خوێنەر بیری ناچێتەوە و هەندێک جار لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاردێت، ڕەنگە ئەم ستایلە لە نووسین بەتایبەتی لە دەقی ڕۆمان، بەمانای بیناکردنێکی پیشەسازی بێت بۆ نووسین، کەوابوو لەگەڵ دەستاودەست کردنی مانا و کۆنتێکستی هونەرکاری، دیاری ناکرێت و بەکارێکی قورس تەماشا دەکرێت، هەموو ماناکەش لە (چاوە ڕۆشنکەرەوەکان)دا دەردەکەون، لە کاتێکدا لە ڕووی زانستییەوە، ئەندازیار و کارەبایی و تەلارسازی و زانست کارەکانی دیکە، وشەی ڕۆشنکەرەوە بەو جەستەیە دەڵێن کە لەگەڵ خۆیدا ڕۆشنایی بەرهەم دێنێت، خۆ ئەگەر ڕەهەندی ئەم زاراوە، یان وشەیە لۆغەتێکە و کاری پێدەکرێت، ئەوە دەکەوینە بەردەم واتایەکی دیکەی دژ بەواتای پێشوو، ئەویش نەشازیە، واتە ناوێزەیی سایکۆلۆژیی دەلالیە و هیچی تر، بارت لێرەدا بۆ سەلماندنی باسەکەی و بەکارهێنانی وشەکە، شیعرێکی پۆڵ ڤالیری بەنموونە دەهێنێتەوە.

(ئەو بانە لازوردیە هێمنیەی کە کۆترەکان لەسەری دەڕۆن
لە نێوان دار سنەوبەر و گۆڕەکاندا دەلەرزێ
دەریا، دەریا، هەمیشە دەریا)

پۆل ڤالیری لێرەدا لە بەیتی یەکەمدا تۆنێکی بەفری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە لە مامەڵەی حەرفیدا بەکاری دەهێنێت، بەهۆی نەبوونی نەشازی سیفەتی ڕۆیشتنی بەسەر کۆترەکانەوەیە».

جگە لەو بەکارهێنانەی ڕابردوو، ئێستاش ڕۆماننووس هەیە خەیاڵی ئیمبرتۆ ئیکۆی بەکار هێناوەتەوە، جان دۆست ڕۆمان نوسێکی کوردی سوریایە، لە ڕۆمانی میرنامەدا هەمان ئەو دیمەنەی نووسیوەتەوە کە ئیمبێرتۆ ئیکۆ لە ڕۆمانی گوڵی سووردا نووسیویەتی، لە چاپتەرێکدا کتێبی میر ژەهراوی دەکرێت. ئەم حاڵەتە بەکاریگەری هەژمار ناکرێت، چونکە خوێنەری دونیای دوای پۆست مۆدێرن، ئەم ستایلەی دەرباز کردووە و هۆشیارترە لە دونیای مۆدێرنی ڕابوردوو، بۆیە ئەم دیاردەیە بەوەرگرتن و جۆرێک لەگزی ئەدەبی هەژمار دەکات کە ئەمە پێی دەگوترێت ئیتلیزامی خوێنەر.

هەر حیکایەتێکی بزرکراو یان پشتگوێ خراو کە سەرنجراکێشن، هەر یەکێک لەو کارێکتەرانەی کە دەوریان هەبوو لەدرووستکردنی مێژوو، ناویان هەبووە و خاوەنی چیرۆکی تایبەت بوونە، هەر یەکێک لەو نەتەوە و مەزهەب و ئاین و تایەفە و هتد، لەرێگەی گێڕەرەوە یان حیکایەت خوانەوە دەنووسرێنەوە، هەر ڤۆناغێک کە خاوەنی یەک دەنگ یان فرە دەنگی بووە، دەکرێت ببن بەهەوێنی سەرهەڵدانی رۆمان، بەمەرجێک ڕۆمانوسەکە زەمەن و دونیابینیەکە دوور نەخاتەوە لە خیاڵی خۆی و وەکو خۆی

بۆمان بنووسێتەوە، چونکە خوێنەرەکانی دەق و رەخنەگرە ئەدەبییەکان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دیکۆمێنتانەی کە وڵامی ئەو پرسیارە دەدەنـــەوە، جەخت لەسەر چەند رەگەزێک دەکەنەوە و لەسەرووی هەمووشیانەوە زمانە، پاشان پشت بەستن بەتەکنیک و ستایل و شیعریەت و یـادەوەری و روداوە جۆراوجۆرەکان، ئەمانە هەمووی فەزای دەقەکە پێکدەهێنن و ئامانجێکمان پێشکەش دەکەن، چونکە نابێت ئەوەمان بیربچێت کە ئەدەب هەدەفی خۆی هەیە، ئەمەش جۆرێک بوو لەناڕەزایی نووسەر بەرامبەر بەسیستم و حوکمڕانی دەوڵەت.

لەهەموشتێک گرینگتر ئەوەیە کە دەقنووس واتە رۆماننووس بۆ ئـەوەی بونیادی دەقەکەی پتەو بخاتە بەردیدی خوێنەر، شارەزایی لەمێژوو و ئابوری و بازاڕ و ئیدیۆمی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە و هتد هەبێت، بۆچی دەڵێم مێژوو، چونکە یەکەمین وەزیفەی ئەدەبی رۆمان، پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بوو کە مێژوو نەیدەتوانی بینوسێتەوە، نووسینەوەی مێژووش وەکو خۆی هێڵی سوور بـوو، هەروەها دەوری کاریگەری ئەو خەڵکەی زیندوو کـردەوە کە لەمێژوودا وجودیان هەبوو، بەڵام مێژوونووس پشتگوێی دەخستن، کە دەڵێم رۆماننوس شارەزایی هەبێت لە ئابوری و بازاڕ، مەبەستم ئەوەیە کە هەموو سەردەمێک دراو سەرچاوەی ئابوری خۆی هەبووە، بۆ نموونە لۆکە و خوری و خواردەمی و خەڵوز و هتد.

بازاڕی موفرەدەی تایبەتی خۆی هەبوو کە بەکاردەهات، بۆ نموونە پارە موفرەدەیەکی ئابوری نوێیە، پێشتر پێیان دەگوت ئەسکەنناس، ناکرێ رۆماننوس دوچاری هەڵە بێت لە بەکارهێنانی موفرەدەی بازاڕ، یان لەبری ئیزرەم کیلۆ بەکار بهێنێ، یان لەبری رببە فەردە و تەن بەکاربهێنێ، ئەمە جگە لە موفرەدەی ناوبازاڕ کە دوکاندار و کڕیار و پیاوانی دەوڵەت بەکاریان دەهێنا.

شارەزابوون لە کەش و هەوا و ژینگە، ئەمە لایەنی زانستیە کە نابێ رۆماننووس ئەوانە لەبیر بکات کە راوچی کەی دەتوانێ راوی ماسی یان کەو یان باسی گوڵێک یان بەری درەختێک یان رووەکێک بکات کە وەرزی نەبووە، یان باسی زاوزێی ئاژەڵ، یان پەلەوەر و پشیلە و سەگ و هتد بکات کە وەرزەکەی جودا بێت.

## حیکایەتخوان


حیکایەتخوان زۆرترین پەیوەندی بەخوێنەرەوە هەیە، چونکە هەموو شتێک لەرێگەی ئەم کارێکتەرەوە دەگوترێت، بۆیە گرینگی ئەم کارێکتەر یان پاڵەوانە کە هەندێکجار کۆنترۆڵی هەموو کایەکانی دەقەکەی کـردووە، بەشێکی سەرەکییە لەداڕشتنی نەخشەی رۆمانەکە، چونکە گێڕانەوە لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمەوە ئەوکات بەکاردێت کە حیکایەتخوان، بەزمانی کەسی یەکەم رانـاوی من بەکار دینێ، هەندێکجاریش دەشێ راناوی ئێمەش بەکاربهێنێ،

هەواڵنامەی کتێب

چونکە حیکایەتخوانە و ئەو دەتوانێ بەرەو کۆتایی حیکاتەکە ئاراستەمان بکات، ئەوە ڕوانگەی بینینی زەمەنەکەیە، بۆیە رۆماننووس ئەو پاڵەوانە بەسەنتەر وەردەگرێت و هەندێکجار هەموو روداواکان رادەستی ئەو دەکات، ئەم جۆرە حیکایەتخوانە یان پاڵەوانە پێی دەگوترێت هەموو شتزان، واتە هەموو رووداوەکان و ئاراستە زەینییەکان لەدەسەڵاتی ئەو پاڵەوانەیە، ئەویش خودی رۆماننوسەکەیە.

زیندانیکردنی پاڵەوان یان کارێکتەر، کێشەیەکی دیکەی نووسینە، چونکە بڕوایەک هەیە کە پێیوایە رۆماننوس نابێ ئەوەندە دیکتاتۆر بێت هەموو پاڵەوانەکان بەئارەزووی خۆی ئاراستەیان بکات، تەنها ئەوە نەبێت وەزیفەی کارێکتەرەکە ماوە، یان فەرزە دەبێ وابێت، بۆیە بەشێکی زۆر لە رۆماننوسە ناودار و لۆکاڵیەکانیش ئەو رەخنەیەیان لەسەرە کە بەبێ ئاگا دیکتاتۆری نووسین و کارێکتەر یان پاڵەوانی دەقەکە دەکوژن یان دەیکەن بە پاڵەوانی وەهمی، کە ئەمە خوێنەر بیزار دەکات و دەیکات بە مایەی مەلەل، بۆ نموونە رۆمانی حەمەدۆکی یەشار کەمال، ئەم فەزایەی بەسەردا زاڵە.

سەبارەت بە خوێندنەوەی سایکۆلۆژی بۆ دەقی کوردی، من پێموایە کە رەنگە بڵێین خوێندنەوەی سایکۆلۆژی بۆ دەقی کوردی هەروەک خوێندنەوەکانی ئەو رۆمانانەی لەسەدەی رابردوودا کران لاوازە، چونکە لایەنی کەمی شارەزایی تێدا نییە لەباری سایکۆلۆژی دانەری دەق، هەروەک ئەوەی دانەرێک هیچی لەسەر نەنووسراوە و مردووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە لەگەڵ دانەر مامەڵەمان کردووە، بەقەد ئەوەی لەگەڵ ئەو دەقە مامەڵەمان کردووە کە لەسەر وەختی خۆیدا نووسیویەتی، زۆربەی ئەو دەقانەی کە بەناوی رۆمانەوە چاپ کراون،



مێژوو بریتی نییە لەوەی نووسراوە و دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ئیمزای کردووە، چونکە غەدر لە کارێکتەرە ونبووەکان کراوە، کەواتە خەیاڵی نووسەر فراوانترە لە مێژوونوس، کەواتە فراوانتر دەڕوات بۆ ئەوەی پێتە مێژووییەکانی نەتەوە بنووسێتەوە


کێشەگەلێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە، لەوانەش تێکەڵکردنی تەکنیکی زمان، هەروەها بەکارهێنانی کارێکتەری وێنەیی و کارێکتەری واقیعی، یان وەهمی فرە کارێکتەری لە دەقێکدا و نمایشکردنیان لە فەزایەکدا، جارێکی تر بزرکردنیان و بەدیارخستنی کارێکتەرێک کە دەقنووس خۆی مەبەستی بووە، ئەمە داهێنان نییە، بەڵکو ئاستێکی نزمی گونجاندنی تاک پاڵەوانی و فرە پاڵەوانی یە، ئەمە بەپارادۆکسی نووسین هەژمار دەکرێ، لەحاڵێکدا تائێستا نەخوێنەر و نەرەخنەگری کوردی پرسیاری ئەوەیان لە چیرۆکنووس و ڕۆماننوسی کورد نەکردووە، بۆچی ناتوانن کەڵک لەفولکلۆر و ئەفسانە کوردییەکان وەربگرن، بۆچی ناتوانن نموونەیەکی نوێی ئەدەبی پۆست مۆدێرنە پێشکەش بەخوێنەر بکەن، لەکاتێکدا ڕۆماننوسی عەرب و ڕۆژئاوایی نییە کەڵکی لەهەزار و یەکشەوە و کەلیلە و دیمنە و بەسەرهاتی ئاڵمانی وەکو نەتەوەیەکی ڕەسەن نەبینیبێت وەکو سەرچاوەی ئەدەب.

هۆکارێکی دیکەی نەبوونی خوێندنەوەی جددی بۆ دەقی کوردی، ئەوەیە کە لەنێوان ئیرۆسی ئازاد بوون و لۆگۆسی کۆنترۆڵدا پنتێک هەیە, ئەویش ئازادی بیرکردنەوەیە، چونکە تێگەیشتنێکی پێشوەختە هەیە لەم نێوانەدا بۆ ئیرۆس و لۆگۆس, چ جای ئەوەی کە کۆنترۆڵ لەسایەی کۆمەڵگەی کوردیدا کە دەسەڵاتێکی نادیارە، لەزۆربەی دەقەکان هەست بەوە دەکرێ دەقنووسەکە لەنێوان خوێندنەوە بیرکردنەوەدا، ئەو پنتەی وەرنەگرتووە کە بیرکردنەوەیە، بۆ ئەمە دەتوانم تاڕادەیەکی باش بڵێم هەناسەیەکی نەهیشتۆتەوە بۆ ئازادی نووسین و دەقی نوێ, تاکو ڕەخنە ئامادەیی ئەوەی هەبێت دەق شیتەڵ بکاتەوە و ئەو مانایە بەرهەمبێنێ کە هەم دانەر مەبەستێتی، هەم بەئاسانی دەگاتە خوێنەر و لاسایی کردنەوە نییە، ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوەیە کە ڕەنگە قەیرانی خوێنەریش هۆکارەکەی هەر ئەمە بێت، بەڵام ناتوانین بە تێکستی (لە خەوما) ی جەمیل سائیب، یان چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) ی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ناوی دەقی خۆماڵی لێنەنێین، یان ڕۆمانی (ڕێگا) ی محەمەد مەلوود مەم چونکە دەقەکان بریتیین لەو خەونانەی کورد هەیەتی بۆ ژیانێکی شایستە، بەوپێیەی کە وازانراوە دەقی خۆماڵی بریتییە لەو تایبەمەندییانەی کە موڵکی نەتەوەیەکە، یان دابڕانێکە لەنێوان تێکستی پێش خۆی و واقیعی خۆی کە دواجار دەبێتە ستایل و لەڕێگەی لاساییکردنەوەوە دەناسرێتەوە.

ئەو خوێندنەوە دەروونیانەش بۆ دەقی کوردی کراوە، جگە لەوەرگرتنی دەقێکی ڕەخنەیی بیانی و تەنها وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و هیچی تر، یان عەرەبی بۆ سەر دەقێکی کوردی هیچی تر نییە, لەڕاستیدا ئەمە درمە ئەدەبییەکەیە، هەروەک ئەوەی کە ئێستا لەدونیای ئەدەبی کوردیدا ڕەخنە یان خوێندنەوەی دەق، لەحاڵەتێکی نائامادەییدا دەژی و نووسەر زۆرن و ڕەخنەگر نییە, بۆیە

هەواڵنامەی کتێب

ناتوانێ لەکایەکانی دیکەشدا ئازاد بێت, بەپێچەوانەشەوە نووسەر هەرزی رەخنەیەک ناکات کە لەدەرەوەی لۆژیکی بیرکردنەوە و ئاراستەی دەقێک بێت کە لەچوارچێوەی رەخنەدا بکەوێتە بەر میکرسکۆبی خوێندنەوەی تیۆرییەوە, باشترین حاڵەت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، ئەوەیە کە




خوێنەرێک هەڵکۆڵین بۆ دەقێک بکات و بەدوای مانادا بگەڕێ سا ئەو دەقە شیعر بێت یان چیرۆک, تاکو پشێوی و ئاڵۆزی دەروونی درووست دەکات و مانای دیکەی پێ دەبەخشرێت.

## رۆمان و ناسیونالیزم

داگیرکاری کە لەسەدەی پێش زایین لەئیمپراتۆرییەتێکەوە بۆ سەر وڵاتانی بچووک و خاوەن کولتوور و فەرهەنگ، تەنها داگیرکاری جوگرافیا و ئیکۆنۆمی نەبووە، بەڵکو دزین و بەتاڵان بردنی فکر و ئەدەب و دیکۆمێنتاری و فەرهەنگەکانیشیان بووە، بۆ نموونە کە ئیمبراتۆریەتی رۆما، یۆنان داگیردەکات، یان ئسلام کە تاکو ئەندەلوس دەچێت، یان جەنگیزخان یان تورکە عوسمانلیەکان کە تەواوی رۆژهەڵات داگیر دەکەن، جگە لەداگیرکردنی جوگرافیا و کۆمەڵگە و فەرهەنگەکەیان، داوا لەنووسەرانیش دەکەن وەکو جەنگاوەر و مافناس و سیاسییەکانیان کەڵک لەئەدەب و فەلسەفەکەیان وەربگرن، بۆیە ئەدەب بەتایبەتی ژانری رۆمان بوو بەیەکێک لە هۆکارەکانی بەرگری کردن لەنەتەوە و زمان، بەومانایەی بەرگری لەنەتەوە، چونکە رۆمـان هەموو جومگە و لایەنە شاراوەکانی مێژوو و کولتوور و کەلەپوور و ئیدیۆمی نەتەوەیی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، ئەمەش یەکێکە لە گوتاری ناسیونالیزم.

واڵتەر سکوت لەبارەی سکۆتلەندا نووسیویەنی، هەوڵیداوە نەریتە باوەکان لەرۆمانی هاوچەرخدا

روونبکاتەوە، بەو کارەشی زەمەنێکی مێژوویی کردە هەوێنی کارەکانی و تەوزیفی کردن، ئەمە جگە لەکەڵک وەرگرتن لەداستان و روداوە فەرامۆشکراوەکان و ململانێی نێوان چینەکان و خێڵەکان و نەتەوەکان و هتد. لەحاڵێکدا هیچ یەکێک لەو روداوانە خاڵی نەبوونە لە رۆمانسیەت، بۆیە بەدڵنیاییەوە دیمەنی رۆمانوسی کچ و کوڕێک یان خۆشەویستی جۆراوجۆری تەوزیف کردووە لە زیندوکردنەوەی مێژووەکە.

**شەپۆلی رۆماننووسی**

ئەوەی کە لەسەرەوە باسم کردوون، ئارگومێنت بوون بۆ سەلماندنی ئەم بەشەی دیکە کە پەیوەندی بەو شەپەۆلە رۆماننوسیەوە هەیە کە ئێستا بۆتە باو، ئەو دەقانەی کە هەڵگری شوناسی رۆمانن و بوون بەستایل و تەکنیکی نووسین، بەپێی هەڵسەنگاندنی نوێ و تیۆری ئەدەبی، خەمێکی دیکەی هەڵگرتووە کە جودایە لەو خەمەی دایستۆفیسکی و سێرڤانتس و تۆڵستۆی و تادەگاتە مارکیز، بۆچی، چونکە بەپێی تێگەیشتنی (ماڵکام برادبری) کە رەخنەگری رۆمانە، پێی وایە جیهانی ئەمڕۆ بەهەموو موفرەدەکانییەوە ستایلی ژیانی گۆڕی، ئەوەی تاکو دوێنێ بەوڵاخ و عارەبانە و ماشینی خاو پێویستییەکانی ژیانی پێ بەڕێدەخرا، ئەمڕۆ هەموو کەس خاوەنی ماشینە و ماشینی زۆر تیژتێپەڕ هەیە شەمەنەفەر و فڕۆکە هەیە و زەمینەی گەشت فراوانترە لەسەدەکانی رابردوو، کەرەستەکانی وەکو تەلیفۆن و تەلەفزیۆن و ریکۆرد هەموو بە ئامێرێک دەکرێت کە خوێندەوار و نەخوێندەوار هەیانە و دەتوانن رۆژنامەنووس بن و دەرهێنەری کورتە فیلمی ژیانی خۆیان بن و یادەوەریەکانی خۆیان بەئاسانی تۆمار بکەن، ئەمە بۆ نووسەری نوێ و بەناونیشانی رۆماننووس ئاسانترە، چونکە خۆی خاوەن تایپ و خاوەن بڕیار و خاوەن پوڵ و چاپخانەیە، هەر خۆشی خاوەنی دابەشکردنی کاڵاکەیەتی.

ژینگە هۆکارێکی دیکەی درووستکردنی کارێکتەرە، بەدەستهێنانی زانیاری ئاسانترە لەجاران، ئەمانە هەموو حاڵەتی سایکۆلۆژی ئینسانی ئەم سەردەمەن کە لەگەڵ ئینسانی رابردوو جودا کردۆتەوە. بۆیە رۆماننوس ناتوانێ راسکۆلینکۆف و ئیمیل ستیکلیز ی هێرمان هیسە و زۆربا یەکی تر بخوڵقێنێ. کەواتە ئاسان نییە رۆماننوسی بتوانێ خوێنەری ئێستا رازی بکات.

ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر بەلای رۆماندا رادەکێشێت، ئەوەیە کە رۆمان ئەو ژانرەیە کە سەبکێکی دیاریکراوی نییە، لەراستیدا، رۆمان پێویستی بەدژوارترین سەبکە، شێوازێک کە بەتەواوەتی خۆی دەکاتە پەیڕەوی بابەت، هەر لەبەر ئەمەشە دەتوانین بیر لەنووسەرێک بکەینەوە کە هەریەک لە رۆمانەکانی بەسەبکێکی جیاواز دەنووسێت». لەسەرەتای هەزارەی سێهەمەوە شێوە نووسینێک پەیدابوو لەنێو ئەدەبیات و بەتایبەتیش بەناو رەخنەی ئەدەبی،

هەواڵنامەی کتێب

گوایە زمانی بونیادگەراکانە و نووسینەکانیان بەتەواوی ڕەنگیدابۆوە لەسەر نووسەری نوێ و ببوو بە جۆرە نەخۆشییەکی نووسین کە گوایە پڕ لەمەعریفەی نوێ یە، بەڵام ستایلەکە تەمەنی کورت بوو، چونکە هەم پراکتیک نەدەکرا بەسەر دەقی کوردییەوە، هەم نەیانتوانی هیچی نوێ لەبارەی دەق و ئەدەبی کلاسیکی کوردی بدرکێنن و مۆرکی فکری کوردی وەربگرێت، وەکو بونیاد و زمانی گەشەسەندووی کوردی، لەحاڵێکدا بیرمەندێکی وەکو (میخاییل باختین) خۆی ئەم جۆرە زمانە ڕەتدەکاتەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەدەب» باختین بانگەشەی ئەوە دەکات کە (فێردیناند دی سۆسێر) جۆرەکانی قسەی فەرامۆش کردووە.

لەهەموو ئەمانە گرینگتر ئەوەیە کە قسەیەک هەیە دەڵێ « ڕۆمان لە چاپخانە لەدایک بووە و سوودەکەشی هەر بۆ چاپخانەیە». سۆسیۆلۆژیە ئابوورییەکان پێیانوایە پەیوەندی بازاڕ بە دانەرەوە، پەیوەندی بەو جۆرە خوێنەرەوە هەیە کە کەمتر بیر دەکەنەوە لەگەڵ خوێنەری فکر، یان سیاسەت یان یاسا و زانست، هەر ئەم تێگەیشتنەشە کە بازاڕی بۆ نووسەر و خوێنەر درووست کردووە و هەرچی زیاتر نووسەرەکان بەلای ژانری ڕۆمانەوە بچن، بەو پێیەی نەرۆماننووس کۆنتاکتی بە خوێنەرەوە هەیە و نە خوێنەریش دەتوانێ نووسەر ببینێ و لەسەر دیمەنێک یان هەڵەیەکی مێژوویی یان هەر کێشەیەک نووسەر دادگایی بکات، مەگەر خوێنەری دەق یان ڕەخنەگر بێت و دەقەکە دادگایی بکات، یان ئاشکرای بکات وەرگێراوە لەدەقێکی تر یان هەر شتێکی تربێت، بۆ ئەمەش خوێنەری ڕۆمان ناتوانێ ڕەخنەی ئەدەبی بخوێنێتەوە و ئیدی نەبێتە کڕیاری کاڵایەکی بێ کەڵک لەبازاڕی وەهمی، ئەمە هۆکارێکی دیکەیە کە ڕۆماننووسی بێ ناونیشان و بێ زانیاری و بێ مەعریفەی درووستکردوە.

ئەو شەپۆلە بەناو نووسەرەی کە ئێستا ڕێگەی پێدراوە ڕۆماننوس بنووسێت، بەشی زۆریان لەکارگەی سیاسەتەوە هاوون و کەرەگیانە مێژووی نەنووسراو بشوێنن، گەرەکیانە خوێنەر دوور بخەنەوە لەمەعریفە و لەخەیاڵ و لەدوونیا بینی، ئەمە جگەلەوەی کە کەڵکیان لەو کەلێنە وەرگرتووە کە هیچ سانسۆرێکی فکری و مەعریفی نییە لەمەیدانەکە، هەروەها ناکەونە نێو بازنەی ڕۆشنبیرییەوە تاکو خوێندنەوەیان بۆ بکرێت و سنوورێک بۆ ئەو فەوزا خوڵقاوە دابنێن، بۆیە هەر گروپ و دەستەیەکی شارەکان، بازنەیەکی بچووکیان درووستکردووە و زەمینەیان بۆخۆیان سازکردووە تاکو بەبێ سانسۆر بنووسن و بلاوبکەنەوە و خوێنەری کەم مەعریفەش قەناعەت بکات کە ئەمانە دەقی نوێن.

ئەم شەپۆلە ڕۆماننوسەی کە لەسەر ئەرکی خۆیان کتێب چاپ دەکەن، تەنها دەیانەوێ وەکو نووسەر و ئەدیب دەرکەون، شارەزاییان لە مەرجەکانی نووسین و ئەرکی نووسین و هەدەفی نووسین نییە، ناتوانن چیرۆکێک بنووسن و دەقێک لەگەڵ دەقێکی دیکەدا جودا بکەنەوە،

کەمترین زانیارییان هەیە لەسەر مێژوو، زۆربەیان بەخەیاڵی نۆستالیژیاوە دەنووسن کە نازانن نووسینەوەی نۆستالیژیا قورسترین ئەرکی ئەم ژانرەیە، چونکە ناکرێ نووسەر وەکو خۆی ناوی کارێکتەرە و رووداوەکان و خودی بابەتەکە و شوێن و کاتەکەی بهێنێ، لەسەریەتی بیکات بەخەیاڵ و لەزەینی خوێنەر تۆماری بکات، لەکاتێکدا نووسینی رۆمان بەر لەهەر شتێک خەیاڵە، بەڵام ئەم شەپۆلەی ئێستا گرێی بەنووسەر بوون و بەخاوەن کتێب بوونیان هەیە، خەیاڵ و فکریش وەردەگرن و دەستکارییەکی چینینەوەی  دەکەن و دەیکەن بەموڵکی خۆیان، بۆیە بوون بە بەشێک لەم شەپۆلە درووستکراوەی ئەدەب.



ORHAN PAMUK

هەواڵنامەی کتێب

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە**


١ : امبیرتو ایکو. التاؤیل بین سیمیائیات و التفکیکیە. ترجمە و تقدیم. سعید بنکراە. دار المرکز الپقافی العربی. بیروت. ٢٠٠٤. ص١٤٧

٢: عەلی عوسمان یاقوب. رۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و رەگەزە فرە رەهەندەکان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠١٩. ل٢٩٤

٣: فولفغانغ ایزو. افاق نقد استجابە القاریو. ترجمە. احمد بوحسن. الپقافە الاجنبیە. العدد الاول. ١٩٩٤

٤:  ئۆرهان پامۆک. رۆماننوسی سادە و رۆمانووسی بیرکەرەوە. وەرگێڕانی. بەکر شوانی. ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە. ٢٠١٦. ل٣٥

٥: بول ویست. الروایە الحدیپە. ترجمە. عبدالواحد محمد. منشورات وزارت الپقافە والاعلام. سنە ١٩٨١.

٦: جیریمی هولون. مدخل لدراسە الروایە. ترجمە. غازی درویش عگیە. دار الشؤن الپقافیە العامە. ١٩٩٦.

٧: ئەلبێر کامۆ. یاداشتەکان. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشڕەو حسێن. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی.٢٠١٤. ل١٢٦



# ئەدەب و دەسەڵات
# لە پۆشکینەوە بۆ شێرکۆ بێکەس



عاسی حسین

ئەدەب و سیاسەت دوو هێڵی سەرەکی و هاوتەریبن لە ژیانی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری گەلانی هەموو دونیادا، ئەم دوو هێڵە هاوتەریب و زۆر جار دژ بەیەکە هەمیشە لە کێشە و ململانیدا بوونە، ڕاستە هەندێک جار و بۆ مێژویەکی دیاری کراو و تێپەڕاندنی قۆناخێک لە قۆناخەکانی خەبات دژ بە ستەمی نەتەوایەتی و نادادی کۆمەڵایەتی، ئەم دوو هێڵە سەرەکیەی ژیان ئاوێزانی یەکتر بوونە و هاوئاهەنگ چوونەتە پێشەوە، دۆست و هاوکاری یەکتر بوونە لەم ڕێگایەدا، بەڵام هەر کات سیاسەت لە بەرژەوەندی گشتی لایدابێت و هێڵی نیشتیمانی و خواستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای بەزاندبێت، ئەوە لەوێووە ئەدەب نەک هاوڕێی سیاسەت و سیاسیەکان نەبووە، بە توندیش کەوتۆتە بەربەرەکانی و بەگژ سیاسەتدا چۆتەوە، ڕاستیە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەدەب هەمیشە لە بەرەی بەرژەوەندییەکانی گەلدا بووە و ڕۆڵی زۆر گەورەی گێڕاوە لە کایەی ڕۆشنبیری و مەعریفی گەلاندا، سیاسی و دەسەڵاتدارە دکتاتۆرەکان هەوڵیانداوە لێرە و لەوێ ئەدەب و قەڵەمی ئەدیبان بکڕن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەگڕیان بخەن، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبووە، جگە لە چەند قەڵەمێکی لاواز و ساختە نەیانتوانیوە ئەدیب و نووسەرە جدییەکان ڕام بکەن، ئەدیبە ڕاستەقینە و بە بڕشتەکان هەمیشە و هەتا سەر لە بەرەی بەرژەوەندی گەل ماونەتەوە و هەموو ئەو ناخۆشی و تاڵیانەیان قبوڵ کردوە کە لەم ڕێگایەدا هاتۆتە پێشیان.

لە سەدەی هەژدەهەمدا پۆشکینی گەورە شاعیری ڕوس هەرچەندە لەلایەن تزاری ڕوسەوە ڕێزی لێدەنرا، بەڵام پۆشکین هەمیشە دژی زوڵمی قەیسەر بوو لە بەرامبەر گەلی ڕوسدا، هەر بۆیە قەیسەر بۆ چەندین ساڵی دور و درێژ پۆشکینی لە جەماوەر دابڕی و بەتاوانی هاوسۆزی بۆ یاخی گەرەکان ئەم شاعیرە مەزنەی دورخستەوە بۆ سیبیریا.

دۆستۆڤسکی گەورە نوسەری ڕوس هەرچەندە تزار دەیزانی دۆستۆڤسکی پیاوێکە تەواو ڕوسیای خۆشدەوێت و دژی دەسەڵاتەکەی تزار نیە، بەڵام چونکە دۆستۆڤسکی داوای ڕیفۆرمی دەکرد لە ژیانی سیاسی و ئابوری گەلی ڕوسیادا، تزار ئەم داوا سوکەی بۆ قبوڵ نەدەکرا و بۆ ماوەی چوار ساڵ دۆستۆڤسکی خستە زیندانەوە و بۆ ماوەی دە ساڵیش دوری خستەوە بۆ سیبیریا و نەیهێشت بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە سان پوتروسبۆرگ.

ماکسیم گۆرکی نووسەری ڕۆمانی بەناوبانگی (دایک) یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ڤلادمیر لینین بوو، لە سەردەمی شۆڕشی بەلشفیەکاندا، لینین خۆی دەیگوت: ڕۆمانی دایک دوو ساڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری پێش خست،

بەڵام لە سەردەمی حوکمی بەلشەفیە کۆمۆنیستەکاندا مەکسیم گۆرکی کەوتە ڕەخنە گرتن لە ئەدای حزبەکەی لینین و دواتر لینین ڕەخنەی هاوڕێ نزیکەکەی خۆی پێ قبوڵ نەکرا و گۆرکی دوور خستەوە بۆ ئەوروپا، هەتا لینین لە ژیاندا بوو گۆرکی نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان، دواتر لە سەر دەستی جۆزیف ستالین گۆرکی گەڕایەوە بۆ ڕوسیا، بەڵام دیسان گۆرکی مەزن نەیتوانی ژیانێکی ئازادانە بژی و نەیانهێشت لە ماڵەکەی خۆیدا بێتەدەرەوە هەتا مرد.


ئیسماعیل بێشکچی نووسەری گەورەی تورک نەژاد لەبەر ئەوەی نووسینەکانی بەدڵی دەسەڵاتدارانی تورک نەبوو دەیان ساڵی لە زیندانەکانی تورکیادا بەسەر برد.

جواهیری شاعیری گەورەی عێراقی لەسەر شیعر و هەڵوێستە سیاسیەکانی لە نیشتیمان ڕاوەدونرا و بەناچاری هەموو ژیانی لە مەنفا بەسەر برد هەتا مرد.

عواد علی ڕۆمان نووسی عێراقی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا بە هەڵگەڕاوە (مرتد) لە قەڵەم درا و دەیان ساڵی تەمەنی لە دەربەدەری وڵاتان بردە سەر.

ئەم نمونانەی سەرەوە بۆ دەیان وڵات و هەزاران نووسەر و شاعیر دیکە ڕاستە کە ئێمە لێرەدا ناومان نەبردون.

لە ناو شۆڕشی ڕزگاری خوازی کوردستانیشدا دەیان شاعیر و نووسەری بەتوانا و ویژدان زیندومان هەبووە بەگژ دوژمندا چونەتەوە و لەبەرەی گەلدا بوونە، ئەم شاعیر و نووسەرانە ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە هاندان



ئیسماعیل بێشکچی نووسەری گەورەی تورک نەژاد لەبەر ئەوەی نووسینەکانی بەدڵی دەسەڵاتدارانی تورک نەبوو دەیان ساڵی لە زیندانەکانی تورکیادا بەسەر برد

و جۆشدانی خەبات بۆ ڕزگاری نیشتیمان و چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی، لەوانە شاعیری شۆڕگێر فایەق بێکەس و قانع کە بە شاعیری چەوساوەکان ناسراوە، لە پاڵ ئەم شاعیرانەشدا شاعیر هەبووە بە دڵی کار بەدەست و سەرانی شۆڕش شیعریان نوسیووە، ئەمانە ئەگەرچی توشی پەراویز خستن نەهاتوون و وەک کوڕی تاقانە بەناز بەخێو کراون، بەڵام دیسان خۆیان لە ئازاری ویژدان بۆ دەرباز نەکراوە، لەوانە هەژار موکریانی ئەگەرچی هەژار بە دڵی سەرکردایەتی شۆڕش و دەسەڵاتداران دەینووسی بەڵام لە کۆتاییدا و لە دێرە شیعرێکدا گووتی.

چەپ گەردی گەردون گەڕان کوشتمی
نەزان پەرستی بۆ نان کوشتمی
هەر چەوسانەوەی بێ پسانەوە
مردن تۆ لە کوێی ژیان کوشتمی.

بگەڕێینەوە بۆ مێژوی نزیکتر، شاعیری گەورەی کوردستان شێرکۆ بێکەس کوڕی فایەق بێکەسی شاعیر کە لە پێشترەوە باسمان کرد، ئەو شاعیرەی بەگژ ئەدمۆنزدا چوەوە و ڕووبەڕوو شیعری بیست و حەوت ساڵەی بۆ خوێندەوە.

شێرکۆ بێکەس خۆی و شیعرەکانی هەمیشە لەبەرەی گەلدا بوون، بەشداری کارای لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا هەبوو، پێشمەرگە و شاعیر بوو هەتا کۆتایی و سەرکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی حوکومەتی هەرێمی کوردستان، شێرکۆ بێکەس دوای ڕزگاری دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆڕشکێڕەکان پۆشکین ئاسا کەوتە ڕەخنە گرتن و بەگژدا چونەوەی دسەڵاتداران کە لە ڕێگای خەباتی نیشتیمانی لایاندابوو، داوای دادوەری کۆمەڵایەتی و ژیانی یەکسانی دەکرد بۆ هەموان، لە کۆتاییدا دەسەڵاتداران نەیاتوانی ئەم داوایەی شێرکۆ بێکەس قبوڵ بکەن و کار بۆ جێبەجێ کردنی بکەن، ڕێگایان لەوەش گرت شێرکۆ بێکەس شیعرەکانی بڵاوبکاتەوە، ئەویش واتە شێرکۆ بێکەس کاتێک لە نیشتیمان و دەسەڵاتدارەکانی زویر بوو، کچێکی کرد بە نیشتیمان و شیعرێکی درێژی پڕ لە ڕەخنەی ڕەوای تێدا نووسی لەژێر زەمینێکدا شیعرەکەی خوێندەوە بە ناوی.

ئێستا کچێک نیشتیمانە..



# فەلسەفە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانەوە



فرانسوا دۆس

وەرگێڕانی: ئەمیر محەمەد

فەیلەسوفە فەرەنسییەکان لە ساڵی (١٩٤٥)ەوە گرنگییان بەبیرکردنەوە لە مرۆڤ داوە، هەندێکیان لە ویژدانی مرۆییەوە دەستیان بەبابەتەکە کرد، بەڵام هەندێکی دیکەیان پێیان باشتر بوو کە لە ڕووی پێکهاتەی مرۆییەوە ئەو کارە بکەن بۆ ئەوەی لایەنە شاراوەکانی ڕەفتاری مرۆیی ئاشکرا بکەن.

لە پاش ئەو هەموو دڕندەییەی لە سەربازگەکانی قەڵاچۆ کردنی بەکۆمەڵی نازییەکاندا ئەنجامدرا، چۆن دەبێت بیر لە مرۆڤ بکەینەوە؟ بەهۆی شۆکی جەنگەوە پێویستە دەستەواژە و چەمکی نوێ بهێنرێتە کایەوە. ئەوە دۆخەکەیە، نە بوێری گریکەکان و نە بەرگریکاری گەشبینانەی سەدەی نوزدەمان نییە. بەکرداری سارتەر بوو بەبراندێکی دیاری ڕزگار بوون لە چنگی نازییەکان، براندێکی ئەوەندە دیار بوو، بازنەی فەیلەسوفانی هەتا ئاستێکی دوور تێپەڕاند. سارتەر بەهۆی ناوبانگە زۆرەکەیەوە فەلسەفەی هاوردە سەر شەقام و قاوەخانەکان و یانەکانی شەوانەی موزیکی جاز، هەر چەندە لە ژیانیدا سەری پێدا نەکردبوون. لە بڵاوکراوە زەبەلاحەکەیدا «بوون و نەبوون» بەرەنگاری تیۆری دەروون شیکاری بووەوە، لە بەرامبەردا بابەتی باوەڕ خراپی la mauvaise foi خستە چەقی گرنگی پێدانیەوە. نمونەی گارسۆنی قاوەخانەکە وەک ئەوەی سارتەر چاودێری ڕەفتارەکانی کردبوو، بوو بەنمونەیەکی کاریگەری ئەدەبی بوونگەرایی، «جووڵەکانی خێرا و زیندووە و لە وردبینیدا زێدەڕەوی تێدا دەکات، بەهەنگاوی زۆر چالاکانە بەرەو پیری میوانەکانی قاوەخانەکە دەچێت، لە پێشیاندا بەخێرایی دەچەمێتەوە و زێدەڕەویش دەکات، بەچاوەکانی و بەدەنگیش گوزارشت لە گرنگی پێدانی زیاد لە پێویست بەداواکاری میوانەکانی دەکات»، سارتەر دەپرسێت: «دەبێت ئەم یارییە لە پێناوی چیدا بکات؟» ئەو یارییە لە پێناوی ئەوەدا دەکات گارسۆنی قاوەخانە بێت. بوونی ئەو لە دۆخەکەی دەردەچێت، ئەو کورتهێنانەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لەگەڵ کارەکەیدا هاوجووت بێت. گارسۆنی قاوەخانەکە وەک ئەوەی پێگەی باوەڕ خراپی وێنا دەکات، پێگەی یەکەم لە فەلسەفەی سارتەردا وەردەگرێت.


بوونگەرایی لە سەردەمی خۆیدا وەک سیمۆن دیبۆڤوار وتی: «بابەتی ڕۆژ بوو» خەریک بوو ڕاگەیاندنی کاتی وانەیەکی سارتەر بەناونیشانی «بوونگەرایی ڕێبازێکی مرۆییە» لە ساڵی (١٩٤٥)دا ببێتە هۆکاری دروست بوونی پشێوی، بەجۆرێک سارتەر باوەڕی وەهابوو بەهۆی خۆپیشاندانێکەوە ڕوویدابێت کە ئەو کۆمۆنیستانەی بەرهەڵستی بۆچوونە فەلسفیەکانیان دەکرد سازیان دابوو، بەبیانوی ئەوەی کە گوایە بۆچوونەکانی «بۆرژوازیانەن». بەڵام لە ڕاستیدا بابەتەکە بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو تەنها پەیوەندی بەئامادە بوونی هەوادارانەوە هەبوو کە ئامادە ببوون بۆ پێشوازی لە ڕووخسارێکی نوێی «سەردەمێکی

نوێ»، تینوی ئەوە بوون بزانن بوونگەرایی چییە بەوەی وەک شێوازێکی ژیان ناسێنراوە؟ ڕۆژنامەکان ئەو ڕووداوە ڕۆشنبیرییەیان گەورە کردەوە و وەک ڕووداوێکی دەگمەن گوزارشتیان لێیکرد، چونکە یەکەم جار بوو لە نێو ئامادە بووانی وتار و وانەیەکەوە خەڵک بەهۆی قەرەباڵغییەوە ببورێتەوە. نوسەر بۆریس ڤیان (Boris Vian) لە شانۆگەری (کەفی ڕۆژگار - l›écume des jours)دا مەزنایەتی بەو ڕووداوە بەخشی.

### تەوژمی ئازادی بوونگەرایی

فەلسەفەی بوونگەرایی لەسەر پرەنسیپێک بونیاد نراوە کە دەڵێت: «بوون دکەوێتە پێش جەوهەرەوە». ئەوەیش جەخت کردنەوەیە لە نەمانی سروشتێکی مرۆیی جێگیر؛ ئەوەی مرۆڤ جیادەکاتەوە، داهێنەری هەموو بانگەوازێکی حەتمییە، کەچی خاوەنی ئەم جەوهەرە نییە، مرۆڤ لەو ڕوانگە ڕوونـەوە، «لە هەموو چرکە ساتێکدا خۆی دەئافرێنێتەوە»، مادام «بەسەریدا سەپاوە کە دەبێت ئازاد بێت»، پەرۆشی ڕۆشنبیرانی فەرەنسی بۆ ئەو بیرۆکەیە بەهێز بوو: فەرەنسا کە تازە لە پەلامارێکی دڕندانەی دکتاتۆریانە دەرهاتبوو، لەگەڵ ئەم فەلسەفەیەدا خۆی گونجاند بوو کە مەزنایەتی بەخود دەبەخشێت و لە هەموو ئەو زۆردارییانە ڕزگاری دەکات کە هەڕەشەی لێدەکات.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردودا، پرۆژە فینۆمینۆلۆژییەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەدمۆند هۆسرڵ هەژموونی بەسەر فەلسەفەی فەرەنسیدا سەپاند بوو، پرۆژەیەک بوو لە فەرەنسای دوای جەنگ لەلایەن مۆریس میرلۆپۆنتی Maurice Merleau-Ponty و پۆڵ ڕیکۆر و ئیمانۆئێل لۆڤیناسەوە ناسێنرا. بابەتەکە پەیوەندی



لە پاش ئەو هەموو دڕندەییەی لە سەربازگەکانی قەڵاچۆ کردنی بەکۆمەڵی نازییەکاندا ئەنجامدرا، چۆن دەبێت بیر لە مرۆڤ بکەینەوە؟ بەهۆی شۆکی جەنگەوە پێویستە دەستەواژە و چەمکی نوێ بهێنرێتە کایەوە

به «گەڕانەوەی شتەکانەوە بوو بۆ خود» و سروشتەکەی و مەبەستداریێتی هوشیاری بەردەوام ئاراستە کراو بۆ شتەکان. لەو کاتەدا و لە فەرەنسا فینۆمینۆلۆژیا بەرگێکی سارتەریانەی بە بەردا کرابوو کە خۆی لە خۆیدا جەختی لەسەر وشیاری باڵا دەکردەوە. میرلۆپۆنتی کە لەگەڵ سارتەردا کاریان لە گۆڤاری «سەردەمە نوێیەکان ـ الازمنة الحدیثة»دا دەکرد، پرۆژەکەی هۆسرلی هاوردەوە، بەڵام بەئاراستەی دیالەکتیک ئاراستەی کرد کە لە نێوان واتای پێدراو (معطی) و ئەو واتایەی لە شتەکاندا دەردەکەوێت دیاری کراوە. ئەو ئاراستەیە دەیگەیەنێت بەگفتوگۆیەکی پتەو لەگەڵ زانستە مرۆییەکاندا، کاتێک لە لوتکەی گەشانەوەدا بوو: بابەتەکە پەیوەستە بەزمانەوانییەوە لەگەڵ فردیناند دو سۆسوردا Ferdinand de Saussure، هەروەها پەیوەستە بە ئینترۆپۆلۆژیای پێکهاتەگەرایی یان بونیادگەرایی (structuralism) لەگەڵ لیڤی شتراوسدا Claude Lévi–Strauss، پەیوەستە بەدەرون شیکاری لەگەڵ جاک لاکاندا Jacques Lacan. مۆریس میرلۆپۆنتی بیرۆکەکەی بانگخواز هۆسرلی گێڕایەوە بۆ دەربازکردنی پێدراوەکانی (معطیات) ئەزمونەکە لە هەموو ئەو توخمانەی کە لە هزری زانستییەوە ماونەتەوە، لێرەوە گوزارشتە بەناوبانگەکەی دەربڕی: «فینۆمینۆلۆژیا لە پێش هەموو شتێکەوە ڕەتکردنەوەی زانستە». بەڵام ئەو دەربڕینە پەیوەندی بە خۆدزینەوەوە نییە لە زانست، ئەوەندەی دووبارە خاوەنداریێتی کردنێتی لە خانەی هزری فەلسەفیدا. میرلۆپۆنتی ئەوەشی بەدەست هێنا لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی «فینۆمینۆلۆژیای پەیبردن (ئیدارک) کە لە ساڵی ١٩٤٥دا بڵاو کرایەوە.

## ڕەخنە گرتن لە میرلۆپۆنتی

میرلۆپۆنتی بە چاوکراوەییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ دیاردەی تۆتالیتاری (الکلیانیة)دا کردووە. کتێبەکەی بەناوی «خواستی مرۆڤ دۆستی و تۆقین (رعب)» کە ساڵی ١٩٤٧ بڵاوی کردەوە، وەک بانگێشت نامەیەکە بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە خواستی توتالیتاری. میرلۆپۆنتی لەو کتێبەیدا دادگاییەکانی مۆسکۆی ساڵانی (١٩٣٦ ـ ١٩٣٨) و نوسینەکانی ئارتێر کۆسلەر «Koestler A. ـ سفر و تاکۆتایی» و «یۆگی و کۆمسیارەکە ـ Le Yugi et Commissaire» کردووە بەخاڵی بیرکردنەوە لە مارکسیزم و بیرکردنەوە لە ترس و تۆقین. ناڕەزایی لەسەر ئەو کێشەیە دەربڕی کە لە نێوان یۆگا وەک بەرجەستەکەری ئاکار و کۆمسیارەکە (عەمید) وەک بەرجەستەکەری کاریگەری وەک ئەوەی کۆسلەر پێشکەشی کردووە. بەلای میرلۆپۆنتییەوە مارکسیزم هەڵگری دیالیکتیکێکی زیندووە و پێگەی پرۆلیتاریا بەرز دەنرخێنێت بەو پێیەی کە ڕەنگە بەدیهێنەری بەهاکانی مرۆڤایەتی بێت. ئەوەیش بانگەشەیەکە بۆ تێگەیشتن لە کۆمۆنیزم لەناوەوەی خودی

کۆمۆنیزمەوە لەگەڵ پارێزگاری کردن لە تواناکانی لە توێژینەوەی ئازاددا.

بەکرداری ئەم هەڵوێستە ڕەخنەییە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕەگ و ڕیشە دەردەهێنێت لە دوای ئاشکرا بوونی ئابڕوو چوونەکانی جیهانی گرتووخانە سامناکەکانی یەکێتی سۆڤیەت. میرلۆپۆنتی لە سەروتاری گۆڤاری «الازمنة الحدیثة»دا لە مانگی یەنایەری ١٩٥٠دا سەرکۆنەی ئەو گرتووخانانەی کرد و وتی: ئەگەر ڕاگیراوەکان ژمارەیان ملیۆنان بووبێت، ئەوە لە لایەنەکەی بەرامبەر بەهەرەمی ڕژێمی سۆڤیەتی کرێ و ئاستی گوزەران بیست قات بەسەر ئەو پارەیەوە بووە کە کرێکاران و پیشەگەران بەدەستیان هێناوە... بەو شێوەیەش هەموو ڕژێمەکە لە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی لایداوە و لاچووە. هەنگاوەکانی ئەو ڕەخنە گرتنە خێراتر دەبێت و میرلۆپۆنتی دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ سارتەردا، لە کتێبێکیدا بەناوی «سەرکێشیەکانی دیالەکتیک» لە ساڵی ١٩٥٥دا ناکۆکیەکانیان دەگاتە ئەو ئاستەی سەرکۆنە و ئیدانەی سارتەر بکات.

## پێکهاتەگەرایی سەرکەوتوو

لەگەڵ ئەو نزیکبوونەوەیەشدا کە میرلۆپۆنتی لە نێوان فەلسەفە و زانستە مرۆییەکاندا دروستی کردبوو، هەرگیز ئەنترۆپۆلۆژیا بە بەراورد بەفەلسەفە هەوڵی شوێنگیری (تموقع)ی نەداوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە میرلۆپۆنتی بەو کارەی ئاسۆی نوێی کردەوە کاتێک ڕایگەیاند کە «ئەرکەکەمان ئەوەیە بواری فراوانتر بۆ ئەقڵمان بکەینەوە، بۆ ئەوەی توانای تێگەیشتنی هەموو ئەوانەی هەبێت کە لە خۆمان و لە خەڵکی دیکەشدا هەیە، ئەوەی پێش ئەقڵ دەکەوێت و ئەوەش کە ئەقڵ تێدەپەڕێنێت». ئەوە بواری بۆ لێپرسینەوەی فەلسەفی ڕەخساند کە گۆڕەپانی نائەقڵانیەکان ببڕێت، لە وێنەی گەمژە و دڕندەدا، ئەنترۆپۆلۆژیا و فەلسەفە چاوەڕوانی پێگەیەکی باڵایان بۆ دەکرا و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوشدا بەکردەیی ئەو پێگەیەیان بەدەست هێنا. ئەو سەرکەوتنە پرشنگدارەی پێکهاتەگەرایی بەدەستی هێنا خۆی لە بەراییدان بەفۆرمەکانی لۆژیکدا دەبینێتەوە کە لە هوشیاری مرۆڤ دەرچووبوون، بەمەبەستی دیاری کردنی ڕەفتارە ئاساییەکانی، بەشێوەیەکی سەر سوڕهێنەرانە و وروژێنەرانە هەتا ئەو ئاستەی لەگەڵ هەموو مێژووی فەرەنسادا ئاوێتە و یەکانگیر بوو لە ساڵی ١٩٤٥ەوە. لەو ساڵانەدا تێڕوانینێک بۆ ڕزگار بوون لە دەرەوەی ئەوەی وەک تێڕوانینێکی نوێ خۆی پێشکەش دەکات لەبارەی جیهان و کولتوری مرۆییەوە شتێکی دیکە بوونی نەبوو. ئەو ئاراستەیەش لە نوسینەکانی لیڤی شتراوسدا بەرجەستە بوون.

لیڤی شتراوس ساڵی ١٩٤٨ لە دکتۆرا نامەکەیدا بەناوی پێکهاتە سەرەتاییەکانی خزمایەتی (Structures élémentaires de la Parenté)، جەختی لە مۆرکی

گەردوونی یاساکانی دەست درێژی سێکسی بۆ سەر کەسوکارە حەرامەکان (زنا المحارم) کردۆتەوە. ئەوەیش یەکەمین جار بووە زانستێک لە زانستە مرۆییەکان لە بابەتێکی پەیوەست بە ئەنترۆپۆلۆژیادا، دارِشتنێکی یاسایی بۆ بکرێت و هەموو شارستانیەکان ڕاستاندنی بۆ بکەن. لیڤی شتراوس لە ساڵی ١٩٥٥دا و لە گەرمەی بزوتنەوەکانی داواکاری سەربەخۆییدا، کتێبێکی بەناوی (خولگە خەمگینەکان ـ مدارات حزینة ـ Tristes trópicos) بڵاو کردەوە، ئەم کتێبەی نوسەر کە باسی شێوە ژیانی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا (هندییە سورەکان)ی نامبیکوارا Nambikwara و بۆرۆرۆ Bororoی دەکرد، دەبێتە پڕ فرۆشترین کتێب، لەو کاتەدا ڕۆژئاواییەکان لە پشتی ئەو وێنە سەیرانەوە بۆ ڕاستییەکەی دەگەڕان لە جیهانی دەرەوەی تۆمارەکانی تەکنەلۆژیا و نوێگەریدا.

لیڤی شتراوس ساڵی ١٩٦٠ وەک مامۆستا پەیوەندی بەکۆلیژی فەرەنساوە کردووە، هەروەها تاقیگەیەکی بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کردەوە لە هەمان کاتتدا سەر بەپەیمانگای نیشتمانی بۆ توێژینەوەی زانستی و کۆلێژی فەرەنسا و قوتابخانەی جێبەجێکاری توێژینەوە باڵاکان بوو. لیڤی شتراوس گەمارۆی خۆی بەکۆمەڵێک توێژەر دابوو، نەوەیەکی تینووی کاری مەیدانی بوون و لەوە بەدواوە کار لەسەر ئەفسانەکانی هندییە سورەکان دەکات، کارەکەی بەچوار بەرگ لە کتێبی «میتۆلۆژیاکان»



هەواڵنامەی کتێب

لە ساڵانی نێوان ١٩٦٤ ـ ١٩٧١ تاجی لەسەرنا، بەرهەمێک کە مەودای لە تیۆری ڕەمزی و باوی ئەو سەردەمە گرتبوو، تیۆرێک ئەفسانەی لە چوارچێوەکەی خۆی جیاکردبۆوە. بەتێڕوانینی ئەو، ئەوەی پێویستە سەرنجی بخرێتە سەر بەمیتۆدی زمان، بریتییە لە دراوسێیەتی ناوەکی چیرۆکە ئەفسانەییەکان بۆ ئاشکرا کردنی پێکهاتەکانی.

پێکهاتەگەرایی «البنیویة» وەک بەرنامەیەکی کۆکەرەوە و یەکخەری کۆی زانستە مرۆییەکان بوو. بەو شێوەیە پێکهاتەگەرایی «هۆشمەندی مەعریفەی نوێی چاوکراوە و نائارام»ی بۆ میشێل فۆکۆ دروست کرد، بەتێڕوانینی جاک دریداش «نیگایەکی سەرکێشانە» بوو، بەلای ڕۆلان بارتەوە «ڕێچکەی تێپەڕین بوو لە هوشیاری ڕەمزییەوە بۆ هوشیارییەکی جیاوازانە (پارادۆکسانە)». کەواتا بابەتەکە پەیوەندی بەپەیوەندییەکی نوێی جیهانەوە هەیە، بەتۆڕێکی خوێندنەوەوە کە بەرایی بەنیشانەکان دەدات لەسەر حیسابی واتا و بەرایی بەڕۆشنبیری دەدات لەسەر حیسابی سروشت.

## هزرێکی جولاو

پێکهاتەگەرایی بەهۆی درەوشانەوەیەوە خۆی وەک بەرنامەیەک بۆ ڕزگار کردنی زانستە مرۆییەکان لە کۆتی خواستە مرۆییە کلاسیکیەکان ناساند، بەتایبەتیش فەلسەفە. ئـەوەی ئەم زانستە مرۆییانە یەک دەخات بەهادانە بەنەست (لاشعور) وەک پەناگەیەک بۆ ڕاستیەکان: بابەتەکە پەیوەندی بەزمانەوانیەکانەوە هەیە، کاتێک لەسەر دەستی فردیناند دوسوسور (Ferdinand de Saussure) زمان و وتار لەیەکتر جیا کرانەوە، کاتێکیش ئەنترۆپۆلۆژیا گرنگی بەکۆدی نامەکەدا، قەرەبووی خودی نامەکە کرایەوە، دەرون شیکاریش نەستی وەک شوێنەوارێک لە شوێنەوارەکانی زمان ئەژمار کرد.

پێکهاتەگەرایی (بنیویة) وەک وتاری سێیەم لە نێوان ئەدەب و زانستدا هەوڵی خۆی داوە، لیڤی شتراوس و ڕۆلان بارث و میشێل فۆکۆ و ئالتۆسێر و لاکان و خەڵکانی دیش ئاڵا هەڵگری پێکهاتەگەرایی بوون، لەبەر ئەوەی بەدەر لە زانکۆی سۆربۆنی پارێزگار دانی پێدانراوە، سەرکەوتووش بووە لە ئامادەیی لە خانەکانی چاپ و ڕۆژنامەگەریدا، یان لە دامەزراوەیەکی بەڕێزدا پەناگەیەکی ئارام بووە بۆ توێژینەوەی زانستی: بابەتەکە پەیوەندی بەکۆلێژ فەرەنساوە هەیە، کاتێک لیڤی شترۆیس (ساڵی ١٩٦٠ دادەنرێت) و فۆکۆ (١٩٦٩) و ڕۆلان بارث (١٩٧٧) بەهەموو تیشکدانەوە فکری و فەلسەفیەکانیانەوە دادەنرێن.

قوتابخانەی مامۆستایانی باڵا (École Normale Supérieure) باوەشی بۆ مامۆستا جاک لاکان کردەوە، دوای ئەوەی لە دامـەزراوە فەرمیەکانی دەرون شیکاری دورخرایەوە، لەلایەن فەیلەسوف لویس ئالتۆسێرەوە پێشوازییەکی شایستەی لێکرا، لەو قوتابخانەیەدا جاک

لاکان بەردەوامی بە تیشکدانەوەکەیدا و هەموو پاریسی گرتەوە، ڕۆشنبیران کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن لەو مامۆستا و بیرمەندەی خاوەنی کاریزمایەکی ناوازە بوو، زۆربەی خوێندکارانی قوتابخانەی مامۆستایانی باڵا خۆیان لە تێزەکانی ئالتۆسێر و لاکاندا دەناسنەوە، کاتێک لە «پەراوەکان لەپێناوی شیکاریدا» بڵاو دەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە فەلسەفەدا پێکهاتنی بەرنامەیەکی گشتگیر دەبینین کە سیمای «پۆزەتیڤیزم ـ الوضعیة»ی زانستە مرۆییەکان تێدەپەڕێنێت. بۆچوونەکانی ئالتۆسێر کاتێک دووبارە خوێندنەوە بۆ کارل مارکس دەکات، لەگەڵ ڕای خوێندنەوەی فەرمیدا یەکتر دەبڕن کە جەخت لەسەر بەردەوامی لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی مارکس دەکەنەوە، وەک درێژکراوەی تێزەکانی هیگڵ. مارکس وەک ئالتۆسێر پێشکەشی کردووە نوێنەرایەتی ڕەوتی هیومانیزم ناکات، بەڵکو لەساڵی ١٨٤٥ەوە کە ساڵی دابڕانە وەک دەست پێشخەرێک هەوڵی زانستێکی ڕاستەقینە دەدات، مارکس لەو بۆچوونەیدا لەگەڵ وێناکردنە کۆنەکەی نامۆبوونی وەلانا و لە شوێنیدا تیۆرێکی مێژوویی دانا کە لەسەر چەمکەکانی وەک شێوازی بەرهەم هێنان و هێزی بەرهەم هێنان و....تاد، هەموو ئەوانەش پاڵپشت بوون بۆ بەرهەمە زەبەلاحەکەی «کتێبی سەرمایە».

هەوڵە گەورەکەش بۆ گشتاندنی تیۆری پێکهاتەگەرایی ئەو بەرنامەیە بوو کە میشێل فۆکۆ بڵاوی کردەوە، کاتێک کتێبەکەی بەناوی «وشەکان و شتەکان ـ الکلمات والاشیاء»ی لە ساڵی ١٩٦٦دا بڵاو کردەوە، لەو کتێبەدا مەرگی فەلسەفەی ڕاگەیاند و قەرەبوو کردنەوەی خستە سایەی لۆژیک و لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان بەهزرێکی

پێکهاتەگەرایی بەهۆی درەوشانەوەیەوە خۆی وەک بەرنامەیەک بۆ ڕزگار کردنی زانستە مرۆییەکان لە کۆتی خواستە مرۆییە کلاسیکیەکان ناساند، بەتایبەتیش فەلسەفە. ئەوەی ئەم زانستە مرۆییانە یەک دەخات بەهادانە بەنەست (لاشعور) وەک پەناگەیەک بۆ ڕاستیەکان



هەواڵنامەی کتێب

جـولاو، هزرێک پێگەی دوو زانستی کۆمەڵایەتی بڵند رادەگـرێـت: ئەوانیش دەرون شیکاری و ئیتنۆلۆگیا بـوون (ئیتنۆلۆگیا (Ethnology) زانستی ڕەچەڵەک ناسییە و لە ڕەچەڵەکی نەتەوەکان دەکۆڵێتەوە ـ وەرگێڕ)، بەو پێیەی ئەمانە دوو زانستی بەشدارن لە شڵەقاندنی خود و مێژوو لە هەمان کاتدا. ڕەوتی مرۆیی لەلای فۆکۆ بریتییە لە «چاخی ناوەند ـ العصر الوسیط» و وێنەی ئەو مرۆڤەی بەرەو نەمان دەچێت.

## پارادۆکسی سیاسەت بەبۆچوونی پۆڵ ریکۆر (Paul Ricoeur)

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابـردودا، هەوڵێک بەخودی وەلانراو (الذات المقصیة) درا بۆ گەڕانەوە بۆ پێکهاتەگەرایی، گرنگیدان بەلۆژیکی کاتی و ئـەو گۆڕانکاریانەشیان خرایەسەر کە دروستی دەکەن. قۆناغێک بوو ئەو مۆرکەی وەرگرت کە مارسیل غۆشیە (M. Gauchet) ساڵی ١٩٨٦ پێی دەوت «دووبـارە سازدانەوەی لایەنی ئاشکرا و بیر لێکراوەی کردارەکە». بابەتەکە پەیوەندی بەدووبارە بوونەوەی خود بەسەروەر و سەرگەورەی خۆی نەبوو کە هۆشی بەکردار و ئامادەییەکانی خۆی هەبێت، بەئەندازەی ئەوەی هەوڵەکان ڕەنگیان دەدایەوە لە ڕزگار کردنی دیاردە و کردارەکان و ئەوانەشی وەک نیشانە دەردەکـەون بۆ ڕاڤەی هۆشی بکەرەکان.

بەو شێوەیە نەوەی نوێ گرنگی پۆڵ ڕیکۆریان بۆ ئاشکرا بـوو، فەیلەسوفێکە هەمیشە لە نێوانەکاندا سەنگەر دەگرێت، لە نێوان ژیان کردن و تێگەیشتندا، هەموو ئەوانەش کە دەبنە سەرچاوەیەک بۆ خۆلادان لە هەموو ئەوانەی هەژاری دەهێنن. پۆڵ ڕیکۆر بەردەوام ئـەم وتەیەی دەوتـــەوە: «بـۆ پشتیوانی تێگەیشتن، پێویستە ڕاڤەی زیاتر بکەین». ئەوەش بەو واتایەی زۆر شیکاری کردن و ڕاڤە کردن هۆکاری تێگەیشتنێکی قوڵترە. خودی لێکدانەوە (تأویل) بونیادنەری کردارە، فەیلەسوفی گـۆڤـاری ئیسپریت «Esprit» ئەرکی بیرکردنەوەی دەستەجەمعی «بەکۆمەڵ»ی سەبارەت بـەتـراژیـدیـای مـەجـەری لـە ئەستۆگرت، پوختەی توێژینەوەکەی ئەوە بوو کە سیاسەت پێویستە لەسەر بنەمای دوو سەرچاوەی فەلسەفی بیری لێ بکرێتەوە: یەکەمیان پشت بەئەقڵانیەتی پۆزەتیڤیزم دەبەستێت، فەیلەسوفە سیاسیەکان بەشدارییان لە بونیادەکەیدا کردووە: ئەرستۆ، ژان ژاک ڕۆسۆ، هیگڵ، سەرچاوەی دووەمیش ڕێگە لە هەژموونی درۆ و توندوتیژی دەگرێت لە سیاسەتدا: ئەفلاتون (Ploto) و میکاڤیلی و مارکس. بەڵام پێویستە، بەبۆچوونی ڕیکۆر، دەست پێکردن لە جیاوازییەکەوە بێت کە «ویستی ژیانی هاوبەش» بەرز بنرخێنێت، سـەرەڕای مەترسیەکانی زێدەڕەوی کردن.

بەو شێوەیە ڕیکۆر وانەیەک لە دژی ڕەوتی گومانگەرایی پێشکەش دەکـات، وانەیەک بنەماکەی متمانە کردنە بەوەی سیاسیە.

لە پاش ڕووخانی دیـواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩ بەتەواوی دەستبەرداری یوتوپیای کۆمۆنیزم (شیوعیەت) دەبێت: ئـارەزووی بۆ ژیانێکی ئاشتیانە دەچوو سەرنج ڕاکێشتر بێت لەوە ژیانی ئاشتیانەی ساڵی ١٩٥٧: پۆڵ ڕیکۆر بەو کارەی پارێزگاری لە هیوای کرد، ئەوەیش بەدووبارە دەست پێکردنەوە لەو پارادۆکسە سیاسیەوە و بنیاتنانی ئاسۆکانی چاوەڕوانی کردنیشی بەپێویست زانی، بەو مەرجەی لەلایەن ئەو کەسانەوە بنیات نرابێت کە سیاسەت دەکەن، نەک لەسەر بنەمای هەندێک ئەفسانەی مەترسیدار بنیات بنرێت.

## ویستی ژیانێکی باش

ئیمانۆئیل لیڤیناس Emmanel Levinas پێگەیەکی سەنترالی لە ئاسۆی بیرکردنەوەی تراژیدیدا گرتووە لە سەدەی بیستەمدا، بەڵام بەهەمان شێوەی پۆڵ ریکۆر بەدەست پەراوێز خستنەوە دەیناڵاند. بەهاوکاری پۆڵ ڕیکۆر زانکۆی (پواتیی Poitiers) بەجێهێشت و لە ساڵی ١٩٦٧دا پەیوەندی بەزانکۆی نانتێرەوە کرد Nanterre لە پاریس، ئەوە ڕێک لەو کاتەدا بوو کە دانی پێدانا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هزری لیڤیناس بەنەناسراوی مایەوە، بەڵام دەبوایە چاوەڕوانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو بکەین بەهەمان شێوەی پۆل ڕیکۆر، بۆ ئەوەی هزری لیڤیناس ڕووماڵی جیهانی هزری کرد. لە بنەڕەتدا داننان بەو دوو فەیلەسوفەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە قۆناغێکی سەرەتاییدا پرسی خراپەکارییان لە هزری خۆیاندا ئاوێتە کرد.

ئەوەیش بوو بەهۆکاری ئەوەی دەست بەرداریەکی هاوبەش لە هەژموون گەرایی ڕەها پەیدا ببێت، بەهەموو ئەو هەست کردنە بەتاوانباری و پێداگیری کردن لەسەر پاڵپشتی ئاسۆییانە بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان و پێکەوە ژیان، لەو کاتەوە ڕەهەندی ئاکاری (ئیتیکی) و ئارەزووی ژیانی خۆشگوازریانە بوو بەکرۆکی پرسە فەلسەفیەکان، ئەو پرسانەی خۆیان ڕووبەڕوو لەگەڵ بڕیارە سەختەکاندا بینییەوە کە هەندێک جار دەبوایە ئەو بڕیارانە بدرێت، لە بەرامبەر خێراتر بوونی داهێنانە تەکنەلۆژییەکاندا.

وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی: محمد نجیب الفرطميسي

سەرچاوە:

François Dosse : « La philosophie dans l’après–guerre » Le Point. Hors–série. Numéro 17.” Penser l’homme” Les textes fondamentaux. Avril Mai 2008 p 713–



# نیشتیمان و ئەفسانە، گەمەی هاودژەکان

## لەشیعری «ئەفسانەی درۆیەکی درێژ»ی تەیب جەباردا



عەلی شێخ عومەر

لێکۆڵینەوە

دەم کرانەوەی شیعر لای «تەیب جەبار» شاعیر و ئەندازیار تێکەڵێیەکە لەنێوان کۆمەڵێ ڕەگەز و کەرستەدا، لەنێو کۆمەڵێک ڕستە و وێنەدا، بەجۆرە پەیوەندییەک ڕێک دەخرێنەوە کە لەشیعردا نەبێت، لەدنیای واقیعدا بوونیان نییە، شێوازی نووسین و دەربڕین، لەجیاوازی ڕەگەزەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەڕیچکەی چەمکی هاودژەکانەوە کێشمەکێشی هەستە درک پێکراوەکان پشتڕاست دەکاتەوە، گەر ڕەگەزەکانی بونیادی شیعری، لەبەرجەستە کردنی جووتەی هاودژەکاندا، پاڵنەر بن، ئەوا یەکخستن و کردەی ئاوێتەکردن مانایەکی تازە، گۆشە نیگایەکی نوێ بەدەقی بەرهەم هاتوو دەبەخشێت، چۆن بەتیۆری ئەندازە، بە لەیەکدانی دوو هێڵی ئاراستە جیاواز، هاودژ، گۆشەیەک دیاری دەکات، بەهەمان تێڕوانین، بە لەیەکدانی دوو بیرۆکە، یان دوو وێنە، گۆشەنیگایەکی شیعری نوێ دەخوڵقێنێت، وەک دەروو، لەیەکدانی دوو ئەلەمێنت یان دوو وێنەی سروشتی، دەبێتە دەرچەیەکی پێشەنگ، لەڕیگای زمانی شیعرییەوە، بەئامرازکانی گەیاندن، تێزی خورپە و کەسەر، دوالیزمەی شێوە و ناوەڕۆک دەگۆڕێت، بیرۆکە لەسەر دەق بونیاد دەنێت، مەبەستی خوازراو، هەر لەسینبول، هێما و دەلالەتەوە هەوڵدەدات، لەئاستە جیاوازەکاندا، ڕایەڵەکانی ژیانی ڕۆژانە دەرخات، بەدیاری کردنی جیاوازییەک، جیاوازییەکی دیکەمان بۆ دەرخسێنێت، بەنەزانراوێک، زانراوێکی دیکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، چەند زیاتر بزانین، داگەڕانی بۆ بکەین، ئەوەندە نەزانراوی پتر ڕوون دەبێتەوە، لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەشیعری «ئەفسانەی درۆیەکی دریژ»ی(١) «تەیب جەبار»دا بکەین، ئەم شیعرە پەنجا و دوو دێڕ شیعرە، بەیەک نەفەس نووسراوە،



تەیب جەبار

بێناوبرە، لەپەیوەندییەکی زنجیرەییدا چوونەتە نێو یەک، بەپۆلینکردنی دەرگای زاراوەیەک، لەنێو کەوانەدا، دەرگای زاراوەیەکی دیکە دەکاتەوە، چۆن و بەچی ڕەنگ دەداتەوە، چ خەسڵەتێک هەڵدەگرن؟ پەلهاویشتنی پانۆرامای بونیادی دەق لە تیشکدانەوەی زۆر بابەتدا، ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت، لەکردەی کۆڵاژکردنی بەشوێن و شوێنکات، لە گونجاندنێکی ئەکتیڤدا، وەک یەکخەر نەخشەی داڕشتنی دەرهاویشتەکانی دەق بەیەک دەگەیەنێت، بارکردنی دەق بەهێما کردەیەکی پراکتیکی ناچاریە، نەک بەتەنیا بۆ دەق، بەڵکو لەپڕۆسەی چڕبوونەوەیەکدا خۆی لەساپیتەی دەقدا، لە ناونیشانەکەیدا دەبینێتەوە، «ئەفسانەی درۆیەکی درێژ» بە بارتەقای هۆنراوەکە، مانا و کارەسات و ئاڵۆزی هەڵگرتووە، هەر یەک لەم سێ وشەیە، تەنیا لەتەک یەکدا لە پەیوەندیدا نین، بەڵکو لەگەڵ گشت دەقەکەدا لەپەیوەندیدان، ناونیشانەکە ناسنامەی دەقە، دەرئەنجامە بەدرۆیەک، لەدرێژ بوونەوەدا خەسڵەتی ڕەها بوونی هەڵگرتووە، کاتێک ڕاستینە هەبێت درۆ هەر دەمێنێت، دوا لیزمەی درۆیەکی درێژ و نادیار، ڕاستینەی کورت و دیار، دروشم و گوتاری ئەفسانەکانی سیاسەتمان بۆ لەق دەکات، لەبێباکیدا، لەمردنی دڵ لەسیاسەتدا، پرسێک لەئاوەز دەورژێنێت، بەچەمکی وەڵامەوە هەڵواسراوە، یان لەبیرەوەری تاکدا داخراوە، لەدووڕێیانی پێشینەی داکەوتەکان، پاشینەی خەیاڵ بەجێ دەهێڵێت، تاک لەسۆنگەی بیرکردنەوەی

میتافیزیکی گشتیدا، ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە، ڕاڤەی دروستی بۆ بکات کە بە نەزانراوێکەوە گرێیدەدات، بەرکەوتنێک لەتەک ئەفسانەدا دەکات، خاتوو لنگەر و کاسیرر دەربارەی ئەفسانە لەشوێنێکدا دەڵێت: «قۆناغێکی سەرەتاییە لەقۆناغەکانی بیرۆکەی میتافیزیکی، یەکەم بەرجەستە بوونی هزری گشتییە»(٢)، دەرخەی درۆ و شاردنەوەی ڕاستی، کردەی لێدەرکردن هەڵناگرێت، نەبەشکردن، نەویستگە قبووڵ ناکات، درۆ پێچەوانەی ڕاستییە، ڕێژەیی نییە، ڕەهایە لەفریودان و لەگەمە کردن، بیرۆکەیەکە تەنیا بەدەنگ و قسە ئەنجامدەدرێت، ئەرکی جێبەجێ کردنی قسە بەپراکتیکی کردار، لەئەستۆ ناگرێت، هیچ مەکە، کورد واتەنی دەمە چیت لێ کەمە، گەر لەڕووی فۆڕمەوە سەرنج بدەین، دەبینین، ڕستەی «ئەفسانەی درۆیەکی درێژ» لەسێ وشە پێکهاتووە، هیچ کردارێکی تێدا نییە، هەتا ڕووداو و گۆڕانکاری لێبکەوێتەوە، ڕیزبەندییەکە لەسەر هێڵێکی ڕاست شوناسی درۆدەکات، لەبنبەستێکدا دەوەستێت، چەق دەگرێت، لەدوای خۆی لەجەستەی دەقدا بۆشایی پرسیارێ بەجێ دەهێڵێت، بۆ ئاساواری وەڵامەکەی دەگەڕێت، چەقی ئەو پرسیارە شاراوەیەی کە ناونیشان بەبازنەکانی دەقەوە گرێدەدات کە بەدەستپێکی ئامرازەکانی پرسیار کردنی «چییە و چۆن، بۆ» لەپەیوەندی نێوانیاندا، بەرکەوتنێ لەتەک ئەم ڕاستییەدا ئاشکرا دەکات، واتا «ئەفسانەی درۆییەکی درێژ» چییە، چۆنە، بۆ وایە، پەیوەندیان

چییە بەیەکەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرسانەدا، دەق لەوە دەردەچێت یەک چەقی هەبێت، باس لەیەک مانا بکات، کۆکردنەوەی ماناکانی دەق لەژێر یەک تایتڵدا، کردەیەکی ئاسان نییە، هەتا لەپەیوەندی بازنەیەکدا ئاشنای مانای دەقە شیعرییەکەی بێت کە بەدەرئەنجامی لێک جیاکردنەوە یان پۆلین کردنەوە سەرقاڵ کراوە، لێرەوە گەیاندنی مەبەست بۆ ماناکانی دەق، دژوار نییە کار لەسەر ڕووەکانی جووت بونیاددا بکات، لەسەرخستنی دەقە شیعرییەکە، دەبنە فێگەرێ دیاریکراو بۆ داگەڕانی نووسینەکە، نەجات حەمید ئەحمەد لەنووسینێکدا دەڵێت»هەموو نووسینێک لەجیهاندا لەدوو ئامانج و دوو شێوەدا کۆدەکرێتەوە، شێوەیەکی بەرچاوخراو و شێوەیەکی شاراوە»(٣)، دەبێت ڕەنگدانەوەی شێوەی بەرچاوخراو، دەقی «ئەفسانەی درۆیەکی درێژ» چ گەمەیەکی تۆکمە لە شاردنەوەی شێوە نهێنی و شاراوەکەی ناوەخوتدا بکات، لەسەرەتاوە دەقە شیعرییەکە بەم شێوەیە بەرچاوخراوە:

**ساڵەهایە**
**لە چاوەڕوانی ( ئازادی) دام،**
**خەریکە شێت دەبم.**
**پەکەم دەکەوێ.**
**نازانم چۆن؟ لەکوێوە دێ؟**
**بە پێی پەتی**
**لە باکوری هەورەوە،**
**یاخود لە ڕۆژئاوای باران.**
**بە شەلەشەل..**
**لە باشووری هاوینەوە،**
**یاخود ڕۆژهەڵاتی زستان.**
**نازانم کەی دێ؟**
**وەک تارمای،**
**لەنیوە شەوی پشت قەڵادا.**
**یاخود وەک پیاو چاک،**
**نیوەڕۆی بەر ئاوایی.**


پێلێنانێکی ئەرێنی جوانە، سۆبێکتیڤە، لەسەر بنەمای ڕەهابوونی بیروڕای ئازاد بونیادنراوە، لەم دەرچەیەوە، بەجێناوی منی قسەکەرەوە ئاوێتەی ڕۆحی شاعیر دەبین، بەربەستەکانی شوێنکاتی تێدا دەتوێتەوە، جێناوی منی قسەکەر، لەناخی دڵـەوە، لە گرتەیەکی جووڵاودا پەل بۆ دەرەوە دەهاوێت، بە چەمکی مۆنۆلۆگ گوزارشت لەساڵانێکی بێکۆتا دەکات، ململانییەکی نێو ناخی مرۆڤە، هەر چەندە خەسڵەتی تاک دەنگی هەڵگرتووە، بەڵام دەکرێ لە ساڵانێکدا یەقدانەوەی لەنێو کەسانێکدا هەبێت کە بە ڕەهەندەکانی چاوەڕوانییەک تەقەڵڕێژکراوە، ناتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت، ناتوانێت چەمکی یاخیبوون بکاتە پێشەنگی ئازادبوون، سستە لە ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی نێوان دوو ئەگەر، ئەگەری ڕادەستبوون لەگەڵ شتە ڕێگا پێدراوەکان و ئەو ئەگەرانەی کە ڕێگا پێدراونین، چەمکی

هەواڵنامەی کتێب

ئازادی ئەوەندەی گرێدراوە و پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە داکەوتەکانی چاوەڕوانییەوە نییە، ئەوە چاوەڕوانی نییە ئازادی دیاری دەکات، ئەوە چەمکی چاوەڕوانییە ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی ئازادی دەخاتە لاوە، بەوەی لەچەمکی چاوەڕوانیدا هەڵبژاردن نییە، بارودۆخێکە لەجووڵە دابــڕاوە، جگە لەخودی چاوەڕوانی خۆی سنووری پەڕینەوەی ئەگەرێکی دیکەی نییە، لیکەوتەکانی کارەسات، لەمیکانیزمی دوو ئەگەردا بەرجەستە دەکات، بێهوودەی لێدەکەوێتەوە، جووڵە و تێپەربوونی وەخت کە لەساڵانێکدا ئاماژەی بۆ کراوە، چەقبەستن و دۆگما بوونێک لەنێو چاوەڕوانیەکدا کە ڕایەڵەکانی کرانەوەی ئازادی نەک لێوە دیارنییە، بەڵکو خودی ئازادی لەمپەرێکە لە بەرانبەر بەداخرانی چاوەڕوانی، هەر لەسۆنگەی ئەمەشە شاعیر لەدەقدا نیشانەی کەوانەی بۆ جیاکردنەوەی چەمکی ئازادی بەکارهێناوە، لە ئاکامدا داخراو و کرانەوەیەکمان هەیە، محاڵە داخراو بەکراوە بگات، خۆبەستنەوە بە چارەنووسێکەوە کە سوبێکت تێیدا نەرێنییە، هیچ کارێکی ئەرێنی ناکات بۆ گۆڕینی ئۆبێکتیڤ کە لەتوانایدا نییە ڕیزپەری بێهوودەی بکات، چەمکی ئازادی وەک شوێنکاتی ساڵەها بێکۆتایە، چۆن دەکرێت لەچەمکی چاوەڕوانیدا کۆتایی پێبێ، ڕەها و کۆتایی لەهیچ پێگەیەکدا بەیەک ناگەنەوە، بەمانایەکی دیکە ڕەها ڕەتکردنەوەی سەرەتاو کۆتاییە، ئەی ئێستا خێرە خۆی لە کۆتاییدا ببینێ، وەک دەرئەنجامی کۆتایی، لەنێو دەرهاویشتەکانی چاوەڕوانیدا، خۆبینیندا، درزێک لەگەڵ کاتدا هەتا دێت لەهەستی «تەیب جەبار»دا گەورە دەبێت، لەخدێی تێڕوانینی جیاوازدا، بۆشاییەک فەراهەم دەکـات، دەیەوێت لەڕێگای شیعرەوە یان نووسینەوە پڕیان بکاتەوە، خۆی لەڕۆحی نیرۆسی قوتار بکات، وەک کەسێکی داهێنەری شیعری، خەیاڵە بەیاخی بوون و ڕادەست نەبوونی ئەو پێدراوە باوانەی بەناوی ئەقڵەوە سیستەم ڕادەگرن، خەون و خەیاڵ و ئازادی تاک زەوت دەکـەن، هاوکات ڕەنگدانەوەی ئەوان لەئاوێنەی ئەمی شاعیر، ترسێکە چاوەڕوان کراو نییە لەکاتی جیابوونەوەی ئەمی شاعیر، لەخانەی ئەوانەی بێ خەیاڵن، خۆیان بەئاقڵ دەزانن، جیرار دونێر ڤاڵی شاعیر بەهاوڕێکانی گـووت «دەترسم بمخەنە خانەی ئاقڵانەوە (مەبەستی نەخۆشخانەی ئەقڵی بوو) لەکاتێکدا خەڵکی دەرەوە هەموو شێتن»(٤)، تەیب جەباری شاعیر، تەنیایە، ئەوە شێتی پەی نەبردنی ئەوانە، لە هەڵبژاردنێکی نادروست، لەنێوان ڕێزگرتن لەخەم و ئازار، ئاوڕنەدانەوە لەمینبەری ڕابردوو وەک پشتێک بۆ خوێندنەوەی ئێستا، ڕەنگی وای ڕشتووە خەریکە ئەو نامۆبوونەی چەمکی چاوەڕوانی بەرانبەر بەچەمکی ئازادی خەریکە ئەمی شاعیریش دەخاتە نێو بازنەی شێت بوونەوە، ڕەچەڵەکی کێشەکان لەجیاوازی ڕەنگدانەوەی ئەو مەودا فکرییە پەیدا بووە کە لەنێوان ئەمی شاعیر و ئەوانی زۆرینەدا هەیە، ئەوانی زۆرینە لە پاشاگەردانی چاوەڕوانیدا شتەکان پەرشو بڵاودەکەنەوە

ئەوە نییە وەک ئەمی شاعیر شتەکان کۆبکەنەوە، بۆیە پەکی دەکەوێت، لەترۆپکی بێ ئومێدیدا، بەهزرو و بەزمانی زۆرینە لەنێو بیابانی چاوەڕوانیدا، لەبری ئەوان پرسیارێ نەزۆک دەکات، نازانێت کاروانی ڕزگار بوون یان گەڕان بۆ ڕزگارکەر چۆن و کەی و لەکوێوە دێت، ئایا لەیەک سەرچاوەوە دێت، بەبێ هیچ خۆ ئامادەکردنێک، خۆپاراستن لەئەگەرە نەویستراوەکانی ڕێگا ناڕوونەکانی ئازادی، ئایا بەسروشتی و بەخاکەڕایی، بەبێ بەرنامە دەکرێ ئـازادی بەپێپەتی بێت، بەخشینی خەسڵەتی پێپەتی بە کەسکردنی ئازادی، وەک ئەوەی کەسێک بێت، مەبەستێک بگەیەنێت، شاعیر خەسڵەتی مادی و زیندووی پێبەخشیووە، ئەگەری هەڵبژاردن و پرسیارکردنی لە بەردەستدایە، ڕەنگدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئەوەندەی پەیوەندی بەلادانی زمان و نەگونجاندنی شووناسەکانی بەیەک بەستنەوە هەیە، ئەوندە پەیوەندی بەپێدراوەکانی واقیعی زمانەوە نییە، زمانی شیعری لێرەدا مانایەکی زیاتر هەڵدەگرێت، لەزمانی سادەوە ڕوانینێکی زیاتر بەخوڵقاندنی شیعری کۆنکریتی دەبەخشێت، شاعیر لەڕێگای دەربڕینی هەستێکەوە، بەدیوێکی شاراوە بە پەیوەندییەکی تۆکمە ئاماژە بەچوار ئاراستەی جوگرافییەوە دەکات، وەک شوێنێکی جێگیر، باکوور، ڕۆژئاوا، باشوور و ڕۆژهەڵات، ستاتیکە، لەکاتێکدا هەور، باران، هاوین و زستان پێگەیەکی ناجێگیرن، خەسڵەتی دینامیکیان هەیە، بارکردنی دەق بەئاراستەکانی جوگرافییەوە، کولاژکردنیان بەوەرزەکانی ساڵەوە، بەکەش و هەواوە، کردنەوەی دەرگاکانی دەقە بەڕووی پتەو کردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان، فراوانکردنی ماناکانی دەقە لەبەرامبەر بەچەمکی هاوڕێک، خستنەڕووی چەمکی دژەکانە، چەمکی دژەکان باکوور/ باشوور، ڕۆژئاوا/ ڕۆژهەڵات، بەرامبەر بەچەمکی هاوڕێک، هەور و هاوین، باران و زستان، گەر باکوور و باشوور، لەسەر دیدی شاعیر، وەک کۆدێکی بێزارکەربن، وێنەیەکی خەمبار و بێ هیواییەک دروست بکەن، یەکێکیان بەساردی و سڕی ئەوی دیکەیان بەگەرمییەکی دڵپروکێن، تێکهەڵکێش کردنی ئەم سەروبەندە، یەکدێتەوە، هاوڕێکە لەتەک ساردی هەور و گەرمی هاوین، لەهەمان کاتدا دەرهاویشتەی باکووری هەور/ باشووری هاوین، سارد/ گەرم بەهەوێنی دژەوابوونێکی دیکەدا دەتلێتەوە، بەهەمان شێوە، ڕۆژئاوا/ ڕۆژهەڵات، بەرامبەر بەچەمکی هاوڕێکی باران و زستان لەهاوکێشەی دەقدا هاوسەنگییەکی دەروونی بۆ «تەیب جەبار» دەگێڕێتەوە، ئومێدێکی پێدەبخشێت، گەر بەدیوێکدا ڕۆژهەڵات بەئاراستەی شوێن شووناسێک بێت، وەک گشت لەزستاندا چەقیبێ، بەدیوەکەی دیکەدا ئاراستەی ڕۆژئـاوا، وەک بەش لەباراندا هەمیشە خۆی نوێ دەکاتەوە، لەنێو دوالیزمەی چەقین و نوێبوونەوەدا، ڕەشبینی و گەشبینیدا، بۆشایی و پڕبووندا، تەیب جەباری شاعیر بە بەکارهێنانی وشەی یاخود و نازانم، دووجار ئەگەرەکانی هەڵبژاردن دەخاتە ڕوو، بە ئۆتۆماتیکیی بە ئامرازەکانی پرسیارەوە (چۆن و لەکوێە و کەی)یەوە

گریان دەدات، لەتەک داکشانی سروشتی دەق لەنێو پێکهاتەی ئەفسانەی درۆیەکی درێژدا، لەڕەنگدانەوەی چەمکی چاوەڕوانی وەک ئاراستەیەکی ستاتیکی، بەرامبەر بەدینامیکی چەمکی ئازادی کە لەهەوردا خۆی دەبینێت، لەجوغزێکدا جێگیر ناکرێت، دەبینین لەهەور وەک هاوپێچێ باکوور دەسپێکە، لەڕۆژئاوادا تەواوکەرە، بارانە، چەمکی هاوڕێکە، لەئەگەری دووهەمدا لەئاست هاوپێچەکاندا، دەبینین پێچەوانەی ئەگەری یەکەمن، دەبینین دوانەی هاوین و زستان دژن، لە هەڵبژاردەی ئەگەری یەکەم ئازادی بەپێپەتی دێت، سروشتە، گەشبینیی و هیوایە، لەئەگەری دووهەمدا ئازادی بە شەلەشەل دێت، ئەنجامی نەخۆشییەکە، ڕەشبینیی و بێ ئومێدییە، بێ ئومێدی بنەمایەکی پتەوە، سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووە، جومگەکانی درۆی لەسەر بنیادنراوە، تەرما ئاسا، نابینرێت، پشتاوپشت وەک ئەفسانە باس دەکرێت و بەدیوێکی ڕاستیدا دیسپلێن دەکرێت، ڕاستی تێدا دەشارێتەوە، شاردنەوەی شتی ڕاستینە وەک مێژوویەک لە ئەفسانەدا، بەوشەی یاخود خۆی لەدوو دیودا دەبینێت، دیوێکی ئەرێنی، خۆی لەمورید و پیاوچاکاندا دەبینێتەوە، دیوێکی دیکەی نەرێنییە، خۆی لەتارمایی و تەلیسم و شتی خراپدا دەبینێتەوە، ئەم دوو دیوە لەحیکایەتە میلیەکاندا، مۆرکێیکی خەیاڵئامێزی لەخەیاڵدانی شاعیر داگیرکردوە، ئەم حیکایاتە کۆنانە وەک دالێک باس لەهاتنی پیاوی چاک لە نیوەڕۆی بەر ئاوایی دەکات، یان



«ئەفسانەی درۆیەکی درێژ» بە بارتەقای هۆنراوەکە، مانا و کارەسات و ئاڵۆزی هەڵگرتووە، هەر یەك لەم سێ وشەیە، تەنیا لەتەك یەكدا لە پەیوەندیدا نین، بەڵكو لەگەڵ گشت دەقەكەدا لەپەیوەندیدان، ناونیشانەكە ناسنامەی دەقە، دەرئەنجامە بەدرۆیەك، لەدرێژ بوونەوەدا خەسڵەتی ڕەها بوونی هەڵگرتووە

لەنێوە شەودا، لەپشت قەڵادا، باس لەتارمایی دەکات، ئەم دوو دیوە بەخەیاڵی ڕابردوویەک لەگەڵ دنیای ئێستادا، لەپیادە کردنی داکەوتەکانی ئیمڕۆدا، وێنەیەکی ڕیالیستی لەگوێزانەوی دنیای ئەفسانە پێکدەهێنێت، ئەمەش لەشارستانییەتی هاوچەرخدا، جگە لەوەی بە نەزانراوەوە گرێدراوە، تیشکدانەوەی هەڵوێستی خەمبار و ناڕوون بەرهەمدەهێنێت، بۆیە شاعیر لەئاستی نووسینی دەقیشدا دێری نیوەڕۆی بەرئاوایی تەواو ناکات، بەوەی مامەڵە لەتەک هێزێکی دەرەکی نادیاردا دەکات، لەهەمان کاتدا تەیب جەبار لەگەمەی دەرخستنی هاودژەکاندا غافڵ نەبووە، نیوەشەو/ نیوەڕۆ، پیاو چاک/ تەرمایی، پشت/بەر، ئەرێنی/نەرێنی، لەکۆی ئەم هەڵبژێریەدا، لەچاوەڕوانی هاتنی ئازادیدا، وەرزی پاییزو بەهار لەوێنەیەکدا، لەکۆتایی هۆنراوەکەدا، چۆن سەرەتای لێکترزانی پرسیار کردنی خەیاڵ بەکۆتا پەیوەندی بەوەڵامەکانی واقیعەوە دەبەستێتەوە.

**(یەکسانی) خەمساردە، ناجوڵێ،**
**نە دەگەڕێ تا دەرفەتێک..**
**بۆ ژنان بدۆزێتەوە**
**تۆزێ خۆیان توندو تۆڵ بکەن**
**نە ئێشک دەگرێ، تا هەڵێک**
**بۆ پیاوان برەخسێنێ**
**نەختێ خۆیان نەرم و نۆڵ بکەن**
**کاتێ ئاوڕدەدەمەوە،**
**(دادپەروەری) مانی گرتووە**
**هەموو ڕۆژێ دەیدوێنم**
**تا ئاشت بێتەوەو..**
**بگەڕێتەوە ناومان**
**تا وازبێنێ**
**لە دەردو پەتای هەراسان.**

وێناکردنی یەکسانی وەک کارەکتەرێ ئیرادەی کارکردنی نییە، کۆگیرە بەشووناسی بێباکی و ڕیپاڵی، داڕشتنی خەسڵەتی یەکسانی، دیاریکردنی لە کەسایەتییەکی نەرێنیدا، توخبێکی ئەگەربینییە لە زیندوو کردنەوەی داکەوتەکانی دەرخستنی جیاوازیی و جیاکردنەوەی ڕەش لە سپی، نێر لە مێ، ژن لە پیاو، ژن و پیاو لە ئەرکی مرۆڤ بووندا، زادەی یەک وەچەن، تەواوکەری یەکن، بەدەرکردنی لایەکیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا، تەشەرەیەک لە سەقامگیری دەدەن، ناگونجێن لە تەک ڕاساندنی ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان، دۆزینەوەی لایەکیان، بەبزرکردنی لایەکەی دیکە کۆتایی نایەت، یەکانگیر بوونی هەردوو ڕەگەزی نێرومێ، ژن و پیاو، لەنێو یەکسان بوونێکی مردوودا، چەند دەتوانێ ماف و خودی لەدەست چوو زیندوو بکاتەوە، چەند دەتوانن داگەڕان لەنێو خودی مرۆڤ بوونی خۆیاندا بکەن، تاچ سنوورێک دەتوانن خەبات بکەن بەدوای یەکسانیدا بگەڕێن، ئەوە یەکسانی نییە دەبێت داگەڕان بکات، بەدوای دەرفەتدا بگەڕێت هەتا داکۆکی

لەمافی ژناندا بکات، لە بێدەسەڵاتی ڕزگاریان بکات، ئەوە بێدەسەڵاتی ئافرەتە ڕێگا بۆ پیاو خۆش دەکات، سنووری مرۆڤ بوونی خۆی تێکبدات، نامرۆڤانە هەڵسوکەوت بکات، بێدەسەڵاتی ژن قۆرخ بکات، نمایشی دەسەڵاتی خۆی تێدا ببینێت، لەڕووی تاوانکاری و ستەم، پیاو بەئاشکرا چەند تاوانبارە، بەلایەکی دیکەدا، بە ژێراوژێر ژن بەهەمان ڕادە تاوانبارە، مانای چییە ژن بێدەسەڵات بێت، هیچ نەکات، یەکسانی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، مانای هاوتابوونی ماف ڕادەگەیەنێت، ئەی ئەمە چی دەگەیەنێت، لەژێر دروشمێکی چاوخەڵەتێندا، هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو وەک بکەر چاوەڕێی یەکسانی بن، یەکسانیش وەک دەرئەنجامێک بەرکارە، لەبری ئەمان کۆشش و هەوڵیان بۆ بدات، لەکاتێکدا خودی یەکسانی خۆی وەک دادوەر و بەرکارێک بەخەم ساردی و هیچ نەکردن تاوانبار کراوە، ئایا جێگۆڕکێی بەرکار بەبکەرەوە لەڕووی ئەکتیڤەوە هەڵێکی گەورە نییە، شیاوە بەرکار کاری بکەر ئەنجام بدات، بێ ئەوەی بەرکار داکۆکی لە خۆی بکات؟ هیچ نەکات، هیچ نەکردن یەکسان دەکرێت بە بێدەسەڵاتی، یەکسان دەکرێت بە بەرکارێکی خەم سارد و بەبکەرێکی بێدەسەڵات، گەر بکرێت، دەبێت لە نایەکسانیدا، هەوێنی چ کارەساتێکی ترسناک بگرێتەوە، کارەساتێک لە پێناسەیەکدا لەگەڵ شاری بێ حاکمدا یەکدەگرێتەوە، ئەوەی نایەکسانی دەکاتە ئەگەرێکی ترسناک، یەکسانی نییە، تێکەڵبوونی نییە بەنەزانین، بەهەست نەکردن، بەڵکو توانەوەیەتی لەنێو چەمکی گەمژەییدا، گەمژەیی ئەوەیە کە یەکسانی وەک کارەکتەرێک بێ کردار متمانەی پێبکرێ، چاوەڕێی کردار و گۆڕانی ڕووداوی لێبکرێ، ئەی ئەوە گەمژەیی ئەفسانە نییە، لەچاوەڕوانی تۆی درۆیەک، دەیەوێت بەری ڕاستییەک بدورێتەوە، یەکسانی لەقوژبنێکدا نییە بەرەڵا کرابێت، بەڵکو لە پەیوەندییەکی هاودژ ئامێزدایە، پەیوەستە بە نایەکسانییەوە، دەرکەوتنی لایەکیان بەندە بەکەمکردنەوەی لایەکەی تریان، چەند یەکسانی توخنی زانین بکەوێت، ئەوەندە لەنەزانین و گەمژەیی دوور دەکەوێتەوە، لێرەوە ژنان لەوە دوور دەکەونەوە باوەڕ بەوە بهێنن، یەکسانی مافییان بۆ بێنیت، تۆزێک لە بێدەسەڵاتی دووریان بخاتەوە، توند و تۆڵیان بکات، بەشیان نەخورێت، بەڵکو ئەوان بەدەست و بازووی زانین و هۆشمەندی مانا و ماف بۆ یەکسانی دەهێنن، پشکێ دروست لەهاوکێشەی مرۆڤ بوونی خۆیاندا دەسەبەر دەکەن، وەک بوون ژنێتی خۆیان دەسەلمێنن، ئەم ژنبوونە تەنیا باڵ نییە، خۆرسکییانە پەیوەندی بەپیاوەوە هەیە، پیاو بەو مانایە نا، دیاردەیەکی دەرەکی وەک یەکسانی چاودێری بکات هەتا تۆزێک لەتوندی بێتە خوارێ، نەرم و نیانی بنوێنێت، بەڵکو دەبێت لەخوێندنەوەی یەکتردا، ژن و پیاو وەک تەواوکەری یەک، لەیەکتر بگەن، نەک وەک ئەوەی ژن بەو چەمکە باوەی نێرسالاری ئێستا، جاریکی تر ژن خۆی دووبارە بکاتەوە، لادان لەتەک بەربەستەکانی ڕابردوودا دروست نەکات، گەر کۆتاییان پێنەهێنیت، ئەوە هیچی نەکردووە، دۆلۆز

لەجێگایەکدا دەڵێت «جۆرێک بوون لەژندا هەیە، کە لەژندا کۆتایی نایەت»(٥)، لەلایەکی دیکەوە، یەکسانی لەزانینەوە دێت و گەورە دەبێت، ئەمەش لەگەڵ چەمکی گەمژەییدا یەکنایەتەوە، بەوەی چەمکی گەمژەیی بەشووناسی نەزانین وا دەزانێت زانین پەیڕەو دەکات، بەردەوام نایەکسانی بەرهەم دەهێنێت، هەتا ناکۆتا لەسەری دەڕوات، ڤۆلتیر لەشوێنێکدا دەڵێت «ئەگەر دەتەوێت لەمانای وشەی ناکۆتا تێبگەیت سەیری گەمژەیی بکە»(٦) سەیرکە تەیب جەبار چۆن غافڵبوونی کارەکتەرێ یەکسانی دەخاتەڕوو، لەئاست ئایۆلۆژیادا، یەکسانی چۆن ماسکێک دەپۆشێت، خۆی دەشارێتەوە، خۆی لەناکۆکییەک لادەدات، یەقینێک ڕەتدەکاتەوە، بەدوو ئاراستە دەیخاتەڕوو بەئاراستەیەک داوای توندوتۆڵ کردنی ژن دەکات، بەئاراستەیکی تر داوی نەرمونۆڵی لەپیاو دەکات، هەردووکیان یەک شتن، لەزیادکردن و کەمکردنی یەکدا تەواو و کۆک دەبن، لە ئاوڕدانەوەیەکدا لەداکەوتەکانی بەردەستدا لەنێو دەقدا، تەیب جەبار درک بەو گەمەیە دەکات، چۆن گەمژیی بەشێواندنی مافەکانی یەکسان بوونی ژن و پیاو پۆشاکی یەکسانی کردوەتە بەر نایەکسانی، چۆن تانەو تەشەرە لەخودی دادپەروەری دەدات، لەکەدارکردنی دادپەروەری لەنێو یەکسانیدا، پارادۆکسێ لەتەک نایەکسانیدا فەراهەم دەکات، هەر لەسۆنگەی ئەمەشە، دادپەروەری ماندەگرێت، لەتەک نایەکسانیدا یەکناگرێتەوە، لەگەڵ نەزانیین، گەمژەیی و نایەکسانبووندا ئاشتنابێتەوە، دواندنی شاعیر بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری، جۆرێکە لەداوای لێبوردن، ئاشت بوونەوەیەتی لەتەک قوربانی ئەو پەیوەندییە کە ژن و پیاوی کردە دووبەرەوە، بانگەشەکە لەتەک نایەکسانیدا نییە بەڵکو لەتەک گەوهەری یەکسانیدایە، لەتەک دادپەروەریدایە کە لەنێو هەریەکێک لەئێمەدا هەیە، هەستی پێدەکەین لەناوماندایە، هەر چاوپۆشییەک بەلاوە خستنێک، بەدەنگەوە نەهاتنێک، خزمەتێ خۆڕایی بەنایەکسانی دەکات کەماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ماڵوێرانی لەتێکچوونی پەیوەندی ژن و پیاوەوە دەست پێدەکات، لەشێواندنی شیرازەی خێزانەوە دەکشێت هەتا دەگاتە سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت، دادپەرەوەی هەوێنێکە ئەگەرەکانی هەراسان لەجێگای دروستی خۆیدا لەنێو یەکسانیدا ڕادەگرێت.

(برایەتی) مڕۆمۆچ.
هەمیشە توندو توڕەیە
نەشاری بەدڵە نە لادێ
نەخۆی دەزانێ چی دەکا،
نە ئێمە دەزانین چی دەوێ
هەواڵی (نیشتیمان) دەپرسم
دەڵێن لە ماڵە دراوسێ دەستی بەسەرە،
شەو و ڕۆژ ناسرەوێ
ساڵەهایە.. کەسێک نییە،
ڕێگایەکی تەخت بدۆزێتەوە
فریایی بکەوێ



تەیب جەبار

ئەوەی دابەش بوونی خەڵک لەژێر سایەیەکدا کۆدەکاتەوە، یان بەرژەوەندی هاوبەشە، یان چەمکی نەتەوایەتی و چارەنووسی هاوبەشە، لە برایەتی و یەکبووندا لەشوێنێکدا یەکدەگرێت، بەنیشتمان شووناس دەکرێت، ئەوەندی نیشتیمان شوێنێکی جوگرافی و مێژووییە، بەهەمان ڕادەش شوێنێکە لە دەروونـدا، یەقدانەوەی خۆی دەبێت، پەیوەندی نیشتیمان بەتاکەوە، خۆی لە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی لە نێوان تاکەکانەوە پێناسەدەکات، بەم پێیە بێت، شیمانە لەوە ناکەین کە سایکلۆژی دەسەڵات، بەرپرسی یەکەم بێت، لە کردەی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی تاک بەنیشتیمانەوە، تاک بەبرای تاکەوە، هاوکات چەمکی برایەتی لە کایەیەکەوە بۆ کایەیەک، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، نەدەسەڵات نەبرایەتی، لە دەرەوەی شوێن و کاتدا نییە، واتا ناکرێت دەسەڵات لە ڕێگای سۆشیال میدیاو ئەو لایەنانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە، لەلایەکەوە شوێن شیرین و سەقامگیری بکەن، لە بەرامبەردا دونیایەکی بێ شوێن و بەتاڵ بەرهەم بهێنێت، لەبری ئاشتەوایی ئەژیندای تووڕە بوون و یاخیبوونی تاکەکانی جیگیر بکات، ئەوەی زانراوە و بینراوە لە چەمکی برایەتی چۆن

گۆڕاوە، لەسەر بنەمای چ ڕەوشێک، ئەم پەیوەندییە پێشتر لە سایکلۆژییەتی دەسەڵاتەوە ڕەنگیداوەتەوە لەنێو تاکەکاندا بووە بەداکەوتێک لە ڕووداوێکدا، بەنارەزایی و گوزارشتی لێدەکرێ، برایەتی بەمرۆمۆچی بارگاوی دەبێت، گەر مرۆمۆچی وەک قۆناغێکی سەرەتایی، دالێک بێت بەنارەزاییەوە گرێدرابێت، ئەوا لەدوا قۆناغەکانیدا، ئاماژەیەکە مەدلولی تورە بوون هەڵدەگرێت، گەر مرۆمۆچی خۆی لە مەنگی و بێدەنگیدا حەشار دابێت، توورە بوون دەرهاویشتەیەکە، خۆی لە بەربوون و دەرخستن و بەگژادا چوونەوەدا دەبینێت، توورە بوون ڕەنگدانەوەیەکە نیشتیمان کردەیەکی نەخواستراوی لە بەرامبەریدا کردووە، لە تەک جومەگەکانی نیشتیمان و نەتەوەدا یەکنایەتەوە، لە چەمکی نامۆبووندا، هەوێنی لێکترازان و دژایەتییەک لە نۆستالۆژیادا تۆخدەکاتەوە، ئاوێنەی نامۆبوون، ئەو وێنەیە دەشێوێنی کە نیشتیمان بە شوێنەوە دەبەستێتەوە، نامۆبوون هەڵهاتن نییە لە شوێن و لە نۆستالۆژیا، بەڵکو گۆڕینی شوێنە بە ناشوێن، کە لەیەک شوێن و ئامانجدا، نە لە برایەتی، نە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە یادەوەریشدا بەیەکەوە کۆنابنەوە، لێرەدا نیشتیمان ئەوەندە ئاماژەیە بۆ دابران و جیابوونەوە، ئەوەندە ئاماژە نییە بۆ پێکەوە ژیان، ئەزموونی دابڕانی نیشتیمان گوێ نەگرتنی لە داواکانی خەڵک، جێکەوتی توورە بوونێکی پیرۆز، لە دونیا و شووناسی برایەتیدا بەجێدەهێلێت، لە نامۆبووندا تراژیدیاییەک پیادە دەکات

کە نازانن بۆ چ ئامانجێک هەڵگیراون، لە چ لێکترازانێکی خەیاڵ و واقیعدا، لە کەنارکەوتنی خەیاڵی نیشتیماندا، لە کوێی ئامانجدا خۆیان دەگرنەوە، نەبوونی ئامانج و بێکاری لە شوێندا، جگە لەوەی هەستی نامۆبوونەکەی، لە پەیوەندییەکی نەگێتیڤدا پارادۆکسی لەگەڵ یادەوەریدا، فەراهەم دەکات، ڕایەڵەکانی برایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێدا هەڵدەوەشێتەوە، شووناسی پەیوەندی پۆزیتیڤیان بەشوێنەوە تێکدەچێت، چیتر نەلادێ نەشار دادیان نادات، مارک ئاوگە دەنوسێت «شوێن پەیوەندیەکی پۆزیتیڤ و شووناس چێنی لەگەڵ کاراکتەر و هۆشیاریدا هەیە، شوێن ئەو جێگایەیە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێدا گەشە دەکات، ناشوێن شوێنێکە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیا وونە»(٧) کورت کردنەوەی نیشتیمان لە فاکتەرێکدا، ناتوانێ سەرزەنشتی بەغەریب بوونی هاوولاتی بکات، لۆمەی مرۆمۆچی برایەتی بکات، ناکرێ توورە نەبێت کە دەسەڵات بەنێوی نیشتیمانەوە، لەسەرێکەوە هەستی خۆشەویستی و مرۆڤ بوونی لێزەوت کردووە، لەسەرێکی دیکەوە خیانەت دەکات، چووەتە باوەشی دراوسێیەوە، لە دۆزەخی ڕادەست بوونی ئیرادەدا خۆی دۆڕاندوە، ئیترچۆن برایەتی خۆی لە بەهەشتی خۆشەویستی و تەبابووندا ببینێت، لەبری خزمەتی ناوماڵ و برایەتی، بووەتە نۆکەر و خزمەتکاری ماڵە دراوسێ، تەیب جەبار، جێناوی ئێمەی لە بری دەسەڵات بەکاربردووە، دەسەڵات بە ماسکی نیشتیمانەوە، وەک

لە پێشتر باسمان لێوەکرد، نەگوێ دەگرێت، نەدەبینێت میللەت چیدەکات، لە چ بارودۆخێکدان، تێناگەن لەوەی چییان دەوێت، لە گرتەیەکی دیکەدا کە دەڵێت هەواڵی نیشتیمان دەپرسم، هەواڵ ئاماژەیە بەغیابی نیشتیمان لە ناشوێندا، گێرانەوەی نۆستالۆژیایە، گەڕانە بۆ شوێن، بەنهێنی و ئاشکرا، بەنەرێنی و ئەرێنی، بەشەو و ڕۆژ ئۆقرە ناگرێت، بەدرێژایی شوێنکات، ئەفسانە بەدرۆوە، ڕابردوو بەئێستاوە، چەمکی نەتەوە دەتوانێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە، هاووڵاتی لە کەسی پێشەوادا نەتوێنێتەوە، دەکرێت کەسێ تاک لەبری هەموومان بێت، ئەو برا گەورە و ئێمە نۆکەر، ئەو گاوان و ئێمە مێگەل، مێگەل چۆن بە چ ڕێسا و یاسایەک، دەتوانێت ناسنامەی نەتەوە هەڵگرێت کە کۆی ئیرادەو هەبوونی خۆی لەنێو تاقە کەسێکدا ببینێت، بەچاوی خۆی نەبینێت، ئیتر چۆن دەتوانێت ڕێگای تەخت بدۆزێتەوە، بیگەیەنێتە مراز، تۆ خۆت لە نێو دوڕییانی درۆ و ئەفسانەیەکدا، نە لە ڕێگای نەتەوە، نە لە چارەنووسی هاوبەشدا، لە دەرئەنجامی کاری نەکردەی کەسێکدا ونبوویت، نازانیت تۆ دەبێت فریایی خۆت بکەویت و ئەو بدۆزیتەوە، یان ئەو دەبێت فریایی تۆ بکەوێت و ڕزگارت بکات، ئایا تۆ وەک نوێنەری وڵات، پێویستیت بە پاڵەوان و سەرکردەیە هەتا ڕزگارت بکات، یان بەپێچەوانەوە وڵات دەبێت خۆی لە سەرکردە و پاڵەوان ڕزگار بکات، جارێکیان ئەندریا لە ژێر باری فەرمانی کەنیسەدا هاوار دەکات دەڵێت»بەدبەخت و کلۆڵ ئەو وڵاتەیە کە پاڵەوانی نییە» گالیلۆ بە پێچەوانەوە دەڵێت» بەدبەخت و کلۆڵ ئەو وڵاتەیە کە پێویستی بەپاڵەوانە»(٨).

**(ناپاکی) بێ منەتە**
**بەردەوام لە بۆسەدایە**
**هەر درەختێک گوڵ بگرێت**
**پاییزی تێ بەردەدا..**
**هەر کانیاوێک چاوبکاتەوە**
**تاریکە بای بۆ هەڵدەکا**

زمانی شیعری لە کردەی سورانەوەیەکی کرۆنۆلۆژیدا، چۆن توانی سەرجەم ئەو ویستگانە بەسەر بکاتەوە کە دەق یەک بە دوای یەک پێیدا تێپەری، لە هەر ویستگەیەکدا، ئاماژەی بەچەمکێک و لادانێک دەکرد، چەمک وەک شووناس و پێدراو چیی دەڵێت؟ چۆن لە داکەوتەکاندا، پەرچەڤە دەکرێت، بە چ شێوەیەک دەگوزرێت، لەکوێی ئەفسانەدا دەوەستێت، سەرجەم لادانی ئەو ویستگانە، یەک بازنە بەیەکیانەوە دەبەستێت، لەژێر سایەی یەک بازنە هێڵدا، بێ منەتە، درێژە بە بەردەوامی خۆی دەدات، ناوەستێت، ڕیچکەی بازنەی ناپاکی بەرنادات، بازنەی ناپاکی، ئەگەری ڕزگاربوونی هیچ ویستگەیەکی تێدا ڕەچاو ناکرێت، لەو بازنەیەدا دەرباز بوون نییە، هەتا سەرجەم ویستگەکانی «ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری،


برایەتی، نیشتیمان» خۆیان لەناپاکی پاک نەکەنەوە، ئەوە ڤایرۆس و پەتای ناپاکییە، بەگشت ویستگەکاندا، تەشەنەی کردووە، بڵاوبووەتەوە، بەچارەسەر کردنی ناپاکی و تەسک کردنەوەی مەودای کەناڵەکانی، ڤایرۆسی ناپاکی ساڵەهایە بەخەون و بەچاوەڕوانی، ئەگەر و داڵغەی چاک بوونەوەی سەرجەم ویستگەکان پەک دەخات، بەدۆگمابوونی ناپاکی لە بازنەیەکدا، میکانیزمی لادان و پەڕینەوە، لەسەرجەم ویستگەکاندا ڕادەگرێت، لەکار دەکەون، ئەوەی کاری پێدەکرێت کاریزمای درۆیەکە، دروشمێکی چاوخەڵەتێنە، چاو و دیدەی هەقیقەتی پێ کوێر دەکرێت، ناپاکی، نەکردن و فەرامۆش کردنی کردارێکە، یان ئەرکێکی سەرشانە، پێویستە بیکەیت، بەڵام بەهەر هۆیەک بێت نایکەیت، ناپاکی خنکاندنی سەدای دەنگێکی ڕەسەنە، لەتەهی دڵەوە سەردەکات، پێش ئەوەی لەدەرەوەی خۆی، ئاراستەی پەیوەندییەک، دیاری بکات، لەناوەوە، پێشوەختە خۆی لەنێو دۆزەخێکدا مردووە، ناتوانێت کاریزمای بەهەشت بۆ دەرەوەی خۆی بنێرێت، دۆزەخ سزایەکە، لەڕێگای بەهەشتەوە پاداشت ناکرێت، ناپاکی تاوانبارێکە، بێ منەتە، لەسزا ناترسێت، هەستی گوناهـ کردنی تێدا نەماوە، گرێیەکی نییە بەنێو گرێی گوناهـ و ئازاری ویژدان، هەتا لەسزا بترسێت، بێ منەتە، سزا نادرێت، دیاردەی سزا نەدانی ناپاکی، لەناوەڕۆکدا تەنراوە بەگومانێک، هەوڵدەدات ترسی ڕاستییەک بڕەوێنێتەوە، لە چوارچێوەی دڵنەواییدا، لەترسی کەنار کەوتن، هەمیشە داکۆکی لەمانەوە دەکات، لەگەڵ پاکیدا، بەردەوام لەشەڕێکی ئەبەدیدایە، بەئاشکرا و نهێنی، لەنێوان دۆزەخ و بەهەشت، سزا و پاکبوونەوە، ناشرینی و جوانی، هەمیشە لەبۆسەدایە، لەهەر ناشوێنێک، شوێنکاتێک هەبێ بۆنی کرانەوەی جوانی لێبێت، دونیا بەگوڵ و گوڵزار بکاتە بەهەشت، بەدیوێک درەخت، وەک بنیادی شوێن، گەر ئاماژەی بنەمایەک بێت، چەکەرە کردنی گوڵ، پابەند بوونی بەدرەختەوە، ساغ بکاتەوە، لەداگەڕانێکدا ناشوێن بکاتە شوێن، بەدیوێکی دیکەدا، بەکۆپی کردنێکی دیکە، گەر لەقاڵبێکی دیکەدا بەرجەستەی بکەین، دەبینین بەهەمان شێوە، بەسەلیقەی پابەندبوون، وریا بوونەوەی تاک و بووژانەوەی پاکی، دەرکەوتنی جوانی، پێگەی تاک لەناشوێنەوە دەگوێزێتەوە بۆ شوێن، لەئاهەوە بۆ ژووان، لە چاوەڕوانییەوە بۆ دیدەنی، ئەمەش لەتەک ڕەهەندەکانی ناپاکی چاوەڕوانیدا یەکنایەتەوە، بەوەی لە چاوەڕوانیدا، ناپاکی دیدەنی گوڵ بەدرەخت، پابەند بوونی مرۆڤ بەشوێنەوە، بەهەڕەشە دەزانێت، تێپەڕبوونی پاییز داڵێکە مەدلوولی نەهامەتی و داماڵینی دارودرەخت لە گەڵاوگوڵ هەڵدەگرێت، لێکترازانی پەیوەندی گەڵاوگوڵ وەک پابەند بوون، دابڕانی شوێنە لەگەڵ درەخت، گۆڕینی شوێنە بۆ ناشوێن، هەڵوەرینی گەڵاوگوڵ لەهێرشی پاییزدا، هەڵوەرینی شووناسێکە، ناسنامەی درەختەکەی هەڵگرتووە، لەهەمان کاتدا، هێمایەکە بۆ هەڵوەرینی ئەو بەهانەی کە لەناسنامەی

شوێندا کۆڵەکەی مانای مرۆڤبوون هەڵدەگرێ، هەڵوەرینی کۆی ئەو دیاردانەن کە مرۆڤ شانازییان پێوەدەکات، ڕووی ڕاستەقینەی ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و برایەتی، تێدا دەبینێت، گومانی ناپاکی بەوەندەوە ناوەستێت، لەنێو گەمژەییدا درێژدەبێتەوە و دەڕوات، لەهەر شوێنێک ژیان و ئاوەدانی هەبێت کە شاعیر بە کانیاو ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم لەزەوی بەردەست، ناپاکی وەک بایەکی دوورە دەست، ناگیرێت و هەستی پێدەکرێت، چاو کوێر دەکات، ناهێڵێت ڕاستی چاوبکاتەوە، ئاسمانی ئەفسانەو زەوی ڕاستەقینە، گەر لە شوێنێکدا بای ناپاکی وێرانی نەکات، نەیکاتە ناشوێن، ناهێڵێت بە ئارامی لەشوێنێکدا کۆبنەوە، دار گوڵ بگرێت، نیشتیمان یان شوێن نازی هاووڵاتی هەڵبگرێت.

(گەندەڵی) پۆشتەو قیت
بە پێوە وەستاوە
چەپڵە لێدەدا
قاقا بە هەموویان پێدەکەنێ

دەکرێت وێنەی ئەو جومگانەی درۆ بەقیتی لەسەری وەستاوە، پۆلین بکەین بەسێ قۆناغ، قۆناغی یەکەم، بنەماکانی ڕەگە کە لە زەمینەیەکی گونجاودا نەشونما دەکات، پەلدەهاوێتە قۆناغی دووەم، لەم قۆناغەدا درۆ دەیداتە بالا، قەدی ناپاکی جێگیر دەکات، لەقۆناغی سێهەمدا، ڕووەکی گەندەڵی لەجۆرەها بەرەوە، لەچەندین لقەوە، بەر دەگرێت، ئەویش کاتێک تۆ توانیت، خودی خۆت وەک قەدی ئەو دارە، بەسەرجەم خەسڵەتەکانی خراپەکاری پێوەن (موتوربە) بکەیت، هەموویان یەک بەیەک لەقەدی ناپاکیدا کۆکەیتەوە، بەپلەی ئیمتیاز، پسپۆری لەهەموویاندا بهێنێت، ئەوسا وەک گەندەڵێک، دەتوانی قیت لەسەر پێی خۆت بوەستیت، یان چ کاتێک تیشکە بەهێزەکانی درۆ، توانی ئاوێزەی دڵت ببری، ئەوسا دەتوانی، تیشک شکانەوەی سەرجەم ڕەنگەکانی تاوان لە دژوابوونێکدا، بەچاوێک جوانی بەپۆشتە ببینێ، بەچاوەکەی دیکە گەوهەری هەقیقەت بشارێتەوە، بەچاوێک خۆت ببینی، بەچاوێک خەڵکانی دیکە بسڕیتەوە، گەندەڵی لەنێوگەمەی هاودژەکاندا، خەسڵەتی دوو ڕووی هەڵگرتووە، گەر لە ڕووکەشدا باسی ئابڕوو بکات، ژێراوژێر لەبێ ئابڕوویدا نغرۆبووە، گەر بەڕۆژی نیوەڕۆ لەنێو ئایندا، بانگەشەی ئیمان بکات، لەنیوە شەودا، کوفر دەکات، گەر لەشوێندا، بەئاراستەیەک، خوی بەڕووی ڕاستەقینەی نیشتیمانەوە هەڵواسێت، بەئاڕاستەیەکی دیکە، نیشتیمان دەفرۆشێت، شوێن دەکاتە ناشوێن، دیدەنی دەکاتە چاوەڕوانی، ڕاستینە دەبێتە ئەفسانە، کاتێک باس لەپیرۆزی دەکات، نەفرەتی دەکاتە دەسکەلا، کاری لەسەر دەکات کە باس لەبەرژەوەندی کۆمەڵ دەکات، بەزمانی کۆمەڵەوە، بەمنی قسەکەری تاک، باس لەبەرژەوەندی خۆی دەکات، لەفەرمان و ئەرکی سەرشانیدا، هیچ کارێک ناکات، گەر بەرژەوەندی تایبەتی

خۆی تێدا نەبێت، پێشێلی بەرژەوەندی ئەوانی دیکە نەکات، جیاوازی گەندڵ و تاوانکار یاخود نالەبار یان نەگونجاو لەوەدایە، ڕەنگە تاوانکار تەنیا لەئاستێکدا خەتابار بێت، بەڵام گەندڵکار لەگشت ئاستەکاندا تاوانکارە، دەکرێت کەسێک، لەڕووی یاساوە تاوانباربێت، دزبێت، بەڵام ئەگەر دزییەکە، ئامانجی مرۆیی بەدواوە بێت، پەیامی گێرانەوەی ماف و قووتی دزراوی هــەژاران بێنێتەوە، ئەوە نابێتە گەندەڵ، گەر بەتەنیا بیبردایە بۆ خۆی دەبوو بەگەندەڵکار، نموونە وەک ئــەوەی لەفیلمی «بۆنی کـلایـد»*دا بەدی دەکەین، کلاید داهاتی دزییەکەی بۆ خۆی نەبرد، بەسەر هەژاراندا، دابەشی کرد، لەمێژووی کلاسیکیشدا «ڕۆبن هود»مان هەیە، بەهەمان شێوە دەکرێت بکوژبیت، گەندەڵ نەبیت وەک «ڕاسکۆلینکۆڤ» پاڵەوانی ڕۆمانی «تاوان و سزا»**ی دۆستۆڤسکی، لەتاوانکاریدا ڕۆحی قورابانیدان هەیە، ئەم لەپێناو مافی ئەواندا، خۆی بەخت دەکات، گەندەڵ، لەپێناو بەرژەوەندی تاکە کەسی، گشت دەکاتە قوربانی خۆی، ئەم لەتێریدا، گاڵتەی بەبرسێتی دێت، لەماتەمینیدا، چەپڵەی خۆشی لێدەدات، لەگەڵ پێکەنین گەمە دەکات، بە چەپڵەلێدان متمانە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە، لەخۆشیدا، بڕواناکات خولی سەرجەم ڕەنگەکانی ناپاکی بڕیبێت، چەپڵە، چەپڵەی سەرکەوتنە، تۆ لەدۆزەخێکدا، بروا بەدرۆزن و گەندەڵێک دەکەیت، لەتەلیسمی ئەهریمەن نزیکت دەکاتەوە پێت پێدەکەنێت، چەپڵە هی ئەفسانەیە کە بەهەشتت بۆ ناهێنێ، پێکەنین، لەقووڵایی ئەو دۆزەخەوە



ئەوەی دابەش بوونی خەڵك لەژێر سایەیەکدا کۆدەکاتەوە، یان بەرژەوەندی هاوبەشە، یان چەمکی نەتەوایەتی و چارەنووسی هاوبەشە، لە برایەتی و یەکبووندا لەشوێنێکدا یەکدەگرێت، بەنیشتمان شووناس دەکرێت، ئەوەندی نیشتیمان شوێنێکی جوگرافی و مێژووییە، بەهەمان ڕادەش شوێنێکە لە دەروونداا، یەقدانەوەی خۆی دەبێت

هەواڵنامەی کتێب

هاتووە کە خۆی ئەنجامی داوە، ئاشنای بەختەوەری نییە، دۆستی ستەم و زۆرداریبە، لەسەکۆی لەزەتەوە فشەی بەهاتنی بەهەشت دێت، پێدەکەنێت، قاقا لێدەدات، دەنگ و سەدای ئەم قاقایە، چەسپاندنی توانایە، دەرخستنی هێزە، پیادەکردنی دەسەلاتە، کە بەسەرجەم ڕەنگەکانی درۆدا، شۆڕبووەتەوە، بەری گەندەڵییە لەگەمژەییدا بەردەوامە، تەواو نابێت سەرجەم کەناڵ و دامەزراوەکانی دەوڵەتی گرتووەتەوە.

لەکۆتاییدا تەیب جەبار شاعیرێکە، دەزانێت چی دەنووسێت، بۆ دەنووسیت، چ بارودۆخێک هەڵدەبژێرێت، لەدونیای شیعردا، ئاساواری چ داکەوتێک بەجێدەهێڵێت، بە چ گۆشەنیگایەک، پێدراوەکانی ڕووداو وەک خەونێکی مێردمنداڵی، ئاوێتەی ڕاستینە و خەو و خەیاڵ دەکات، لەنێوان خەون و زیندەخەوندا، پەنا بۆ ئەفسانە دەبات هەتا دووبارە تەنگەژەی مرۆڤ و ئەزموونەکانی، لەژێر ڕۆشنایی ئەو بەربەستانەدا بخاتەڕوو کە تەژیە بەکۆسپی شارستانی، بەنامۆ بوون لەشوێندا.

مانگی١٠/٢٠٢٠

**ژێدەرەکان**

١ - تەیب جەبار - مرواریبەکانی سێبەر و سایە - ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ژمارە ٨١٣٨ سێشەممە ٢٠٢٠/٧/١٤ - لاپەرە ٥ .
٢ - عبدالرضا علي - الاسطورة في شعر السياب - الجمهورية العراقيه وزارة الثقافة والفنون - لسنة ١٩٧٨ - ص١٥.
٣ - نەجات حەمید ئەحمەد - تیۆری بونیادی شاراوە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گولان، هەولێر - چاپی یەکەم - ساڵ ٢٠٠٨ - لاپەڕە ١٩.
٤ - هاشم صالح - لەنێوان «بلیمەتی» و «شێتی» دا - وەرگێرانی نوزاد ئەحمەد ئەسوەد - زنجیرەی کتێبی گیرفان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم «٢٣»- ساڵ ٢٠٠٢ - لاپەڕە ٣٥.
٥ - بەختیار عەلی - دوا خەندەی دیکتاتۆر- چاپخانەی کارۆ- ساڵ ٢٠٢٠ - لاپەڕە ٢٣٨ .
٦ - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە ٢٢٢ .
٧ - بەختیار عەلی - ناشوێن - چاپخانەی کارۆ- ساڵ ٢٠١٩ - لاپەڕە ١٥٥.
٨ - بەختیار عەلی - ئایدۆلۆژیست - چاپخانەی کارۆ- ساڵ ٢٠١٩ - لاپەڕە ٦١ .

*بۆ زانینی زیاتر تەماشای ماڵپەڕی ئەنترنێت بکە، فلمی سینەمای بۆنی کلاید، لەساڵی ١٩٦٧دا بەرهەم هێنراوە، دەرهێنان ئەرسەر بین، نواندن مارن بێتی، ڕۆلی کلاید دەگێڕێ ، فای دۆناوی ڕۆڵی بۆنی دەگێڕێت، براوەی چەندین خەلاتی ئۆسکارە، لەنێو باشترین سەد فلمی ئەمریکیدا، پلەی بیست و حەوتەمین فلمی بەدەستهێناوە.

** بۆ زانینی زیاتر تەماشای ماڵپەڕی ئەنترنێت بکە، فیودۆر دۆستۆڤسکی، ڕۆمانی تاوان و سزا، لەساڵی ١٨٦٦دا نوسراوە، لەسەرەتادا، مانگانە لەدوانزە بەشدا بلاوبووەوە، لەدواجاردا بوو بەکتێب، پالەوانی ئەم ڕۆمانە ڕۆدیۆن ڕۆمافیتش ڕاسکۆلینکۆفە، تەمەنی بیست و سێ ساڵە، قوتابی زانکۆ بوو، ئەم کەسە دوولایەن بوو، بەلایەک دووره پەرێز و سارد و سڕ و دژ بەکۆمەڵ بوو، بەلایەکەی دیکەی گەرم و گوڕ و پڕ لەبەزەیی بوو.

## پۆزش

لەژمارە (٥)ی گۆڤارەکەماندا هەڵەیەک لەبابەتی (خانەقای مەلا عومەری گومبەتی فێرگەیەک بۆ زانست و ئەدەب و تەسەوف) کراوە و ناوی شاعیر و مامۆستا (مەلا ئەحمەدی کۆری ئۆمەر گومبەتی) کراوە بە(مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عومەر گومەتی) داوای لێبوردن لەبنەماڵەی مامۆستا مەلا ئەحمەد و نوسەری بابەتەکە دەکەین.